کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# ڕۆژنامەگەری

نووسینی

د. کازمی موعتەمەد نەژاد

وەرگێڕانی

مەجید ساڵح عەزیز

# ڕۆژنامەنووسی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا

دەزگا نوێیەکانی ڕاگەیاندن ( ڕۆژنامە ، تەلەفزیۆن ، ڕادیۆ ، بەم دواییانە ئینتەرنێت) بە پەخش کردنی هەواڵ و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ژینگەو بیرو بڕواکانی ئادەمیزاد ، لە پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر ئەبینن .

لەژینگەی بەر بڵاوی ژیانی مرۆڤدا هەر ساتێك کۆمەڵە ڕووداوێکی جیاجیا ڕوو ئەدەن . ڕۆژانە هەزاران مرۆڤ دێنە دونیاوە ، سەدان بەڵگەنامەی زەواج ئیمزا ئەکرێن . هەزاران خەڵات دابەش ئەکرێن ، دەیان کەس بە هۆی وەرگەڕان و تاوانەوە گیانیان لەدەست ئەدەن ، بە هۆی هەورە بروسکەوە گژوگیاو گیانداران ئەسوتێن و ئەبن بە خۆڵەمێش و تەلار و ماڵێکی زۆر بە هۆی زریان و لافاو و بومەلەرزەوە وێران ئەبن .

ڕۆژانە دەیان پەرلەمان و حکومەت و هەزاران ئەنجومەنی شارەوانی و ئیداری کۆبوونەوە ئەکەن و لێکۆڵینەوە ئەکەن و بڕیاری کۆمەڵایەتی دائەڕێژن ، کارخانەو دام و دەزگای زۆر ئەکرێنەوە یان دائەخرێن .

قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان ، ئەبنە هۆی هەڵگیرساندنی مانگرتن و شۆڕش و شەڕی جۆراوجۆر . لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەبنە هۆی دۆزینەوەی دەرمانی نوێ و وەسیلەی تەکنیکی تازە .

لە نێوان ئەم هەموو ڕووداوانەدا هەندێکیان تەنیا بۆ گروپێکی بچوکی وەك خێزان و هاوڕێیان و دراوسێکان سەرنج ڕاکێشن و لە ڕێگەیانەوە ئاگادار ئەبنەوە ، ئەم ڕووداوانە هەستی بەدوادا چوونی خەڵکی ناجوڵێنن و بڵاو کردنەوەشیان گرنگ نییە .

هەندێ ڕوداوی تر بە پێچەوانەوە ، ئەبنە هۆکاری گۆڕانکارییەکی زۆر لە ژیانی خەڵکی ناوچەیەك یان وڵاتێك و یاخود هەموو دنیا ، چونکە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کۆمەڵێکی زۆرەوە. هەواڵی ئەم ڕووداوانە بۆ خەڵك پێویستن .

هەندێ لەم ڕووداوانە وەك جەنگەکان ، تەقینەوەکان و ئاگر کەوتنەوەکان و زریان و بومەلەرزەکان لایەنی مادییان هەیەو هەندێکی تریان وەك ڕاگەیاندنە سیاسییەکان و ووتارەکانی پەرلەمان و دەربڕینی بیرورا فەلسەفیەکان ، هەڵگری لایەنی مەعنەوین .

ئەم ڕووداوانە گەورە بن یان بچوك ، شادبن یان خەم هێنەر ، ووروژێنەر بن یان ئاسایی ، ئەبێ بچنە بەر دەستی خەڵکانێکی زۆر ، ئەو خەڵکانەی کە بە شەوقەوە چاوەڕوانی خوێندنەوەی ڕۆژنامەو بیستنی ڕادیۆ و بینینی تەلەفزیۆنن ، بۆ ئەوەی هەواڵی تازەیان دەست بکەوێ و بەم جۆرە ژیانی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن و نیازە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بەراورد بکەن .

ئێستا سەدان هەزار پەیامنێری رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن لە گۆشەو کەنارەکانی جیهاندا بەوردی لە بۆسەی هەواڵدان و نیازی ملیۆنەها خوێنەرو بیسەرو بینەری چاوەڕوان جێبەجێ ئەکەن و یەکسەر رووداوەکان ئەنووسنەوەو وێنەی ئەگرن و لەراگەیاندنە جیاجیاکاندا بڵاوی ئەکەنەوە .

کەواتە گەڕان بە دوای رووداوەکان و ئامادەکردنی ئەو هەواڵانەی کە بەلای خەڵکەوە گرنگن لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەیامنێری چاپەمەنیەکانن . ئەبێ بزانین گەڕان و ئامادەکردنی هەواڵ لەلایەن پەیامنێرەکانەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەبێ دوا بەدوای ئەوە هەواڵ و بابەتەکان زۆر بە خێرایی لە شوێنە دورو نزیکەکانەوە لەرێگەی پەیوەندیە تەکنیکییەکانەوە رەوانەی ناوەندەکانی کۆکردنەوە و پەخشی هەواڵ بکرێن .

کۆکردنەوەو پەخشی هەواڵ لەوانەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەرێگەی رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە یان نا ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاژانسە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەکانەوە بێت .

ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرانی تایبەتی چاپەمەنیەکانەوە راستەوخۆ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ئەگەنە راگەیاندنەکان لە دەستەی نووسەران و ناوەندەکانی نووسینەوەی هەواڵ (نووسین و بیستن و بینینەوە)شی ئەکرێنەوەو پاش هەڵبژاردن و رێکخستنیان لە شێوەی دەقی نووسراو و پەیامی رادیۆیی و فیلمی تەلەفزیۆنی و سینەماییدا ئەخرێنە بەر دەستی خوێنەران و گوێگران و بینەران .

ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە ئامادە ئەکرێن ، پاش گەیشتنیان بۆ ناوەندەکانی هەواڵ شی ئەکرێنەوە و رێك ئەخرێن و پاشان بە لەبەر چاوگرتنی هەر یەکەیان و گرنگی جوگرافییان و پێداویستییە جیاجیاکانیان ڕەوانەی هاوبەشە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن ئەکرێن تا لەرێگەیانەوە بڵاو بکرێنەوە .

بەم جۆرە قۆناغە گرنگەکانی ئامادەکردن و رێکخستنی هەواڵ لە ئەستۆی پەیامنێرەکان و نووسەرانی چاپەمەنیەکان و ئامادەکەرانی بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکانەو لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی چالاکی رێکخراوەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ، دۆزینەوەی هەواڵ و پەرە پێدانی زانیارییە گشتییەکانە ، بۆیە ئەرکی پیشەیی رۆژنامە نووسەکان و کارمەندانی هۆیەکانی راگەیاندن و هەواڵ ، لە بواری کۆمەڵایەتییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە .

بەهۆی نەبوونی هاتوچۆو پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان خەڵکیدا ، راگەیاندنەکان لە کۆمەڵگا هاوچەرخە گەورەکاندا ، تەنیا هۆکاری پەیوەندین لە نێوان ئادەمیزاددا و دەنگ و ڕەنگیان پێك ئەهێنێ و ئەگەر درزێکی تێ بکەوێ یان ئەرکەکانی خۆی بەباشی ئەنجام نەداو ئەرك و بەرپرسیارەکانی خۆی نەناسێ و جێبەجێی نەکات ، پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤایەتی دژوارییەکی زۆری دێتە رێ .

هەر بۆیە کارکردن لە ڕاگەیاندن و ئەنجامدانی کاری هەواڵ کۆکردنەوە چ لە ڕۆژنامە بێ یان تەلەفزیۆن یان رادیۆ یان هەر راگەیاندێکی تر ، ئەرکێکی گرنگە و پەیامێکی گەورەی کۆمەڵایەتیە . لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکەدا ئامادەیی پێش وەخت ، پەروەردەی پیشەیی و بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستن و بەم جۆرە حەزو ئامادەیی شەخسی و فێربوونی زانستەکانی راگەیاندن و هەست بە بەرپرسیاریەتیکردن گرنگیەکی تایبەتیان هەیە .

١- ئارەزوو و ئامادەیی شەخسی : شارەزیان و پسپۆڕانی زانستی راگەیاندن و بواری فێرکردنی بەشە جیاجیاکانی چاپەمەنی لەو باوەڕەدان ئارەزوو و ئامادەبوونی شەخسی بۆ نووسین و بێژەری وەك ئارەزوو و ئامادەبوونی مۆسیقا بۆ کاری راگەیاندن پێویستە. ئەوانەی لە ناخەوە حەزی لێ نەکەن و قەریحەیەکی سروشتیان تێدا نەبێ لەم بوارەدا پێش ناکەون ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پەیمانگاو دامەزراوەکانی زانستی راگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردنی فێرخوازاندا تواناکانیان لەبەر چاو ئەگرن، چونکە لەو کاتەدا بە پێگەیاندنی رۆژنامەنووس و کارمەندانی راگەیاندن سەرکەوتنی زیاتر بە دەست ئەهێنن .

ئەوانەی پێشتر ئامادەییان تێدایە سادەو رەوان بنووسن و لە دروستکردنی رستەو هەڵبژاردنی وشەدا کێشەیان نەبێ ، زۆر بەئاسانی ئەتوانن هەواڵ رێکبخەن و شێوازەکانی ئامادەکردنی هەواڵیش بزانن . ئەو کەسانەش کە زیرەکی تەواویان تێدا بێت و وردبین بن ، ئەتوانن چاوپێکەوتن و وێنەگرتنی سەرکەوتوانە ئەنجام بدەن .

زۆر کەس بە باشی لە کاری چاپەمەنی تێنەگەیشتوون و لایان وایە کاتێك لە کارێکدا شکستیان هێنا ئەتوانن ببنە رۆژنامەنووس و ئەرکی دەزگایەکی راگەیاندن بگرنە ئەستۆ . ئەم کەسانە ئەبێ بزانن کە چاپەمەنیەکان لەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و هونەرییەی ئێستادا چیتر جێگەی بێکارو سەرگەردان و ئەدیبی شکست خواردوو و شاعیری بێ مایە نییە و راگەیاندنەکان بە هیچ جۆرێك ئەو کەسانەی کە لە پیشەکانی خۆیان دەرکراون و جێگەی تریان دەست ناکەوێ ، ناگرنە خۆیان.

بۆ ئەنجامدانی خزمەتی چاپەمەنی ئەبێ ئامادەیی و ئارەزوو هەبێت، پەروەردەی پیشەیی هەبێ و ئەزموون کەڵکە بێت .

٢- پەروەردەی پسپۆڕی: پاش ئەو گۆڕانە گەورەی بواری زانستی راگەیاندن و لەئەنجامی فراوانبوونی رۆژانەی چاپەمەنی و راگەیاندنی دەنگ و رەنگ ، ئێستا پیشەکانی راگەیاندن گرنگیەکی یەکجار زۆریان پەیدا کردووە . بەڕادەیەك سەدان هەزار کەس لەسەرانسەری دونیادا لەم بوارەدا کار ئەکەن . کەواتە بۆ دەستکەوتی کارێك لەم بوارەدا خوێندن و پسپۆڕی لە قوتابخانەو دەزگا بەرزەکانی راگەیاندن کارێکی پێویستە .

رۆژنامەنووسی سەدەی بیستەم لەگەڵ رابردوودا زۆر جیاوازی هەیە ، لە دوو سەدەی رابردوودا رۆژنامەنووسی سەرەتا لەلایەن نووسەران و ئارەزوومەندانی ئەدەبەوە هاتە ئاراوەو هێشتا لە هەندێ وڵاتی دواکەوتوودا رۆژنامەنووسەکان ئەدیبەکانن . وەك وتمان بۆ کارکردن لەبواری راگەیاندن توانای نووسین گرنگە ، بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە حەزو قەریحە بەتەنیا بەس نییە و ئەوانەی کە ئەیانەوێ لەکاری راگەیاندندا خزمەت بکەن وەك هەموو پیشە کۆمەڵایەتیەکانی تر ، بگرە زیاتریش ، پێویست بە فێرکردن و پەروەردەکردنی پسپۆڕی ئەکات .

گۆڕانکارییە تەکنیکیە خێرایەکانی چاپەمەنی ، گرنگی کۆمەڵایەتی پیشەکانی راگەیاندن و زۆر بوونی ئاستی پێشبینیەکانی خوێنەرو گوێگرو بینەران ، هەموو ئەمانە لایەنگری زەرورەتی فێربوونی پیشەیی رۆژنامەنووسی و بوارەکانی تری راگەیاندنن و ئەم بابەتە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا گرنگی زیاتری هەیە . لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا بە هۆی بەرنامەی فێرکردنی خوێندنەوە ژمارەی خوێنەرانی رۆژنامە رۆژ لەدوای رۆژ لەزیاد بوون دایە . بۆ وەڵام دانەوەی داخوازی و پێداویستیەکانیان وا پێویست ئەکات پسپۆڕو شارەزای پێویست ئامادە بکرێن تاکو لە کاتی خۆیدا راگەیاندنی مەعنەوی پێویستیان پێ بدەن و ئاستی شارەزاییان بەرز بکەنەوە .

ئەوانەی لە رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆدا کار ئەکەن لە کۆمەڵگا هاوچەخەکاندا ئەرکێکی حەساسیان لە ئەستۆدایە . رۆژنامەنووسەکان ئەبێ هەوڵ بدەن پێداویستە هەواڵی و زانیاریە گشتیەکانی خەڵکی دابین بکەن و لە گۆڕنکاریە ناوخۆیی و دەرکیەکان ئاگاداریان بکەنەوەو بۆ پێشکەوتنە ئابوری کۆمەڵایەتیەکان گیانی هاوکاری دروست بکەن . ئا لەم کاتەدایە کە ئەتوانن ئەرکی رێنمایی و رابەرایەتی کۆمەڵایەتی بە باشی ئەنجام بدەن .

بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسەکان و کارمەندانی راگەیاندن بتوانن ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانیان جێبەجێ بکەن وا پێویست ئەکات ئەوانە پێشتر فێری زانستی راگەیاندن بن ، بۆ ئەوەی بتوانن لە ئایندەدا ئامادەیی تەوایان هەبێ . دامەرزاندنی دەزگای بەرزی چاپەمەنی و راگەیاندن و پەرپێدانیان لە هەموو وڵاتانی دونیادا نیشانەی ئاوڕدانەوەی تایبەتی ئەو وڵاتانەیە لە ئەرکی پیشەیی راگەیاندن .

٣. ئەرکی کۆمەڵایەتی: ئەرکی رۆژنامەنووسەکان و پسپۆڕەکانی راگەیاندن بەهۆی زیاد بوونی تیراژی رۆژنامەو گۆڤارەکان و پەرەسەندنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەماوە ، یەکجار قورس بووە . حاڵی حازر لەهەر ساتێکدا شەوو رۆژ سەدان هەزار ملیۆن خوێنەر و بینەر و

گوێگر لەرێگەی راگەیاندنە جیاجیاکانەوە زانیاری و هەواڵیان دەست ئەکەوێ و سودی لێ وەرئەگرن .

هەر لەبەر ئەمەیە پەیامنێرو نووسەر و رێکخەرانی هەواڵی تەلەفزیۆن و رادیۆکان ، ئەگەر توانای بەر پرسێتی جێبەجێ کردنی ئەرکی پیشەیی خۆیانیان تێدا نەبێ و نەتوانن هەواڵی ڕاست بۆ خەڵك ئامادەکەن ئەوا بە دڵنیاییەوە پشتیوانی خەڵکەکەیان لەدەست ئەدەن .

ئەبێ بزانین خزمەتی راگەیاندن دەسکەوتی مەعنەوی گرنگی تێدا هەیە و دژواری و کۆششی زۆری تێدایەو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ترسناکی هەیە . بۆیە ئەوانەی پێ ئەنێنە کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندنەوە، پێش ئەوەی سەیری دەستکەوتەکانی بکەن، دەبێ چاو لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەی ببڕن .

کارمەندانی بواری راگەیاندن خزمەتگوزارترین پیشەوەرانن، ئامانجی ئەو کەسەی کە ئەم پیشەیە هەڵئەبژێرێ و ئەچێتە ژێر باریەوە، کۆمەك کردنی پێشکەوتنی ژیان و دابین کردنی دادپەروەری زیاترە بۆ کۆمەڵگا. گرنگی و گەورەیی رۆژنامەنووسی لەو بۆچوونە تایبەتیەدایە کە هەر نووسەرو رۆژنامەنووسێك لەکاتی قۆناغەکانی کاری خۆیدا ئەنجامی ئەدا .

ئەرکی کۆمەڵایەتی هونەری راگەیاندن وا ئەخوازێ کە هەواڵ و بابەتەکان بە شێوەیەکی گشتی وەکو خۆی بخرێنە ڕوو، تاکو راستیەکان بۆ هەموو خەڵك ئاشکرا بن . گومان لەوەدا نییە تەنیا بە وتنی راستییەکان دادپەروەری کۆمەڵایەتی دێتە دی .

ئاساییە وتنی راستییەکان پێویستی بەئازادی هەیە. وەك چۆن دابین کردنی داپەروەری بەبێ ئاگایی لە ڕاستی جێبەجێ نابێ ، بە هەمان شێوە ڕاستی بەبێ ئازادی نایەتە دی .
هەر لەبەر ئەمەشە لەبەرچاوگرتنی دادپەروەری و راستی و ئازادی لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی رۆژنامە نووسەکان و کارمەندانی راگەیاندن دیاری ئەکات .
بۆ دەسکەوتنی ئەم شایستەییەش، سەرەتا دەبێ ئەرکەکانی پیشەکە بناسرێن و پاشان هەنگاو بنرێت بۆ قبوڵ کردنیان ، بەمەبەستی ئامادەکردنی خوازیارانی کارکردن لە بوارەکانی راگەیاندن دا ، لە لاپەڕەکانی ئایندەدا بنەماکانی کاری رۆژنامەگەری شی ئەکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ ئەرکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بگرنە ئەستۆ و کار بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی گشتی ، ئامادەیی تەواو پەیدا بکەن .

* * *

# هەواڵ و پێناسەی هەواڵ

هەواڵ، یەکەم مادەی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکانە . بۆیە ڕۆژنامەنووسەکان بە شێوەیەکی گشتی و پەیامنێرەکان بەتایبەت، ئەبێ پێش هەر شتێك ((هەواڵ)) بناسن، لەگەڵ چەمك و پێکهاتەکانی‌دا ئاشنا بن؛ بۆ ئەوەی بتوانن بە بینین و زانینی تەواوەوە بکەونە دووی هەواڵ و هەواڵ نووسین .

- چەمکەکانی هەواڵ : وشەی هەواڵ چەند چەمکێکی جیاجیای هەیە و لە زمانە ئۆروپی‌یەکاندا وشەی Information لەبەرامبەری‌دا بەکار ئەهێنن و بە زۆر ماناش ئەخوێنرێتەوە : لە هەندێ کاتدا ئەم وشەیە مانایەکی حقوقی هەیە و بە مەبەستی ئاگایی دادوەری و تاوان بەکار دێت وەك (( فەرمانگەی ئاگایی - پرسگە )) .

هەندێ جاریش بەمانای ئاسایشی و ((زانیاری)) سیاسی و سەربازی بەکار دێت. لە دایلۆگە گشتی‌یەکاندا ((هەواڵ)) بەو شارەزایی و زانیاریانە ئەوترێ کە تاکەکان لەسەر ژیانی هاوبەشی خۆیان دەستیان ئەکەوێ، هەر لەبەر ئەوەشە هەر کاتێك یەکتر ئەبینن یەکسەر پرسیاری حاڵ و ئەحواڵی یەکتر ئەکەن و بە دوای هەواڵی تازەدا ئەگەڕێن و لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ لەسەر ڕوداوەکان ئەکەن . بەم جۆرە داخوازی خەڵك بۆ دەستکەوتنی ئاگایی‌لەسەر ژینگەی خۆیان ئەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بە دوای سەرچاوەکانی هەواڵدا بگەڕێن و پەنا بۆ چاپەمەنی ببەن . گەورەترین ئەرکی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندنەکان گەڕانە بە دوای زانیاری و گەیاندنی بە خەڵك، هەر لەبەر ئەمەشە کۆی هەموو ئەو ئاگاییانەی کە ڕاگەیاندنەکان ئەیخەنە بەر دەست گوێگرو خوێنەرو بینەرەکانیان لایەنی ((هەواڵ))یان هەیە .

ئێستا، مانا جیاجیاکانی هەواڵ – مان لەڕوی زمانەوانی و حقوقی وکۆمەڵایەتیەوە باس کرد، وا لێرەدا ماناکەی لەلایەنی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەوە ئەخەینە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێناسەی هەواڵ گرنگییەکی زۆری هەیە.

# پێناسەی هەواڵ

زانایانی بواری پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکان و نووسەرانی بواری ڕۆژنامەنووسی چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ هەواڵی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی داناوە ، لێرەدا چەند دانەیەکیان ئەخەینە ڕوو:

- لیل ئەسپنسەری ئامریکایی و نووسەری کتێبی ((هەواڵ نووسی)) لە پێناسەی هەواڵدا ئەڵێ: (هەر کارێك یان ئەندێشەیەکی واقعی کە بەلای خەڵکێکی زۆرەوە سەرنج ڕاکێش بێت هەواڵە) .

- و.ج بلایەری رۆژنامەنووسی ئەمریکی لە کتێبی ((رۆژنامەنووسی))دا (هەر بابەتێك بەهۆی سەرنج راکێشانەکەیەوە لەلایەین خەڵکەوە پەسەند بێت و لە بڵاوکراوەکاندا چاپ بێت) بە هەواڵ ئەزانێ .
- س. مولبی خاوەنی کتێبی (( گەڕان بەدوای هەواڵدا)) ئەو رووداوە گرنگانەی کە لەرۆژنامەکاندا چاپ ئەکرێن و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ ئەکرێ بە هەواڵ ئەزانێ .
- میچل. وی چارئلی مامۆستای رۆژنامەنووسی لە زانکۆی ((مینسوتا))ی ئەمریکی لە کتێبی ((پەیامنێری))دا ئەنووسێ: ((هەواڵ باسێکی وردو کورتکراوەی رووداوێکە، خودی رووداوەکە نیيە)).
- ((ئیرك سی . هوپ وود))ی ئەمریکاییش پێناسەیەکی هاوچەشنی هەیە و هەواڵ وا پێناسە ئەکات (( هەواڵ یەکەمین باسی ڕووداوێکە کە جێگەی سەرنجی هەموانە)). رۆژە کاوس مامۆستای ((مەڵبەندی توێژینەوەی هونەری بڵاوکراوە گشتیەکان)) لە زانکۆی برۆکسل لە کتێبی ((هەواڵەکان))دا ئەڵێ: ((هەواڵ گواستنەوەی سادەو وردی رووداوە هەنوکەییەکانە)).
- ((فرناند ترو)) سەرۆك و مامۆستای ئەنستیوتی چاپەمەنیەکانی زانکۆی پاریس لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی ((هەواڵ)) ئەم پێناسەیە بۆ هەواڵ ئەکات: ((هەواڵ بریتیە لە بڵاوکردنەوەی رێك و پێکی رووداو و شارەزایی زانستە مرۆڤایەتیەکان و گواستنەوەی بیروڕا گشتیەکان)).

لەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەرئەکەوێ ((نوێ)) بوون و ((سەرنج ڕاکێشی)) هەواڵەکان گرنگترین بونیادەکانی هەواڵ پێك ئەهێنن. بە مانایەکی تر هەموو رووداوەکان لایەنی هەواڵیان پێوە نیيەو ئەوەی ئەبێتە هۆی بەها پەیدا کردنی هەواڵ ئەو گرنگی پێ دان و ڕێز لێنانەیە کە خەڵك لێی ئەگرێ. کەواتە تازە بوونی هەواڵ و سەرنج ڕاکێشیەکەی باشترین پێوانەی خەڵکە بۆ هەواڵ.

بەشێوەیەکی گشتی و بەلەبەر چاوگرتنی ئەو پێناسانەی سەرەوە ئەتوانین پێناسەیەکی گشتگیری هەواڵی چاپەمەنیەکان بەم شێوەیە بکەین .

((هەواڵ بریتیە لەپیشاندانی رووداوە سەیرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوی بیروڕای گشتی)).

بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم پێناسەیە ئەم هۆکارانەی خوارەوە لە یەکتر جیا ئەکەینەوە :

١- باس کردنی ڕووداو: هەر رووداوێك کە روو ئەدا، پێش ئەوەی کەس پێی بزانێ نائاشنایە وتەنیا ئەو کاتە ئەبێتە هەواڵ کە ئاشکرا ئەبێ و بە خەڵکانی تر ئەناسێنرێ. بەگشتی هەواڵ کارێکی لەناکاوە و شتە چەسپاوو نەگۆڕاوەکان لەخۆی ناگرێ. کەواتە هەر کارێك گۆڕانێك لەدۆخی حازردا بەدی بهێنێ و یان لەسەر گۆڕانکاریەکانی پێشوو زانیاریەك بگات،

هەواڵێك دروست بووە بۆیە ئەبێ یەكسەر باسی لێوە بكرێ. بەم جۆرە ئاگاداركردنەوەی خێرای خەڵك لە رووداوە تازەكان، یان ئەو رووداوانەی كە پێشتر روویان داوە بەڵام هێشتا بڵاو نەكراوەتەوە بە هەواڵ دێنە ژماردن.

بۆ نموونە ئەتوانین بڵێین بوونی تەلارێكی پێنج نهۆمی لە سلێمانی‌دا بابەتێكی ئاساییە و هەواڵ نی‌یە، بەڵام ئەگەر تەلارێكی (٥٠) نهۆمی لە یەكێك لە شەقامەكانی سلێمانی‌دا دروست بكرێ، ئەمە هەواڵێكی تازەیە بە كەڵكی بڵاوكردنەوە دێت، هەروەها ئەگەر ئاسەواری قەڵایەكی كۆن بدۆزرێتەوە لەبەر ئەوەی دۆزینەوەكە تازەیە رووداوەكە گرنگەو ئەبێ بڵاوبكرێتەوە .

كەواتە بابەتی هەواڵ شتێكە كە حاڵی حازر بوونی هەیە و پێش چەند ساتێك وجودی نەبووە. شتێكە لەناكاو سەری هەڵداوەو دوای سەر هەڵدانی یەكسەر باسی لێوە كراوە . هەر لەبەر ئەمەشە لەزاراوەكانی راگەیاندندا زاراوەی ((هەواڵە تازەكان)) هاتووەتە ئاراوە .

٢- یەكەمین باس كردن: بۆ ئاگادار كردنەوەی خەڵك لە رووداوە تازەكان، تەنیا باس كردنی رووداوەكە بەس نی‌یە، بەڵكو ئەبێ چۆنیەتی رووداوەكەش باس بكرێ. بۆ ئەوەی چەمك و گرنگی و بەهای هەواڵەكە بناسرێتەوەو وەڵامی پرسیارەكانی خوێنەران و گوێگران بداتەوە.

هەر لەبەر ئەمەیە پاش باس كردنی رووداوەكە، یەكسەر شوێنی رووداوەكەو هەلومەرج وهۆكارەكانی شی ئەكرێنەوەو ئەو كەسانەی كە تێیدا بەشداریان كردووە ئەكەونە ژێر كاریگەری‌یەوە و ئەناسێنرێن. بۆ نموونە باس كردنی خۆ كوشتنی سەرۆكی فەرمانگەیەك بە تەنیا بەس نی‌یە، بەڵكو ئەبێ هۆكارو چۆنیەتی رووداوەكەش ئاشكرا بكرێت.

راگەیاندنەكانی ئێستا هەركە لەرووداوێك ئاگادار ئەكرێنەوە، زۆر بە خێرایی و بەكورتی باسی ئەكەن و پاشان باس لە هەموو رووداوەكە ئەكەن و پەخشی ئەكەنەوە. لە سەرەتای بەرنامەكاندا بەكورتی باس لەهەواڵە گرنگەكان ئەكرێ و پاشان بە شێوەیەكی درێژتر ئەخرێتە روو. مانشێتی كورتەی هەواڵەكان لەسەرووی بابەتە چاپ كراوەكانەوە دائەنرێن، ئەمەش تاكو خوێنەران بە خێرایی ئاگاداری رووداوەكان بكرێنەوە. پاشان لەخوارەوە بەدرێژی هەموو رووداوەكە ئەخرێتە روو .

٣- رووداوە راستەقینەكان: هەواڵ، هەردەم باس لە رووداوێكی راستەقینە ئەكات و ئەگەر رووداوێك نەبێت هیچ هەواڵێكیش نابێ. هەر بۆیە تەنیا ئەو رووداوانە ئەكرێنە هەواڵ كە راستەقینەن و دوورن لەخەیاڵ و فەنتازیا.

ئەبێ بزانین ئەو بابەت و چیرۆکە ناواقعیانەی کە لە شێوەی ((نۆڤل و رۆمان)) لە بڵاوکراوەکاندا چاپ ئەبن تەنیا بۆ کات بەسەر بردنی خەڵك بڵاوئەکرێنەوە، لەگەڵ هەواڵدا جیاوازن. بۆیە راستەقینە بوونی رووداوەکان بە گرنگترین بناغەی ئامادەکردنی هەواڵ دێتە ژماردن. ئەم بناغەیەش وا ئەخوازێ پەیامنێر بە هیچ جۆرێك لە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵەی کە ئامادەی ئەکات بچوکترین گۆڕانکاری و دەستکاری نەکات و بەوپەڕی بێ لایەنیەوە بیخاتە ڕوو. هەر لەبەر ئەمەشە ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە ئامادە ئەکرێن ، ئەگەر هاتوو خۆی لەو جێگەیە نەبوو ، ئەبێ داوای یارمەتی لەو کەسانە بکات کە رووداوەکەیان بە چاوی خۆیان دیوە. ناو هێنانی سەرچاوەکانی هەواڵ و خستنە ڕووی بەڵگەنامەو لێدوانە رەسمی‌یەکان، بۆ دەرخستنی راستی هەواڵەکان پێویست و گرنگن.

٤- رووداوی سەرنج راکێش: وەکو وتمان راستەقینە بوونی رووداو لە مەرجە گرنگەکانی هەواڵە، بەڵام مەرجی تەواو نی‌یە و ئەبێ لە پاڵی‌دا مەرجی (سەرنج راکێشی) رووداوەکەش لەبەر چاو بگیرێ. سەرنج راکێشی رووداویش لەلایەن خەڵکەوە دیاری ئەکرێت و هەر لەبەر ئەمەشە پەیامنێری راگەیاندنەکان ناچارن داخوازی و حەزی خوێنەران و گوێگران و بینەران لەبەرچاو بگرن و بەپێ‌ی گرنگی رووداوەکانیش بەدوای پەخشی هەواڵدا بگەڕێن.

دیاری کردنی زەوق و داخوازی ئەو کەسانەی کە سود لە راگەیاندن ئەبینن کارێکی ئاسان نی‌یە. هەر بۆیە ئەبێ تەنیا ئەو هەواڵانەی کە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە پەسەندن هەڵبژێرێن .

٥- روداوی گشتی و کۆمەڵایەتی: ئەو رووداوانەی کە وەك هەواڵ ئامادەئەکرێن ئەبێ گشتی بن و کار لە ژیانی کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی زۆر خەڵك بکەن. کەواتە ئەو ڕووداوانەی کە بوون و نەبوونیان وەکو یەك وایەو هیچ کاریگەری‌یەك لەسەر بارودۆخی گشتی جێ ناهێڵن و لەوانەیە تەنیا بۆ کەسێك یان خێزانێك یان دەستەیەك سەرنج ڕاکێش بن، بە هەواڵ نایەنە ژماردن. هەرچەندە جاربەجار رووداوی ژیانی تایبەتی هەندێ‌لە کەسایەتی‌یەکان بە هەواڵ ئەژمێرێن، بەڵام ئەوە لەبەر ئەو پەیوەندییەیە کە بەژیانی گشتی‌یەوە هەیەتی. بۆ نمونە مەرگ یان لە دایك بونی کەسێکی‌ئاسایی یان سەرکەوتن و شکستی ئەو کەسە هیچ بایەخێکی لەژیانی گشتی‌دا نی‌یە و بە هەواڵ ناژمێرێ. بەڵام، ئەگەر لە ژیانی کەسێکی ناوداری زانستی یان سیاسی گۆڕانێك روو بدات، لەبەر ئەوەی بوونی جێگەی تێڕوانینی‌خەڵکەو وەك هەواڵ حیسابی بۆ ئەکرێ و وەك رووداوێکی کۆمەڵایەتی پەخش ئەکرێتەوە. کەواتە کاریگەری ژیانی تایبەتی کەسایەتیەکان پەیوەستە بەو رۆڵەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئەستۆیانە. بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکەین ژیانی تایبەتی کەسەکان بەبێ لەبەرچاو گرتنی پلەو پایەیان ئەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و

نابێ لەبەر حەزو ئارەزووی خوێنەر و گوێگرو بینەر، ژیانی هیچ کەس بخرێتە مەترسییەوە و ئارامیان لێ تێك بدرێ .

بەشیکردنەوەی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە باس کران ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامانەی کە ئەبێ پەیامنێر پێش هەر شتێك بەوردی ئاگاداری رووداوە گرنگە کۆمەڵایەتیەکان بێت و بەسود وەرگرتن لە تێڕوانینە راستەوخۆکانی خۆی و بە پشت بەستن بە چاو پێکەوتنەکانی خەڵکانی تر، هەواڵی ڕووداوەکە باس بکات و لەهۆکارو کاریگەرییەکانی بکۆڵێتەوە . بەم جۆرە ڕاستەقینە بوونی هەواڵەکەو سەرنج ڕاکێش بوونی، کە لەسیفەتە گرنگەکانی هەواڵن، رەچاو ئەکرێن .

## رەگەزەکانی هەواڵ

راگەیاندن و باس کردنی رووداوە سەرنج راکێشە کۆمەڵایەتیەکان، کاتێك بە باشی سەر ئەگرێ کە بە شێوەیەکی تەواو هۆکارو رەگەزەکانی هەر رووداوێك بخرێتە روو. بە شێوەیەکی گشتی هەر هەواڵێك چی گەورە بێت و یان بچووك ئەبێ لەم رەگەزو هۆکارانە پێك بێت:

١. ئەو کەس یان کەسانەی کە لە رووداوەکەدا بەشداریان کردووە یان رووداوەکە بە جۆرێك پەیوەندی بەوانەوە هەیە.

٢. بابەت و جۆری رووداوەکە ، واتە ئەوەی رووداوەکەی لێ پێك هاتووە .

٣. ئەو هۆکارو ئەنگێزانەی کە بوونەتە هۆی قەومانی رووداوەکە.

٤. چۆنیەتی روودانی رووداوەکە.

٥. ئەو کاتەی کە شوێنی رووداوەکە لە بواری مێژوویی و رۆژو سەعاتەکەیەوە دیاری ئەکات.

٦. شوێنی رووداوەکە کە دۆخی رووداوەکە لەبواری جێگەو دووری لە جێگاکانی ترەوە دیاری ئەکات.

ئەبێ بزانین بەدەر لەو هۆکارو رەگەزانەی سەرەوە، هیچ رووداوێك روونادات. هەر کاتێك پەیامنێرێك بیەوێ هەواڵێك ئامادە بکات یان بنوسێ، ئەبێ ئەوانەی لەهزردا بێت و پەیڕەویان بکات. بەم جۆرە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو شەش رەگەزەی سەرەوە پەیامنێر لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵدا لەگەڵ ئەم شەش پرسیارەدا ڕووبەڕوو ئەبێتەوە:

١- کێ ؟ ٢- لە کوێ ؟ ٣- کەی ؟ ٤- چی ؟ ٥- بۆ ؟ ٦- چۆن ؟

لە کوردیدا کاتێك ئەنووسی: (( پیاوێك بریندار بوو))، ئەم رستەیە لە رووی رێزمانییەوە هیچ کەم و کوڕییەکی تێدا نییە، بەڵام لە رووی بوونە ((هەواڵ))ەوە کێماسی تێدایە، چونکە پێناسەی کەسەکەو کات و شوێنی رووداوەکەو چۆنیەتی روودانی رووداوەکە ئاشکرا نین.

کەواتە ئەو کاتەی بەدوای هەواڵدا ئەگەڕێی، ئەبێ پێش هەر شتێ بە دوای ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەواڵەکەدا بگەڕێی، ئەگەرنا رازاندنەوە و بەکارهێنانی جوانترین شێوازی ئەدەبی بێهودە ئەبێ .

هەر لەبەر ئەمەشە لە قوتابخانەو پەیمانگا بەرزەکانی ڕۆژنامەنووسی‌دا هیچ کاتێك هەواڵ نووسین بە ئامادەکردنی بابەت و شیکردنەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو یەکەمین ڕاهێنان بە نووسینەوەی هەواڵێکی کورت دەست پێ ئەکات کە هەموو ڕەگەزو هۆکارەکانی هەواڵ و ئەو پرسیارانەی کە باسیان لێوە کرا بەکەمترین وشە بەکار بهێنرێن.

بۆ نمونە: ئەمڕۆ بەیانی لە شەقامی مەولەوی رۆژنامە فرۆشێکی پەنجا ساڵە بە ناوی (( حسین سەرواى)) ، لەو کاتەی پاسکیلەکەی ئەخستە سەر شۆستەکەوە، تاکسی‌یەکی جۆری لادا پیایدا کێشاو بریندار بوو.

وەك ئەبینین ئەم بڕگەیە بە پێچەوانەی رستەی ((پیاوێك بریندار بوو)) لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕەگەزەکانی ڕووداوەکەی تێدا دیاری کراوە لەلایەنی هەواڵەوە کامڵ ترە.

ئاشکرایە لەبەر چاونەگرتنی هەر یەکێك لەو ڕەگەزانە هەواڵەکە بەناقسی و بێ مانایی ئەخاتە ڕوو، بۆیە پەیامنێر ناچارە هەردەم لە خۆی بپرسێ: کێ لە رووداوەکە بەشداری کردووە ؟ کەی رووداوەکە رووی‌دا ؟ شوێنی رووداوەکە لە کوێ‌یە؟ جۆری رووداوکە چی‌یە؟ چۆن رووداوەکە رووی‌دا؟ بۆ رووداوەکە رووی‌دا ؟. لێرەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەستکەوتنی هەواڵ لەخودی پرسیارەکاندایە.

لەسەر ئەو شەش رەگەزانەی کەباسیان لێوە کرا ئەم روونکردنەوانە پێویستن:

أ- کێ؟ ڕەگەزی ((کێ؟)) ئەو کەس یان کەسانەی کە بکەری رووداوێکن یان بەهەر شێوەیەك دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەیە ، دیاری ئەکات . بۆ تەواوکردنی هەواڵەکە ئەبێ ناو و ، ناوی باوك ، تەمەن و شوێنی نیشتەجێ بوون ، کارو ژمارەی منداڵەکانی تێدا بێ .

ڕەگەزی ((کێ ؟)) هەموو کاتێك مرۆڤ نی‌یە، لەوانەیە شتێك یان ڕێکخراوێك بێ . لەم حاڵەتەدا ئەبێ زانیاری تەواوی لەگەڵدا باس بکرێ. بۆ نمونە ئەگەر بکەرەکە ((ئەنجومەنی باڵای خانەی روناکبیری گوندەکان)) بێ، ئەو کاتە ئەبێ بۆ خوێنەر کە هیچ جۆرە زانیاریەکی لەسەر ئەم ئەنجوومەنە نییە رونکردنەوەی پێویست بخرێتە ڕوو.

ب- کەی؟ ((چ کاتێ ؟)) ئەم خاڵە کاتی رووداوەکە دیاری ئەکات. لێرەدا ئەبێ بزانین لەبەر ئەوەی لەسەرەوەی رۆژنامەکاندا مێژووەکە دیاری ئەکرێت ، لە دەقی هەواڵەکەدا زۆر جار دوێنێ یان ئەمڕۆ ئەنووسرێ . بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە ئەگەر هاتوو رووداوەکە چەند رۆژێك پێشتر رووی دابوو ، بەڵام تازە ئاشکرا بووبێ پێویستە سەعات و رۆژ یان هەفتەو مانگەکانیش باس بکرێن . لە هەندێ هەواڵی گرنگ دا لەوانەیە دەقەکانی رووداوەکەش بۆ خوێنەران سەرنج ڕاکێش بێت.

پ- لەکویٚ؟ ئەمەیان جێگەی ڕووداوەکە دیاری ئەکات . ئەگەر شوێنی ڕووداوەکە شارێك بێت تەنیا ناوی شارەکە بەسە. بەلاٚم لەهەندیٚ حالٚەتدا پێویستە ناوی ئەو گەڕەگ و کوٚلاٚن و ژمارەی خانووەی کە ڕووداوەکەی تێدا قەوماوە لە هەوالٚەکاندا بهێنرێن. بەلاٚم لە گوند و شاروٚچکەکاندا ناو هێنانی گەڕەکەکان گرنگیيان نیيە . چونکە لە گوندێك یان شارێکی بچووکدا خەلٚکەکە یەکتری ئەناسن .

ت- چی؟ بابەت و جوٚری ڕووداوەکە بە پرسیاری چی؟ ئاشکرا ئەبیٚ . بەم جوٚرە ڕووداوە جیاجیاکانی وەك داهێنانی زانستی ، کردنەوەی کارگەیەك، بومەلەرزەیەك و لافاوێك لەیەکتری جیا ئەکرێنەوە .

ج-بوٚ؟ بوٚ هوٚکاری ڕوودانی ڕووداوەکە و ئامانج و ئەنگێزەی بکەر یان بکەرەکان دیاری ئەکات.

هەندیٚ جار وەلاٚمدانەوەی پرسیاری بوٚ؟ لە سەرەتای ئامادەکردنی هەوالٚەکەدا ئاسان نیيە. بوٚ دوٚزینەوەی ئەبیٚ کاتێکی زیاتر خەرج بکریٚ . بوٚ نمونە کاتێك فڕوٚکەیەك ئەکەوێتە خوارەوە یان شەمەندەفەرێك لەهێلٚێکی ئاسندا دەرئەچیٚ یان کوشتنێك ڕووئەدات، ناتوانریٚ یەکسەر هوٚکارەکەی بدوٚزرێتەوە .

ح-چوٚن؟ ئەمەیان چوٚنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە ڕوون ئەکاتەوە. وەك لە پێناسەکردنی هەوالٚەکاندا وتمان، تەنیا ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە بەس نیيە، بەلٚکو ئەبیٚ چوٚنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەش باس بکرێت و شیبکرێتەوە. بوٚ ئەوەی خوێنەرو گوێگر زانیاری تەواویان دەست بکەویٚ. هەندیٚ جار ڕووداوەکە سادەیەو ئەتوانریٚ بە ڕستەیەك باس بکرێت. بوٚ نمونە ئەوتریٚ پیاکێشانەکە بەهوٚی لادانی ئوٚتومبیلێك بەلای چەپ ڕوویدا. هەندیٚ جار هەوالٚەکە باسی کوشتنێکی شاراوەیە، لەم حالٚەتدا ئەبیٚ چوٚنیەتی ڕووداوەکە بە وردی باس بکرێت.

## چ کاتیٚ هەوالٚ کاملٚە؟

کاملٚ بوونی هەوالٚ لەلایەك پەیوەندی بە گرنگی هەوالٚەکەو لەلایەکی ترەوە بەڕێژەی داخوازی خوێنەران لەسەر چوٚنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەوە هەیە. تاهەوالٚەکە گرنگتر بێت و تا ئارەزووی خوێنەران لەسەر خوێندنەوەی زوٚر بێت، پێویستە هەوالٚەکە بەدرێژی و زانیاری زیاترەوە پەخش بکرێت . کەواتە بوٚ خستنە ڕووی هەوالٚێکی کاملٚ تەنیا ئەوە بەس نیيە کە شەش ڕەگەزەکەی تێدا بێت و وەلاٚمیان بدرێتەوە. بەلٚکو ئەبیٚ لەبەر گرنگی هەوالٚەکەو حەزی خەلٚکی هەریەك لەو ڕەگەزانە تا ڕادەی پێویست ڕوون بکرێنەوەو ئەو خالاٚنەی کە هێشتا شاراوەن زیاتر باسیان لێوە بکرێت.

هەر لەبەر ئەمەشە هەندیٚ جار وا ڕووئەدات هەوالٚێك هەر شەش ڕەگەزەکەی تێدایە، کەچی هێشتا کەم و کوڕی هەیە.

نمونەیەك:

*پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ٢٨-١٢-١٩٩٧ ژاكلین و ئوناسیس لە كڵێسای دورگەی ئسكورپیوس زەماوەندیان كرد. مەراسیمی زەماوەندەكە لەسەر ڕێ و ڕەسمی ئورتدۆدۆكسەكانی یۆنان ئەنجا درا.*

ئەم هەواڵە كەم و كوڕی تێدایە، چونكە هێشتا كۆمەڵە پرسیارێك بەبێ وەڵام ماونەتەوە:

- ژاكلین كێیە ؟
- ئۆناسیس كێیە ؟
- دورگەی ئسكورپیوس لە كوێیە ؟
- بۆ زەماوەندەكە لە ئسكورپیوس ئەنجام درا؟
- ڕێ و رەسمی ئورتدۆدۆكسەكانی یۆنان چیە ؟

هەڵبەتە لە هەواڵێكی زۆر كورتدا ناتوانرێ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بدرێتەوە بەڵام لە هەواڵە ئاساییەكاندا ئەبێ ڕونكردنەوەی پێویست لەبارەی هەریەكە لەو بەشانەی هەواڵ بدرێت . تەنانەت لە حاڵەتی زەروری‌دا ئەبێ بیر لە پرسیاری لاوەكیش بكرێتەوە و وەڵامیا بۆ بدۆزرێتەوە .

جۆرەكانی هەواڵ

حاڵی حازر زۆرینەی ئەو هەواڵانەی كە لەزۆربەی چاپەمەنی و بڵاوكراوەكانی تردا پەخش ئەكرێنەوە، لەلایەن ئاژانسە هەواڵدەری‌یەكانەوە رەوانە ئەكرێن وهەواڵە نێو دەوڵەتی‌یەكان رۆڵی بەرچاو ئەبینن. وەك ئەزانین رۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆنەكان لەبەر گیروگرفتی دارایی ناتوانن لەهەموو جێگەیەكی دونیادا پەیامنێری تایبەت دابمەزرێنن، بۆیە ناچارن سود لە هەواڵی ئاژانسەكان وەربگرن.

هەواڵدەری‌یە نێو دەوڵەتی‌یەكان لەهەموو سەعاتەكانی شەوو ڕۆژدا لە چالاكی دان و ئەو هەواڵە زۆرانەی كە لەلایەن پەیامنێرەكانیانەوە لە سەرانسەری دونیاوە پێیان ئەگات ئەنێرن بۆ رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و چاپكراوەكان . بەم جۆرە ڕووداوەكانی دونیا ئەگەیەننە هاوبەشەكانیان لە دونیا.

ئەم جۆرە هەواڵانە لە زاراوە رۆژنامە نووسی‌یەكاندا پێیان ئەوترێ هەواڵی تلگرافی، لەبەر جیاوازی تێڕوانینی پەیامنێرەكان و ئاژانسەكان و ئەو پەلەپەل كردنەی كە بۆ وەرگێڕان و پەخش كردنیان ئەكرێت، هەروەها لەبەر ئەو هەڵانەی كە لەكاتی ناردنیان دا روو ئەدەن ، هەواڵەكان بەزۆری نامەفهوم و پڕ لە هەڵە دەردەچن و ئەگەر لەلایەن رۆژنامە و راگەیاندنەكانی ترەوە راست و رێك نەخرێنەوە تێگەیشتنیان بۆ خوێنەران و گوێگران دژوار ئەبێ .

هەر بۆیە چاپەمەنیەكان ناچارن هەموو ئەو هەواڵانەی كە لەلایەن ئاژانسەكانەوە دەستیان دەكەوێت، پێش ئەوەی بڵاوبكرێنەوە لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرێت و بەپێی زەوق و حەزی خۆیان و گوێگران پەخش بكرێنەوە.

ئـەبێ بزانـین ئـەو پەیامنێرانـەی کـە لەرۆژنامـەکاندا کـار ئەکـەن، لـە ئامـادەکردن و ڕێکخسـتنی بابەتەکاندا تەنیا لەگەڵ یەك هەواڵدەری‌دا هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵکو لە ئاژانسە جیاجیاکانەوە هەواڵەکانیان وەرئەگرن و هەندێ جاریش لەرێگەی پەیامنێرەکانەوە هەواڵەکانیان تـەواو ئەکـەن، چونکە هەواڵی ئاژانسەکان لەرووی داڕشتن و ناوەڕۆکەوە لەگەڵ یەکدا جیاوازن، بۆیە ئەبێ لەگەڵ یەکتردا بیگونجێنن.

ئەو هەواڵانەی کە لەسـەرەوە باسیان لێوەکرا ، بنچینـەو بناغـەی کاری ڕۆژنامەنووسین و هـەموو پەیامنێرو ئەو کەسانەی کە لە راگەیاندنەکاندا کار ئەکەن، ئەبێ لە بنەما عەمەلیەکانی بزانن ، بۆیە لێرەدا باس لە یەکەمین قۆناغی کارەکە ئەکەین کە وەرگرتنـی ئـەو هەواڵانەیـە کـە لـەڕێی تلگرافی ئاژانسەکانی دەنگ و باسەوە پێمان ئەگات و پێویستە ئامادەو ڕێکبخرێن :

أ- گەیشتنی هەواڵە تلگرافیەکان: هەواڵە تلگرافیەکان ئەو هەواڵانـەن کـە لـە هەواڵدەری‌یەکانەوە بە درێژایی سەعاتەکانی رۆژ لەرێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانەوە (بێ سیم ، تەلـەفۆن و رادیـۆ و ئینتەرنێت و فاکس ) ئەگەنە چاپەنی‌یەکان و ئەکرێنە نووسین.

دەزگاکانی هەواڵگری چاپەمەنی‌یەکان بەردەوام ئامادەی وەرگرتنی هەواڵن لە ئاژانسەکانەوە و لەسەر دەزگا جیاجیاکانی وەرگرتنی هەواڵ تۆماریان ئەکەن و پاشان بە پێی گرنگـی هـەر بابـەتێکیان لەیـەکتر جیـا ئەکرێنـەوەو ڕەوانـەی بەشـە جیاجیاکـان ئـەکرێن بـۆ دڵنیـایی لـە وەرگرتنی تەواوی هەواڵەکان نوسخەیەك لـە تۆمارەکـە ئەدرێتـە سـەر نووسـەر ، بـەڵام هەواڵـە گرنگەکان یەکسەر دوای تۆمار کردن ئەخرێنە بەر دەستی بۆ ئەوەی بە خێرایی بڕیاری چاپ کردنی دەربکات.

هەواڵە گرنگ و بەرجەستەکانی ئاژانسەکان بە زۆری لەلایەن ناوەندەکانی ناردنـەوە بـە وشـە یان بە هێمای جیاواز دیاری ئەکرێن وەك ((Rush , Snap Flash , Blits)) .

جگە لە بەرکارهێنانی ئەو وشەو هێمایانە، ئاژانسەکان هەمیشە مانشێتێکی دیار و گونجاو بۆ هەواڵە گرنگەکان هەڵئەبژێرن ، بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامـە نووسانەی کـە کاریـان چاودێری کـردن و هـەڵبژاردنی هـەواڵی ئاژانسـەکانە یەکسـەر بـە خوێندنـەوەی مانشـێتەکە ئاگـاداری ناوەڕۆکی هەواڵەکان بن . گومان لەوەدا نی‌یە دوای ڕێکخستن و ئامادەکردن، رۆژنامەکـە بـە لەبەر چاوگرتنی ناوەڕۆك و گرنگی هەواڵەکان مانشێتێکی گونجاوتریان بۆ دائەنێت .

لە کاتی هەڵبژاردنی هەواڵی ئاژانسەکان و هەواڵی پەیامنێرە تایبەتیەکانی دەرەوەی وڵات دا و پێش دەست کردن بە چاپی ناوەڕۆکەکانیان ، لـە سـەرەتادا شوێنی ناردنیان ، مێژووی ناردنیان و سەرچاوەکانیان ( ئاژانسەکانیان، ناوی پەیامنێرەکان) ئەنووسرێن .

**بۆ نمونە : لەندەن – ١١ی ئەیلول – دۆینەر–**

**دهۆك - ٢١ی نەورۆز - پەیامنێری کوردستانی نوێ**

**١- جێگەی ناردنی هەواڵ :** ئەبێ بزانین جێگەی ناردنی هەواڵ مەرج نی‌یە هەمان جێگەی رووداوەکە بێت. زۆر جار شوێنی رووداوەکە ئەو شوێنە نی‌یە کە هەواڵەکەی لێ ڕەوانە ئەکرێ . بۆیە جگە لە شوێنی ناردنی هەواڵەکە کە لە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەنووسرێ ، ئەبێ لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا شوێنی رووداوەکەش بنووسرێ. بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین ئەو هەواڵانەی کە لە شوێنی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەوە ئامادە ئەکرێن ، لە کاتی چاپکردندا پێویست ناکات جێگەی ناردنەکەی باس بکرێت.

بۆ نمونە ئەگەر ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسا هەواڵێکی لە سلێمانیەوە بە دونیادا پەخش کرد ، رۆژنامەکانی کوردستان کە لە سلێمانی دەرئەچن نابێ ئەو هەواڵە بەم شێوەیە چاپ بکەن: سلێمانی - ١١ی ئەیلول ئاژانسی فەرانسە - بەڵکو تەنیا ناوهێنانی ئاژانسەکە بەسە .

**٢- بەرواری ناردنی هەواڵ :** وەك چۆن مەرج نی‌یە جێگەی ناردنی هەواڵەکان هەمان شوێنی رووداوەکان بێت، بەهەمان شێوە مەرج نیە بەرواری ناردنی هەواڵەکان هەمان بەرواری ڕووداوەکان بێت، چونکە هەندێ جار رووداوەکە ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك پێش بەرواری ناردنەکە رووی داوە. بۆیە پێویستە بەرواری رووداوەکە زۆر بەوردی لە دەقی هەواڵەکەدا دیاری بکرێت.

**٣- سەرچاوەی هەواڵەکە:** مەبەست لە سەرچاوەی هەواڵەکان نێرەری هەواڵەکە واتە پەیامنێر یان ئاژانسی دەنگ و باسەکەیە. دیاری کردنی سەرچاوەی هەواڵ نیشانەی راستی و دروستی هەواڵەکەیە، هەر لەبەر ئەمەیە زۆربەی رۆژنامەکان رەچاوی ئەو خاڵە ئەکەن . لە کۆتایی هەواڵەکاندا زۆر جار سەعاتی ناردنی هەواڵەکەش ئەنووسرێت، بۆ ئەوەی کاتی ناردنەکە ئاشکرا بێت و تازەیی ئەو هەواڵانەی کە لەسەر رووداوێکن دەرکەوێ. هەر یەکە لەو هەواڵانەی کە لەلایەن ئاژانسەکانەوە رەوانە ئەکرێن هەڵگری ژمارەیەکی دیاری کراون، بۆ ئەوەی پێش و پاشی هەواڵەکان لەرێگەی ئەو ژمارانەوە دیاری بکرێن . ژمارەی هەواڵەکان جگە لە دیاری کردنی تازە بوونی هەواڵەکان، یارمەتی پەیامنێرەکان ئەدا تاکو ئەو هەواڵانەی کە بە هۆی تەکنیکی‌یەوە پاشماوەکانیان نەگەیشتۆتە لایان بە سود وەرگرتن لە نوسخەی تازەی ئاژانسەکانی تر ، تەواوی بکەن یان داوای هەواڵە نەگەیشتووە نوێیەکان لەو ئاژانسانە بکەن.

**ب– جۆرەکانی دەنگ و باسە نێردراوەکان:**

ئەو هەواڵ و دەنگ و باسانەی کە لەلایەن ئاژانسەکانی دەنگ و باس و پەیامنێری تایبەتی چاپەمەنیەکانەوە ئەنێردرێن، لە رووی بڵاوکردنەوەو شیکردنەوەی رووداوەکانەوە ئەکرێنە چەند جۆرێکی جۆراوجۆرو بەسەر چەند قۆناغێکی جیاوازدا دابەش دەکرێن:

١. هەواڵی خێرا: پەیامنێری ئاژانسەکان و پەیامنێرە تایبەتی‌یەکانی راگەیاندن ، هەرکە هەواڵی رووداوێکی گرنگیان دەست ئەکەوێ ، سەرەتا لە هەواڵێکی خێرای سێ یان پێنج وشەیی‌دا کە پێی ئەوترێ Flash و بە کوردی خێرا یان بروسکە ئاسای پێ ئەوترێ، ئەگەیەنرێتە هەواڵگرەکانیان، پاشان کورتەیەکی رووداوەکە ئەنێرن و پاشتر دوای ئەوەی زانیاری تەواویان دەست ئەکەوێ پاشماوەکەی ئەنێرن. دواتر چۆنیەتی رووداوەکە بە درێژی ئەنێرن . کەواتە ئەو هەواڵانەی کە دوای هەواڵە خێراکە ڕەوانە ئەکرێن بەم ریزبەندییەی خوارەوە پۆلێن ئەکرێن:

٢. باسێکی کورت یان بۆڵتن ((Bulletin)) : بۆڵتن هەواڵێکی کورتی چەند دێری‌یە و سەرەڕای کورتی‌یەکەی هەموو ڕەگەزەکانی هەواڵی تێدایە و بەلای کەمەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە ( کێ ، کەی ، لەکوێ ، چی ، چۆن ، بۆ )) ی تێدایە ئەو هەواڵە ئاساییە ڕۆژانانەی کە پێویست بە درێژدادڕی ناکەن، لە شێوەی بۆڵتن ڕەوانە ئەکرێن و لە چاپەمەنیەکانیش دا لە شێوەی کورتە هەواڵ بڵاو ئەکرێنەوە .

٣. پاشماوەی هەواڵ Development : هەواڵی هەندێ رووداو لە سەرەتادا لە شێوەی بۆڵتن دا ڕەوانە ئەکرێن، پاشان لەبەر گرنگییان لەلایەن پەیامنێرەکانەوە تەواو ئەکرێن و وردەوردە بە درێژی ڕەوانە ئەکرێن. ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە بە چەند بەشێك و یەك لەدوای یەك ئەنێردرێن لە کۆمەڵە پۆلێنێك ئەچن کە خاڵە لەیەك چوو و جیاوازەکانیان لێ دەرکراوە و هەندێ بەشی تازەیان بۆ زیادکراوە. بە جۆرێك ئەگەر هەر هەمووی بخوێنرێتەوە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوێکمان بۆ ئەگێڕێتەوە.

٤. هەواڵی ( تەرکیبی Synthese): پەیامنێرو ئاژانسەکانی دەنگ و باس هەندێ هەواڵی گرنگ و ئاڵۆز کە لەسەر ڕووداوەکان دەستیان کەوتووە ئامادە ئەکەن و پاش ڕاست کردنەوەو رێکخستنیان هەموویان پێکەوە تەرکیب ئەکەن و وەك بابەتی هەواڵێك ڕەوانەی ئەکەن. بەم کارەش دەنگ و باسی ئەو ڕووداوەی کە پێشتر وەك چەند هەواڵێکی جیاجیا پەخش کراوە، لەو حاڵەتی پەڕاگەندەییە دەر ئەکەن و گیانی بابەتێکی پێکەوە گرێ دراوی بە بەردا ئەکەن.

پ- ئامادەکردن و رێکخستنی هەواڵەکان:

ئەو بابەت و هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرە تایبەتەکان و ئاژانسەکانی دەنگ و باسەوە ڕەوانە ئەکرێن ، هەر چەندە لەرووی چۆنایەتی هەواڵەوە کامڵن، بەڵام لەرووی داڕشتن و تێ ڕوانینی

راگەیاندنەکانەوە ناتوانرێ راستەوخۆ پەخش بکرێن، بۆیە ئەبێ بەلەبەر چاوگرتنی زەوق و ئارەزووی خوێنەران و گوێگران جارێکی تر ئامادەو ڕێك بخرێنەوە.

هەروەها ئاژانسەکانی دەنگ و باس بۆ ولاتانی دونیا بە زمانەکانی خۆیان هەواڵ نانێرن و ئەو دەزگای راگەیاندنانەی کە سود لە هەواڵەکانی ئەو ئاژانسانە وەر ئەگرن ناچارن سەرەتا هەواڵە هاتووەکان وەرگێڕنە سەر زمانەکەی خۆیان و پاشان بلاوی بکەنەوە.

پێش ئەوەی باسی چۆنیەتی ئامادەکردن و رێکخستنی هەواڵەکان بکەین، پێویستە باس لە بابەتێکی گرنگ بکەین، ئەویش جیاکردنەوەی بەرواری ناردنی هەواڵەکەیە لەبەرواری ڕوودانی ڕووداوەکە.

ئەو هەوالانەی کە لەسەرەتایاندا شوێن و بەرواری ناردنەکان نووسراون ، لە کاتی چاپ کردنیاندا لە ڕووی کاتەوە هیچ گومانێك دروست ناکەن، بۆ نمونە هەواڵێك کە لە سەرەتاکەیدا نوسراوە – هەولێر – ٢٠ی تەمموز – پەیامنێری ك . ن – بەدانانی وشەی (( ئەمڕۆ )) لە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەوا ڕووداوەکە لە ٢٠ تەمموز ڕووی داوە . هەروەها وشەی (( دوێنێ )) ئەوا رووداوەکە لە ڕۆژی ١٩ی تەمموز و (( سبەی )) ڕۆژی ٢١ تەمموز دیاری ئەکات .

- بۆ ئەو هەوالانەی کە بەرواریان پێوەیە و لە شوێنێکی جیا لە شوێنی چاپی ڕۆژنامەکە هاتوون هەر هەمان مێژوو کە لە سەرەتای هەواڵەکە و دوای سەرچاوەکە نووسراوە، پەسەندە.
- هەواڵە بێ بەروارەکان واتە ئەو هەوالانەی کە لە شوێنی چاپی ڕۆژنامەکەوە ئامادە ئەکرێن، بەرواری ڕۆژی بلاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لەبەر چاو ئەگیرێ ، بەلام بۆ ئەو رۆژنامانەی کە بەیانیان دەرئەچن ئەبێ بەروارەکەی ڕۆژی پێشوو بنووسرێ چونکە زۆربەی هەواڵەکان هی ڕۆژی پێشوون.

هەواڵ و راپۆرتە هەواڵیەکانی پەیامنێرو ئاژانسەکانی دەنگ و باس ، پاش رێکخستنیان بەپێی گرنگی هەریەکەیان و ئەو جێگەیەی کە لە لاپەڕەو ستوونەکاندا بۆیان دیاری ئەکرێ لەم جۆرانە پێك دێن:

١– دێڕە هەواڵ Brief News : دێڕە هەواڵ هەر لە ناوەکەی دیارە زۆر کورتە ، ئەم جۆرە هەوالانە بە زۆری لەسێ دێڕدا ئەنووسرێن و هەر لەبەر ئەمەشە پێیان ئەوترێ (( هەواڵی سێ دێڕی )) . بەلام هەندێ جار لەوانەیە دێڕە هەواڵ لە چەند دێڕێکیش تێ پەڕێ .

بە هەر حاڵ دێڕە هەواڵ لەڕووی چەندایەتیەوە بچوکترین یەکەی هەواڵی ڕۆژنامە پێك ئەهێنێ . تایبەتمەندی ئەم جۆرە هەوالانە لە کورتیەکەیاندا نییە ، بەڵکو لە نەبوونی ناونیشاندایە. نابێ لە کاتی نووسینی دێڕە هەواڵدا هەر شەش رەگەزە گرنگەکەی هەواڵ لە یادبکەین. هەروەها ئەبێ لە کاتی نووسینی دێڕە هەواڵدا رەچاوی ئەم خالانەش بکرێت :

- لە سەرەتای دێڕە هەواڵدا لە جیاتی ناونیشان ئەستێرەیەك دائەنرێت یان بازنەیەك ئەكێشرێت. بۆ ئەوەی لە بابەتەكانی تری جیا بكاتەوە .
- بە جۆرێك دائەڕێژرێت كە سێ چوار وشەی سەرەتاكەی ناوەڕۆكی باسەكە بپێكێ و زانیاری گرنگی سەرەتایی بخاتە بەر دەستی خوێنەران. ئەم سێ چوار وشەیە ئەبێ بە پیتی جیاواز چاپ بكرێن بۆئەوەی جێگەی ناونیشانەكە بگرنەوە.
- دوای ئەو سێ چوار وشەیە پێویستە پاشماوەی هەواڵەكە بنووسرێتەوە.
- رستەكانی دێرە هەواڵ ئەبێ كورت و ڕەوان بن بۆ ئەوەی دەقەكە زۆر بە كورتی بخرێتە ڕوو، نابێ بچێتە سەر خەت و یەك لەدوای یەك بنوسرێنەوە.

دوو نمونە:

- دەستوری نوێی رودۆزیا دوێنێ لەلایەن (( موریس فولی )) جێگیری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتەوە درایە بەر رەخنە. دەوڵەتی بەریتانیا تا ئێستا ڕژێمی كەمینەی سپی پێستی رودۆزیای بە رەسمی نەناسیوە .
- دوێنێ ١٠٠ كوردی عیراقی لە ڕێگەی قاچاغەوە خۆیان گەیاندە ئیتالیا، ئەو كوردانە كە ١٠ منداڵ و ٢٠ ژنیان لەگەڵ دابوو لە كوردستانی عیراقەوە بەرەو ئەوروپا كەوتوونە تەڕێ و پارەیەكی زۆریان بە قاچاغچیەكان داوە .

٢- كورتە هەواڵ : كورتە هەواڵ لە ١٥ یان ٢٠ دێڕ پێك دێت و لە دێڕە هەواڵ درێژترە، هەروەها ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیەو لەیەك یان دوو دێڕ پێك دێت، ئەو ناونیشانانە ناوەڕۆكی هەواڵەكە ئەخەنە ڕوو. سەرەتای كورتە هەواڵ بە نووسینی بەروارو شوێنی نووسینی هەواڵەكە دەست پێ ئەكات. زۆر جار بەبێ هیچ دەستكاری‌یەك پاش گەیشتنی بڵاوئەكرێتەوە. بەڵام هەندێ جار پێویست بە دەستكاری و كورت كردنەوە ئەكات بۆ جارێكی تر، بەڵام بێ هیچ گۆڕانێك لە دەقەكەدا ئامادەو ڕێك ئەخرێتەوە.

لێرەدا نمونەیەكی كورتە هەواڵ ئەخەینە ڕوو.

چەند زانایەكی ئەمریكی لە ژێر ئاوی ئۆقیانووسی ئارام دا ون بوون

واشنتۆن - ١٧/ فیبروەری - ئاسۆشیتد پرێس

ئەمڕۆ بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریكا ڕایانگەیاند، كەوا دوێنێ لە كەنارەكانی ((سن كلمنت))ی ویلایەتی كالیفۆرنیا چەند زانایەكی ئەمریكی كە لەناو غەواسەیەكی بچوكی تایبەتدا بوون لە ئاوی ئۆقیانووسی ئارام دا ون بوون. ئەمە سێیەمین تاقیكردنەوەی ئەمریكایە بۆ ناردنی مرۆڤ لەناو غەواسەیەكی تایبەت بۆ ژێر ئۆقیانووس - ئێستا غەواسەكانی هێزی دەریایی ئەمریكا و هێزەكانی تری ئەو وڵاتە بە هەموو توانایەكیانەوە لە هەوڵی دۆزینەوەی زانا ون

بووەکاندان. بەر پرسانی ئەمریکایی وتیان ئەم ڕووداوە دڵ تەزێنە لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی زاناکان.

٣- هەواڵی ڕێکخراو (مۆنتاژکراو): ڕۆژانە لە دەیان سەرچاوەی هەمەجۆرەوە هەواڵ لەسەر ڕووداوێکی دیاری کراو ئەگەنە بەشی هەواڵی ڕۆژنامەیەك . بۆ ئەوەی ئەم هەواڵانە ئامادە بکرێن بۆ پەخش کردن، پێویستە هەر هەموویان لێك بدرێن و ڕێکبخرێن تاکو ئەبنە هەواڵێکی یەك پارچەی تەواو.

کاری ڕێکخستن و مۆنتاژ کردنی هەواڵ کارێکی حەساس و وردی ڕۆژنامەنووسەکانە. زۆرجار وا ڕێك ئەکەوێ پەیامنێرێك لە قۆناغی دەسکەوتنی هەواڵێك دا سەکەرتوو ئەبێ، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ئەرکی هەڵبژاردنی هەواڵەکانی بۆ چاپ لە ئەستۆدایە ، لە قۆناغی ڕێکخستن دا بەشە گرنگەکانی هەواڵ لەگەڵ خراپەکان لەیەکتر جیا ناکاتەوە و بە خستنەڕووی نەگونجاوی هەواڵەکە بەرهەمی ڕەنجی پەیامنێرەکە بە فیڕۆ ئەدا. هەر لەبەر ئەمەشە لە بەشی هەواڵی ڕۆژنامەکاندا کاری ڕێکخستنی هەواڵ ئەخرێتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسە شایستەو بە ئەزموونەکان.

بەکرداری مۆنتاژو ڕێکخستن ئەو هەواڵە زۆرانەی کە لەسەر ڕووداوێکی دیاری کراو هاتوون چاك ئەکرێن و دووبارە ئەنوسرێنەوەو وەك هەواڵێکی یەکپارچەیان لێ ئەکرێت و پاش دانانی ناونیشانێك ڕەوانەی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ئەکرێ. ئەبێ بزانین ئەگەر سەرچاوەکانی هەواڵە مۆنتاژکراوەکە لە دەرەوەی جێگەی چاپی ڕۆژنامەکە بوون، ئەوا پێویست ئەکات سەرچاوەکان لە سەرەتای هەواڵەکەدا دیاری بکرێن. بۆ ئاشنایی لەگەڵ ڕێگەی زانستی مۆنتاژ کردنی هەواڵ لێرەدا چۆنیەتی مۆنتاژ کردنیان شی ئەکەینەوە:

لە زاراوە ڕۆژنامەنووسی‌یەکاندا مۆنتاژ بە کۆکردنەوەو پێکەوە لکاندنی ئەو هەواڵە جیاجیانەی کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە لەسەر بابەتێکی دیاری کراو دێن، ئەوترێ. بە شێوەیەکی گشتی بۆ مۆنتاژکردنی هەواڵێك ئەبێ بەم جۆرە کار بکرێت:

- پێش هەر شتێك هەموو ئەو هەواڵانەی کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دێن ئەبێ لەفایلێکی جیاوازدا کۆبکرێنەوەو بەپێی سەعاتی گەیشتنیان ڕێکخبرێن.
- پاش کۆکردنەوەی هەواڵەکان ئەوانەی دووبارە بوونەتەوە بەلاوە ئەنرێن و تەنیا هەواڵە ڕاست و تازەکان ئەهێڵرێنەوە. ئەوانیش پاش بڕین و لکاندن ئامادەی مۆنتاژ ئەکرێن.
- پاش کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی هەواڵەکان و لەبەر چاو گرتنی شوێنی هەواڵەکان لە ماکێتی ڕۆژنامەکەدا، بەپێی نەخشەیەکی دروست دەست ئەکرێ بە مۆنتاژکردنی هەواڵەکان.

- هەر هەواڵێك بە پەرەگرافێكی تەركیبی چەند ریزی دەست پێ ئەكات. لەم پەرەگرافەدا كە لە زاراوە رۆژنامەنووسی‌یەكاندا پێی ئەوترێ پێشەكی، یان ڕێنمایان لید Lead- ی هەواڵ، ئەبێ وەڵامی (كێ؟ ، كەی؟، لەكوێ؟، بۆ؟، چۆن؟، چی؟) بدرێتەوە.
- پاش نووسینی پێشەكی هەواڵەكە ئەبێ بەسەرهاتی ڕووداوەكە بە پێی گرنگی و كاتی ڕوودانەكەی ڕێكخبرێت.
- ڕەگەزە لاوەكی و پلە دووەكانی هەواڵ كە باس كردنیان لە دەقی هەواڵەكەدا، ئەبێتە هۆی درێژ دادڕی و خوێنەر هیلاك ئەكەن. وەك پاشكۆیەك لە كۆتایی هەواڵەكەدا پەخش ئەكرێن (وەك لیستی قوربانیەكانی ڕووداوێك یان ڕوونكردنەویەك) ئەم جۆرە پاشكۆیانە بە پیتێكی جیا ئەنوسرێنەوە.
- گێڕانەوەی ڕووداوەكە لە شێوەی (١٠ تا ١٥ دێڕ) ئەنوسرێتەوە بەپێی دابەزینی گرنگییان لە شێوازی هەرەمێكی سەروژێركراو دائەنرێن. بۆ ئەوەی ئەگەر جێگە نەبووەوە ئەوە لە خوارەوەی هەرەمەكە لێی هەڵبگیرێ، چونكە گرنگی یەكەی كەمترە.
- كۆی هەواڵە مۆنتاژكراوەكە ئەبێ بكرێتە چەند بەشێكەوە و بەشە جیاوازەكانیش بە ((ناوەندەناو)) جیابكرێنەوە.

## سەرچاوەكانی هەواڵ

ئێستا لە زۆربەی ولاّتانی دونیادا كاری گەڕان بە دوای هەوڵ لە ئەستۆی هەواڵدەرییە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتیەكاندایەو بەشی هەرە زۆری هەواڵەكانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەكانی تر لەلایەن ئەوانەوە دابین ئەكرێ . بەلاّم چاپەمەنیەكان بەردەوام بەدوای هەواڵی نوێ و بابەتی پەسەندی خوێنەرانی خۆیاندا دەگەڕێن و بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵێ پەیامنێریان لە ناوخۆو دەرەوەی ولاّت بۆ وەرگرتنی هەواڵ داناوە . لێرەدا هەواڵی چاپەمەنیەكان ئەكەین بەدوو بەشەوە :

یەكەم : ئەو هەواڵانەی كەتایبەت نین : ئەو هەواڵانەن كە لە هەواڵدەرییە ناوخۆیی و بیانیەكانەوە لە ڕێگەی (فاكس، ئینتەرنێت، تەلەفون-ەوە ) ئەگەن و هەر رۆژنامەیەك بە گوێرەی پێوستی و داخوازی خوێنەرانی سودیان لێ وەرئەگرێ و لە بەرامبەریدا نرخی هاوبەشی (اشتراك)ئەدات . ئەم جۆرە هەواڵانە بە تایبەت بۆ رۆژنامەیەك یان رادیۆیەكی دیاریكراو ئامادە ناكرێن ، بەڵكو بۆ هەموو چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەكانی جیهان یان بەلای كەمەوە بەشێك لە جیهان پەخش ئەكرێن و پێیان ئەوترێ هەواڵی نا تایبەت یان ناڕاستەوخۆ .

دووەم : ئەو هەواڵانەی كە تایبەتن : ئەم هەواڵانە بەشێوەیەكی تایبەت لەلایەن پەیامنێرە تایبەتی‌یەكانەوە ئامادە ئەكرێن . بۆ دەست كەوتن و بەدواچوونی ئەم هەواڵانە پەیامنێرەكان بۆ خۆیان لە شوێنی ڕووداوەكە ئامادە ئەبن و ئەبینین و لێكۆڵینەوەی ڕووداوەكان خوێنەران و

گوێگرانی خۆیان  لە دەنگ و باسی رووداوەکە ئاگادار ئەکەنەوە. بەم جۆرە هەر پەیامنێرێك بە پـێی زەوق و توانـای خـۆی و بەلەبـەر چـاو گرتنـی خواسـتی خوێنـەر و گوێگرانـی هەواڵـەکان ئامادەئەکات ، ئەم هەواڵانە بە پێچەوانەی هەواڵی هەواڵدەرییە ناوخۆیی و جیهانیەکان کە بە شـێوەیەکی یەکسـان بـۆ هـەموو دونیـا رەوانـە ئـەکرێن ، لایـەنی تایبەتمـەندیان هەیـە و بـۆ چاپەمەنیەکی دیاری کراون .

هەواڵـە تایبەتی‌یـەکانی رۆژنامـە ، لـە شـوێنی چـاپی ڕۆژنامەکـە لەلایـەن پـەیامنێری شـار و لـە شـارەکانی تـری ولات لەلایـەن پـەیامنێری شـارەکان و لـە دەرەوەی ولات لەلایـەن پـەیامنێری نێردراوی تایبەتیەوە ، ئامادە ئەکرێن . بەڵام هەواڵ و بابەتە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی لەم سەرچاوانەی لای خوارەوە ئامادە ئەکرێن :

١-ئەو هەواڵانەی کە بەهۆی پەیامنێرەکانی شاری شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە یـان لەلایـەن دەستەی نووسەرانەوە ئامادە ئەکرێن .

٢-ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لەلایەن پەیامنێری شارەکان و وڵاتانی دەرەوە  ئەگاتە لای دەستەی نووسەران .

٣-ئەو بابەتانەی کە لەلایەن هاوکـارە ناڕاسـتەوخۆکانی وەك چـیرۆك نـووس و ڕۆژنامـەنووس و کاریکاتێریستەکانەوە ئامادە  ئەکرێن . ئەم هاوکارانە لەوانەیە لـە شـوێنی دەرچوونـی رۆژنامەکە یان شارەکانی تری وڵات و یاخود لە دەرەوەی وڵاتدا بژین و بابەت بۆ رۆژنامەکە بنێرن .

٤-ئـەو هـەواڵ و بابەتانـەی کـە لـە ڕێگـەی فـاکس و ئینتەرنێتـەوە لەلایـەن هەواڵدەرییـە ناوخۆو دەرەکیەکانەوە ئەگەن .

٥-ئەو هەواڵ و ئاگاداریانەی کە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دام و دەزگا  ئیداری و ناوەندی پارێزگاکان و قائمقامیەتی شارەکانەوە ڕەوانە ئەکرێن.

٦- ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن ئەنجومەن و حزب و سەندیکا و  تەنانـەت خـەڵکی ئاساییەوە ئەخرێنە بەردەستی ڕۆژنامەکان .

٧- ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لە رۆژنامە  ناوخۆیی و بیانیـەکان وەرئـەگیرێن و لـە شـێوەی چاوخشان بە رۆژنامەکاندا پەخش ئەکرێن .

٨- ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە  لەلایـەن ڕادیـۆو تەلـەفزیۆن و ئینتەرنێتـەوە بڵاوئەکرێنـەوە و لە بەرگرنگییان لە رۆژنامەکانیش دا چاپ ئەکرێنەوە .

٩- ئـەو بوڵتینانـەی کـە باڵیۆزخانـە یـان نوێنـەرە سیاسـی‌یە بیـانی و ڕێکخـراوە نێـو دەوڵەتیەکان ئەیخەنە بەردەست رۆژنامەکان.

١٠-ئەو هەواڵانـەی کـە لەڕێگـەی تەلـەفۆن و فـاکس و ئینتەرنێتـەوە لەلایـەن خوێنەرانـەوە ئەگەنە بەردەمی دەستەی نووسەران.

١١–ئەو بابەتانەی کە لە ئەرشیف و کتێب و بڵاوکراوە هەمەجۆرەکان وەرئەگیرێن و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو ئەبنەوە.

١٢–ئەو بابەت و زانیاریانەی کە لە هەندێ فیلمی بەڵگە نامەییدا دەست ئەکەون .

سەرەڕای زۆری سەرچاوەکانی هەواڵ، بەڵام پڕبەهاترین و دڵنیاترین سەرچاوەی هەواڵ ئەو پەیامنێرە تایبەتیانەن کە بە لەبەر چاوگرتنی پێویستی و داخوازی خوێنەران و وردەکاری زۆر بەدوای هەموو ڕووداوەکاندا ئەگەڕێن و باشترین و سەرنج ڕاکێشترین هەواڵ ئامادە ئەکەن.

## سیفەتەکانی هەواڵ

١– هەواڵ ئەبێ تازە بێت: زاراوەی ((تازە)) کە لە زمانە ئورووپیەکانی - ئینگلیزی و فەرەنسا - بۆ هەواڵ بەکاردێت ((nOUvELLES – NEWS)) . وەك پێشتریش باسمان کرد باشترین سیفەتی هەواڵ (( تازەییەکەیەتی)) هەواڵ وەك سەوزەو میوەیە ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەخرێتە بازاڕەوە ئەگەنێ و کڕیاران چیتر نایکڕن. هەر لەبەر ئەمەشە ڕاگەیاندنەکان هەوڵ ئەدەن تازەترین زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ پێش ئەوەی لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە لای خۆیان پەخشی بکەنەوە.

(( ئادرین هبرارد)) سەرنووسەری ڕۆژنامەی ((LETEMPS)) کە لە پێش جەنگی جیهانی دووهەم لە فەرەنسا دەر ئەچوو ، بەهاو کارانی ئەوت:– ئەبێ بزانن پێویستە ڕۆژنامەیەك لەماوەی ٢٤ سەعاتدا ئامادە و چاپ بکرێت و بفرۆشرێت و بخوێنرێتەوە و فەرامۆشیش بکرێت)).

هەندێ جار بڵاوبوونەوەی هەواڵ لە کاتی خۆیدا ئاسان نییە و ساڵ و مانگ دوا ئەکەوێ، بەڵام هەرکە هەواڵەکە ئاشکرا بوو، سیفەتی تازەیی هەیە چونکە پێش بڵاوبوونەوەی خەڵك ئاگاداری ڕووداوەکە نەبوون.

لەبەر ئەو گرنگیەی کە خێرایی پەخشکردنی هەواڵ هەیەتی، ئەتوانرێ بوترێ هیچ شتێك لە دونیادا بەقەد کاری ڕۆژنامەنووسی پێویستی بەخێرایی نییە .

٢– هەواڵ ئەبێ سەرنج ڕاکێش بێت: لەکاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا جگە لەتازە بوونی هەواڵ، ئەبێ مەسەلەی سەرنج ڕاکێشانی هەواڵەکانیش لەبەر چاو بگیرێ. ڕاگەیاندنەکان ئەبێ ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر ڕووداوی جیهان بەرجەستە بکەن، بەڵام ئەم کارە لەعەمەل دا ئاسان نییە، هەر بۆیە ژمارەیەکی یەکجار کەمیان بۆ بڵاوکردنەوە هەڵ ئەبژێرێن. جگە لەوە هەموو ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان بەلای خوێنەرو گوێگرانەوە سەرنج ڕاکێش نین. یەکێك لە هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی ئەوەیە بە لەبەر چاوگرتنی کات و شوێن ، هەواڵە سەرنج ڕاکێشەکانی جێگەی

حەزی خەڵك دیاری بكرێن. كەواتە ئەتوانین بڵێین هەواڵی سەرنج ڕاكێش ئەو هەواڵەیە كە لە پاڵ تازەییەكەیدا، بتوانێ سەرنجی خەڵك بۆلای خۆی ڕابكێشێ .

لە كتێبە رۆژنامەنووسی‌یەكانی ولآتانی رۆژئاوادا كۆمەڵێ پێوەر بۆ دیاری كردنی هەواڵی سەرنج ڕاكێش دانراون، هەر چەندە ئەو پێوەرانە لەگەڵ داب ونەریتی هاوولآتیانی خۆیاندا ئەگونجێن ،. بەڵام لێرەدا هەندێكیان وەك نمونە باس ئەكەین :

رۆژنامەی دیلی ریپابلیكن daily republican كە لەشاری ماریوپ ویلایەتی ئیلینویزی ئامریكا چاپ ئەبێ، پێش ماوەیەك چەند نمونەیەكی دابوو بە پەیامنێرەكانی خۆی تاكو بەپێی ئەو نمونانە هەواڵەكانیان داڕێژن. لەو نمونانەدا بەهاو پێوەرەكانی هەواڵی سەرنج ڕاكێش بەپێی خواستی ئەو رۆژنامەیە دیاری كراون.

رۆژنامەی ناوبراو بە پەیامنێرەكانی راگەیاندوە كەوا لەكاتی گەڕان بە دوای هەواڵدا ئەم پرسیارانە لەبەر چاو بگرن:

- ئایا كەسێك مردووە؟ دزراوە؟ زەماوەندی كردووە؟ تەلآق دراوە؟ تووشی سوتان هاتووە؟ شار بەدەركراوە؟ دزی كردوە؟ بووەتە خاوەن منداڵ؟ دوانەی بووە؟ سامانێكی دەست كەوتووە؟ گیراوە؟ لەسەفەر گەڕاوەتەوە؟ ماشێن یان خانووی كڕیوە؟ مانگا یان ژنی دراوسێ‌كەی دزیوە؟ خۆی كوشتووە؟ لە فڕۆكە كەوتۆتە خوار؟ رەدووی لاوێكی قۆز كەوتووە...

ئەم ڕۆژنامەیە داوای لە پەیامنێرەكانی خۆی كردبوو ، هەركە لە هەواڵێكی لەم جۆرە ئاگادار ببنەوە بەخێرایی تەلەفون بۆ ژمارە ٢٢١ بكەن.

- جۆرج سی باستین -ی ئەمریكایی لە كتێبی ((هەواڵەكانی ڕۆژ))دا، لەژێر ناوی ((بیركاری هەواڵ))دا ئەم فۆرمەلآنەی خوارەوەی خستووەتە ڕوو:
- مرۆڤێكی ئاسایی + ژیانێكی ئاسایی = سفر
- مرۆڤێكی ئاسایی + رووداوێكی نا ئاسایی = هەواڵ
- مێردێكی ئاسایی + ژنێكی نمونەیی = سفر
- مێردێك + ٣ ژن = هەواڵ
- ئەمین سندوقێكی بانك + ژنێك + ٧ منداڵ = سفر
- ئەمین سندوقێكی بانك + ١٠ هەزار دۆلار = هەواڵ
- ژنێك + پیاوێك + دادگایەك = هەواڵ
- سەگێك كە گاز لە مرۆڤێك ئەگرێ = سفر
- مرۆڤێك گاز لە سەگێك ئەگرێ = هەواڵ

ئەم نمونەی دوایی زۆر جار لەلایەن قوتابخانە ڕۆژنامە نووسیەکانەوە وەك نمونەی هەواڵی سەرنج ڕاکێش باسی لێوە ئەکەن:

(( کاتێك سەگێگ گاز لە مرۆڤێك ئەگرێت ، ڕووداوەکە هەواڵ نیە، بەڵام ئەگەر مرۆڤێك گاز لە سەگێگ بگرێ هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشە)).

ئەبێ بزانین سەرنج ڕاکێشی هەواڵ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر ئەگۆڕێ، چونکە ئەو هەواڵەی بەلای دەستەیەك لە خوێنەرانەوە سەرنج ڕاکێشە لەوانەیە بۆ دەستەیەکی تر ئاسایی بێت. هەر بۆیە پەیامنێرەکان ئەبێ ئەو هەواڵانە بە سەرنج ڕاکێش بزانن کە بەلای زۆرینەی خوێنەرانەوە پەسەندن. کەواتە دیاری کردنی خواست و ئارەزووی خەڵك لەکاری ڕۆژنامەنووسی دا گرنگی‌یەکی یەکجار زۆری هەیە.

٣- گرنگی هەواڵ: گرنگی هەواڵ پێوانەیەکی چەسپاوی نی‌یەو لەگەڵ گونجان و شوێنی ڕۆژنامەکە (پایتەخت، ناوەندی پارێزگا ، شارۆچکەکان)، جۆری ڕۆژنامەکە (هەواڵی - سیاسی - ڕۆژانە - هەفتانە..) جۆروبارو دۆخی خوێنەران (ڕوناکبیر ، کرێکاران ، شارنشین ، گوندنشین) ئەگۆڕێ. ئەو هەواڵانەی کە لە لاپەڕەی هەواڵی ڕۆژنامەکاندا پەخش ئەکرێنەوە، زیاتر بۆ ئەو خوێنەرە ئاساییانەی شارەکان کە ڕۆژنامە بۆ سەرگەرمی ئەخوێننەوە گرنگییان هەیە . کەچی هەر ئەم خوێنەرانە ناتوانن سود لەو لێکۆڵینەوە و لێکدانەوانە وەربگرن کە تەنیا ڕوناکبیرو خوێنەوارە باڵاکان ئەیخوێننەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەشێ بوترێ تەنیا بەلەبەر چاو گرتنی خوێنەر ڕۆژنامەیەك ئەتوانرێ هەواڵەکانی هەڵسەنگێنێ . هەر لەبەر ئەمەشە ئەو ڕۆژنامانەی کە خوێنەرەکانیان بریتین لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ، هەوڵ ئەدەن. لەڕێی ئامادەکردنی لاپەڕەو ستوونی جیاجیاوە هەموو کڕیارەکانیان ڕازی بکەن. دیاری کردنی گرنگی هەواڵەکانیش وەك زانینی حەزو ئارەزووی خوێنەرەکان لە کاری ڕۆژنامەنووسی‌دا گرنگییەکی زۆری هەیە.

٤- ڕاستی هەواڵ: گرنگترین سیفەتی هەواڵ ڕاستییەکەیەتی. ئەگەر هەواڵەکان لەگەڵ ڕاستی‌یەکاندا یەك نەگرنەوەو بە ڕاستی نەنوسرێنەوە، پشتیوانی خەڵك لەدەست ئەدەن.

کەواتە لەکاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا پەیامنێر ئەبێ بێ لایەنانە سەیری ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان بکات. ئەوەی بیستوویەتی یان بینویەتی بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە بیخاتە ڕوو، بەهیچ جۆرێك پێش دڵنیا بوون لەسەر بابەتێك، هەواڵ نەنووسێ .

ڕۆژنامە نووسە گەنج و تازە پێگەیشتووەکان زۆرجار هەواڵی ناراست بڵاوئەکەنەوە. ئەوان زۆرجار بەشە نەزانراوەکانی ڕووداوێك بەپێی بۆچوون و گریمانەکانی خۆیان و بێ هیچ

زانیاری‌یەك پڕ ئەكەنەوە. بە جۆرێك پشت بە راستی گریمانەكانی خۆیان ئەبەستن تەنانەت لە ناڕاستی هەواڵەكەیان شارەزاییان نی‌یە.

نووسەرە لاوەكان هەندێ جاریش گریمان و خەیاڵی خۆیان ئەخەنە پاڵ رووداوەكەو زیادە ڕەوی تێدا ئەكەن، بۆ ئەوەی خۆیان واتەنی ((هەواڵی سەر سوڕهێنەر)) دروست بكەن.

هەرچەندە لەوانەیە زانیاری گریمانی و خەیاڵ خستنە پاڵی رووداوەكان بەرگێكی سەرنج ڕاكێش بكاتە بەر هەواڵی رووداوەكە، بەڵام گرنگی هەواڵ بە پلەی یەكەم لەراستیەكەیدایە، نەك لە سەرنج ڕاكێشی‌یەكەی‌دا. ئەگەر وابێ كەواتە گوێگرو خوێنەروبینەران لە جیاتی ئەو هەواڵانە ئەچن ئەو ڕۆمان و چیرۆكانە ئەخوێننەوە كە لەرووی سەرنج ڕاكێشییەوە دەقاتی ئەو هەواڵانە جوانتر و سەرنج ڕاكێش ترن .

ئەبێ بزانین هەندێ جار لە نێوان خێرایی و راستی هەواڵەكاندا كێشە دروست ئەبێ، چونكە هەندێ جار وا رێك ئەكەوێ پەیامنێرەكە لەبەر خێرایی و پەلەكردن لەناردنی هەواڵەكەدا ، تووشی هەڵە بێت و راستی رووداوەكەی بۆ نەدۆزرێتەوە . بۆیە ناچارن ئەو هەواڵانە بەدرۆ بخەنەوە. نابێ هیچ پەیامنێرێك بە بیانووی پەلەكردن هەواڵی ناڕاست ئامادە بكات. چونكە ڕاستی هەواڵەكە لە پێش خێرایی ناردنەكەیەتی، هەر بۆیە پەیامنێر ئەبێ لە پاڵ خێرایی و پەلەپەل كردندا زۆر ئاگاداری راستی هەواڵەكانی بێ و پاش دڵنیابوون لە راستی و دروستی هەواڵەكان ئەنجا ڕەوانەی ناوەندەكەی خۆی بكات. هەندێ جار ئەگەر پەیامنێر نەیتوانی دڵنیایی تەواوی دەست كەوێت. ئەو كاتە ئەبێ هەواڵەكە بە ((ئاگایی))ەوە بڵاوكاتەوە.

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بەڵگەی ڕاستگۆیی هەواڵەكان نیشان ئەدەن:

(( سەرچاوەیەكی رەسمی و ئاگادار و رێ پێدراو ، سەرچاوەیەكی ناڕەسمی ، كەم ئاگا ، هەواڵێكی پشت راست نەكراو)) . ((بەپێی قسەی مسافرەكان))

سیفەتەكانی تری هەواڵ : جگە لەو سیفەتە ئەسڵیانە، هەواڵی راگەیاندنەكان ئەبێ كۆمەڵێ خەسڵەتی تریان تێدا هەبێ . وا لێرەدا بە كورتی باسیان لێوە ئەكرێ :

١- هەواڵ ئەبێ كامڵ بێت و هەموو زانیاری‌یە پێویستیەكانی بۆ خەڵك دابین بكات. هەر چەندە سەرەتای راگەیاندنی هەواڵەكان ئەو كارە ئاسان نی‌یە . بەڵام پەیامنێر ئەبێ هەموو توانای بخاتەكار بۆ دۆزینەوەی زانیاری پێویست.

٢- هەواڵ ئەبێ كورت و پڕمانا بێت بۆ ئەوەی خوێنەر لە كورت ترین ماوەدا سودی لێ وەربگرێ . پەیامنێر ئەبێ بەلەبەر چاوگرتنی رەگەزەكانی هەواڵ بە كەمترین وشە ناوەڕۆكی هەواڵەكەی بخاتە ڕوو.

٣- هەواڵ ئەبێت ڕەنگاوڕەنگ و هەمە جۆر بێت. بۆ ئەوەی خوێنەران کە هەریەکەیان جۆرە ئارەزوویەکیان هەیە سوودی لێ وەرگرن و حەزەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. هەر چەندە ڕەنگاوڕەنگی هەواڵ لە سیفەتەکانی هەواڵ نیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە سیفەتی تێکڕای هەواڵەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان دێتە ژماردن. هەواڵەکانی هەر ڕۆژنامەیەک تاکو زیاترین خوێنەری زیاد ئەکات و هەرچی ئەو هەواڵانەی کە یەک شێوەن ئەبێتە هۆی هیلاک بوونی خوێنەران و گوێ نەدانە ڕۆژنامەکە، هەر لەبەر ئەمەشە ئێستا ڕۆژنامەکان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی لاپەڕەو ستون و ڕەنگی جیاجیاوە سەرنجی خوێنەران بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن و وەڵامی داخوازی و پێداویستییەکانی خوێنەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەدەنەوە.

## یاسا گرنگەکانی نووسینی هەواڵ

لێرەدا ئەو یاسا و ڕێسا گرنگانە ئەخەینە ڕوو کە پێویستە ڕۆژنامەنووس لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵەکاندا بیگرێتە پێش چاو. پەیڕەوی کردن لەم یاساو ڕێسایانە هەم هەواڵ و نووسینەکانیان لای خوێنەران شیرین ئەکات، هەم ڕێگە بۆ چاپ کردنیان خۆش و ئاسان ئەکات.

أ. یاسا گشتییەکان :

- پەیامنێر ئەبێ بە بەردەوامی خۆی لەجێگەی خوێنەرو گوێگرەکان دابنێ و ئەوەی ئەو نایزانێ ئەم بەڕێك و پێکی بینوسێت وشی بکاتەوە. چونکە ئەگەر پەیامنێر وا بزانێ ئەوەی خۆی ئەیزانێ . خوێنەرەکانیش ئەیزانن ئەوا نووسراوەکەی بێ ماناو لێڵ دەرئەچێ .
- ئامانجی ڕۆژنامەنووس فێرکردن و تێگەیاندنی خوێنەرانە. بۆیە ئەبێ هەمیشە سادەو ڕەوان بنوسێت و بەزمانی هەمو خەڵك بدوێت.
- ئەو هەواڵەی پەیامنێر ئامادەی ئەکات ئەبێ بەنسبەت هەواڵی ڕۆژی پێشتر تازەتر بێت و خاڵی نوێتری تێدا بێت . نەنووسینی هەواڵی کۆن زۆرجار لە نووسینی باشترە، چونکە خوێنەر هیلاك دەکات.
- پەیامنێر ئەبێ بەباشی بابەتی هەواڵەکەی بناسێت. بۆیە ئەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی هەواڵەکەی بکات و هەر خاڵێکی شاراوەو تاریکی تێدا بەدی کرد ڕۆشنی بکاتەوە .
- پەیامنێر لە نووسینەکانیا ئەبێ زیاتر لەسەر خەڵك قسە بکات و زۆر بەکەمی باس لەخۆی بکات.
- کورت نووسین ئەرکێکی گرنگی ڕۆژنامە نووسە . بابەتی هەواڵێك بە شێوەیەکی ناوەند نابێ لە ٣٠٠ تا ٥٠٠ وشە تێ پەڕێ .
- هەموو هەواڵ و بابەتەکان ئەبێ بە ڕستەی سادەو ڕەوان و ڕێنووسی ڕاست بنوسرێن.

- له نووسینەوەی ناوە تایبەتیەکاندا ئەبێ هۆشیار بێت و ناوە بێگانەکان بە پیتی لاتینی بنووسێتەوە.
- لەکاتی نووسین دا ئەبێ یاساکانی ڕێزمان لەبەر چاو بگیرێ و بکەرو ئاوەڵناو و نیهاد و گوزارە لە جێگەی خۆیان دابنرێن.
- لە کاتی نووسینی پێشەکیدا نابێ درێژ دادڕی بکرێت و خوێنەر بەبێ هودە هیلاك بکرێ. دەبێ ڕاستەوخۆ سەرنجی خوێنەر بۆلای ناوەڕۆکی بابەتەکە رابکێشرێت.
- زاراوەکان لە جێگەی خۆیاندا بەکار بهێنرێن و تا ئەتوانرێ وشەی کوردی لە جێگەی عەرەبی و ئینگلیزی دابنرێن.
- رۆژنامەنووس ئەبێ خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانەوانی بێت بۆ ئەوەی لەهەر کوێیەك پێویستی کرد وشە و رستەی جۆراوجۆر بەکار بهێنێت و لەدوبارە بوونەوە خۆی بپارێزێ.
- نابێ دوو پەرەگرافی یەك لەدوای یەك بەیەك وشە دەست پێ بکەن.

ب- یاساکانی خاڵبەندی:

بەمەبەستی جیاکردنەوەی رستەکان لەیەکتری ، پاراستنی پەیوەندی نێوان دەستەواژە ناتەواوەکان، تێکەڵ نەبوونی وشەو مانا، پیشاندانی وتەو نوسینی خەڵکانی ترو هەروەها بۆ ئاسانکردنی ناساندن و ڕونکردنەوەی بابەتەکان، ئێستا لەزمانە زیندووەکانی دونیا، بە گشتی ئەو زمانانەی کە رستەیەکی لاتینیان تێدایە خاڵ بەندی بەکار ئەهێنرێت ، لێرەدا باس لە گرنگترین هێماکانی خاڵ بەندی ئەکرێ :

خاڵ ( . ): رۆڵی گرنگی خاڵ لە نووسین دا جیاکردنەوەی رستە تەواوەکانە لە یەکتری. گومان لەوەدا نی یە ئەگەر لە کۆتایی ڕستەدا خاڵ دانەنرێ ئەوە مانای رستەکە دیار نی یە و زۆرجار وارێك ئەکەوێ خوێنەر لەمەبەستی نووسەرەکە ناگات. لەدوای هەر نامە یان بابەتێك ئەبێ خاڵێك دابنرێ.

ڤێرگوڵ یان فاریزە ( ، ): بۆ تێگەیشتنی رستەکان ئەبێ ڤێرگوڵ بەکار بهێنرێت. ئەو کاتە گرنگانەی کە پێویست بەدانانی ڤیرگوڵ ئەکات بریتین لە:

أ- بۆ جیاکردنەوەی ژمارە : وەك

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ١٠ تانك، ١٠٠ تۆپ، ١٠٠٠ پارچە چەکی هەمە جۆرو ١٥ هەزار فیشەك بوو لە هێزەکانی دوژمن .

ب- ئەو کاتەی لە ڕستەیەکدا چەند ئاوەڵناوێك هەیەو ئەبێ بە ڤێرگوڵ لە یەکیان جیاکەینەوە: وەك: کوردەکان خەڵکانێکی راستگۆ، بەئەمەك، ئازاو بەجەرگن.

پ- بەشێوەیەکی گشتی هەر کاتێك دوو وشە بکەونە پشت سەری یەکەوەو ماناکە تێك بدەن.

وەك: دوای تێپەڕ بوونی چەند قۆناغێك، خونچەکان ئەبنە میوە.

ڤێرگوڵی خاڵدار ( ؛ ): بۆ جیاکردنەوەی ئەو رستانەیە کە بۆ خۆیان مانایەکی تەواو ئەدەن بەدەستەوە ، بەڵام ئەو رستەو دەستەواژانەی کە پاش ئەو دێن پەیوەندی نیە بەو رستەیەوە.

وەك/ بۆ ئەنجام دانی هەر کارێك یەك ڕێگە هەیە کە لە هەموو ڕێگاکان ئاسانتر و باشترە؛ ئێوە لە کارەکەی خۆتان ورد ببنەوە تاکو ئەیدۆزنەوە.

دوو خاڵ (: ): لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەکار دێت:

أ/ پێش وتە یان نووسراوی خەڵك.

وەك: ئەرستۆ وتوویەتی : (( ...))

ب/ پێش باس کردنی نمونەیەك یان روونکردنەوەیەك و یاخود ئەنجامێك وەك نمونەکانی سەرەوە.

ت/ پاش دابەش کردن یان جیاکردنەوەی بابەتێك :

وەك: ئەم بڕیارنامەیە بەم مەرجانەی خوارەوە لە نێوان کۆمپانیای ... و کاك ... ئیمزا کرا:

گیومە " ........" یان کەوانەی بچوك: لەم حاڵەتانەدا نووسراو ئەخرێتە ناو کەوانەی بچووکەوە:

ا- کاتێك قسە یان نووسینی کەسێکی تر نەقڵ ئەکرێت.

ب- ئەو کاتەی نووسەر نایەوێ ئەرکی بەرپرسێتی ئەو نووسینانە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە لەنووسین یان قسەی کەسانی ترەوە وەری گرتووە.

پ- هەندێ جار بۆ دەرخستنی رستە یان وشەیەك بەکار دێت.

ت- بۆ دیاری کردنی ناو یان دەستەواژە بیانیەکان.

نیشانەی پرسیار ؟ : ئەم نیشانەیە لە کۆتایی رستە پرسەکاندا دائەنرێت.

وەك: چۆن ئەتوانم ببمە ڕۆژنامەنووسێکی باش؟

نیشانەی سەر سووڕمان ! : ئەم نیشانەیە لە کۆتایی ئەو رستانەدا دائەنرێ کە سەر سووڕمان یان گاڵتە یان خۆشحاڵیەکی زۆری تێدا بێت.

وەك : گەرمای کەلار هەفتەی ئایندە ئەگاتە ٤٩ پلەی سەدی!

سێ خاڵ (...) : لە کۆتایی ئەو ڕستانەی کە بەهۆی گاڵتەکردن یان گۆڕانی فکری نووسەر بە ناتەواوی بەجێ ئەهێلرێت و بەزۆری سێ خاڵ جێ ئەهێڵێ.

دوو کەوانە (      ) : ئەو ڕستەو وشانەی کە نووسەر وەك رونکردنەوە بەکاریان ئەهێنێ ئەخرێنە ناو دوو کەوانەوە.

تەقەڵ تیرە ( ـ ) : بە زۆری لەم حاڵەتانەدا بەکاردێت :

أ- پاش ئەو نیشانەو ژمارانەی کە بۆ دابەش کردنی بابەتەکان بەکار ئەهێنرێن.

وەك ١-٢-٣- ، أ-ب-ج، یەکەم - دووهەم -

ب- بۆ دانانی بەروار پاش دانانی ژمارەی کتاب

ژمارە ٢٥-١٤/٧/١٩٩٥ .

<u>پ- پاش عینوان و ناوی کەسەکان</u>

سەرۆکی باڵای دەزگای راگەیاندن - دکتۆر ..

# شێوازەکانی هەواڵ نووسین

بۆ نووسینەوەی دەقی هەواڵ چەندین شێوازی جۆراوجۆر پێشنیار کراون، بەڵام بۆچوونی هەموو شارەزاو پسپۆرەکانی زانستی راگەیاندن لەم بارەوە یەك نین. هەندێ شێواز هەن تازە خەریکن دێنە مەیدان، بەڵام هەندێکی تر هەن بەرەو نابوودی مل ئەنێن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بتوانین مۆدێلێك بۆ نووسینەوەی دەقی هەواڵ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەیانەوێ فێری زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بن سودی لێ وەرگرن.

ئەو مۆدێلە زۆر دژوار نییەو هێندەش ئاڵۆزی تێدا نیەو ئەوەی بتوانێ بە زمانی دایکی خۆی بنووسێ ، لە توانایدا هەیە ئەو کارە بکات. چیرۆکی هەواڵەکان زۆرجار لەیەك ئەچن و هەر بۆیە ئەتوانین بۆ ئەو شێوە یەکسان و لەیەك چوانە شێوازێکی دارشتنی تایبەت بەکار بهێنین. بۆ زیاتر ئاسانکردنی باسەکەمان ئەم نمونەی خوارەوە لەسەر پەرلەمان ئەهێنینەوە .

((سەرەتای دانشتنەکە لەژێر چاودێری سەرۆك یان جێگری پەرلەمان دەست پێ ئەکات . پاشان دەرگا لە ڕووی ئەندامانا ئەکرێتەوەو یەك سەعات لەسەر مەسەلەکانی پێشوو گفتوگۆ ئەکەن. بۆ نمونە باس لە پەیوەندی حکومەت لەگەڵ دەرو دراوسێ یان چۆنیەتی گۆڕینی مەنهەجەکانی خوێندن لە کوردستان دەکەن . پاشان دێنەوە سەر ئەو مەسەلانەی کە بۆ مناقەشە کردن دانرابوون: سەرەتا باس لە گۆڕینی هەندێ لە یاساکان ئەکەن و دواتر دێنە سەر کێشەی زەوی وزار .. پاشان باس لە هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێك لە کۆمیسۆنەکانی پەرلەمان ئەکەن کە پێشتر استقالەی دابوو . کاك (أ) و کاك (ب) خۆیان بۆ سەرۆکی ئەو کۆمیسیۆنە کاندید ئەکەن. پاشان لەلایەین لایەنگرانی هەردوو لاوە چەند کەسێك وتار ئەخوێننەوە سەر ئەنجام تانەو تەشەر دەست پێ ئەکات و ئەگاتە ڕادەی شەڕ و هەراو کاك (أ) و کاك (ب) چنگ لەیەك گیر ئەکەن و (أ) ئەکێشێ بە (ب) داو دەستێکی ئەشکێنێ و ئەیبەن بۆ خەستەخانە. بەم جۆرە دانیشتنی پەرلەمان تێك ئەچێ و بۆ کاتێکی تر دوا ئەخرێ.

ئەمە کورتەی دەنگ و باسی ڕۆژێکی پەرلەمان بوو. ئێستا باوای دابنێین ڕۆژنامە نووسێك دەنگ و باسی دانیشتنەکەی پەرلەمانی بەو شێوازەی سەرەوە گێڕایەوە یان ئامادەی کرد.

ئەو بێتاقەتیەی کە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو بابەتە تووشی دێت لای هەمووان سەڵمێنراوە. گشت لایەك دان بە پوچیەکەی دا ئەنێن. لێرەداو لەم شێوازی نووسینەدا لەوانەیە دە پەڕەگرافی بابەتەکەمان نووسیبێ، کەچی هێشتا مەسەلە گرنگەکامان نەخستبێتە ڕوو، مەسەلەکە لەوەدا نی‌یە کە خوێنەر پاش خوێندنەوەی دە پەڕەگرافی یەکەم ئەنجا ئەگاتە پەڕەگرافی گرنگ و سەرنج ڕاکێش ، بەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە کە خوێنەر هەر پاش خوێندنەوەی پەرەگرافی یەکەم و دووەم هیلاك ئەبێت و واز لە خوێندنەوەی ئەهێنێ و روو لە بابەتەکانی تری ڕۆژنامەکە ئەکات.

ئەو ڕۆژنامەیەی کە هەموو هەواڵەکانی بەم شێوازە ئامادە ئەکات، تووشی وەزعێکی خراپ دێت. چونکە خوێنەران پاش ئەوەی یەك دوو جارێك ڕووبەڕووی ڕۆژنامەیەکی لەم جۆرە ئەبنەوە، ناچارن ڕوو لە ڕۆژنامەیەکی تر بکەن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان بە شێوەیەکی باشتر و بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش تر دەست بکەوێت .

بۆ زاڵ بوون بەسەر کێشەی راکردنی خوێنەران و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ هەواڵەکان لە ناو ڕۆژنامە نووسەکاندا شێوازێکی تایبەت بۆ داڕشتنی هەواڵ دروست کراوە کەپێی ئەوترێ شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو یان هەرەمی لنگەو قوچ. بەڵام شێوازی هەرەمی سەروژێر تەنیا شێوازێك نی‌یە بۆ داڕشتنی هەواڵ و شێوازی تریش هەیە و ئەوانیش گرنگی خۆیان هەیە.

ئێمە لێرەدا بە درێژی باس لە شێوازیهەرەمی سەروژێر کراو ئەکەین و پاشان نمونەیەکی لەسەر ئەهێنینەوە . لە کۆتایش دا بەکورتی هەریەك لە شێوازەکانی تر باس ئەکەین.

- شێوازی هەرەمی سەروژێر کراو:

کلیلی داڕشتنی شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو ئەوەیە کە بەشە سەرنج ڕاکێش و گرنگەکانی ڕووداوەکە لە سەرەتای هەواڵەکەدا بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر هەر لەسەرەتادا پەلکێشی هەواڵەکە بکرێت و بۆ زانینی پاشماوەی هەواڵەکەش بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی تا کۆتایی دێت.

هەر ئەم مەسەلەیەش بووەتە هۆی دروست بوونی مانشێتی بچوك کە بە هۆیەوە بە کورتی هەندێك لە بەشە گرنگەکانی ڕووداوەکە لە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەنووسرێتەوە و هەر بە یەکەم نیگا خوێنەر بۆ خوێندنەوەی باسەکە رائەکێشێ .

هەواڵەکان ئەکرێنە چەندین بەشی گرنگ گرنگەوە و هەموو بەشەکانیش وەك یەك گرنگ نین، لە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو یەك بە دوای یەکی مەنتقی بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان هەر لەسەرەتاوە تا ئەگاتە کۆتایی ئەپارێزێت. واتە ئەو هەواڵانەی کە زۆر گرنگن لەسەری سەرەوە دادەنرێن و پاشان ئەوانی تر هەریەکەیان بە پێی گرنگیان یەك لە دوای یەك دادەنرێن. واتا خوێنەر لە دەسپێکی خوێندنەوەوە هەواڵە گرنگەکان ئەخوێنێتەوەو تا لە کۆتایی نزیك ئەبێتەوە بەشە کەم بایەخەکان ئەبینێ .

هەر لەبەر ئەمەشە ناوی هەرەمی سەروژێریان لێ ناوە، چونکە بابەتە گرنگەکان لە خوارەوەی هەرەمەکەیە کە ئێستا کەوتووەتە سەرەوە، بابەتەکانی تریش کەوتوونەتە سەرەوە کە ئێستا لە خوارەوەی لوتکەی هەرەمەکەیە.

هەرەمی سەروژێر کە ئێستا بە باشترین شێوازی داڕشتنی هەواڵ لە هەموو چاپەمەنیەکان دائەنرێ کۆمەڵێك خەسڵەتی باشی هەیەو لێرەدا بۆ روونکردنەوەی زیاتری مەسەلەکە ئەیخەینە ڕوو.

١- خوێنەر بە سەیر کردنێکی خێرای مانشێتی هەواڵەکە ئەزانێ هەواڵەکە، بەلای ئەوەوە گرنگە یان گرنگ نی‌یە.

٢- ئەگەر هاتوو بابەتی هەواڵەکە سەرنجی خوێنەرەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشا،ئەم شێوازە مۆڵەتی ئەوەی پێ ئەدا یەکسەر لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بێت و تا ئەو کاتەی خوێنەر حەزی لە زانینی هەواڵەکەیە داخوازی‌یەکانی دێنێتەدی بە دوای بابەتەکەدا بڕوات و بێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەکی گرنگی لە دەست بچێ.

٣- ئەو پەیامنێرەی کە ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکەی پێ سپێراوە، لە ڕێگەی ئەم شێوازە ئەتوانێ لە کاتێکی کەم دا بابەتەکانی بە تەرتیبی گرنگیان ڕێکبخات و بیاننووسێتەوە .

٤- سەر نووسەری ڕۆژنامە ئەتوانێ بە ئاسانی و پاش خوێندنەوەی چەند پەرەگرافێك بابەتە گرنگەکان بۆ مانشێتی بچوك دیاری بکات.

٥- بۆ دەرهێنەری لاپەڕەکان کار ئاسانی دروست ئەکات و هەر کەبینیان جێگە نابێتەوە، هەوڵ ئەدەن کۆتایی بابەتەکە هەڵگرن و هیچ زیانێکیش بە دەقی بابەتەکە نەگەیەنن.

ئەوەی لە شێوازی هەرەمی سەروژێردا سەرنج ڕائەکێشێ مەسەلەی خێراییە. خێرایی بۆ پەیامنێرەکە تاکو بتوانێ بە خێراترین کات بابەتەکەی ئامادە بکات و خێرایش بۆ خوێنەر تاکو لە چاوخشانێکدا بابەتی جێگەی حەزی خۆی بدۆزێتەوە ، هەروەها خێرایی بۆ بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنەکان تاکو بە خێرایی بڕیار لەسەر بلاوکردنەوەی مانشێت و تەسمیم کردنی بدەن.

هەر ئەم خێراییەش وای لە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو کردوە کە ببێتە گرنگترین شێوازی داڕشتنی هەواڵی ڕووداوەکان.

ئەم هەواڵە بە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو ڕێکخراوە:

دزەکانی سەد ملیۆن فرانکەکەی ژنە فەرەنساییەکە دەسگیرکران

پەرەگرافی یەکەم/ مانشێت

حەسەن چاوڕەش کە بەحەسەنە پاقلە بەناوبانگە و ساڵی پار نزیکەی (١٠٠) ملیۆن فرانك و زێرو زیوی ژنە سەرمایەدارێکی فەرەنسایی بە ناوی ((بندیت ڕەواش)) دزیبوو، ئەمڕۆ لە تاران دەسگیرکرا. عەباس عەلی کە بە ((عەباس ٧..)) بە ناوبانگە لە زیندانەوە هاوکاری کردوەو بە تۆمەتێکی تر حوکمی یەکساڵی بەسەردا دراوە.

پەرەگرافی دووەم / تەواوکەری مانشێت

دزی پارەو زێڕو زیوەکان لە پێنجی مانگی حەوتی ساڵی ڕابوردوودا ڕووی دابوو . مادام بندیت ڕەواش کە ساڵی پار هاتبووە تاران و لە هوتێلی ناسوینال دەژیا ، پاش شەوێکی خۆش گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، بەڵام بۆی دەرکەوت جانتا سورەکەی نەماوە و باشترین و جوانترین زێڕ و زیوەکانیشی کە نزیکەی ٤٠,٠٠٠ فرانك نرخەکەی بوو لەو جانتایەدا بوو، هەروەها دواتر بۆی دەرکەوت جانتای پارەکەشی کە نزیکەی ٦٠,٠٠٠ فرانکی تێدا بوو دزراوە.

---

پەرەگرافی سێیەم / لێکۆڵینەوە

مادام بندیت یەکسەر مەسەلەکەی گەیاندە پۆلیس و پارەیەکی زۆریشی وەك خەڵات بۆ ئەو کەسانەی کە دزەکان بدەن بەدەستەوە دانا . بەڵام هیچ هەواڵێك لەسەر دزەکان دەست نەکەوت. لێکۆڵینەوەکانیش هەر بەردەوام بوون تاکو پێش دوو هەفتە دوو ئەفسەری ئاسایش توانیان دوو دزی خاوەن رابردووی گومان لێکراو بدۆزنەوە .

---

پەرەگرافی چوارەم

یەکێك لە دزەکان ناوی عەباس عەلیەو لە زیندانی تاران بەهۆی دزی ترەوە زیندانی کراوەو ئەوی تریشیان حەسەن چاوڕەشەو بە هۆی داوێکەوە لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە لە چایخانەکەی عەباس دەسگیرکرا. پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر حەسەن دانی بە تاوانەکەی دانا.

---

پەرەگرافی پێنجەم

حەسەن پاقلە وتی شەوی رووداوەکە ژورێکی لەتەنیشت ژووری ژنە ملیۆنەرەکە گرتووەو پاشان لە تەنیشت مادام بندیت لە چێشتخانەی هوتێلەکە نانی ئێوارەی خواردوەو دواتر چووەتە سەرەوەو ژووری خانمە فەرەنسیەکەی کردوەتەوەو هەردوو جانتاکەی بردووە .

---

پەرەگرافی شەشەم / ڕووبەڕوو

دوێنێ حەسەن چاوڕەش و هاوکارەکەی ڕووبەڕوو کرانەوەو پاشان لەگەڵ خانمە فەرەنسیەکە ڕووبەڕوو کرانەوەو هەردووکیانی ناسیەوە وتی شەوی ڕووداوەکە لە تەنیشتیەوە نانیان خواردوە. مادام بندیت هەرکە دزەکانی بینی بە تورەییەوە قیژاندی بەسەریانداو وتی: ئەگەر تەنیا ٥٠,٠٠٠ فرانکی پارەکەتان بردبایە من شکاتم لێنەدەکردن، بەڵام ئێوە هەموو دارو نەداری منتان دزیوەو ئەبوایە من دەستم بدایەتە گوڵ فرۆشتن لەسەر شەقامەکاندا.

---

پەرەگرافی حەوتەم / خرج کردنی پارەکە

حەسەن چاوڕەش لە کاتی گیرانەکەیدا تەنیا چەند هەزار فرانکی پێ بووە. لە کاتێکدا پشکی ئەو لەو دزیە ٣٠ ملیۆن فرانك بووە . دزەکان پاش ئەنجام دانی کارەکەیان چونەتە ماڵی ((ماری)) دۆستی حەسەن کە ئەکەوێتە کۆڵانی نەجەف ئابادەوە لە کاتێکدا ماری لەماڵ نەبووە پارەکەیان لە

نێوان خۆیاندا دابەش کردوە و پاشان ئوتومبیلێکی مارسیدس و تەلارێك و چەندین دوکانیان پێ کڕیوە و ئەوی تریان لە قومارخانەکاندا خەرج کردوە. ئەم مەسەلەیەش بووە هۆی تێکچوونی نێوانی ماری و حەسەن ، چونکە ماری دوای زانینی بە مەسەلەکە بڕیاری جیابوونەوەی لەگەڵ حەسەن دا دابوو.

---

**پەرەگرافی هەشتەم / بەدواداچوونی یاسایی**

**پاش جیابوونەوەی ماری لە حەسەن، ماری بڕیاریدا دەزگاکانی ئاسایس لە رووداوەکە ئاگادار کاتەوەو تۆڵە لە حەسەن بکاتەوە. دوێنێ فەرمانی دەسگیرکردنی حەسەن لەلایەن دادگاوە دەرچوو، ماریش ئاگادار کرایەوە لەناوچەی تاران دەرنەچێت. لێکۆڵەرەوەکان هێشتا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە لە فرۆشتنی زێرو زیوەکەدا بەشدارییان کردوە.**

---

**ئەم هەواڵە لەو شوێنانەی کە بەهێمای (***) سێ ئەستێرە دیاری کراوە ئەتوانرێ ببڕدرێ و هەواڵەکە کورت بکرێتەوە.**

**لێکدانەوەو راڤەکردنی هەواڵی دەسگیرکردنی**

**دزەکانی ١٠٠ ملیۆن فرانکی بە شێوازی هەرەمی سەروژێرکراو**




**لە کاتی پێویست دا ئەتوانرێ بەشی دووهەم و سێیەمی ئەم هەرەمە سەروێژکراوە کە ئەکاتە حەوت پەرەگرافی دوایی لابدرێ و بەتەنیا لیدە بهێڵرێتەوە . هەروەها ئەتوانرێ بەشی یەکەم و دووهەم واتە چوار پەرەگرافی سەرەوە بهێڵرێتەوەو پەرەگرافەکانی دوایی هەمووی لابدرێت .**

پەرەگرافەكانی بەشی سێهەم هەریەكەیان ئەتوانرێ بە جیا لابدرێت و هیچ زیانێكیش بە هەواڵەكە نەكەوێت .

هەرچەندە یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی هەرەمی سەروژێركراو ئەو داڕشتنە سادەیەتی ، و هاوكاری ڕۆژنامەنووس ئەكات تاكو بە خێرایی هەواڵەكەی بە پێی گرنگی یەك لەدوای یەك ڕێكخات، بەڵام زۆرجار جیاكردنەوەی بەشە گرنگەكانی هەواڵەكە هێندەش ئاسان نیيە . لەوانەیە چیرۆكی ڕووداوێك لەلایەن دوو پەیامنێرەوە بنوسرێتەوە، بەڵام لە بواری گرنگی پێدان لە بەشەكان لەگەڵ یەكدا ناكۆك بن. بۆ دیاری كردنی پەرەگرافە گرنگەكانی بابەتەكە پێویستە حەزو ئارەزووی خوێنەران لەبەر چاو بگیرێ . كاتێك خوێنەران بە هۆی ئاستی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و حەزو ئارەزووەكانیان، داخوازییەكانیان جیاوازە ، پێویستە پەیامنێر لەوێدا وردەكار بێت و بڕیارێك دەربكات كە لە بەرژەوەندی هەموو لایەكیاندا بێت .

یەكەی بابەتی هەواڵ : بابەتی هەواڵەكە بەشە گرنگەكانی بۆ نووسەرەكە دیاری ئەكات. هەر هەواڵێك خاوەنی بەشێكی سەرەكی و كۆمەڵە بەشێكی لاوەكی‌یە و هەموویان پێكەوە بابەتەكە پێك ئەهێنن. ئەمەش پێی ئەوترێ یەكەی بابەتی هەواڵ و بەلای پەیامنێرەوە زۆر گرنگە. بابەتی سەرەكی ڕووداوەكە ڕێنمایی ڕۆژنامەنووسەكەیە، بە واتایەكی تر بابەتی سەرەكی چەقی چالاكی‌یەكانی نووسەر پێك ئەهێنێ.

ئێستاش بە كورتی باس لە هەریەكە لەو شێوازانەی تری داڕشتنی هەواڵ ئەكەین كە زانینیان بۆ ڕۆژنامەنووس گرنگە:

- شێوازی باسكردنی مێژوویی :

لەم شێوازەدا ڕووداوەكان یەك لە دوای یەك بەپێی مێژووی ڕوودانیان باس ئەكرێن و بێ ئەوەی گرنگی هیچ بەشێك جێگەی بەشێكی تری هەواڵەكە بگرێتەوە. لەم جۆرە هەواڵانەدا مانشێتی بچوك نی‌یە و زۆر جار بەشە گرنگەكانی هەواڵەكە ئەكەوێتە كۆتاییەوەو بێ بایەخ ترین بەشیشی لەسەرەتای دەسپێكردنی هەواڵەكە باس ئەكرێت . لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە كەمتر گرنگی بە مانشێتی بچوك ئەدەن ڕۆژنامە ناودارەكانیش زۆر بە كەمی ئەم شێوازە بەكار ئەهێنن، چونكە ئەبێتە هۆی هیلاكی خوێنەران.

### هەندێ شێوازی نووسینی هەواڵ بەپێی گێڕانەوەی مێژوویی

لەبەر ئەوەی لە شێوازی مێژووییدا لید نی‌یە بۆیە بە شێوەیەكی گشتی بەكارهێنانی ئەم شێوازە لە ڕۆژنامەو میدیاكاندا زۆر بەكەمی بەكار دێت . چونكە مەترسی ئەوەی لێ دەكرێ خوێنەریان گوێگر هیلاك بكات. بۆ ئەوەی كار بەم شێوازە، كە سادەترین شێوازی نووسینی هەواڵە بكرێت ، هەندی ڕێگەی تر دۆزراونەتەوە ئەویش بە بەكارهێنانی " لید " لە سەرەتای هەواڵە

کرۆنۆلۆژیەکاندا. بەم کارە کورتە گرنگترین بەشەکانی هەواڵەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر دەخرێتە ڕوو.

نموونە:

بکوژانی پیاوە گەرمیانیەکە حوکم دران.

لید:

دوو لاو کە لە بەهاری ساڵی پاردا لە ڕێگەی سلێمانی - کەرکوك پیاوێکیان کوشتبوو لە دادگای تاوانی سلێمانی‌دا حوکم دران.

ڕووداوەکە:

ڕۆژی ١٩٩٤/٣/٢٣ دوو لاو ڕێگەیان بە پاسێکی کۆستەر کە لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی دەهات گرت و پیاوێکی گرت و پیاوێکی گەرمیانیان بەناوی داود خوامراد لە خەڵکەکە جیاکردەوەو گوللەبارانیان کرد . هەردوو بکوژەکەن کە دوو لاوی تەمەن ٢٥ ساڵ و ٢٧ ساڵن ، پاش ڕووداوەکە بە ئوتومبیلێکی بەرازیلی شوێنی ڕووداوەکەیان بە خێرایی بەجێهێشت .

بەدواداووچنی ڕووداوەکە:

پاشان پۆلیس کەوتە لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکەو دەرکەوت کە یەکێك لەسەر نشینەکانی پاسەکە ژمارەی ئۆتۆمبیلە بەرزایلیەکەی گرتووە. پاش دە ڕۆژ پۆلیس توانی خاوەن بەرزایلیەکە بگرێت و دوای لێکۆڵینەوە دی (ئیعترافی) لەسەر تاوەنەکە کرت و ناوی هاوڕێ کەشی ئاشکرا کرد .

ئەنجام:

*دوێنێ ، پاش شەش سەعات لە لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی ڕووداوەکە، سەر ئەنجام دادگای سلێمانی بڕیاری‌دا هەردوو تاوانبارەکە بە زیندانی هەتاهەتایی* مەحکوم بکات..

چۆنیەتی بەکارهێنانی لید لە شێوازی مێژوویی‌دا بەم جۆرەیە :

ڕێگەی یەکەم :

بابەتی چیرۆکەکە لە شێوازی کرۆنۆلۆژیك یەکسەر دوای لیدەکەوەدێت و بابەتە ناچیرۆکیەکانیش ئەکەونە بەشی دواییەوە. شێوەی سادەی ئەم نەخشەیە بەم جۆرەیە.

لید بابەتی چیرۆکی ڕووداوەکە بەپێی کاتی ڕوودانی بابەتە ناچیرۆکیەکان بەپێی گرنگیەکەکان.

لەم نمونەی خوارەوەدا تێبینی ئەوە ئەکرێت پاش نووسینی کورتەی ڕووداوەکە لە شێوەی لید، بە شێوازی گێڕانەوەی مێژوویی ڕووداوەکە بەدرێژیی باس دەکرێ و لە دوو پەرەگرافی کۆتایشدا باس لە پەراوێزی ڕووداوەکە دەکرێ.

فرۆشیارێکی گەنجیان بەگوللە کوشت :

ئونیک هوسپیان ، کە فرۆشیارێکی گەڕۆکی ساردەمەنیە ، ڕۆژی سێشەم دوای شەڕوپێکدادانێك لە نزیکی ماڵی خۆیان کە دەکەوێتە نیاوەرانەوە کوژرا . دوێنێ ئێوارە تەرمەکەیان لە کێڵگەیەك لە نزیکی گوندی شا ئاباد دۆزیەوە و چەند گوللەیەك بەر کەللەی کەوتبوو.

گێڕانەوەی ڕووداو بەپێی کاتی ڕوودانی:

دیانای هاوسەری ئونیك سەعات ٩ و نیوی پاش نێوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە وەڵامی تەلەفۆنێك ئەداتەوە . ئەوەی تەلەفونەکەی کردبوو ناوی " حەبیب " ەو خەڵکی گەڕەکی مەنزەرەیە بوو . ئەو داوای لێ کرد بوو دوو قاپ شەراب و چوار قووتوو بیرەی بۆ ڕەوانە بکات . ئونیك هەڵدەستێ و پانتۆڵەکەی لەپێ دەکات و بەجووتێ پێلاوی سەرپێییەوە ، خواردنەوەکان دەخاتە پاکەتەوەو ماڵەکە بەجێ دەهێڵێ.

پاشماوەی چیرۆکەکە:

بەپێی قسەکانی حەبیب ، ئەو لەسەر داخوازی پیاوێك کە ناوی " کارو ئافتاندلیان " ە تەلەفۆنەکەی کردووە . حەبیب ووتی: ( من ئەو پیاوەم لەو دوو هەفتەی رابردودا دیوە و ئونیك خۆی پێی ناساندم. ئەو هات بۆ ماڵەکەم و داوای کرد تەلەفون بۆ ئونیك بکەم و پێی بڵێم چەند قاپێك شەراب بهێنێ بۆ ماڵەوەمان. هەڵبەت من بۆ یارمەتی دانی ئونیك ئەم کارەم کردو هەر ئەمەم کردوە. ئەو کاتەی تەلەفونم دەکرد کارو لە تەنیشتم راوەستا بوو، پاش چەند دەقەیەك چووە دەرەوەو ووتی ئێستا دێمەوە و لێم پارایەوە بە ئونیك بڵێم چاوەڕێی بکات. وابزانم یەك دوو کەسی تر لەگەڵ کارۆدا بوون ، بەڵام من ئەوانم نەبینی.

پاشماوەی ڕووداوکە:

حەبیب لەسەری ڕۆی وتی: (( نزیکەی سەعات دە لەوانەیە کەمێك درەنگتر بوو بێ، ئوتومبیلێك لە نزیکایی پشت ماڵەکەمانەوە وەستاو دوای نزیکەی دە دەقیقە گوێم لە هاوارێك بوو ئەیووت (( حەبیب فریام کەوە)) من ترسام بڕۆمە دەرەوە، بەڵام دیسانەوە گوێم لەهاتوهاوار بوو. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی گوللە نەبوو ، بەڵام زانیم دوو ئوتومبێل ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت .

بەخێرایی تەلەفونم بۆ پۆلیس کردو چۆنیەتی ڕووداوەکەم بۆیان باس کرد . وام ئەزانی (ئونیك هۆسپیان)یان دزیوە .

پاشماوەی چیرۆکەکە:

ئەفسەرێك و دوو پۆلیس پاش نیو سەعات گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە . لە پشت ماڵی حەبیب بتڵە دەست لێنەدراوەکان کەوتبوون . کەمێك لەولاتر کیفی دەمانچەیەکی کالیبر ٣٢ و خوینێکی زۆر لەسەر زەوییەکە بوو.

پاشماوەی چیرۆکەکە:

کارمەندانی پۆلیس بۆیان دەرکەوت ئۆنیك هەر لەوێ كوژراوە و تەرمەکەیان بردوە بۆ جێگەیەکیتر. هەوڵیان دا جەنازەکە بدۆزنەوە ، بەڵام بچوکترین نیشانەیان دەست نەکەوت. تا ئێوارەی دوێنێ دوو منداڵی لادێی تەرمی پیاوێکیان لەناو كێڵگەیەکی گەنم لە نزیکی گوندی شائاباد دۆزیەوە . پاش ناسینەوەی تەرمەکە، پۆلیسی شەمێرانیان لێ ئاگادار کردەوە .

بابەتە نا چیرۆکیەکان:

کاربەدەستانی پۆلیس ڕایانگەیاند کە ئۆنیك هەندێ ڕکەبەری هەبووە کە دەیانوویست موشتەریەکانی لەدەست بکەنەوە، لەبەر ئەوەی بەئاسانی ئەو کارەیان بۆ نەکراوە ، بۆیە بڕیاری کوشتنیان دا.

بابەتە نا چیرۆکیەکان:

خاتوو دیانای هاوسەری ئۆنیك بە پەیامنێری ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاند کە ئەو نەی ئەزانی مێردەکەی لەگەڵ کێ دا معامەلە دەکات و هەرگیز ناوی ئافتاندلیان –ی نەبیستووە. ئۆنیك لەدوای خۆی کوڕێکی حەوت ساڵان و دوو کچی دوو ساڵان و پێنج ساڵانی بەجێ هێشتووە.

شێوازی گەڕانەوە بۆ دوواوە

ئەم شێوازە بەرامبەر شێوازی مێژوویە . بەم شێوازەدا دەقی هەواڵەکە بە دواین ڕووداوە دەست پێ دەکات ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوی کێشەکە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار دەسپێکی هەواڵەکە مانشێتی بچوك پێك ئەهێنێ .

ئەم شێوازە زۆر لە شێوازی باسکردنی مێژوویەوە نزیکەو هەر باس کردنی دواین ڕووداوی کێشەکە ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی تر بەپێی مێژووی ڕوودانیان یەك لە دوای یەك باس ئەکرێن ئەم شێوازە زیاتر بۆ نوسینی کورتە هەواڵ یان نیمچە هەواڵ بەکاردێت ، چونکە بە گێرانەوەی دواین ڕووداوی کێشەکەو گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی خوێنەران تێر ئەبن .

نمونەی نووسینی هەواڵ بەپێی شێوازی (( گەڕانەوە بۆ دواوەوە))

لونا ١٦ بەبەردی مانگەوە گەڕایەوە سەر زەوی

لید و تازەترین هەواڵ:

مۆسکۆ– ٢٥ سپتمبەر – هەواڵدەریەکان – ئاژانسی دەنگوباسی ناس ڕایگەیاند کەوا گەشتی ئاسمانی ئۆتوماتیکی سۆفیەت (( لونا –١٦) لە سەعاتی ٨ و ٥٦ دەقیقەی بەیانی، پێنج شەم ، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆدا نیشتووتەوە . کەشتیە ئەلکترۆنیەکە لەو جێگەیەی کە چاوەڕوانی دەکرا و لەپێش چاوی چاوەڕێ کەرانی بە چەتری نەجات نیشتەوە.

بیروڕا لەسەر گرنگی بابەتەکە:

بەم جۆرە یەکەمین ئەرکی چوون و گەڕانەوەی ئەو کەشتیە بۆ سەر مانگ بەسەرکەوتن کۆتایی هات و لونا خەروارێك بەردی سەر مانگی هێنا بۆ سەر زەوی .

گەڕانەوە بۆ دواوە:

ڕۆژی ١٤ سپتمبەر (لونا - ١٦) بەبێ هیچ هەراوهۆریایەك هەڵدرا بۆ ئاسمان ، پاش ١٤ رۆژ هەنگاوێکی گرنگی لەسەر دۆزینەوە ئاسمانیەکان هەڵگرت.

پێشینەی زووتر:

پێشتر ((لونا - های )) لە هەوڵەکانیدا سەرکەتوو نەبوو ، تەنیا لونا ١٤ توانی بووی بەدەوری مانگدا سوڕێتەوە.

شێوازی تەشریحی یان لوژیکی

لەم شێوازەدە ڕووداوەکە باس ئەکرێت و پاشان هەریەکەیان بەش بە بەش تەشریح ئەکرێنەوە و روونکردنەوەی پێویستیان لەسەر ئەکرێ . ئەم شێوازە بۆ ئەو ڕووداوانە بەکاردێت کە جیاوازی بیروڕایان لەسەرەوە نووسەر ئەتوانێ دوای هەر بەشێك بیروڕای نارەزاییان و رازیەکان لە پاڵیاندا بنووسێ .

ئەو پەیامنێرە گەورانەی کە بەر پرسی ئامادەکردنی ریبۆرتاژی درێژن سوود لەم شێوازە وەرئەگرن .

نمونەی نمونەی نووسینەوەی هەواڵ بە شێوازی " تەشریحی یان لۆژیکی "

دوا بەدوای فڕاندنی

گیانی سەرەك وەزیرانی کانادا لەمەترسی دایە

مۆنرئال - ٦ ئۆکتوبەر - بوناتیدپریس - ئەندامانی بەرەی رزگاری خوازی " کەبل" کە پێرێ توانیوویان نوێنەری بازرگانی ئینگلیز لەکانادا بڕفێنن ، ڕایانگەیاند بە نیازن " پێتر ترودو" ی سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی فیدراڵی کەندا و " روبد بوراسا"ی سەرۆك وەزیرانی " کەبك " و " ژان دراپۆ " ی سەرۆکی شارەوانی موناك ش بڕفێنن .

پاشماوەی ڕونکردنەوە:

ڕۆژنامەکانی " تورنتۆ تلگرام " و " مونرال لاپرس " کە ئەم بابەتە هەواڵەیان ئاشکرالا کردوە دەڵێن ئەندامانی بەرەی رزگاری خوازی " کەبك " لە بەڵگە نامەیەکی هەشت لاپەڕەییدا ناوی ئامانجە تازەکانی خۆیانی نووسیوە ، ناردویانە بۆ پۆلیس .

پەراوێزی تەشریحی :

" تورنتو تلگرام " ئەم بەڵگەنامەیەی بە مانیشتمێك لە قەڵەم داوە و نووسیویەتی ئەو بەڵگەنامەیە " قوربانیانی هەڵبژاردنی " خستووەتە پێش ئەندامانی " بەرەی رزگاری خوازی کەبك " ەوە .

پەراوێزی تەشریحی :

پێش ماوەیەك لە هەواڵێکدا هاتبوو گوایە دووان لە چەکدارەکانی بزوتنەوەی جودا خوازی " کەبك " لە ئوردن لەگەڵ چەکدارە عەرەبەکاندا سە رقاڵی مەشق کردنن .

لێدوانی نوێ :

" میشل شارپ " وەزیری دەرەوەی کانادا دوێنێ رایگەیاند داخوازی رفێنەرانی " جیمز کراس " ی قەبوڵ نی‌یە.

پاشماوەی رونکردنەوە:

"چیمیز ریمپارد کراس" نوێنەری بازرگانی ئینگلیز لە مونرال پێری لەلاەین چوار چەکدارەوە رفێنرا. ئەم چوار کەسە بەپێی لێدوانەکانی پۆلیس ئەندامی " بزوتنەوەی رزگاری خوازی کەبك " ن و لە کاتێکدا " جمیز لە ماڵەکەی خۆی ئەهاتە دەرەوە بەزۆر خستویانەتە ناو تاکسی‌یەکەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردویانە .

راگەیاندنی نوێ :

رفێنەران دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە دەوڵەت داخوازیەکانیان بەجێ ناهێنێ ، رایانگەیاند ئەگەر تاکو ٤٨ سەعاتی تر خواستەکانیان جێبەجێ نەکرێ دیپلوماتە ئینگلیزی‌یەکە ئەکوژن..

راگەیاندنی نوێ و روونکردنەوەی تەشریحی:

هەواڵەکان وا ڕا ئەگەیەنن کە لە ئەمڕۆوە پۆلیس هەموو ئەندامە دیار و ناسراوەکانی بەرەی ڕزگاری خوازی‌کەبکی خستوەتە ژێر چاودێریەوە، بەڵام هێشتا هیچ جۆرە هەنگاوێکی لە دژیان هەڵنەناوە.

راگەیاندنی نوێ و روونکردنەوەی رافەکردن:

ئەندامانی بەرە هەڕەشەیان کرد ئەگەر پۆلیس بەکردەوە لەگەڵیاندا روو بەڕوو ببێتەوە ئەوانیش (کراس) ئەکوژن. قسەکەرێکی پۆلیس رایگەیاند لەبەر ئەوەی گیانی کەسێك لەمەترسی دایە، بۆیە نامانەوێ هیچ رووداوێکی دڵ تەزێن روو‌بدات.

راگەیاندنی نوێ:

لەلایەکی ترەوە هاوسەرەکەی (کراس) دوێنێ لەرێگەی رادیۆکانەوە داوای لە رفێنەرانی مێردەکەی کرد، داودەرمانە زەروری‌یەکان بۆ (کراس) بکرن و پێی بدەن. خاتوو کراس ووتی: مێردەکەم فشاری خوێنی هەیە

پێویستە رۆژانە دوو حەپ بخوات. ئەو حەپانە زۆر گرنگەو مەسەلەی مان و نەمانە بۆ ئەو .

چۆنیەتی گەڕان بەدوای هەواڵدا

گەڕان بەدوای هەواڵدا هەموو کاتێك بەیەك ڕێگە سەرناگرێ، بەڵکو بە پێی هەلومەرجی کات و شوێن ڕێگاکانی دەسکەوتن و دۆزینەوەی ئەگۆڕێ. بەم جۆرە هەر هەواڵێك تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم ڕێو شوێنانەی خوارەوە قۆناغە جیا جیاکانی گەڕان بەدوای هەواڵ پێك ئەهێنن، لەسادەترین قۆناغەوە، کەدەسکەوتنی هەواڵە دەست پێ ئەکات و بەدژوارترین قۆناغ کە ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەیە کۆتایی دێت.

١- دەسکەوتنی هەواڵ: زۆر هەواڵو زانیاری هەن لەلایەن ئەو کەسو ڕێکخراوانەی کەلەپەخش کردنیان قازانج ئەکەن ڕاستەوخۆ ئەخرێنە بەردەست ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەت، زانیاری‌یە سەندیکایی‌و حزبیەکان و چاوپێکەوتن‌و کۆنفرانسی چاپەمەنیەکان لە ڕێزی ئەم خانەدان.

کۆکردنەوەی ئەم هەواڵانە زۆر ئاسانە. لەوانەیە پەیامنێرەکان هەندێ لەم هەواڵانەیان دەست کەوێ، بەڵام بەشی هەرە زۆری بێ ئەوەی پەیامنێر هەبێ خۆیان دێن بۆ ڕۆژنامەکان، ئاشکرایە ڕۆژنامەکان ڕۆژانە دەیان‌و سەدان بڵاوکراوەو ڕاگەیاندن‌و دەربڕینی بیروڕای جیا جیایان لەخەڵك‌و دەسەڵاتداران‌و ڕێکخراوە دەوڵەتی‌و تایبەتیەکان پێ ئەگات.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەم بابەتانە گرنگ نین‌و ناتوانرێ لە ڕۆژنامەکاندا جێگەیان بۆ بکرێتەوە، لێپرسراوانی بەشی هەواڵ ناچارن تەنیا هەواڵە باش و سەرنج ڕاکێشەکان هەڵبژێرن‌و بڵاویان بکەنەوە.

٢- کۆکردنەوەی هەواڵ: ئەگەر هەواڵ لەلایەن خەڵکانی سوود وەرگرەوە نەگەن، ئەو کاتە پەیامنێرەکان ناچارن بەدوای کۆکردنەوەی هەواڵدا بگەڕێن.

هەندێ جار هەواڵی واهەیە نهێنی‌یەو خەڵکان‌و ڕێکخراوەکان نایانەوێ بڵاوبکرێتەوە، ئەم هەواڵانە دەستکەوتنیان ئاسان نی‌یە. بەڵام هەندێ هەواڵ هەیە نهێنی نیەو ئەگەر پەیامنێر بەدوایدا بگەڕێ بەئاسانی دەستی پێ ئەگات‌و پەردەی فەرامۆشی لەسەر هەڵئەداتەوەو بڵاوی ئەکاتەوە. بۆ نموونە هەواڵی بەرهەمی پیشەسازی، چالاکی بیناسازی‌و نوێ کردنەوەی بازاڕ، زۆر بەئاسانی بگرە بەخۆشحاڵیەوە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ئەدرێن بە پەیامنێر .

بەڵام ئەگەر پەیامنێر بەدوایاندا نەچێ، ئەو هەواڵانە بەهیچ جۆرێك بڵاو نابنەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەمڕۆ ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان بۆ دەستکەوتنی ئەم جۆرە هەواڵانە ڕێکخراوێکی بەهێزی دەسکەوتی هەواڵ دروست ئەکەن‌و پەیامنێرەکانی خۆیان لەمەڵبەندە جیا جیاکاندا دائەنێن، بۆ ئەوەی ئەو هەواڵانە کۆبکەنەوە.

٣- دۆزینەوەی هەواڵ: هەندێ جار هەواڵەکان شاراوەن. ئەمانە وەك هەواڵەکانی سەرەوە بەپەردەیەك داپۆشراون. بەڵکو خاوەنی هەواڵەکە لەبەر هەندێ هۆی تایبەت ناهێڵێ پەیامنێرەکان دەستیان پێ بگات، بۆیە بەئەنقەست هەواڵەکە ئەشارێتەوە، تەنانەت بۆ ئاشکرا نەبوونی، گیرگرفت لەبەردەم پەیامنێرەکە دروست ئەکات.

لەم حاڵەتەدا، پەیامنێرەکە بە پێچەوانەی خاوەن هەواڵەکە، کەناهێڵێ هەواڵەکەی ئاشکرا بێت، ئەبێ هەوڵ بدات هەواڵەکە بدۆزێتەوەو بیداتە ڕۆژنامەکەی. لەم نەبەردەی کەلە نێوان هەردوکیاندا ڕوو ئەدات، هەریەکەیان هەوڵ ئەدات بۆ شکاندنی ئەوی تر تاکتیکی جیاواز

بەكار بهێنن. بەڵام بە زۆری پەیامنێرە شارەزاو خاوەن ئەزمونەكان لەم نەبەردانەدا سەركەوتوو ئەبن. لەهەلومەرجێكی ئاوادا پەیامنێر ئەبێ وەك پۆلیسێكی دۆزینەوەی نهێنی بكەوێتە دوای ئەو هەواڵانە، ئەشبێ بزانێ لەهەندێ حاڵەتدا ئەگەر هاتوو خاوەنی هەواڵكە ئامادە نەبوو هەواڵەكە بدات بە دەستەوە، ئەو كاتە پەیامنێر ئەتوانێ ئاستی گەڕانەكەی نەختێ دابەزێنێ و هەواڵەكەی دەست كەوێ.بۆ نمونە، هەواڵە سیاسییەكان بە ئاسانی لە لێپرسراوە پایە بەرزەكانەوە وەرناگیرێن، بەڵام ئەگەر سەردانی سكرتێرەكان یان خزمەتكارەكانیان بكرێ ئەوا ئەتوانرێ ئەو هەواڵانە پەیدا بكرێن .

هەواڵی دادگا لەلایەن كارگوزارو هەواڵی پزیشكی لە ڕێگەی پەرستارەكان بە ئاسانی دەست ئەكەون بەڵام ئەم جۆرە هەواڵانە پێویستیان بە تەئیدكردنی بەرپرسە پایە بەرزەكان هەیە. بۆیە پەیامنێری زیرەك پاش دەستكەوتنی هەواڵەكە، هەوڵ ئەدات لەلایەن ئەو كەسانەی كە زانیاری تەواویان لەسەر هەیە ،هەواڵەكەی پشت ڕاست بكاتەوە. گومان لەوەدا نییە كاتێك پەیامنێر دەستی گەییە هەواڵەكە، ئەوا ئەو كەسانەی كە جاران ئامادە نەبوون بیخەنە بەر دەستی، ئەمجارەیان ناتوانن خۆیان بدزنەوە.

٤- ڕاڤەكردن و لێكۆڵینەوە: ئەگەر سەرچاوەی ڕاستەوخۆی هەواڵ دەست نەكەوت یان سەرچاوەكان بەس نەبوون ،ئەبێ دەست بكرێ بە ڕاڤەكردن و لێكۆڵینەوەی نیشانەو هیماكان. لەم حاڵەتەدا پەیامنێری شارەزاو بە ئەزموون ئەتوانێ بە شیكردنەوەی وردی هەواڵەكان و بەراوردكردنیان لەگەڵ هەواڵی تردا، هەواڵێكی گرنگی دەست بكەوێ، ئێستا ڕۆژنامەگەورەكانی دونیا و هەواڵدەرییە نێودەوڵەتییەكان، تیمی تایبەتیان داناوە كە لە ئەنجامی ڕاڤەكردن و لێكۆڵینەوەدا هەواڵ پێك ئەهێنن.

ئەو هەواڵانەی كە لە ڕێگەی ڕاڤە كردن و لێكۆڵینەوە وە دەست ئەكەون زۆر جار بە هەواڵی پشت ڕاست نەكراو بڵاو ئەكرێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕاستییەوە ڕەخنەیان لێنەگیرێ.

## كۆنترۆڵ و پێداچوونەوەی هەواڵەكان

زۆربەی ڕووداوە كۆمەڵایەتیەكان لەبەر پەلەكردنی پەیامنێرەكان و ئەو هەلانەی كە لە كاتی گەڕان بە دوای هەواڵەكاندا ڕوو ئەدەن، ناوەڕۆكە ڕاستەقینەكانی خۆیان لە دەست ئەدەن، بۆیە ئەگەر پێش بڵاوبوونەوە كۆنترۆڵ نەكرێن و ڕاست نەكرێنەوە ئەوا لەو حاڵەتەدا زانیاری هەڵە ئەخرێتە بەردەستی خەڵك.

بۆ پاراستنی ڕاستی هەواڵ، ڕۆژنامەكان پێش ئەوەی هەواڵی پەیامنێرەكانیان بڵاوبكەنەوە لێكۆڵینەوەیان لەسەر ئەكەن، بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی كە ئەوان تێی كەوتوون ڕاستیان بكەنەوەو بابەتی ڕاستەقینە بخەنە بەردەست خەڵك. هەڵبەت پەیامنێری زیرەك و خاوەن ئەزموون خۆی

لەکاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا ڕاستی ئەو زانیاریانە لەبەر چاو ئەگرێو هەوڵ ئەدا شتێکی پێچەوانەی راستی نەنووسێ.

بەڵام هەندێ جاریش لەبەر کەم شارەزایی هەواڵدەرەکان یان هەڵەی ئەوانەی ڕووداوەکە ئەگێڕنەوەو یاخود لەبەر هەندێ هۆی تر توێژینەوە لە ڕاستی هەواڵەکان کارێکی زۆر پێویستە.

١- چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردن و ڕاستکردنەوەی هەواڵ ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکان یان سەرچاوەکانی تری هەواڵەوە ئەگەنە ڕاگەیاندنەکان، لە دوولاوە کۆنترۆل ئەکرێن:

I- کۆنترۆڵی زاهری(ئاشکرا): هەموو ئەو هەواڵانەی کەئەگەنە بەشەکانی هەواڵ، یەکسەر لەلایەن بەرپرسی ئەو بەشانەوە ئەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی ووردەوەو لەڕووی پێکهاتە مادیەکان و هەماهەنگی بابەتەکانەوە کۆنترۆڵ ئەکرێن. بۆ دیاری کردنی ڕاستی هەواڵەکان پێکهاتە مادیەکانی هەواڵ( وەك ناوی کەسایەتیەکان، ژمارەو ئامار، دیاردە ناوچەیی و جوگرافیەکان) ئەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە ئەگەر هەر هەڵەیەك یان نهێنیەکیان تێدا بێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی (دائرە المعارف) یان سەرچاوەی ترەوە ڕاست ئەکرێنەوەو هەر کاتێك کێشەی تر مایەوە، بۆ لابردنیان پەیوەندی بە ئامادەکەر یان سەرچاوەی هەواڵەکەوە ، ئەکرێت.

- ڕێکخستن و هەماهەنگی لەنێوان بابەتەکانی هەواڵ یان بەواتایەکی تر شێوازی دەرەوەی هەواڵەکان، گرنگی یەکی زۆری هەیە. بۆیە پێویستە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەسەر هەر هەواڵێك ریتم و ڕێکخستنی دەستەواژەکان کۆنترۆڵ بکرێت، وشە فەرامۆش کراوەکانی بۆ زیاد بکرێت، وشە یان ڕستە دوبارەکان بسڕێنەوەو کەم و کوڕیەکانی خاڵ بەندی نەهێڵرێت. ئەو بابەتانەش کەلە زمانە بێگانەکانەوە وەرئەگێڕێن پێویستە لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکەدا بەراورد بکرێن و هەڵەکان ڕاست بکرێنەوەو وشە نامۆکانیان تێدا دەرکرێ. لەبارەی هەماهەنگی شێوەی دەرەوەی بابەتەکان، ئەو هەواڵانەی کەلە ڕێگەی تەلەفوون و تەلەگرافەوە دێن دۆخێکی حەساسیان هەیەو لەکاتی ڕاست کردنەوەیاندا پێویستە زۆر وردەکاریان تێدا بکرێت.

II- کۆنترۆڵی ناوەڕۆك: بۆ دڵنیا بوون لەڕاستی هەواڵەکان کۆنترۆڵی زاهری بەس نیە، بەڵکوئەبێ ناوەڕۆکی هەواڵەکانیش لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. بەواتایەکی تر پێویستە لەسەر ناوەڕۆکەکانیشیان زانیاری تەواو بەدەست بهێنرێت. لەکاتی کۆنترۆڵی ناوەڕۆکدا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرێ:

- ناسینی سەرچاوەو شوێنو سەر هەڵدانی ڕاستەقینەی هەواڵەکە.

- دەست نیشانکردنی ئەو سەرچاوە هەواڵانەی کەلەکاتی گومان کردن لەهەواڵێك دەتوانن هەواڵەکە پشت ڕاست بکەنەوە.

- هەماهەنگ کردنـی هەواڵـەکان لەگـەڵ بـارودۆخی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو دیـاری کردنـی گرنگی بەلەبەر چاوگرتنی هەلومەرجەکانی دەوروبەر.

پێویستە بزانین هەر کاتێك هەواڵێك لەسەرچاوەیەکی گومان لێکراوەوە هات، پێش هەر شـتێك ئـەبێ ئـەو سـەرچاوەیە بناسـرێتو لـە راسـتیەکانی بکۆڵرێتـەوە ئەگـەرلێ دڵنیـابوون، ئینجـا هەواڵەکانی بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی نەناسراو هەندێ زانیاری خستە بەردەست رۆژنامەیەك، پێش وەرگرتنی هەواڵەکە پێویستە ناسنامەکەی وەربگرێو پاشان لەو مەبەستانەی کـەوای لێ کـردوە ئـەو هەواڵـە بـدات بکۆڵێریتـەوەو ئینجـا ئەگـەر پێویسـتی کـرد لـەبارەی کەسایەتیەکەیەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێکۆڵینـەوە بکـرێ، کـاتێك ئـەتوانرێ بڕیـار لەسـەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بدرێت، کە کابرا سەرچاوەیەکی دڵنیا بێت.

هـەندێ جار سەرەڕای لێکۆڵینەوەی زۆریش، بەئاسـانی دڵنیـایی لەسـەر سـەرچاوەیەکی هـەواڵ بەدەست نایەت. لەم حاڵەتەدا تائەو کاتەی دڵنیایی بەدەست دێت، نابێ هەواڵەکە بڵاوبکرێتـەوەو لەرێگـەی سـەرچاوەی ترەوە زانیـاری لەسـەر کۆبکرێتـەوەو پـاش دڵنیـابوونی تـەواو ئینجـا بـڵاو بکرێتـەوە. هـەندێ جار پشت ڕاست کردنـەوەی کۆمەڵـە هــەواڵێك لەلایـەن سـەرچاوەی تـرەوە بـە ئاسانیو خێرایی سەر ئەگرێ.

بـۆ نموونـە هـەواڵێك کەلەلایـەن مسـافرێکی نەناسـراوەوە یـان سـەرچاوەیەکی نادڵنیـاوە ئاشـکرا بکرێت، ویەکسەر لەلایـەن ئاژانسێکەوە یـان قسـەکەرێکی رەسمیـیـەوە پشـت ڕاسـت کرابێتـەوە، ئەشێ بڵاو بکرێتەوە. هەڵبەت ئەبێ ئەوەش بزانین کەئـەو سـەرچاوەیەی هەواڵەکـەی پشـت ڕاسـت کردۆتەوە، هەواڵەکەی لەهـەمان سـەرچاوەی یەکەمـەوە دەست نەکەوتووە.... هـەندێ جـار لـەکاتی پەیوەندی کردن بەسەرچاوەی پشت ڕاست کردنـەوەی هـەواڵ زانیاریـە پێویسـتەکان بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەربگیرێن، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆناوەڕۆکی هەواڵەکەی بۆ بـاس بکرێـتو داوای لێ بکرێت هەواڵەکە بەدرۆ بخاتەوە یان پشـت راسـتی بکاتـەوە، ئـەنجامێکی ڕاسـت ناداتـە دەسـتەوەو لەوانەیە سەرچاوەکە لەبەرژەوەندی تایبـەتی خـۆی زانیـاری تـەواو نەخاتـە بەردەسـت. بـەڵام ئەگـەر ناوەرۆکی هەواڵەکە باس نەکرێتو لەکاتی باس کردنـی بابـەتی تـردا، زانیـاری خـوازراو بەئاسـانی دەست ئەکەوێ.

پەیامنێری خاوەن ئەزموون بۆ پشت راست کردنـەوەی هـەواڵێك سـود لـەدوو یـان سـێ سـەرچاوەی جیـا جیـا وەرئـەگرێ، بـۆ ئـەوەی لـەنێوان ئـەو زانیاریـیـە زۆرانـەی کەبەدەسـتی هێنـاوە ڕاسـتی مەسەلەکەی بۆ ئاشکرا بێت....

**یاساکانی لێکۆڵینەوەو ڕاست کردنەوەی هەواڵ**

بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو هەواڵانەی کەلـە سـەرچاوەی جیـا جیـاوە ئەگەنـە ڕاگەیاندنـەکان شـێوازەی خوارەوە کار ئەکرێت:

١- ئەو هەواڵانەی کەلەشێوەی نوسراوو بەڵگەنامە لەلایەن سەرچاوە ناسراوو دڵنیاکانەوە دێن، پاش ڕێکخستنیان بەهەمان شێوە بڵاو ئەکرێنەوە. هەواڵی ئاژانسە گەورەکان، ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەت کەلەسەر کاغەزی ڕەسمیو مۆرو ئیمزاکراو ئامادە کراونو نامەی ئیمزا کراوی پەیامنێرونوێنەری تایبەتی راگەیاندنەکان لەم جۆرە هەواڵانەن.

٢- ئەو هەواڵە نوسراوانەی کەگومان لە لقێکیئەکرێت. بەلەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵەو دیاری کردنی سەرچاوەکەی بۆ بڵاوکردنەوە ئەشێت.

٣- هەواڵی نووسراوی کەسانی نەناسراو بڵاو ناکرێتەوەو پەیامنێرەکان تەنیا بەدوای ڕاستیو دروستی هەواڵەکەدا ئەگەڕێن وخۆیان هەواڵی ڕاستەوخۆی لەسەر بڵاو ئەکەنەوە.

٤- هەواڵی ئەو سەرچاوە نەناسراوانەی کەئەتوانرێ دوایی پەیوەندیان پێوە بکرێت وزانیارییان لێ وەربگیرێت.

٥- ئەو هەواڵانەی کەلەلایەن کەسانی ناسراوو دڵنیاوە بەتەلەفوون رادەگەیەنرێن ئەتوانرێ بڵاو بکرێنەوە، بەڵام ئەگەر کەسەکان نەناسراو بن بڵاو ناکرێنەوە. هەندێ جاریش ئەو کەسانە ناو و ناونیشانی خۆیان ئەدەن، لەم حاڵەتەدا ئەتوانرێپەیوەندیان پێوە بکرێتو لەبارەی ڕاستی زانیاریەکان پرسیاریان لێ بکرێتو پاش دڵنیا بوون بڵاوبکرێنەوە.

٦- ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن مراجعی ڕاستەوخۆوە دێن. ئەبێ بەگومانەوە سەیریان بکرێت، چونکە ئەو کەسانەی خۆیان هەواڵ ئەدەن بەراگەیاندنەکان گومانیان لێ ئەکرێو لەوانەیە ئامانجو مەبەستی تایبەتیان هەبێت. بۆیە ئەبێ لێیان بکۆڵرێتەوەو لەلایەن سەرچاوەی ترەوە هەواڵەکانیان پشت ڕاست بکرێتەوە و پاشان بڵاوبکرێنەوە.

٢- هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەی هەواڵەکان

لەو حاڵەتانەی کەناتوانرێ بۆ پشت ڕاست کردنەوەی هەواڵ لەلایەن سەرچاوەکانەوە بەدواچوون ئەنجام بدرێ، یان ئەگەر لەحاڵەتی ئەنجام دانی پێدا چوونەکەش ئەنجامی خوازراو بەدەست نەهات، ئەبێ دەست بکرێت بەهەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی ئەو هەواڵانەو لەباشیو خراپی هەواڵەکانی بکۆڵرێتەوەو بڕیار لەسەر ئامادەکردنو بڵاوکردنەوەیان بدرێت. ئەو شێوازەی کەبۆ هەڵسەنگاندنی هەواڵەکان ئەگیرێتە بەرو سودی لێ وەرئەگیرێ ئیلهامی لەپێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی مێژوو نووسەکان وەرگرتوە. ئەم شێوازە لەزانستی مێژوودا گرنگییەکی فراوانی بەدەست هێناوەو بەیارمەتی وەرگرتن لەبەهای ڕاستەقینەی نووسراوە مێژووییەکان ئەناسرێتەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی هەواڵەکان ئەتوانرێ ئەم دوو ڕێبازەی خوارەوە بەکار بهێنرێت:

## I–هەڵسەنگاندنی کاری پەیامنێر:

دەقی ئەو هەواڵو بابەتانەی کەئەخرێنە بەردەستی ڕۆژنامەنووس تاکو هەڵیانسەنگێنێ، حەتمەن هەڵبەستراونین. بەلام بۆ دڵنیابوون لەسەرچاوەکانی هەواڵ پێویستە رۆژنامەنووس لەکاتی هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەی کەئەبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، ئەم پرسیارانە بکاتو وەلامی گونجاویشیان بۆ بدۆزێتەوە.

- ئایا پەیامنێر سەرچاوە راستەقینەکانی هەواڵی لەنووسینەکەیدا دیاری کردووە یان تەنیا هەندێ پروپاگەندەو قسەی نەسەلمێنراوی باس کردوە؟
- ئایا پەیامنێر هەواڵە ئامادەکراوەکەی لەرووی گرنگی‌یەوە کۆنترۆڵ کردوەو راستی کردۆتەوە؟
- ئایا پەیامنێر تەنیا کەسێکە دوای سەرچاوەی هەواڵەکە بەو هەواڵە ئەزانێ، یان خەڵکانی تر پێیان زانیوەو گەیشتوونەتە ناوەندی تری پەخشی هەواڵ؟
- ئایا پەیامنێر ئەتوانێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەواڵەکەی جارێکی تر پەیوەندی بکاتەوە بەسەرچاوەکانی هەواڵەکەوە، ئایا ئەگەر هەواڵەکەی لەسەرچاوە ئەسڵیەکەوە وەرنەگرتبێت ئەتوانێ پەیوەندی بەو سەرچاوەیەوە بکات؟
- ئایا پەیامنێر ئەتوانێ ئەو هەواڵەی کەلە سەرچاوەیەکی بیانیەوە وەری گێڕاوە تەنیا بەدۆزینەوەی وەلامی ئەم پرسیارانە لەڕاستی‌و نرخیان دڵنیابێت؟

## II–دیاری کردنی راستگۆیی هەواڵ:

بۆ دڵنیا بوون لەنرخی هەواڵێك، هەڵسەنگاندنی دەقێك بەس نی‌یە، بەڵکو ئەبێ پلەی راستگۆییەکەشی دیاری بکرێت. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، رۆژنامە نووسەکان کەئەرکی هەڵسەنگاندنی هەواڵەکانیان لەئەستۆدایە ئەبێ پێش هەر شتێك توانای دەست نیشان کردنی ڕاستگۆیی سەرچاوەکانی هەواڵیان هەبێ‌و سەرچاوەی باوەڕپێکراو لەسەرچاوەی باوەڕ پێنەکراو جیا بکەنەوە.

هەروەها ئەبێ شارەزای ئەو ژینگەیەش بن کەهەواڵەکە سەری تێدا هەڵداوە. ئەم جۆرە کەسانە هەر بەیەکەمین نیگای هەواڵەکە، ئەتوانن لایەنە ئاسایی‌و نائاساییەکانی لەیەك جیابکەنەوە بۆ دۆزینەوەی راستی‌یەکان سەردانی سەرچاوە راستەقینەکان بکەن. گومان لەوەدا نی‌یە کەئەم شایستەیش لەئەنجامی کۆمەڵێ هەڵەو ئەزموونی درێژ خایەنەوە پەیدا دەبێ‌و کەسانی تازە کار لەتوانایاندا نی‌یە، کارێکی وا ئەنجام بدەن.

یاسا گشتتی‌یەکانی پێداچوونەوەی هەواڵ

بۆ هەڵسەنگاندن‌و پێداچوونەوەی هەواڵەکان جگە لەئەزمونی عەمەلی، ئەتوانرێ ئەم یاسایانەی خوارەوە بەکار بهێنرێن:

١- ناسینی تەواوی ئەوانەی کەهەواڵ ئەدەن. سیفەتە باش و خراپەکانیان، خاڵە لاوازەکانیان ئەو ڕێزو حورمەتەی کەپێویستە لێیان بگیرێ، ئەمانە هەمووی ئەبنە هۆی باش ناسینی ئەو سەرچاوانەو لە ڕێگەشیانەوە لەڕاستیو ناراستی هەواڵەکانیان ئاگادار ئەبین. ئەم یاسایە بۆ ئاژانسەکانی هەواڵیش بەکاردێت. چونکە ئاژانسەکانیش مرۆڤ ئەیانبات بەڕێوە.

٢- دەقە هەواڵیەکان ئەبێ هەردەم لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت تاکو بزانرێ چ بابەتێکیان لەخۆ گرتووە وچۆن چۆنی نووسراونەتەوە. لەکام لایان حەڵقەیەکی شاراوە هەیە.

٣- لەکاتی لێکۆڵینەوەی دەقە هەواڵیەکان دا ئەبێ ناوەڕۆکە گرنگ و تازەکان لەبابەتە کۆنەو دووبارە بووەکان جیا بکرێنەوەو لایەنە تازەکانیان بەرجەستە بکرێت.

٤- لەوکاتی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی هەواڵدا ئەبێ وریایی هەبێت. ئەو پەیامنێرەی کەلە هەواڵێکی بچوکدا تووشی هەڵە ئەبێت، بۆ هەواڵی گەورەتر ئەبێ بەگومانەوە سەیری هەواڵەکەی بکرێت، بۆیە پێویستە هەموو هەواڵەکانی تری بەووریاییەوە هەڵسەنگێنرێ. نابێ ئەوە لەیادکەین کەڕێگرتن لەهەڵەیەکی بچوک و کەم بایەخ ڕێگە لەهەڵەی گەورەتریش ئەگرێ و ئەگەر بە هۆشیاری تەواوەوە کاربکرێت، هەرگیز هەڵە روونادات.

٥- پاراستنی خەسڵەتی راستەقینە بوونی هەواڵ گرنگترین ئەرکی راگەیاندنەکانە. هەر بۆیە ئەبێ هەڵسەنگاندنی هەواڵ بەم خەسڵەتەوە ببەسرێت، باشترین سەرمەشقی راستەقینە بوونی هەواڵ پەیرەو کردنە لەم دەستورە( وەکو خۆیان سەیری شتەکان بکەن، هەوڵ بدەن وەکو چۆن بینیوتانە باسیان لێوە بکەن)

گومان لەوەدا نی یە جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە تەمەنێك ئەزموونی پێویستە. ئەزموونێك کە(( بینین، فێربوون، بەکارهێنان و فێرکردنی خەڵکانی دی)) ببێتە دروشمی هەمیشەیی. لێرەدا بەپێویستی ئەزانین پاش ئەم بابەتە باس لەو کێشەو بەربەستانە بکەین کەئەبنە هۆی بڵاو نەبوونەوەی هەواڵێك.

**ئەو بەربەست و ڕێگرانەی کەناهێڵن هەواڵەکان پەخش بکرێنەوە**

ئەو هەواڵانەی کە لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە ئەگەنە بەردەستی چاپەمەنیەکان، پێش ئەوەی بۆ چاپکردن هەڵبژێرێن، بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەکرێ بۆ ئەوەی هەر هەواڵێك کەناشێ بڵاوبێتەوە یان بڵاوبونەوەی قەدەغەیە جیا بکرێتەوەو بڵاو نەکرێتەوە. گرنگترین بەربەستەکانی ڕێگەی بڵاونەبوونەوەی هەواڵ ئەمانەن.

**١- قەدەغەکردنی یاسایی:**

لە وڵاتانی دونیادا هەندێ یاسای چاپەمەنی دانراون کەڕێگرن لە بڵاوبونەوەی هەندێ هەواڵ و ئەگەر بڵاوکراوەکان لەو یاسایانە لادەن و ئەو هەواڵانە بڵاو بکەنەوە، ئەوا تووشی سزای یاسایی

ئەبن. بەشێوەیەکی گشتی لەیاساکانی چاپەمەنیدا بڵاوکردنەوەی ئەم سێ هەواڵەی خوارەوە قەدەغە کراون:

- نهێنیە سەربازیو سیاسیەکان وئەو بابەتانەی کەسەربەخۆیی وڵاتو یەکپارچەیی خاكو ئاسایشی وڵات ئەخەنە مەترسیی‌یەوە.
- ئەو بابەتانەی کەئارامیو ئاسایشی کۆمەڵگا تێك ئەدەنو دابو نەریتو رای گشتی بریندار ئەکەن.
- ئەو بابەتانەی کەژیانی تایبەتی هاوڵاتیان ئەخەنە مەترسیەوەو ڕێزوکەرامەتو ئارامی خێزانەکان لەکەدار ئەکەن.

جگە لەو قەدەغە کردنە یاساییانەی کەباسیان لێوە کراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی پەیڕەوییان لێ ئەکرێ، هەندێ جار لەبەر یاساکانی حکومەتی سەربازی هەندێ یاسای کاتی بۆ ئەم مەبەستە دەرئەچنو ڕێگە لەبڵاوبونەوەی کۆمەڵە هەواڵێکی تر ئەگرن.

### ٢-بەرژەوەندی گشتی:

هەندێ جار با هیچ جۆرە قەدەغە کردنێکی یاسایش لە ئارادا نەبێت، کەچی رۆژنامەنووسەکان لەبەر کۆمەڵێ بەرژەوەندی جیاجیا، هەندێ هەواڵ بڵاوناکەنەوە. بڵاونەبوونەوەی ئەو هەواڵانە جاری وا هەیە لەبەر خاتری هەواڵدەرەکانەو جاری واش هەیە بەهۆی ناوەرۆکی هەواڵەکەوەیە.

زۆر جار سەرچاوەکانی هەواڵ کۆمەڵە نهێنی‌یەك بۆ پەیامنێرەکە باس ئەکەن، بەڵام حەز ناکەن بڵاوبکرێتەوە، لەم حاڵەتەدا پەیامنێرەکان لەبەر پاراستنی (نهێنی پیشەیی) یانو لەبەر لەدەست نەدانی سەرچاوەی هەواڵەکانیان، کە لەوانەیە جارێکی تر کاریان پێ بێت، زانیارییەکانی بەردەستیان بڵاوناکەنەوە، جاری واش هەیە هەواڵێك ئەدرێ بە رۆژنامەکە، بەڵام سەرچاوەکە داوا ئەکات تا کاتێکی تر بڵاوبونەوەی رابگیرێ.

هەندێ جار سروشتی هەواڵەکە وایە ئەگەر بێتو بڵاوبێتەوە، لەوانەیە ئاشتی جیهان، هاوسەنگی ئابووری، ناوبانگیو ئارامی خەڵكو ڕێکخراوەکان، بخاتە مەترسیەوە. هەر بۆیە پێویستە بەوردی ئاسەواری پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و کاردانەوەکانی بەرامبەری لەبەر چاو بگیرێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە ئەیانەوێ لەسەر بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان بڕیاربدەن، پێش هەر شتێك ئەبێ لە خۆیان بپرسن ئایا ئەتوانن هەموو شتەکان بخەنە ڕوو؟ئایا بەرژەوەندی کۆمەڵ وا ئەخوازێ ئەو هەواڵانە بڵاوبکرێنەوە؟ ئەو هەواڵانەی کە بڵاوئەکرێنەوە چی کاردانەوەیەك دروست ئەکەنو ئەنجامەکانیان چی ئەبێتو بڵاونەکردنەوەی هەندێ هەواڵو شاردنەوەیان لەخەڵك چی زیانێكو چی مەترسیەکی لێ ئەکەوێتەوە؟ هەر لەبەر ئەمەیە لەو حاڵەتانەدا کە بەرژەوەندی یە جیاجیاکان باسیان لێوە ئەکرێ ، پێویستە لە بڵاوبوونەوەی

هەواڵەکاندا وریایی پیشان بدریٚ. بەلاّم نابیٚ لەم زەمەنەدا زیادەڕۆی بکریٚت، چونکە هەندیٚ جار بلاّونەبوونەوەی هەواڵێك ئاسەواری ناپەسەندی لیٚ ئەکەویٚتەوە.

**٣-فشاری کۆمەلاّیەتی، سیاسی، ئابوریو پیشەیی:**

هەندیٚ جار هەلو مەرجی تایبەتی کۆمەلاّیەتیو بارودۆخی ژیان جۆریٚکە کە خوێنەران کاتیٚك هەواڵیٚك ئەخوێننەوە بیٚزار ئەبن هەر بۆیە رۆژنامەنووسەکان ناچارن ئەو هەوالاّنە بلاّونەکەنەوە.بۆ نمونەئەو بابەتانەی کە لەولاّتیٚکی پیشەسازیدا بلاّو ئەکریٚنەوە لەوانەیە بۆ ولاّتیٚکی دواکەوتوو کەبارودۆخی میٚژوویيو ئاینيو دابو نەریتیٚکی تایبەتی هەیە، نەشیٚن. هەربۆیە بلاّوکردنەوەیان زیان بەخش ئەبیٚت. زۆر مەسەلەی کۆمەلاّیەتی وەك پەیوەندی لاوان، دابو نەریتی کۆمەلاّیەتی تایبەت، بیرو بڕوای ئاینی لەم بارەوە حەساسیەتیٚکی زۆریان هەیە، هەر بۆیە لەکاتی بلاّوکردنەوەیاندا ئەبیٚ بەئاگابین. هەندیٚ جار بيٚئەوەی یاسایەك یان بڕیاریٚك لەبارەی بلاّونەکردنەوەی هەواڵ لەلایەن حکومەتەوە دەرچیٚ، رۆژنامەکان ئەکەونە ژیٚر فشاری ریٚکخراوە دەوڵەتی یان کەسایەتیە پایەدارەکانی دەوڵەتەوە ناچار ئەکریٚن هەندیٚ هەواڵ بلاّونەکەنەوەو یان کەمتر بایەخی پیٚ بدەنو یاخود هەندیٚ بابەت لەسەر داخوازی ئەوان بلاّوبکەنەوە.

گومان لەوەدا نیە لەم حالّەتانەدا، رۆژنامەنووس ئەبیٚ بەپیٚی ئەو ئەرکە کۆمەلاّیەتیەی کەلەسەر شانیەتی، بڕیاری خۆی بدات.

ئەو فشارانەی کە رۆژنامەنووس لەلایەن خزمو دۆستو هاوکارو لیٚپرسراوەکانی خۆیەوە ئەخریٚتە سەريو داوای بلاّوکردنەوە یان بلاّونەکردنەوەی هەندیٚ هەواڵو بابەتی لیٚ ئەکەن، خۆی بۆ خۆی کۆمەلّیٚ گیروگرفتی زۆری بۆ دروست ئەکات. گرنگترین جۆری فشار، ئەو فشارانەن کە لەرێگەی دامو دەزگا ئابوريیە گەورەکانەوە ئەخریٚنە سەریان. هەروەها فشاری خاوەن ئاگاداریەکان کاریگەری زۆری لیٚ ئەکەویٚتەوە. روو بەڕووبونەوە لەگەلّ ئەم فشارانەدا زۆر گرانە، چونکە ئەگەر رۆژنامەکان بەپیٚی ویستی خاوەن ئاگاداریيەکان هەندیٚ هەواڵ بلاّونەکەنەوە یان بلاّوبکەنەوە، ئەوا خاوەن ئاگاداریەکان چیتر ئاگاداریەکانیان بۆ ئەم رۆژنامانە نانیٚرنو بەمەش گەورەترین زیانی ئابوری لە رۆژنامەکانیان ئەدەن.

**٤- کەمی کاتو شویٚن**

کەمی شویٚن لە رۆژنامەکانو دیاری کردنی ستوونو لاپەڕەکانو کاتی دیاری کراوی پەخشی رادیۆو تەلەفیزیۆنەکان، گرنگترین گرفتی بلاّونەبونەوەی هەواڵەکانن. ئەم کەمی کاتو شویٚنەش لە هەلّبژاردنی هەواڵەکاندا رۆلّیٚکی کاریگەریان هەیە.

وەك وتمان راگەیاندنەکان رۆژانە سەدان هەواڵی هەمە جۆریان لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە پیٚدەگات، ئەگەر بیانەویٚ هەمووی بلاّوبکەنەوە چەندین لاپەڕەو سەعاتی ئەویٚ، ئەمە جگە لەوەی رۆژنامەکان شویٚنی زۆریان نيیەو کاتی ڕادیۆو تەلەفیزیۆنەکانیش دیاری کراون. هەر بۆیە

ڕاگەیاندنەکان لەنێوان ئەو هەموو هەواڵانەداتەنها ئەوانەی کە پێویستن، هەڵ ئەبژێرن و پاشان بەلەبەر چاوگرتنی گرنگی هەریەکەیان لە( سەرەوە، ناوەڕاست یان خوارەوە)ی لاپەڕەکەدا چاپی ئەکەن....

کات و شوێن بۆ ئاژانسەکانی دەنگ و باسیش گرنگی خۆیان هەیە، چونکە لە تۆڕێکی هەواڵی تایبەتیدا لەسەر شەپۆلێکی دیاری کراوو لەیەك کاتدا هەواڵ بۆ ئەمریکا، ئۆروپا، ئافریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی دور، ئەنێرن وتەنیا لەتواناشیاندا هەیە ژمارەیەکی دیاری کراویان پەخش بکەنەوە.

ئاژانسی ئاسۆشیەیتد پرێس ڕۆژانە لە ٧٥٠٠هاوکاری خۆی لەسەرانسەری دونیادا زیاتر لە ٥ ملیۆن وشە وەرئەگرێ و تەنیا ١٠٠ هەزار وشە یان لێ بڵاو ئەکاتەوە. بەم جۆرە ناچارن ٨٠٪ هەواڵە هاتووەکان بخەنەلاوە.

لەکاتی دیار کردنی شوێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ڕۆژنامەکاندا، ئەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین کەوا ژمارەی لاپەڕەکان دیاری کراون، ئەو شوێنە دیاری کراوانەش بەشێکی زۆریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکان دیاری کراون. بەم جۆرە بڵاوبونەوەی هەواڵ ڕووبەڕووی داشکاندن دێت و ڕۆژنامە نووسەکانیش ناچارن لەنێوان ئەو هەموو هەواڵەی کەدێتە بەردەستیان بەگوێرەی ئەو شوێنانەی کەماونەتەوە، بابەت هەڵبژێرن. لێرەدا بەناچاری هەندێ لە هەواڵەکان کورت ئەکەنەوە هەندێکی تریان بەتەواوی لائەدەن. ڕۆژنامەی (( نیویورك تایمز))ی ئەمریکی کەباشترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دونیایە هەر ڕۆژێك ٢٠٠ هەزار وشەی هەواڵ لەلاپەڕە جیاجیاکانیدا بڵاو ئەکاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار وشەی لەئاژانسەکان و پەیامنێرەکانی خۆیەوە بۆدێت، بۆیە ناچارە لەبەر نەبوونی شوێن ٣٠٠ هەزار وشە بەلاوەنێ. ئەبێ بزانین لە قۆناغی هەڵبژاردنی هەواڵدا مەسەلەی گرنگ ئەوە نی یە کە چۆن بڕیار لەسەر بڵاوبونەوە یان بڵاونەبونەوەی هەواڵێك ئەدرێ، بەڵکو گرنگترین مەسەلە ئەوەیە کەبتوانرێ ڕێژەی گرنگی ئەو هەواڵە دیاری بکرێت وبەو پێیەش لەلاپەڕەکاندا شوێنی بۆ دابین بکرێ. چونکە لەهەر ڕۆژنامەیەکدا تەنیا لاپەڕەی یەکەم هەیەکە هەواڵە گرنگەکانی تێدا دابنرێ. بۆیە ئەو هەواڵەی کە لەلاپەڕەی یەکەمدا بڵاوئەکرێتەوە بە گرنگترین هەواڵی ڕۆژ دائەنرێ و هەواڵەکانی تر لەبەر ئەوەی لەوێدا جێگایان نابێتەوە ئەبنە هەواڵی پلە دوو لەبەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنەکانیش دا هەروایە، چونکە ئەو هەواڵانەی کەلەسەرەتای هەواڵەکاندا ئەخوێنرێنەوە بەگرنگترین هەواڵ دێنە ژماردن و ئەو هەواڵانەی کەلەدوای ئەوەوە دێن گرنگی یەکەیان کەمترە. هەر بۆیە ئەگەر کۆمەڵێ پێوانە نەبن بۆ دیاری کردنی هەواڵی گرنگ، مەسەلەی هەڵبژاردن و پێشخستن و دواخستنی هەواڵەکان هیچ کات بە شێوەیەکی باش چارەسەر ناکرێت.

# چاوپێکەوتن( Interview )

چاوپێکەوتن جۆرێکە لە هەواڵگیری راستەوخۆ کە بەهۆیەوە بیروڕای کەسایەتیە گرنگەکانی کۆمەڵگا، یان ئەندێشەی خەڵکی کوچەو بازاڕ لەبارەی بابەتە جیاجیاکانی رۆژەوە دەست ئەکەوێ.

لەزمانی کوردیدا گەلێ جار ( دیمانە، دیدار، وتوویژ، هەڤ پەیڤین...) ی پێ ئەوترێ و رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان هەرجارەی یەکێك لەو زاراوانەی بۆ بەکاردێنن. هەندێ جار چاوپێکەوتنەکە بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری تایبەت ئەکرێ کە لەکەسی بەرامبەرە، پەیامنێر لەرێی پەیوەندی کردن بەو کەسەوە زانیاریەکان ئەخاتە بەردەستی خەڵك.

خوێنەران، بیسەران و بینەرانی T.V لە رێگەی پەیامنێرەکانەوە لە بیروبۆچون و زانیاری و تایبەتمەندیەکانی کەسایەتیەکان ئاگادار ئەبنەوە.

ئەرکی رۆژنامەنووس ئەوەیە قارەمانی سەرەکی هەواڵێك یان رووداوێك بدۆزێتەوەو گەلێك پرسیاری لێ بکات، وەڵامەکانی بنووسێتەوەو لەگەڵ کۆمەڵێ زانیاری لەسەر کەسایەتیەکەو ئەگەریش کرا چەند وێنەیەك بخاتە پێش چاوی ئارەزوومەندان. لەراستیدا ئەو کەسەی کەدیدارەکە ساز ئەدا، لەنوێنەرایەتی ئەو خەڵکانەوە پرسیارەکان ئاڕاستە ئەکات، کەناتوانن راستەوخۆ چاویان بەو کەسە بکەوێ.بۆیە ئەو رۆژنامەنووسە ئەبێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکات کەخوێنەران حەز لەزانینی ئەکەن. چاوپێکەوتن گرنگترین رێگەی دەست کەوتنی هەواڵە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان ئەم رێگە ئەگرنە بەر (( ئەمیل لودویك))ی ناودار ئەڵێ (( سەرنج راکێش ترین و خۆشترین جۆری هەواڵە)).

هەندێك لایان وایە چاوپێکەوتن تەنیا تۆمار کردن و پەخشی وتووێژێکی ئاساییەو هەموو کەسێك ئەتوانێ پەیوەندی بە کەسێکەوە بکات و بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی کە رۆژنامەنووسەکە پێی گەیشتووە. جگە لەوەی کە چاوپێکەوتنی راستەوخۆی کەسایەتیەکە بۆ خەڵکی ئاسایی ئاسان نییە، سازدەری چاوپێکەوتنەکە ئەبێ تایبەتمەندی دیارو شارەزایی پیشەیی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی بەنرخ و سەرکەوتووی لە چاوپێکەوتنەکە دەست کەوێ.

## ١- بۆ چاوپێکەوتن ئەکەین؟

چاوپێکەوتن هەم لە رۆژنامەنووسیدا و هەم لەزانستی کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتیدا سودی لێ وەرئەگیرێ، بۆیە خراپ نییە سودی ئەم جۆرە پەیوەندییە راستەوخۆیانە بزانین و وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە کەبۆ چاوپێکەوتن ئەکەین؟

جی. دەبلیو. ئالپۆرت نووسەری ئەمریکی بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەداتەوە (( ئەگەر نەزانین خەڵك چۆن هەست ئەکەن، ئەزموونەکانیان چییە، بیر لەچی ئەکەنەوە سۆزو ئارەزوەکانیان چۆنە، هۆکاری کردەوەکانیان چییە؟ بۆچی لەخۆیان نەپرسین؟))

کەواتە ئەگەر بمانەوێ ئاگامان لە تێڕوانین و شارەزایی و هەست و نەست و خواست و ئارەزوو و پلانەکانی ئایندەی، خەڵکانی تر بێت. یان بمانەوێ هۆکاری کارەکانیان بزانین، باشترین و کورت ترین ڕێگا ئەنجام دانی گفتوگۆی راستەوخۆیە.

ئەو چاوپێکەتنانە نەك هەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تێڕوانینی خەڵکی گرنگن بگرە لەم ڕێگەوە بیروڕای ئەو کەسەمان لەسەر دەوڵەت و حزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی‌یەکانی تریش بۆ دەرئەکەوێ.

## ٢- هەڵسەنگاندنی چاوپێکەوتن:

زۆر جار چاوپێکەوتن بۆ ئەوە ئەکرێ تاکو بیروڕاو شارەزایی کەسێکی دیاری کراو لەسەر بابەتێك بزانین. بۆ نموونە ئەتوانین بە ئەنجام دانی چاوپێکەوتنێك بیروڕای کەسێکی سیاسی لەسەر بابەتێکی سیاسی یان بیروڕای خەڵك لەسەر بڕیارێکی دەوڵەت، بزانین.

ئەو کەسەی دیمانەکە ساز ئەدا لەبەر ئەوەی خۆی ڕووداوەکە یان بابەتی باسەکەی نەبینیوە، ناتوانێ راستی قسەکانی بەرامبەرەکەی پشت ڕاست کاتەوە، لەوانەیە کەسی بەرامبەر لەبەر هەندێ هۆی وەك: بەرژەوەندی تایبەت، نیاز پیسی، حەزی درۆکردن، فشەکردن و ترس، ڕاستیەکان نەدرکێنێ، بەلام بەو حاڵەشەوە جگە لەچاوپێکەوتن هیچ ڕێگەیەکی تر نی‌یە تاکو بیروڕاو زانیاری‌یەکانی ئەو خەڵکە بزانین.

هەندێ ڕێگەی زانستی هەن کە ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ لەڕێگەیانەوە قسەکانی بەرامبەری هەڵسەنگێنێ، بەلام لەبەر کەمی کات کارێکی عەمەلی نی‌یە. کەچی ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ لەڕێگەی گەڕان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتیەکانی کەسی بەرامبەر تا حەدێك لەراستی و ناڕاستی قسەکانی ئەو دڵنیا بێتەوە، بۆ نموونە هەر کاتێك بەڵگەیەك هاتە دەست ئەوە پیشان بدات کەکەسی بەرامبەر ئەم چاوپێکەوتنە ئەکاتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕێزو حورمەت خۆ شیرین کردن و سەرگەرم کردنی خەڵکی پێ وەدەست بێنێ، ئەبێ گومان لەقسەو باسەکانی بکرێ.

بەکورتی ئەگەر بارودۆخەکە ئەوە پیشان بدات کەلایەنی بەرامبەری گفت‌وگۆکە کەوتوەتە ژێر کۆمەڵێ فشاری ڕۆحی و شەخسی یان کۆمەلایەتیەوە، یان بەرژەوەندی شەخسی لەدیدارەکەدا هەیە، ئەبێ هەوڵ بدرێت بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەبابەتی دیدارەکە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی تردا بکرێت بۆ ئەوەی بابەتەکە دەوڵەمەند بکرێت و بیسەرو بینەرو خوێنەرەکانیش بکێشرێنە ناو بابەتەکەوەو راستی و بەهای قسەکانی کابرای بەرامبەر دەربخات.

## ٣- گرنگی چاوپێکەوتن لەنێو جۆرەکانی هەواڵدا:

چاوپێکەوتن لەزۆر ڕووەوە بۆ ئەو کەسانەی کەسود لەراگەیاندنەکان وەرئەگرن بەنیسبەت ڕۆژنامەوە گرنگە:

یەکەم/ قسەکانی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، چیرۆکی هەواڵەکە زیندوو ترو سەرنج ڕاکێش تر ئەکات. وەك ئەوە دێتە بەرچاو کەئەو کەسە وەڵامی پرسیاری یەك بەیەکی خوێنەران بداتەوەو وتووێژی ڕاستەوخۆیان لەگەڵدابکات.

باس کردنی شوێنی چاوپێکەوتنەکەو دۆخی دەروونی شەخسی بەرامبەرەکە، هەستێکی وا لای خوێنەرەکان دروست ئەکات وەك ئەوە وایە کە خۆیان لەوێن. بەڵام لە(T.V) دا ئەم مەسەلەیە جیایەو بینەران هەردوولای هەڤ پەیڤینەکە ئەبینن. هەر بۆیە هەوڵ ئەدرێ چاوپێکەوتنەکە لەشوێنی کار یان ماڵی ئەو کەسەدا ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی بینەران شوێنی دیدارەکە ببینن.

دووهەم/ ئەو ڕووداو و باس‌و ڕونکردنەوەو بیرو ڕایانەی کەلەلایەن کەسێکی ناسراوەوە لە ڕێگەی دیدارەکەوە ئەخرێنە ڕوو، لەنووسینی کەسێکی نەناسراودا زیاتر کار ئەکەنە سەر خوێنەران‌و بیسەران.

دۆزینەوەکان، داهێنانەکان، ڕێبازە تازەکانی زانست‌و هونەر، بەرنامە تازەکان، ئەو درامایانەی کەهێنراونەتە بەرهەم‌و هەموو ئەو هەنگاوانەی کەسەرکەوتنیان بەدەست هێناوە یان بەجۆرێك لەکۆمەڵدا باسیان لێوە ئەکرێ، ئەگەر لەزمانی خودی ئەو کەسانەی کەتێیدا بەشداربوون باس بکرێت زۆر سەرنج ڕاکێش ترو خۆشتر ئەبێ.

سێیەم/ لە هەموو حاڵەتەکاندا چاوپێکەوتن بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەر گرنگ و بەسود و کاریگەرە. جا ئەو چاوپێکەوتنە چی بۆ ئاگادار کردنەوە بێت لەسەر بابەتێکی دیاری کراون یان بۆ فراوانکردنی زانیاری بێت لەسەر ئەو بابەتە و یاخود بۆ ناساندنی کەسێك و یان بۆ سەرگەرم کردن... گرنگ ئەوەیە سود بەخش بێت.

هەر لەبەر ئەمەشە دیدار و چاوپێکەوتن هەمیشە لەلایەن خەڵکەوە خواستی لەسەرەو نابێ بە هیچ جۆرێك ڕۆژنامەنووسەکان لەباشییەکانی غافڵ بن و نابێ ئەو هەلانەی کە بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتنێك دەرەخسێت، لەدەستی خۆیانی دەربکەن.

تەکنیکی چاوپێکەوتن

مەبەست لە تەکنیکی چاوپێکەوتن، ئەو ڕێگایانەیە کە بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتنێك ئەگیرێنە بەر. لە قۆناغی یەکەم دا دیاری کردنی کەسی بەرامبەر و پاشان ئەنجام دانی گفتوگۆکەو لە قۆناغی دووهەم دا چاوپێخشانەوەو بڵاوکردنەوەی دیدارەکە.

تەکنیکی چاوپێکەوتن بە گوێرەی هەل و مەرجی جیای ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا ساز ئەدرێ، ئەگۆڕێ. ئەو وتووێژەی کەلەگەڵ کەسێکدا ئەکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ ڕووداوێك جیایە لەو دیدارەی کەبەمەبەستی وەرگرتنی بیروڕاکەی ئەکرێت، وتووێژکردن لەگەڵ کەسێکی ئاساییی کۆمەڵ جیایە لەگەڵ وتووێژکردن لەگەڵ زانایەك.

هەندێ دیدار هەن  کاتێکی زۆریان ئەوێ، بەڵام دیداری وا هەیە پێویستە زۆر بەخێرایی ئەنجام بدرێ. هەر بۆیە دیدارەکان جیاوازن. چاوپێکەوتن لەگەڵ برینداڕێکی شەڕ کە لەسەرەمەرگدایە جیایە لەگەڵ پاڵەوانێکی سەرکەوتووی شەڕ، کە ئامادەیە بە سەعات لە بارەی ئازایەتی خۆی قسەت بۆ بکات.

کەواتە پلە و پایەی کەسایەتیەکان و مەسەلە جیاجیاکانی تر تا حەدێکی زۆر ئەتوانن شێوەو شێواز و هەلومەرجی چاوپێکەوتنەکان دیاری بکەن. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا سەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسەکە بەندە بە دوو شتی سەرەکیەوە: یەکەم: چاوپێکەوتنەکە پێشتر نەخشەی بۆ دارێژرابێت. دووەم: گفتوگۆکە بە شێوەیەکی جوان و شایستە بەڕێوە بچێت.

چاوپێکەوتنەکە ئەگەر لەگەڵ کەسێکی سادەی پیشەوەردا بوو ئەوا تەکنیکی دیدارەکەش  سادە و ئاسان ئەبێ، چونکە پرسیارەکان سادەو ئاسانن و کاردانەوەی بەرامبەرەکە سادەو ئاشکرایە. بەڵام ئەبێ ئاگامان لەو بێت، ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای خەڵکەکە بێت، ئەبێ ئەو کەسانە دەربڕی ڕای گشتی خەڵك یان گروپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی بن.

## ١-   ئامادەکردنی چاوپێکەوتن:

بەم قۆناغانەی خوارەوە چاوپێکەوتن ئامادە ئەکرێت: وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن. دیاری کردنی بابەت. ئامادەکردنی پرسیارەکان. چاوپێخشانەوەی بابەتەکە. ڕێکخستنی پرسیارەکان، ڕاشکاویی پرسیارەکان. ناسینی لایەنی بەرامبەری وتووێژەکە.

- I وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن: هەر کاتێك ڕۆژنامەنووسێك بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی دۆزیەوەو پێویستی کرد چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی گرنگی ناوخۆیی یان نێو دەوڵەتی دا بکات و زانیاری زیاتری لەسەر کۆبکاتەوە، هەنگاوی یەکەم ئەبێ بیر لەدانانی وادەیەك بکاتەوە. هەرچەندە زۆربەی کەسایەتیەکان حەز ئەکەن لەگەڵ  ڕاگەیاندنەکاندا چاوپێکەوتن ساز بکەن، کەچی هەندێکی تر هەن بە ئاسانی نایەنە سەرهێڵ و لەبەر هۆکاری جیاجیا خۆیان ئەدزنەوە. بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەبێ وای دابنێین کە بەرامبەرەکە بەو چاوپێکەوتنە ڕازی نیەو پێویستە هەوڵ بدرێ قەناعەتی پێ بهێنرێت. ئاساییە وادە وەرگرتن بۆ چاوپێکەوتن بە  قسەی خۆش و وشەی شیرین نەبێ سەر ناگرێ، ڕۆژنامەنووس ئەبێ بە زمانێکی خۆش و شیرین و کۆمەڵە وشەیەکی شایستە و  گونجاو پرسیارەکانی بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی وەڵامی پۆزەتیڤ وەربگرێتەوە.

بۆ نمونە ئەگەر لەکاتی داخوازی دیدارەکەدا بوترێ: ((ئایا حەز ناکەیت لەبارەی .. وەڵامی پرسیارەکانی من بدەیتەوە؟)) لەبەرئەوەی پرسیارەکە بەنێگەتیڤ دەستی پێکردوە، حەتمەن وەڵامێکی نێگەتیڤ ئەدرێتەوە.

پرسیارەکە ئەبێت بە جۆرێك بکرێت لایەنی بەرامبەر بیەوێ یان نەیەوێ وەڵامی پۆزەتیڤی بداتەوە. بۆ نمونە ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ بەم شێوەیە داوای دیدارەکە بکات:

((سەڵاو! من پەیامنێری .. خوێنەرانی ئێمە زۆر حەز ئەکەن بیروڕای جەنابتان لەسەر.. بزانن. داواکارم خۆتان کاتێکمان بۆ دیاری بکەن تاکو بێینە خزمەتتان و دیدارێکتان لەگەڵدا ساز بکەین.))

هەرچەندە شێوازی قسەی ڕۆژنامەنووسەکە بە ئەدەبانەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا فەرمانیشەو هیچ بوارێك بۆ بەرامبەرەکە ناهێڵێتەوە تاکو خۆی بدزێتەوە لە دیدارەکە. دوای تەواو بوونی ئەو قسانە ئەبێ پەیامنێرەکە بە جۆرێك خواحافیزی لە کابرا بکات وای لێبکات بەشەوقەوە چاوەڕێی ڕۆژی دیدارەکە بێت و ڕێ و شوێنی دیدارەکە زیاتر ئامادەکات.

- II دیاری کردنی بابەت: پێویستە بەباشی بابەتی دیدارەکە بناسرێت. ڕۆژنامەنووس ئەبێ بزانێ دوای چی بابەتێك کەوتووەو چی لەلایەنی بەرامبەرەکەی چاوەڕوان ئەکات. ئەگەر سازدەری چاوپێکەوتن پێش وەخت نەزانێ‌مەبەستی چی‌یە بە نائاگایی و ناشارەزایی بچێتە بەردەم بەرامبەرەکەی، بەهیچ جۆرێك لە کارەکەی دا سەرکەتوو نابێ و ئەو زانیاریانەی کەبەدەستی دەهێنێ کەم بایەخ و بێ مانا دەرئەچن.
- IIIئامادەکردنی پرسیارەکان: بۆ ئەوەی بابەتی چاوپێکەوتنەکە بە تەواوی ئاشکرا بێت، وا باشترە پەیامنێرەکە پێشتر پرسیارەکانی ئامادە کردبێ. هەڵبەت هەندێ پرسیاری تر لەکاتی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا سەر هەڵ ئەدەن کە پێشتر دانەنراون. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم جۆرە پرسیارە کاتیانە کەم ببنەوە، پێویستە ڕۆژنامەنووس لای خۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بە پۆزەتیف و نیگەتیف بداتەوەو لەناو وەڵامەکانی خۆی‌دا بۆ پرسیاری نوێ بگەڕێ.
- IVڕاشکاویی پرسیارەکان: پرسیارەکانی پەیامنێر ئەبێ ئاشکراو ڕاشکاو بن، ئەگەر پرسیارەکان شاراوەو ناڕەساو تاریك بن، بەرامبەرەکەش وەڵامی شاراوەو ناڕەساو تاریك ئەداتەوە. هەر چەندە پرسیارەکان سادە و ڕەوان بن، توانای هەڵهاتن لە وەڵامدانەوەی ڕاشکاودژوار ئەبێت و بەرامبەرەکە ناچارە وەڵامی تەواویان بداتەوە.
- V خوێندنەوەی پێشووی بابەتەکە: ڕۆژنامەنووس ئەبێ پێشتر لەو بابەتەی کەئەیەوێ چاوپێکەوتنی لەسەر بکات بکۆڵرێتەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەگەر لەسەر ڕووداو یان کردارێك بێت کەلەلایەن بەرامبەر زانیاری تەواوی لەسەری هەبێ زۆر سادە و ئاسان ئەب، تەنتیا ئەوە بەسە کە لە فایلی ڕووداوەکە بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی زانیاری سەرەتایی دەست بکەوێ. بەڵام ئەگەر بابەتی چاوپێکەوتنەکە ئەوە بێت کە بیروڕای کەسێك لەسەر ڕووداوێك بزانرێت، ئەو کاتە کاری لێکۆڵینەوەکە دژوار ئەبێت. لێرەدا جگە لەسەیرکردنی پێشینەی مەسەلەکە لە ڕۆژنامەو بەڵگەنامەو ئەرشیفەکان، ئەبێ بیروڕای کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەسەر هەمان

بابەت وەربگیرێت بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکە بە شێوەیەکی شایستە بەڕێوە بچێت. هەر کاتێك چاوپێکەوتنەکە بە لێکۆڵینەوەیەکی پێشتر ئەنجام بدرێت، کەسی بەرامبەر هەست ئەکات سازدەرەکە کەسێکی شارەزایەو بگرە لەهەندێك لە زەمینەکاندا شارەزایی لە خودی خۆی زیاترە. لم حاڵەتەدا ئەو زیاتر حەزی لە قسەکردن ئەبێ و ئەو شتانەی کە ئامادە نی‌یە لە ساتە ئاساییەکاندا و بۆ ڕۆژنامەنووسە سادەکان بیڵێ، بۆ ئەوی هەڵ ئەڕێژێ. ئەو ڕۆژنامەنووسەی کەبە لێکۆڵینەوەیەکی پێشترەوە ئەچێت بۆ چاوپێکەوتن، وەك دادوەرێکی شارەزایە کە تاوانبارێك دادگایی ئەکات. ئەو پێشینەی هەموو مەسەلەکە ئەزانێ و هەموو ڕێگاکانی هەڵهاتن لەبەردەم تاوانبار دائەخات. ئەبێ تاوانبارەکە و پارێزەرەکەی بەناچاری هەموو تواناو شارەزایی و زانیاری‌یەکانیان بخەنە گەڕ تاکو خۆیان لەدەستی بەڵگەو زانیاری‌یەکانی دادوەرەکە ڕزگار بکەن. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە ڕۆژنامەنووسەکە بەدوای دا ئەگەڕێ.

- VI ڕێکخستنی پرسیارەکان: سازدەری چاوپێکەوتنەکە ئەبێ پرسیارەکانی بە شێوەیەکی مەنتقی ڕێك بخات، واتە بەپێی ئامانجە شەخسی‌یەکانی خۆی پرسیارەکان ڕێك بخات کە هەر کۆمەڵە پرسیارێك لایەنی بەرامبەرەکە بۆ لای ئەو ئامانجە ڕاکێشێ. ئەبێ ڕێکخستنی پرسیارەکان بەلەبەر چاوگرتنی ئەو وەڵامانە بێت کەلەوانەیە بدرێنەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نی‌یە کە نەتوانرێ لەکاتی زەمینە خۆش بوون بۆ پرسیاری نوێ ئەو پرسیارە نوێیانە نەخرێنە ڕیزی پرسیارەکانەوە.
- VII کەسایەتی لایەنی بەرامبەری چاوپێکەوتنەکە: بۆ هەر گفتوگۆیەك جگە لە ناسینی وردو درشتی بابەتی چاوپێکەوتنەکە، پێویستە لایەنی بەرامبەری گفتوگۆکە زۆر بەباشی بناسرێت. ناسینی کەسی بەرامبەر یارمەتیەکی زۆری قۆناغەکانی گفتوگۆکە ئەدات. ناسینی بەرامبەر و شارەزایی لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەتوانێ چاوپێکەوتنەکە بە ڕێگەیەکی گونجاودا ببات.

ئەو زانیاریانەی کە پێویستە لەسەر بەرامبەرەکە بزانرێت بریتین لە ناوی تەواوی، ناوبانگ، کاری ئێستاو پێشووی، خواست و داخوازی‌یەکانی، ورەو ڕەوشتی. بەتایبەتی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کەلەکاتی وتووێژەکاندا ئەتوانرێ بۆ بەقسە هێنانی بەکاربێن. ئەگەر (کەسایەتی بەرامبەر). خاوەنی لێکۆڵینەوەو بەرهەم بێت ئەکرێ ئەو بەرهەم و لێکۆڵینەوانە بناسرێت و بخرێتە ڕوو و پێشتریش بخوێنرێنەوە. ئەگەریش هەڵگری بیروڕای تایبەت بێت ڕۆژنامەنووسەکە ئەبێ زانیاری لەسەر ئەو بیروڕایانە وەرگرێ. خۆ ئەگەر هاتوو بەرامبەرەکە سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ خزمەتکردنی شار یان وڵاتەکەی و یان بۆ جیهان پێویستە زانیاری لەسەر ئەو خزمەتانە دەست کەوێ.

به شێوەیەکی گشتی  چاوپێکەوتنی گەورە ئەو چاوپێکەوتنەکەیە سازدەرەکەی لەهەموو لایەکی ئەو چاوپێکەوتنە شارەزا بێت و بابەت و کەسایەتی بەرامبەرەکە و جۆری پرسیارەکان و پێشبینی وەڵامەکان و تەنانەت بابەتە لاوەکی و بچوکەکانیش بەکەم نەگرێ و ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی ئاسان لەسەر ئەم مەسەلەیە بهێنینەوە  ئەتوانین ئەو فەرماندە سەربازیيانە بهێنینە پێش چاوی خۆمان کە پێش دەست کردن بە شەڕەکە شوێن و دۆخی دوژمن و هێز و تواناکانی شوێنی شەڕەکە بەتەواوی دیاری ئەکەن، ئەنجا بەلەبەر چاوگرتنی ئەو هۆکارانە دەست بەهێرش کردن یان بەرگری کردن ئەکەن. چەندە خۆ ئامادەکردن و زانیاری یەکان وردتر بن، سەرکەوتن مسۆگەر تر ئەبێ.

## ٢-بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتن:

سازدەری چاوپێکەوتنەکە پاش خۆ ئامادەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری‌یە سەرەتاییەکان، بە خەیاڵی ڕاحەت دەست ئەکا بەجێ بەجێ کردنی قۆناغی  سەرەکی و بنچینەیی  چالاکیەکەی خۆی کە وتووێژکردنە لەگەڵ کەسە دیاری کراوەکە.

بەڵام بەڕێوەبردنی گفتوگۆ کە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو هەنگاوانەیە کە پێشتر بۆ ئەم دیدارە نراون. بەتایبەت لەم قۆناغەدا ئەبێ هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکە لەبەرچاو بگیرێ بۆ کاردانەوە چاوەڕوان کراوەکانی چارەسەری گونجاو بدۆزرێتەوە.

لەبەرئەوەی هەرکەسێك خودی تایبەتی خودی هەیە، بۆیە ناتوانین هەڵسوکەوت و کاردانەوەی هەموو کەسەکان لەبەرامبەر ڕووداوە جیاجیاکاندا، پێش بینی بکەین. لەهەمانکاتدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرکەسێکدا –خاوەنی هەر خووڕەوشتێك بێت – کۆمەڵە ڕێگەیەك هەیە و ئەمەش پەیوەندی بە زیرەکی و شارەزایی سازدەری چاوپێکەوتنەکەوە هەیە کە بتوانێ لە بەرامبەر هەر کەسێکدا هەڵسوکەوتێکی گونجاو بکات  یان ڕێگەیەکی گونجاو تر بۆ دیدارەکەی هەڵبژێرێ.

- I دەستپێکردنی ناڕاستەوخۆ: وا پێویست ئەکات زۆربەی دیدارەکان ڕاستەوخۆ  دەست پێ نەکەن. واتە سازدەری دیدارەکە پێش خستنە ڕووی پرسیارەکانی، باس  لە هەندێ بابەتی پەسەندی ڕۆژانە ئەکات، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرامبەرەکەی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

لەوانەیە گفتوگۆکە بەهەندێ قسەو باسی گەرم و دۆستانە دەست پێ بکات، بە جۆرێك هەر لەسەرەتاوە ئەو قسانە  پەیوەندی‌یەکی باش لە نێوان هەردوولا دروست بکات و بەرامبەرەکە بۆ هەڤ پەیڤینێکی بەسوود ئامادەبکات. ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە  کەسێکی قسە خۆش و ڕووخۆش بێت، هەرلەسەرەتاوە بە نوکتەیەك یان باسێکی خۆش ئەتوانێ  پەردەی نێوان هەردوولا هەڵگرێ. بۆ نزیك کەوتنەوەو لادانی پەردەی نامۆیی نێوان هەردوولاو، سازدەری دیادرەکە ئەتوانێ باس  لە خزمەتگوزاری‌ی زۆرەکانی بەرامبەرەکەی بکات. بەرهەم و نووسینەکانی یان ئەو کارانەی

کەئەنجامی داون، بابەتێکی باشە بۆ کردنەوەی دەرگای باس و خواس لە نێوان هەردوولا ڕاکێشانی سەرنجی کەسی بەرامبەر.
هەروەها لەوانەیە کەسی بەرامبەر خۆشەویستی و حەزی بۆ هەندێ کەس و شت هەبێ بێ گومان قسەکردن لەسەر ئەم شەخس و بابەتانە (هاوسەر و منداڵ یان وەرزش و هونەر) کابرا ئەخاتە حاڵەتێکی خۆش و کرانەوەوە، ئەمەش بۆ دەسپێکی چاوپێکەوتن زۆر گونجاوە.
II.هەبوونی تاکتیك TAGT: ڕۆژنامەنووس هەر لە دەستپێکی دیدارەکە تا ئەگاتە کۆتایی، ئەبێ تاکتیکی هەبێ. واتە خاوەنی هۆشیاری و زیرەکی‌یەکی وابێ بتوانێ لەگەڵ کات و شوێن و شەخسەکەی بەرامبەر، کۆمەڵە بابەتێك بێنێتە ئاراوە کەبەر دڵی بگرێت و ئارام و ساردی کاتەوە.
قسەیەکی نابەجێ لەوانەیە هەموو ریسی ڕۆژنامەنووسەکە بکاتەوە بە خوری و ئەو زەحمەت و هەوڵانەی کە بۆ ڕێکخستی دیدارەکە و چاوپێکەوتنی کابرا داویەتی، بەفیڕۆ بچێ. تاکتیك توانایەکی شەخسی‌یەو هەندێ کەس هەیانەو هەندێکیش بێ بەشن لێی. بەڵام ڕەچاوکردنی ئەو مەسەلانەی کەلێرەدا خراونەتە ڕوو لەگەڵ ئەزموون وەرگرتن لە چاوپێکەوتنی کەساندا ئەم توانایە پەرە پێ ئەدا.
ناسینی کەسی بەرامبەری دیدارەکە و نرخی کات دوو هۆکاری گرنگن، نابێ لەکاتی چاوپێکەوتن دا لەبەرچاو نەگیرێن، بۆ نمونە رۆژنامەنوسێك کە پێشتر بەرامبەرەکەی نەدیوە ناتوانێ بە ئەحواڵ پرسی لەماڵ و منداڵەکەی دەست پێ بکات. بەرامبەرەکەشی نەناسراو بێت، بەڵام ئەگەر حەزی لە شاخەوانی یان ڕاوشکار کردن، ئەو کات لە نێوان هەردوولا ئارەزووی هاوبەش دروست ئەبێ..
لەلایەکی ترەوە، رۆژنامەنووس ئەبێ نرخی کات بزانێ، بۆ نمونە ئەگەر لەو کاتەدا سەردانی وەزیرێك یان بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بکات کەسەرقاڵەو کاتێکی دیاری کراوی بۆ چاوپێکەتنەکە دیاری کردووە، نابێ کاتەکە بەقسەی خۆش و بێ سود بەسەر بەرێ، چونکە لەوانەیە ئەم کات بەسەربردنە وەزیرەکە یان بەڕێوەبەرەکە بێزار کات و نەهێڵێ ڕۆژنامە نووسەکە پرسیارە سەرەکی‌یەکانی خۆی بخاتە ڕوو.
کات ناسین بەجۆرێکی تر لێك ئەدرێتەوە. واتە قسە لەکاتی خۆی دا بکرێ. بۆ نمونە ئەگەر کەسیکی شایستە لەسەر کارەکەی لابرا و کەسێکی ناشایستە لە شوێنەکەی دانرا، نابێ لە پێش چاوی ئەودا باس لە کارو چالاکی‌یەکانی کەسی یەکەم بکرێت. چونکە ئەم کارە ئەبێتە هۆی بێزاری کەسی دووهەم. بگرە تەنانەت بە شێوەیەکی گشتی نابێ لە پێش کەسێکی لادراودا باس لە باشی‌یەکانی جێنیشینەکەی بکرێت، چونکە ئەبێتە مایەی دڵ ڕەنجاندنی کەسەکەی تر.
کەواتە زانینی ئەو بابەت و مەسەلانەی کەکەسی بەرامبەر حەزی لێیانە شتێکی گرنگە. هەرچەندە ئەم مەسەلانە بەمەسەلەیە لاوەکی دێنە بەرچاو، بەڵام ئەنجامی چاوەڕوان نەکراویان لێ ئەکەوێتەوەو ئەبێ ئاگاداری بن.

- IIIئاگـاداربوون لـە چۆنیـەتی قسـەکردن و هەڵسـوکەوت: ڕۆژنامـەنووس هـەر لەسـەرەتای دیدارەکەوە ئەبێ ئاگای لە گوفتار و کرداری خۆی بێت و جۆرێك هەڵسوکەوت بکات لایەنی بەرامبەر ناچار بێت ڕێزی لێ بگرێ.

سەنگینی و جوان بەکارهێنانی وشەی گونجاوو ڕێك و پێك پرسیارکردن، نیشانەی بەهێزی کەسایەتی پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسەکانن.

هەروەها زانینی جۆری کەسایەتی کەسی بەرامبەر و زانیاری گشتی و کۆمەڵایەتی کە بەرامبەر ناچار ئەکات وەڵامی پرسیارەکان بەشێوەیەکی راست و رەوان بداتەوە.

بە پێچەوانەشەوە، خراپ قسەکردن، قسە لە جێگەی خۆنەکردن، نەبوونی شارەزایی لەسەر بابەتەکەو نەناسینی کەسایەتی بەرامبەرەکە، ئەبنە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکە لەبەرچاوی بەرامبەرەکەی بچوك دەرکەوێ و گوێی پێ نەداو ئارەزووی بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان نەبێ.
پێویستە بزانین قسە خۆشی و خۆشمەشرەبی جیایە لە گاڵتە جاڕی و سوکی کەسایەتی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ئەیەوێ بابەتەکەی بە قسەی خۆش و شیرین دەست پێ بکات، نابێ لەناو قسەکانی دا وشەی نابەجێ و ناشرین و چیرۆکی بێ مانا بهێنێتەوەو هەر لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەی دا ڕێز و حورمەتی خۆی لەدەست بدات و ڕێگەی چاوپێکەوتنێکی باش لەخۆی داخات.
IV. دڵنیا کردنەوەی بەرامبەر: دڵنیاکردنەوەی بەرامبەر لەو هۆکارە گرنگانەیە کە یارمەتی ڕۆژنامەنووس ئەدا تاکو وەڵامی پڕ بە پێست و باش وەرگرێ. ڕۆژنامەنوس ئەبێ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە، پەیوەندی دۆستانەو باشی هەبێ و لەو هاوڕێیەتیەش کە ئەیزانن یان بیری لێ ئەکەنەوە بە راشکاوی دەری ببڕن، ڕۆژنامە نووسەکان ئەبێ بۆ کەسی بەرامبەری بسەلمێنن کە ئەوان کەسێکی دەست پاك و راستگۆن، تاکو بتوانن لە زانیاری و هەواڵ و بیروڕای بەرامبەرەکەیان ئاگاداربینەوە. بۆ دڵنیاکردنی کەسی بەرامبەر ئەبێ ڕۆژامەنووس نهێنی پارێزبێت و لە حاڵەتێکدا بڵاوبونەوەی چاوپێکەوتنەکە زیانی بە بەرامبەرەکەی گەیاند پەخشی نەکاتەوە.
لەم حاڵەتەش دا ڕۆژنامەنووسەکە ڕوو بەڕووی دوو ڕەگەزی پێچەوانەی یەك ئەبێتەوە، یەکەم: بەدەست هێنانی زانیاری و هەواڵ و بڵاوکردنەوەی – دووهەم پاراستنی نهێنی‌یەکانی سەرچاوەی هەواڵەکە و بڵاونەکردنەوەیان.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەبێ بزانین یەکەمیان بەسەر دووهەمیاندا باڵاترو ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەنووس بەدەست هێنانی هەواڵە، بەڵام لە هەندێ کاتی تایبەتیدا ڕۆژنامەنووس ئەبێ لەنێوان پاراستن نهێنی هەواڵدەری‌یەکەو پێویستی کۆمەڵ بۆ زانینی ئەو هەواڵە یەکێکیان

هەڵبژێرێ. ئەگەر هاتوو هەواڵدەرەکە یان ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە لە ڕووی دڵنیاییەوە باسی لە شتێك کرد و داوای لێکرد ئەوەیان بڵاونەکرێتەوە، چونکە ئەبێتە هۆی لادانی لەسەر کارەکەی، لەو حاڵەتەدا نابێ هەواڵەکە بڵاوبکرێتەوە- بڵاونەکردنەوەی هەواڵێك لەسەر داخوازی هەواڵدەرەکە، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی هەواڵ بوو، بووەتە یاسایەکی گشتی لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا. *هەرلەبەر ئەمەشە ئەڵێن لەدەست دانی هەواڵێك زۆر باشترە لەلەکیس چوونی سەرچاوەیەکی هەواڵ.*

بەڵام ئەبێ بزانین زۆر بە کەمی ڕێگە بە بڵاونەبوونەوەی هەواڵ ئەدرێ و پەیامنێر زۆرجار لەکاتی پێویست دا لە ژێر پەردەی ((سەرچاوەیەکی ئاگادار)) یان ((سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو)) یان ((بەرپرسێکی ڕێگەپێدراو)) هەواڵەکە ئەخاتە بەردەستی خەڵك. ئەمەش هیچ گرفتاری و کێشەیەك بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە دروست ناکات. بەهەر حاڵ دڵنیایی کردنەوەی لایەنی بەرامبەری چاوپێکەوتنەکە – تەنانەت ئەگەر بۆ یەك جاریش چاوپێکەوتنی لەگەڵ دا بکرێ- بۆ سەرکەوتنی دیدارەکە زۆر گرنگە، ئەو کەسەی کە دیداری لەگەڵ دا سازئەدرێ ئەگەر دڵنیا نەبێ لەسازدەرەکە، لەباسکردن و ئاشکرا کردنی زۆر بابەت کە بەزیانی ئەزانێ، خۆی ئەپارێزێ.

- V گوێ گرتن لە قسەی بەرامبەر و یاداشت کردنیان: بۆ سەرنج ڕاکێشانی لایەنی بەرامبەری گفتوگۆکە، ڕۆژنامەنووس ئەبێ بە وردی گوێ لە هەموو قسەکانی بگرێ و تەنانەت ئەگەر هەندێ لە قسەکانی بێ مانا و کەم نرخیش بن ئەبێ بە جۆرێ هەڵس و کەوت بکات بەرامبەرەکە وابزانێ کە ئەم حەزی لەگوێگرتنی قسەکانی ئەوە.

ڕۆژنامەنووس ئەبێ هەموو قسەکانی بەرامبەرەکەی تۆمار بکات. نووسینەوەی قسەی بەرامبەرەکە ئەو هەستەی لا دروست ئەکات کە سازدەری دیدارەکە بەباشی گوێی بۆ رادێراوەو هانی قسەکردنی ئەدا. هەندێ جاریش نووسینەوەی یاداشت بەرامبەرەکەی ترساندوەو نەیهێشتووە ئەو قسانە بکات کە گرنگترن و سڵی کردوەتەوە لە دەربڕینی زیاتر. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس بزانێ نووسینەکانی چۆن کار لە بەرامبەرەکەی ئەکات. ئەگەر بەرامبەرەکە حەزی لێ بوو ئەوە زیاتر هەوڵی یاداشت کردنی قسەکانی بدات، بەڵام ئەگەر پێچەوانە دەرچوو، ئەوا ئەبێ لەکاتی نووسینەوەی یاداشتەکاندا ئاگاداری ئەو لایەنە بێت.

VI. بێدەنگی لایەنی بەرامبەر بشکێنێ: هەندێ جار سەرەڕای ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە ڕۆژنامەنووس بۆ وەرگرتنی دیدارەکەی داویەتی، لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا لایەنی بەرامبەر ئامادە نییە ئەو دیدارە ساز بدات و هیچ لێدوانێك نادات. هەندێ جار لایەنی بەرامبەر ئامادەیە ڕۆژنامەنووسەکە ببینێ و وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانیشی بداتەوە، بەڵام ئامادە نییە وەڵامی هەندێ بابەتی تریان بداتەوەو ڕای خۆی لەسەریان دەربڕێ. یاسای گشتی ئەم حاڵەتانە ئەوەیە نابێ پەیامنێرەکە بەم کارە بێ ئومێد بێت و پاشەکشە بکات. ئەبێ ڕۆژنامەنووس بە هەموو

تواناکانی بەردەستی و بە هەموو زیرەکیەکەوە هەوڵ بدات بەرامبەرەکەی نەرم بکات و ناچاری وتوویژەکەی بکات و بێدەنگیەکەی بشکێنێ.

زۆر جار ئەم جۆرە دیدارانە ناخۆشن، بەڵام نابێ ڕۆژنامەنووس تورە بێت و کاردانەوەی توند لەگەڵ بەرامبەرەکەی دا بنوێنێ. چونکە تورە بوون هەوڵەکان تێك ئەشکێنێ و بەشەڕ و هەرا چاوپێکەوتن دروست نابێ.

بەو حاڵەشەوە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك سەرەڕای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ناکام بێ ئەکرێ لەو شکستەش هەواڵێکی سەرنج ڕاکێش دروست بکات و لە بەرەیەکی تردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. ئەو هەواڵەی کە ((ستیفن لوزان)) پێش چەند ساڵێك لە جەنگی جیهانی دووەم لە ڕۆژنامەی ((لوماتن))ی فەرەنسی دا لەژێر ناوی ((چۆن چمبرلن))م لەدەست دا، بڵاوی کردووە، نمونەیەکی دیاری ئەم سەرکەوتنەیە. ((لۆزان)) لەسەر ئەو چاوپێکەوتنەی کە هەر نەیکرد هەرایەکی نایەوە.

- VII وێنەگرتنی کەسی بەرامبەر: لەو حاڵەتانەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێك دا ئەکرێ، باشتر وایە وێنەکەشی بۆ چاپکردن ئامادە بکرێت. وێنەگرتنی کەسی بەرامبەر دوو سودی هەیە. یەکەم: وێنەگرتنی کەسەکە وای لێ دەکات هەندێ شت بڵێت و وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. دووهەم: چاوپێکەوتنێك کەوێنەیلەگەڵدا بێت بۆ خوێنەرەکە سەرنج ڕاکێش ترە. ئەگەر وێنەی هەردوولای چاوپێکەوتنەکە لەکاتی گفتوگۆکە بگیرێ، ئەنجامەکەی باشتر ئەبێ.

لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن دا، ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دا ئەکرێ، کاتێك هەست ئەکەن گوێگرەکان دەنگیان ئەبیستن و بینەرانیش وێنەکانیان ئەبینن، خۆشحاڵ ئەبن و ئامادەییەکی باشتر بۆ چاوپێکەوتنەکە پیشان ئەدەن.

## جۆرەکانی چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن چەندین جۆری هەیە، هەریەکەشیان بۆ مەبەستێکی دیار کراو بەکاردێت. چاوپێکەوتن گرنگترین شێوازی هەواڵگیرییە و تەنیا لە ڕاگەیاندنەکاندا بەکارنایەت، بەڵکو لە زانستی کۆمەڵایەتی و پزیشکی و دەروونی دا بەشێوەیەکی فراوان سودی لێ وەرئەگیرێ. دابەش کردنی چاوپێکەوتن بۆ چەند جۆرێك نەك تەنیا بۆ وەرگرتنی بیروڕای خەڵك گرنگە، بەڵکو هەر جۆرێکیان بەهای ئەنجامی چاوپێکەوتنەکە دیاری ئەکات.

گرنگترین جۆرەکانی چاوپێکەوتن بریتین لە:

- چاوپێکەوتنی زارەکی، چاوپێکەوتنی نووسراو.
- چاوپێکەوتنی بەربلاو، چاوپێکەوتنی قووڵ.

- چاوپێکەوتنی دیاری کراو، چاوپێکەوتنی ئازاد
- چاوپێکەوتنی راڤەکراو، چاوپێکەوتنی هەواڵی
- چاوپێکەوتنی چاپەمەنی و چاوپێکەوتنی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی.

## چاوپێکەوتنی زارەکی و چاوپێکەوتنی نووسراو:

کاتێك ئامانجی چاوپێکەوتنەکە بۆ بەدەست هێنانی بیروڕای کەسێك یان چەند کەسێك لەسەر خۆیان یان کەسانی ترو بەرهەمەکانیان یان زانینی مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بێت، لەو کاتەدا بەدوو شێواز چاوپێکەوتنەکە ئەنجام ئەدرێ ((چاوپێکەوتنی زارەکی یان نووسراو)).

چاوپێکەوتنی زارەکی، واتە گفتوگۆیەکی راستەوخۆو رووبەڕوو. هەردوو لایەنی دیدارەکە پێکەوە دادەنیشن و هەڤ پەیڤین ئەکەن. بەڵام چاوپێکەوتنی نووسراو ئەو چاوپێکەوتنە یە کەلە ڕێگەی پرسیار نامەوە لە نێوان هەردوولایەنەکەدا ئەنجام ئەدر. واتە پێکەوە دانانیشن. ئەم چاوپێکەوتنانە لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێن.

- Iلایەنە پۆزەتیڤەکانی چاوپێکەوتنی رووبەڕوو:

گرنگترین لایەنە پۆزەتیڤەکانی چاوپێکەوتنی زارەکی ئەمانەن:

أ-لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا، کەسی پرسیارکەر هەر کاتێك ویستی، یان پرسیارێکی نوێی هات بەسەرداو یاخود هەستی بەلایەنێکی شاراوە کرد.. تا ئەگاتە ئەو شوێنەی کەمەبەستەکانی خۆی ئەپێکی، بەردەوام پرسیار ئەکات.

بەڵام لە چاوپێکەوتنی نوسراودا ئەگەری ئەوە هەیە زۆر خاڵ بە شاراوەیی بمێنێتەوە، چونکە پرسیارەکان پێشتر ئامادەکراون و توانای پرسیاری تر نیيە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم چاوپێکەوتنە کەم و کوڕی زۆری تێدایە.

ب-لەدیدارە ڕاستەوخۆکاندا، لەبەرئەوەی وەڵام دەرەوەکە هێشتا ئاگای لە پرسیارەکانی پاشتر نیيە، هەر لەسەرەتاوە بیروڕا ڕاستەقینەکانیخۆی دەرئەبڕێ. بەڵام لە چاوپێکەوتنە نووسراوکاندا لەبەرئەوەی بەرامبەرەکەی پێشتر هەموو پرسیارەکانی دیوەو وەڵامەکان یەك لە دوای یەك دێن.

باوای دانێن لە چاوپێکەوتنێکی زارەکی دا سازدەری دیدارەکە پرسیار ئەکات:

<u>پ/جەنابتان کەسێکی زەحمەتکێش و چالاکن، ئەتوانن پێمان بڵێن ڕۆژانە چەند سەعات کار ئەکەن؟</u>

و/چوارسەعات.

پ/هەموو کاتێك لەیەك شوێن کار ئەکەن؟

و/نەخێر لە سێ شوێنی جیاجیادا.

پ/کەواتە ئەبێ درامەتەکەتان باش بێت.

لێرەدا بەرامبەرەکە ناچارە وەڵامێکی ڕاست و دروست بداتەوە، چونکە پێشتر دانی بەوەدا ناوە کە چواردە سەعات کاری کردووە. کەچی ئەگەر پرسیارەکان بە نووسراو بوایە بەرامبەرەکە بۆ ئەوەی ڕێژەی دەرامەتەکەی کەم پیشان بدات وەڵامی دوو پرسیارەکەی یەکەمی بەڕاستگۆیی نەئەدایەوە.

لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی زارەکی دا، ڕۆژنامەنووس جگە لە وەڵام، هەڵسوکەوت و کاردانەوەی بەرامبەرەکەشی دەست ئەکەوێ. ئەو کاردانەوەش بۆ خۆیان مەسەلەیەکی گرنگن و وەڵامن بۆ هەندێ پرسیار. کەچی لە پرسیارە نووسراوەکاندا هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکە دەرناکەوێ و تەنیا وەڵامەکان دەست ئەکەون.

- IIلایەنە پۆزەتیڤەکانی چاوپێکەوتنی نووسراو:

چاوپێکەوتنی نووسراو جگە لەو کێماسیانەی کە خرانە ڕوو، ئەم لایەنە پۆزەتیڤانەشی لەبەرامبەر چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆدا هەیە.

أ-لە چاوپێکەوتنی نووسراودا، ئەتوانرێ لە ڕێگەی پرسیارنامەوە بیروڕای ژمارەیەکی زۆر خەڵك یان گروپێك بەدەست بهێنرێت. بۆ نمونە، ئەتوانرێ بیروبۆچوونی کرێکارانی کارگیەك یان خوێندکارانی زانکۆیەك یان خەڵکی گەڕەکێك لە ڕێگەی پرسیارنامەوە وەربگیرێت. بەڵام لەدیداری ڕاستەوخۆدا ئەو کارە سەر ناگرێ ئەتوانرێ ڕای چەند کەسێکی کەم وەربگیرێ. کەواتە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ بۆ یەکێك یان چەند کەسێك ئەشێ بەڵام چاوپێکەوتنی نووسراو بۆ دەستەیەك ئەنجام ئەدرێ و لە ڕێگەی پرسیارنامەوە باری سەرنجی ژمارەیەك خەڵك ئەزانرێ.

ب-پرسیارەکانی ناو پرسیارنامەکە دیاری کراون، هەربۆیە بۆ هەر پرسیارێك وەڵامێکی تایبەتی هەیە. لە ئەنجامیش دا بۆچوونە ڕاستەکان ئەخرێنە ڕوو. بەڵام لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆدا پرسیارەکان ڕێك نەکراوون نەکراوون و پرسیارکەر هەندێ جار پرسیاری تر ئەترازێنێتە ناو چاوپێکەوتنەکەوە لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەلای خەڵکەوە جیاواز و نایەکسان دەرئەکەون.

بۆ کەم کردنەوەی کەم و کوڕی‌یەکانی هەردوو جۆرە چاوپێکەوتنەکە جاری وا هەیە هەردووکیان تێکەڵ ئەکرێن. واتە ئەو پرسیارانەی کەلەشێوەی نووسراو داڕێژراون ڕاستەوخۆ لە بەرامبەردا ئەخرێنە ڕوو. بۆ تەواوکردن و پوختەکردنی مەبەستەکانیش لەکاتی پێویست دا پرسیاری تر ئەکرێت.

### ٢-چاوپێکەوتنی بەربڵاو و چاوپێکەوتنی قووڵ:

چاوپێکـەوتن بـە گوێـرەی بابـەت و ئامانجـەکانی ئەکرێتـە دووبەشـەوە، چاوپێکـەوتنی بـەربڵاوو چاوپێکەوتنی قووڵ. ئەگەر هاتوو ئامانج بەدەست هێنانی بیروبۆچوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بێت لەسەر مەسەلە جیاوازەکان، ئەوا چاوپێکەوتنەکە بەربڵاوە. لـەم جۆرەیاندا لە ڕێگەی دابەش کردنی پرسیارنامە لـەناو گـروپ و چین و توێژەکـاندا بیروڕایـان لەسـەر مەسـەلە خواسـتراوەکان وەرئەگیرێ.

چاوپێکەوتنـە بـەربڵاوەکان بەمەبەسـتی زانینـی بـیروڕای توێـژە جیاجیاکـانی وەك (لاوان، بەساڵاچووان، خاوەن خانووەکان، کرێچی‌یەکان، فەرمانبەران، کرێکاران، خەڵکی شارو گوندەکان) ئەنجام ئەدرێ. یان بۆ بەدەست هێنانی ئەو بابەتانەیە کە بەلای دەوڵەت و خاوەن پیشەو بازرگان و حیزبە سیاسی‌یەکان و ڕاگەیاندنەکانەوە گرنگن، ئەنجام دانی ئەم چاوپێکەوتنـە بـە زۆری لـە ئاستێکی بەرز و لە ڕێگەی ئامار و مشتومڕەوە ئەنجام ئەدرێ. چاوپێکەوتنی قووڵ پێچەوانەی چاوپێکـەوتنی بـەربڵاوە. لـێرەدا مەبەسـت ئەوەیـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر بابەتـەکانی پەیوەندی‌یـە کۆمەڵایەتیەکان بکرێت، نەك چۆنیەتی ئەوپەیوەندی‌یانە لەسەر بابەتێکی دیاری کراو، پرسـیار ئاراستەی کەسێك ئەکرێ، پاشان لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەنامەکانی وەڵامی بەرامبەرەکە ئەنجام ئەدرێ. لێرەدا ئامانج ئەوەنی‌یە کاردانەوەی بەرامبەر لەسەر ڕووداوەکە بزانین، بەڵکو پێویستە ((بۆ؟))ی ئەم کاردانەوەیە بدۆزرێتەوە، هۆکارە گیانی و دەروونیەکان روون بکرێتەوە.

ئەو کاتەی بەرهەم هێنێك بیەوێ ئاگای لە گۆڕانی بارودۆخی کڕیارەکانی بێت یان ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان ئەگەر بیانەوێ ڕای بیسەر و بینەر و خوێنەرەکان لەسەر بەرنامەکانیان بزانن، باشترین ڕێگە بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکەی چاوپێکەوتنی راستەوخۆی تاك تاکە. لێرەدا لەبەر ئەوەی ئامانجەکە بەدەست هێنانی بیروڕای گروپێکی کۆمەڵایەتیە، هەر بۆیە ئەنجام دانی یەك دیدار بەس نی‌یە و پێویستە چەندین چاوپێ:ەوتن ساز بدرێ ئەم کارەش بەمەبەستی شیکردنەوەی رای ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەیە.

چاوپێکـەوتنی قـووڵ جۆرێکـە لـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و لـە قەڵـەمڕەوی ((دەروونناسـی کۆمەڵایـەتی)) یـەوە هـەنگاو ئـەنێ و لـە پزیشـکی دەروونناسـی دا سـودی لێ وەرئـەگیرێ. ڕاگەیاندنەکان ئەتوانن لە زۆر بوارداو لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی بەربڵاوەوە ئەنجام گیری و ئاماری ڕای گشتی بکەن. بەڵام چاوپێکەوتنی قـووڵ لـەکاری بەدەسـت هێنـانی هـەواڵدا بەکـەڵك نی‌یـەو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنـەکان ئـەتوانن بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـەڕێوەبردن و دانانی پرۆگرام لەئاینده خۆیان سودی لێ وەرگرن.

**٣-چاوپێکەوتنی ئاراستەکراو چاوپێکەوتنی ئازادە:**

چاوپێکەوتن ئاراستەکراو ئەبێت ئەگەر هاتوو ئامانجی سازدەرەکەی دیاری کراو بێت و بیەوێ تەنیا ئەو وەڵامانەی دەسکەوێ کە پەیوەستن بە مەبەستەکەی خۆیەوە.

لێرەدا بەناچاری کۆمەڵە پرسیارێکی لە پێشدا داڕێژراو ئەخاتە ڕوو، واتە دیداری نووسراو ئەگرێتە بەرو پرسیارەکان بە ئارەزووی خۆی دائەڕێژێ. ئەم چاوپێکەوتنە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕای گشتی سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو. بۆ نمونە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك بیەوێ ڕای خەڵك سەبارەت بە بەڕێوەبەری نوێی شارەوانی شارێك بزانێ، چەند پرسیارێکی دیاری کراو لەسر ئەو مەسەلەیە ئەخاتە ڕوو و ڕێگەش بۆ درێژدادڕی و زیادەڕەوی لە قسەکردن ناهێڵێتەوە. ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووسەکە بواری بۆ درێژدادڕی و پرسیاری نوێ ڕەخساند، ئەوا دیدارەکە ئەبێتە دیدارێکی ئازادی ئاراستە نەکراو. زۆرجار ئەم دیدارانە لەسەر داخوازی بەرامبەرەکە ئەنجام ئەدرێ، بۆیە ئاساییە ئەگەر هەر ئەویش پرسیارەکانی دانابێ، بەڵام ئەم جۆرە دیدارانە واقعی نین و یەك لایەنەن و بەرامبەرەکە بیروڕاکانی خۆیان لەژێر پەردەی چاوپێکەوتن ئەخاتە ڕوو. هەموو چاوپێکەوتنەکانیش بەم شێوازە ئازاد نین و زۆرجار پاش یەکەمین پرسیار بەرامبەر ئازادانە بابەتەکە بە گوێرەی ویستی خۆی ئەگۆڕێ و ڕوونکردنەوەشی ئەخاتە سەر. لە ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوە دەروونیەکاندا بە زۆری سود لە چاوپێکەوتنی ئازاد وەرئەگرێ. ڕۆژنامەنووس هەوڵ ئەدا تا ئەو پەڕی توانای زانیاری لە بەرامبەرەکەی وەرئەگیرێ. بەڵام جۆری دووەهەمیان بۆ دەرمانکردنی نەخۆشییە دەروونیەکان کەڵکی لێ وەرئەگیرێ، پزیشکی دەروونناس بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی ڕاستەوخۆ بخاتە ڕوو بە شێوەیەکی ئازاد درك بە هەست و نەستەکانی نەخۆشیەکەی ئەکات. لەم چاوپێکەوتنانەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووس و دەروونناسەکان ئەوەیە بەرامبەرەکایان هان بدە بۆ قسەکردن بێ ئەوەی ڕێنماییان بکەن.

## چاوپێکەوتنی کراوەو چاوپێکەوتنی داخراو:

چاوپێکەوتنی ئاراستەکراو و چاوپێکەوتنی ئازاد لە دوو خاڵی کۆتاییدا، واتە لە دووتەوەری ناکۆکدا بەناوی چاوپێکەوتنی ئازاد و چاوپێکەوتنی داخراودا بە دەرئەکەون. ئەوکاتەی دیدارەکە هێندە ئاراستە بکرێت کە بەرامبەرەکە تەنیا بە وشەی ((بەڵێ)) و ((نەخێر)) وەڵامی پرسیارنامەکە بداتەوە، ئەوا چاوپێکەوتنەکە داخراوە. بەڵام ئەگەر ئازادی بەرامبەرەکە بگاتە ئەو ڕادەیە کە هیچ پرسیارێکی بۆ نەخرێتە بەردەست ئەوە لەو حاڵەتەدا چاوپێکەوتنەکە کراوەیە.

لە نێوان ئەم دوو تەوەرە ناکۆکەدا چەندین جۆر چاوپێکەوتنی تر هەیە کە ڕێگەی ئاراستەکردن و ئازادکردنی بەرامبەرەکە جیاوازییان یان تێدایە. کەواتە سازدەری دیدارەکە ئەتوانێ بە ویستی خۆی ئازادی بداتە بەرامبەرەکەی و زیاد و کەمی بکات.

هەندێ جار لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا هەردوو جۆرەکە (ئازاد و ئاراستەکراو) بۆ یەك مەبەست بەکارئەهێنرێت. لەم حاڵەتانەدا پێشتر لە ڕێگەی دیداری قووڵ و ئازادەوە هەندێ کەس ئەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەلەبەر چاوگرتنی ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانە پرسیارنامەیەك ئامادە ئەکرێت و لە نێوان گروپێکی دیاری کراودا دابەش ئەکرێ.

## ٤-چاوپێکەوتنی هەواڵی و چاوپێکەوتنی ڕاڤەکراو:

چاوپێکەوتنی هەواڵی بەو دیدارانە ئەوترێ کە ئامانج لە سازدانیان وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە لەکەسی بەرامبەر، باشترین جۆری ئەم دیدارانەش ئەوانەن کەلەگەڵ شایەتی ڕووداوێك یان کەسێك کە خۆی بەشداری ڕووداوکانی کردوە ئەکرێ. بەڵام چاوپێکەوتنی ڕاڤەکراو ئەو چاوپێکەوتنانەن کە بە مەبەستی بەدەست هێنانی بیروڕای کەسێك لەسەر خۆی یان کەسانی تر و یاخود لەسەر بابەت و ڕوداوی تر ئەنجام ئەدرێ.

زۆرجار ڕۆژنامەنووس ناچارە بۆ شیکردنەوە یان ڕاڤەکردنی ڕووداوە گرنگە کۆمەڵایەتیەکان، بیروڕای جیاوازی چەند کەسێك وەبگرێ. بۆ نمونە ئەگەر یاسایەکی نوێ سەبارەت بە خوێندنی خۆرایی یان باج و دەرامەت دەرچوو، ڕۆژنامەنووس ئەبێ لەگەڵ کەسانی شارەزاو پسپۆڕ یان ئەوانەی کە سود لەم یاسایە وەرئەگرن چاوپێکەوتن ساز بدات و بیروبۆچوونەکانیان بخاتە ڕوو. دابەش کردنی چاوپێکەوتن بۆ چاوپێکەوتنی هەواڵی و ڕاڤەکردن زیاتر لایەنی تیۆری هەیە، چونکە ڕۆژنامەنووس ئەگەر هەلی بۆ ڕەخسا ئەوا سود لەهەردوو جۆرەکەیان وەرئەگرێ. بۆ نمونە لەکاتی سازدانی دیدارێکدا ڕۆژنامەنووس تەنیا بەدوای دەستکەوتنی زانیارییەکانی ئەو کەسەدا ناگەڕێ، بەڵکو بیرو بۆچوونەکانیشی لەسەر ڕووداوەکە ئەوێ. کەواتە سود وەرگرتن لە هەردوو جۆرەکە لەیەك کاتدا هیچ گرفتێك دروست ناکات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر تەماشای ئەم چاوپێکەوتنە ڕاڤەکراوانە بکەین، ئەبینین ئەمانەش بۆ خۆیان جۆرێکن لە هەواڵ. هەر ڕاڤەکردنێك یان دەربڕینێك کۆمەڵە بابەتێکی تازەیان تێدایە. ئەو حاڵەتانەی کە ئەم دوو شێوازە چاوپێکەوتنەی تێدا بەکار دێت و ئەو کەسانەی کە لایەنی بەرامبەری چاوپێکەوتنەکە، بەم جۆرەیە:

### یەکەم/ چاوپێکەوتنی خێرا:

چاوپێکەوتنی خێرا یان کورت، بەو دیدارانە ئەوترێ کەلەگەڵ کەسایەتیە گرنگەکانی کۆمەڵ یان خەڵکی سەرجادە ئەنجام ئەدرێ، بە مەبەستی زانینی بیروڕایان لەسەر ڕووداوێك یان مەسەلە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان. ئامانجیش لەم جۆرە چاوپێکەوتنانە هەڵسەنگاندن و زانینی خێرای ڕای گشتییە. لێرەدا تەنیا پرسیارێك ئەکرێت و پێویستە بەرامبەرەکەش بە ڕستەیەك یان کورتتر وەڵام بداتەوە. بۆ نمونە، ئەگەر بمانەوێ ڕای خەڵکی لەسەر نەمانی سزای لە سێدارەدان بزانین، ئەم پرسیارە ئەکەین: ئایا تۆ لەگەڵ سزای لە سێدارەدانی؟ و یان لەسەر یارییەکی فوتبۆڵ بەم شێوە پرسیار ئەکەین ((بەڕای ئێوە کێ یارییەکە ئەباتەوە؟)). وەڵامی چەند کەسێك پێکەوە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوئەکرێتەوە. بەم شێوازە ڕۆژنامەنووس ئەتوانێ بۆ زۆربەی ڕووداوە گرنگە کۆمەڵایەتیەکان ڕای هەندێ لە خەڵکەکە وەرگرێ و وەك ڕاڤەکردنی ڕۆژانە بڵاویان بکاتەوە.

پێویستە بزانین ئەم جۆرە دیدارە خێرایانە لەبەر ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراوی کەم دا کراون، ناکرێ وەك رای گشتی خەڵکی تەماشایان بکرێت.

**دووهەم/ چاوپێکەوتن لەگەڵ لەگەڵ کەسایەتیەکاندا :**

لەبەرئەوەی ئامانج لە چاوپێکەوتنەکان ئەوەیە کە ناوبانگ و ڕاستگۆیی ڕاگەیاندنە جیاوازەکان بسەلمێنێ، ڕۆژنامەنووسەکان هەوڵ ئەدەن لەگەڵ دیارترین و بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی کۆمەڵدا چاوپێکەوتن ساز بدەن و پرسیار لە بیروراو بۆچوونەکانیان بکەن و بە کۆمەڵی ڕابگەیەنن. هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی چاوپێکەوتنە ڕاڤەییەکانی لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەنجام ئەدرێ. هەر بۆ ئەو مەبەستەش لێرەدا باس لە گرنگترین جۆرەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیەکاندا ئەکەین.

١-**چاوپێکەوتن لەکاتی دامەزراندن دا:** ئەو کاتەی کەسێك پلەو پایەیەکی گرنگ لە ڕێکخراوە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتیەکان وەرگرت، ئەتوانرێ بەو بۆنەوە دیداری لەگەڵدا ساز بدرێ و پرسیاری لە بارەی پلانکاری ئایندەی لێ بکرێ و زانیاری لێ وەربگیرێ.

٢-**چاوپێکەوتنی لەسەر کار لاچوون:** ئەو کەسانەی کەلەسەر کار لائەبرێن، یاخود دەست لەکارەکەیان ئەکێشنەوە، باشترین سەرچاوەن بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ. هەر لەبەر ئەمەش بوو لەکاتی لەکار لابردنی خروشۆف لە سۆڤیەت و کودەتاکەی دژی ((بن بلا)) لە ئەلجەزائیر، ڕۆژنامەنووسەکان هەوڵیان ئەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ساز بدەن و هۆکاری لەسەر کار دەرکردنیان لە خۆیان بپرسن. هەندێ جار ئەم چاوپێکەوتنە لەبەر هۆی سیاسی کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئەگەر هەلی ئەم جۆرە دیدارانە رەخسا ئەوا ڕۆژنامەنووسەکان داوا لەو کەسایەتیانە ئەکەن لە بارەی کارەکانی پێشوویان و ئەو ڕۆڵەی کە لە ئایندەدا ئەیبینن زانیاری بخەنە بەردەست خوێنەرانیان.

٣-**چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاوان دەوڵەت دا:** ئە کەسانەی کەلە دام و دەزگا حکومیەکاندا پلەو پایەیان هەیە بیروڕای خۆیان لسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان دەردەبڕن. بەرپرسانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و داداگاکان بەردەوام هەواڵی خۆش و سەیریان لا دەست ئەکەوێ.

٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداراندا: زۆرجار پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆچوونی سیاسەتمەدارانی وەك سەرۆك وەزیرانی پێشوو، سەرکردەی حیزبە سیاسی‌یەکان و سەرۆکی سەندیکاکان لەسەر هەندێ مەسەلە بخەنە ڕوو. خەڵك حەزی لەم جۆرە دیدارانەیە.

٥-**چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی بەناوبانگ:** کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان ئەتوانن لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان و و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بۆچوونی سەرنج ڕاکێش دەرببڕن. بۆ نمونە ئەتوانرێ بیروبۆچوونیان لەسەر ئەو ژنانەی کە بوونەتە شۆفێری تاکسی بزانرێ.

٦-**کەسایەتیە مەزنەکان لە جێگەی تازەیاندا:** ئەو کەسە ناودارەی کە دوای چەندین ساڵ دورخرانەوە یان دورکەوتنەوە لە سیاسەت گەڕابێتەوە بۆ وڵات و پلەی سەرۆك وەزیرانی پێ

درابێت، چاوپێکەوتن لەگەڵیدا هەرایەك ئەنێتەوە. ڕۆژنامەنووسەکان هەر کە زانیان ئەو پلەیەیان پێ داوە یەکەمین کەسن دیداری لەگەڵدا ساز ئەکەن و بەخێرایی بۆچوونەکانی ئەخەنە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان.

٧-چاوپێکەوتن لەگەڵ میوان یان مسافیرە ناودارەکاندا: کەسایەتیە ناودارەکانی جیهان، نووسەر و ئەستێرەکانی سینەماو هونەر ئەو کاتەی دەچنە وڵاتێکەوە، سەرنجی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ لای خۆیان رائەکێشن. ئەم کەسایەتیانە لەکاتی هاتنە خوارەوە لەپەیژەی فڕۆکەکان هەندێ قسە ئەکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسی زیرەك ئەو کەسەیە لەماوەی نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتەدا دیداری درێژیان لەگەڵ دا سازکات.

٨-چاوپێکەوتن لەرێگەی سەفەردا: هەندێ ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون هەیە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیەکدا ساز بدات لەکاتی سەفەرکردنی دا، ئەبێتە هاوسەفەری و لەرێگەدا لەناو شەمەندەفەرەکە یان فڕۆکەکە دیدارەکەی لەگەڵ ساز ئەدا.

٩-چاوپێکەوتن لە ساڵیادەکاندا: لە ساڵیادی ڕووداوە مێژوویەکان دا و لە یادی لە دایك بوونی کەسە ناودارەکاندا ئەتوانرێ دیداری سەرنج ڕاکێش ساز بدرێ. ئەو دیدارانە کەلەیادی بیستەمین ساڵی تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم ڕۆژنامەنووسەکان سازیاندا لەو جۆرە دیدارانەیە. زۆر جار چاوپێکەوتنەکە پێش و هەندێ جاریش پاش یادەکە ئەنجام ئەدرێ.

١٠-چاوپێکەوتن بەمەبەستی نووسینەوەی ژیان نامە: هەندێ چاوپێکەوتن هەیە بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی کەسایەتیە سیاسیەکان ئەنجام ئەدرێ.

لێرەدا قسەکانی بەرامبەرەکە لەلایەن ڕۆژنامە نووسەکەوە وەك ((تۆپۆگرافیەك)) ئەنووسرێتەوە. بۆ نمونە ژیان نامەی وەزیرێکی تازە دامەزراو ئەتوانرێ لە ڕێگەی سازدانی دیدارێك لەگەڵ خۆی دا بزانرێت.

١١-چاوپێکەوتن بۆ لادانی هەڵەیەك، یان گومانێك: هەندێ جار چاوپێکەوتن بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵەیەك یان گومانێك ئەکرێت کەلەوانەیە پێشتر لە قسەکانی کەسێکدا رووی دابێت پێویستە بزانین دووبارە سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکدا تەنیا لەو حاڵەتەدا ڕەوایە کە کەسەکە گلەیی و گازندەی لە شێوازی چاوپێکەوتنەکەی پێشووی هەبێ. لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە ئەتوانێ دیدارێکی تر ساز بکات و ڕوونکردنەوە لەسەر قسەکانی پێشووی خۆی بدات.

١٢-چاوپێکەوتنی کاتی گەڕانەوە: سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەس و لێپرسراوە دەوڵەتیانەی کە بۆ کاری دیبلۆماسی چوونەتە دەرەوەی وڵات بەلای خەڵکەوە زۆر گرنگ و پێویستەو کارێکی سەرنج ڕاکێش و دڵگیرە. بۆ نمونە بەشداری کردنی سیاسیەتمەدارێکی کوردستان لە کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی، سەبارەت بە کێشەی نەتەوە بێ وڵاتەکان بۆ خەڵك گرنگە.

سێیەم/ چاوپێکەوتنی ڕێکەوت: لەهەر هەڵکەوتێکدا ئەتوانرێ دیدارێکی ڕێکەوت ساز بدرێ، هەر بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس ئامادەبێت بۆ هاتنە پێشی هەر هەلێکی گونجاو بۆ سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خەڵك حەزی لە زانینی بیروبۆچوونی هەریەکەیان لەڕێگەی ئەو دیدارەوە بزانرێت.

چوارەم / ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەڕێوەبەرانی دەزگایەك، یان کۆمەڵە کەسێك کەبەمەبەستێکی هاوبەشیان مهەیە لە جێگەیەکدا کۆبکرێنەوە و ڕۆژنامەنووسێك پرسیاریان سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاری کراو لێ بکات و بیروبۆچوونی هەریەکەیان لە ڕێگەی ئەو دیدارەوە بزانێت.

پێنجەم/ کۆنفرانسی چاپەمەنی: باشترین جۆرەکانی ئەم کۆنفرانسە لە ئەمریکادا سەری هەڵدا، ئەویش ئەو کۆنفرانسە هەفتانەیە بوو کە سەرۆکەکانی ئەمریکا سازیان ئەدا. لێرەدا ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەکرێ یەك کەسە، بەڵام سازدەرەکان زۆرن. ئەمەش پێچەوانەی مێزگردە.

شەشەم/ چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتەکاندا: کاتێك ڕۆژنامەنووسەکە ئامادەی شوێنی ڕووداوەکە نەبووە، ئەتوانێ پاشتر زانیاری تەواو لە شایەتی ڕووداوەکە بەدەست بهێنێ. پێویستە ژمارەیەکی زۆر لەو شایەتانە دیداریان لەگەڵدا ساز بدرێ، چونکە بیروڕا و تێڕوانینیان بۆ ڕووداوەکە جیاوازی تێدایە. تەنها لەم ڕێگەیەوە ڕاستی مەسەلەکانیش ئەدۆزرێنەوە. ئەبێ بزانین دۆزینەوەی شایەت بەتایبەت لەتاوانەکاندا کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئەتوانرێ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسەوە بدۆزرێنەوە و پەیوەندییان پێوە بکرێت. لەم حاڵەتانەدا قسەی هەموو شایەتەکان وەك یەك نین و پێویستە ڕۆنامەنووس هەموویان وەك خۆی بڵاوبکاتەوە. تاکو خەڵك ڕاستییەکانیان زیاتر بۆ دەرکەوێ.

حەوتەم/ چاپەمەنی بەڵگەنامەیی لەسەر ڕووداوە مێژوویییەکان: ئەم دیدارانە بۆ ئەو مەبەستە ساز ئەکرێن تاکو پرسیار لەو کەسانە بکرێت کەلەسەر ڕابردوو شت ئەزانن. لێرەدا بەرامبەر ڕۆڵی کتێب یان ئەرشیف ئەبینێ. وەك چۆن کتێب و ئەرشیف بۆ زیاتر کردنی زانیاری بەکاردەهێنرێن. قسەو باسەکانی کەسی بەرامبەریش تەواوکەری زانیارییەکانی ڕۆژنامەنووسەکەن. پێویستە بزانین هەندێ جار ئەتوانرێ زانیاری گرنگ و بایەخدار لەو کەسانە وەرگیرێ کە بۆ خۆیان شایەتی ڕووداوە سیاسی و مێژوویییەکان بوون. ئەو زانیاریانە لە هیچ ئەرشیف و کتێبێکدا دەست ناکەون.

هەشتەم/ چاوپێکەوتنی تەلەفوونی: ئەو چاوپێکەوتنە یە کەبەهۆی تەلەفوونەوە لەنێوان هەردوو لایەنی دیدارەکەدا ساز ئەدرێ. بە زۆریش یەك یان دوو پرسیار لە خۆ ئەگرێ. ئەکرێ هەندێ جاریش لەسەر داخوازی بەرامبەرەکە چاوپێکەوتنی دورو درێژ سازبکرێ.

٥-چاوپێکەوتنی چاپەمەنی و رادیۆو تەلەفزیۆنی:

چاوپێکـەوتنی چاپەمـەنی و رادیـۆ و تەلـەفزیۆنی لـە زۆر رووەوە لەیـەك نزیکـن، بـەڵام هـەندێ جیاوازیشـیان هەیـە. بـە شـێوەیەکی گشـتی چاوپێکـەوتن پەیوەندیـیەکی دوو لایەنەیـە و مەبەستەکەی لەوەدا چڕ ئەبێتەوە کە هەندێ زانیاری بە دەست بهێنرێت، ئەو پێناسەیە هەم بۆ چاوپێکەوتنە زاستییەکان و هەم بۆ چاوپێکەوتنە چاپەمەنی و رادیۆو تەلەفزیۆنیەکان ڕاستەو تەنیا جۆری زانیاری وهەواڵەکان جیاوازن. چاوپێکەوتنە زاستی و کۆمەڵایەتیەکان بە مەبەستی شـیکردنەوەو سـەلماندنی تیۆرەکـان بـەکاردەهێنرێن. چاوپێکەوتنـە چاپەمـەنی و رادیـۆو تەلەفزیۆنیـەکانیش تـەنیا بـۆ دەسـتکەوتنی هـەواڵ و زانیـاری ئـەنجام نـادرێن، بـەڵکو زۆر جـار رازاندنەوەی هەواڵەکان بۆ خۆی مەبەستێکی لـە پشتەوەیە. چەندە ئەو رازاندنەوەیە کامڵ بێت هێندە دیدارەکە زیاتر لە ڕاستی نزیك ئەبێتەوە، لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا هـەوڵ ئـەدرێ لەڕێگـەی دەربڕینـی جوانـەوە ئـەو کـارە ئـەنجام بـدرێ،لەرادیۆدا کارەکـە هـەندێ ئاسـانترە، چونکـە بێژەرەکـە ئـەتوانێ لەڕێگـەی دەنگیـەوە بـاس لـە شـوێنی دانیشـتەکە و شـێوەو روخسـاری بەرامبەرەکـەو هەلومەرجی دیدارەکە بکات. بەڵام لە T.V و سینەمادا کارەکە هێندە ئاسانە کە هیچ پێویست بەوە ناکات ڕۆژنامەنووسەکە وەسفی بەرامبەرەکەو شوێنی دانیشتنەکە بکات، چونکە بینـەران هـەموو شتێك بە چاوی خۆیان ئەبینن.

لە دیداری چاپەمەنیەکاندا زۆر جار بەرامبەرەکە داوا لە ڕۆژنامەنووسەکە ئەکات تاکو مەسـەلەیەك باس نەکات و ئەڵێ: (( ئـەمـەیان تـەنیا لـە نێوان هـەردووکماندا بێت))، بـەڵام لـەرادیۆو T.V یـەکاندا هیچ نهێنییەك نامێنێتەوە. لەرادیۆکاندا کەسی بەرامبەر ئەزانێ روخساری دەرناکەوێ، هەربۆیـە هەوڵ ئەدا بەدەنگێکی بەسۆز و خۆش قسان بکات. بەڵام تایبەتمەندی چاوپێکـەوتنی تەلـەفزیۆنی لەوەدایـە کـە دەنـگ و رەنگـی بەرامبەرەکـە بەتـەواوی ئەبیسترێ و ئـەبینرێ. لەتەلـەفزیۆندا حاڵەتـە دەروونی و روخسارییەکانی بەرامبەرەکە تەنانەت پێش وەڵام دانەوەش ئەبینرێن. شـادییەکانی، دوو دڵی ودڵەڕاوکێ، تەنانەت گرژبوونەوەی دەمارەکانی دەم و چاوی ئەبینرێن. لەوە زیاتر جل و بـەرگ و بۆیـن باخ و چاویلکـە و سـەرو سمێڵـی ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن بینەرانـەوە تەماشـا ئـەکرێت. هەرلەبەرئەمەش ئەو کەسانە، کە ئەچن بۆ دیداری تەلەفزیۆنی پێشتر خۆیان ئامادە ئەکەن و جل و بەرگی جوان ئەپۆشن و سەرو سمێڵیان قیت ئەکەنەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانن کۆنترۆڵی هەڵچوون و جوڵەکانیان بکەنە.

جارێکیان ڕۆژنامەنووسێك چوو بۆ لای هونەرمەندی بەناوبانگی فەرەنسی ((میشیل مۆرگان)) بۆ ئـەوەی چاوپێکـەوتنێکی لەگـەڵدا سـاز بـدات. مورگـان لەیەکـەم قسـەی دا ووتـی: ((خۆشـحاڵم وێنەگرەکەتان لەگەڵ خۆتان نەهێناوە، چونکە بۆمـن زۆر سـەخت بـوو لـەکاتی قسـەکردندا خـۆم بـۆ وێنە گرتن ئامادە بکەم)).

ئەركی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە بەرامبەرەكەی لەكاریگەریـەكانی جێگەكـەو كـامێرای وێنـەگرەكان ڕزگاربكات و هەست و هۆشی بۆلای بابەتی چاوپێكەوتنەكە ڕاكێشێ.
باشترین ڕێگەش بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەبەستە ئەوەیە، ڕۆژنامەنووسەكە زۆر بە وردی گوێ بۆ قسەكانی بەرامبەرەكەی ڕادێرێ و هەستێكی وای لا دروست بكـات كـە قسـەكانی ئـەو لـە هیـچ شوێنێكی ترو لە هیچ كاتێكدا باس نەكراون. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی كە كەسەكە زیاتر سەرنج بداتە قسەكانی، نەك دەركەوتنی لە تەلەفزیۆنەكان.

## ڕێكخستنی چاوپێكەوتن

ڕێكخستنی بابەتـە نووسـراوەكانی چاوپێكـەوتن گرنگیـەكی زۆر یـان هەیـە، پێداچوونـەوەو ڕێكخستنی ئەو زانیارییانەی كەلەئەنجامی پرسیارەكانەوە بەدەست هاتوون هونەرێكی گرنگـی كاری ڕۆژنامەگەرییە. ئەو بابەتانەی كەلە كاتی دیدارەكەدا بە شێوەی زارەكی بیستراون ئەبێ لە قۆناغی پێداچوونەوەدا جارێكی تر بنووسرێنەوەو بەشە گرنگ و بەسودەكانی بەرجەستە بكرێن.
پێداچوونەوەو ڕێكخستنی چاوپێكەوتنە هەمە جۆرەكان جیاوازییان هەیە، لـە خـوارەوە بـاس لـە چەند نمونەیەكی ڕێكخستنی چاوپێكەوتن ئەكەین:

١- چاوپێكەوتنی خێرا: چاوپێكەوتنی خێرا ئەو چاوپێكەوتنەیە كە لەگەڵ خەڵكی ئاسایی سەر شەقامەكان لەسەر بابەتێكی ڕۆژانە ئەنجام ئەدرێ ئەمەش بۆ ئەوەیە تاكو بۆچوونی خـەڵك لەسەر ڕووداوەكان بزانرێ.
چاوپێكەوتنی خێرا ئەم یاسانەی هەیە:

١- لەسـەرەتای چاوپێكەتنەكـەدا پێشـەكیەك ئەنوسـرێت و هۆكارەكـانی سـازدانی دیدارەكـە و كورتەیەك لەسەر بابەتی چاوپێكەوتنەكە ئەخرێتە ڕوو، ئـەم پێشـەكیە نابـێ لـە حـەوت یـان هەشت دێڕ تێپەڕ بكات.
٢- پاش پێشەكیەكە، چاوپێكەوتنەكە بە ئەستێرەیەك یان خاڵێك دەستنیشان ئەكرێ.
٣- پاش ئەستێرەكە ناو و كارو ئادرەسی ئەو كەسەی دیدارەكەی لەگەڵدا كراوە ئەنوسرێت.
٤- لەم جۆرە چاوپێكەوتنانەدا یەك پرسیار ئەخرێتە ڕوو.
٥- نابێ ئەم جۆرە چاوپێكەوتنانە زۆر بن لە هەواڵێكدا لە دەچاوپێكـەوتن نـابێت تـێپـەڕ بكات چونكە خوێنەران هیلاك ئەكات.
٦- نابێ قسەی كەسەكان شیبكرێتەوە.
٧- ئەو كەسانەی كە چاوپێكەوتنی خێرایان لەگەڵدا ئەكرێ ئـەبێ زۆر بە وردی دەست نیشان بكرێـن و دەبـێ لـە ڕووی تەمـەن و ڕەگـەز و بـاری كۆمەڵایەتیـەوە جیـاوازبن. بـۆ ئـەوەی نوێنەرایەتی گروپە جیاوازەكانی كۆمەڵگا بكەن.

**چۆنیەتی ڕێکخستنی چاوپێکەوتنی خێرا:**

**ناوی بابەت**

**پێشەکی**

- **ناو، کارو ئەدرەسی کەسەکە** ......................

..............................................

.........................

...................................................

............

**بۆچوونەکانی**

٨- وەڵامەکان ئەبێ کورت بکرێنەوەو ناوەڕۆك و مەبەستە سەرەکی‌یەکانی ئەو کەسە بخرێنە ڕوو و پەراوێزیان بۆ دابنرێت.

٩- ئەبێ شێوازی ناساندن و چۆنیەتی وەڵامەکانیان وەکو یەك بێت.

**٢-چاوپێکەوتنی ئاسایی/**

هەموو چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژنامە ئەبێ پێشەکی‌یەکیان هەبێ و تێیدا باس لە بابەتی دیدارەکەو هۆکارەکانی بکرێت. دوا بەدوای ئەم پێشەکیە ئەتوانرێ پرسیار و وەڵامەکان بنووسرێنەوە.

I . ڕێکخستن بە پێی هەرەمی سەرەو ژێرکراو : دارشتن‌و ڕێکخستنی پرسیارو وەڵامەکان چاوپێکەوتن‌و ریزبەندکردنیان بە گوێرەی بابەت‌و ناوەڕۆك‌و گرنگیەکانیان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران گرنگی‌یەکی زۆریان هەیە . پرسیاری وا هەیە لەوانەیە لەکاتی دیدارەکەدا لەسەرەتادا بێت ، بەڵام لەقۆناغی ڕێکخستن دا ئەکەوێتە دوای هەموویانەوە ، چونکە ئەو گرنگیەی نەبووە ، بە شێوەیەکی گشتی بە گوێرەی شێوازی ڕێکخستنی هەرەمی سەروژێرکراو پرسیارە گرنگەکان ئەکەونە سەرەوەو کەم بایەخەکانیش لە خوارەوە دائەنرێن، مەسەلەی جێ گۆڕکیێ ی پرسیارەکان مەسەلەیەکی گرنگ‌و حەساسە، چونکە سەرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەکە ڕائەکێشێ . لەکاری ڕۆژنامەگەریدا مەسەلەیەك هەیە ئەڵێ : (( ئەگەر ریکۆردەر (( تەسجیل )) بیزانیبا چاوپێکەوتن بەباشی بکات ، چیتر ڕۆژنامەنووس پێویست نەبوو .))

II. ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لە شێوەی ریپۆرتاژ : هەندێ جار ئەتوانرێ پرسیارو وەڵامەکان بە شێوەیەکی تێکەڵا وو لە شێوەی ریپۆرتاژ دابنرێن‌و لەکاتی نووسینی پرسیارو وەڵامەکاند باس لە شوێن‌و کاردانەوەی کەسی چاوپێکەوتنەکە بکرێت ، ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە بەلای خوێنەرانەوە سەرنج ڕاکێشن ، بابەتە گرنگ‌و زانستی‌یەکان لەشێوەی چیرۆکێکی سەیردا ئەخرێتە ڕوو .

IV. ڕێکخستن لەسەر شێوازی مێژوویی : سادەترین جۆری چاوپێکەوتن ئەو چاوپێکەوتنانەیە کەلەسەر شێوازی مێژوویی ئەخرێتە ڕوو ، تەنیا لەو حاڵەتانەدا ئەتوانرێ سوود لەم شێوازە

وەربگیرێ کە هەموو بابەتەکانی دیدارەکە کورت و سەرنج ڕاکێش بن ، بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخستن و داڕشتنەوەی هەرچاوپێکەوتنێك تا حەدێکی زۆر بەندە بەبابەتی خودی .
دیدارەکەو زەوق و توانای رۆژنامەنووسەکەوە. باشترین شێواز بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕێکخستنی هەرەمی سەروژێرکراوە. شێوازی ڕێکخستنی مێژوویی تەنیا بۆ توێژە ڕووناکبیرەکان پەسەندە. شێوازی ڕێکخستنی ریپۆرتاژ لە هەموو شێوازەکان سەرنج ڕاکێشترە.

## ریپۆرتاژ- Reportage

هەر ڕووداوێك کە شێوازی نومایشی و گێڕانەوەی تێدابێ هەواڵە. هەرکاتێك کۆمەڵە ڕوداوێکی وەك ((ئیستعرازی سەربازی، ڕێپێوانی سیاسی، فیستڤاڵی وەرزشیو کردنەوەی کارگەیەك)) ڕوبدات، پەیامنێر لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی شایەتێك ئەبینێو لەجیاتی ئەوانەی کەتوانای ئامادەبونیان نیـیە ئامادە ئەبێتو هەموو بەسەرهاتی ڕوداوەکە ئەنوسێتەوەو بڵاوی ئەکاتەوە. لە زاراوە رۆژنامەنووسیەکاندا بەم نوسینە ئەوترێ ریپۆرتاژ Reportage.
کەواتە، ریپۆرتاژ ئەو هەواڵەیە کە گێڕانەوەو وێنەگرتنی تێدایە. ریپۆرتاژنووسیش ئەو کەسەیە کەبەهەستەکانی خۆی لەجیاتی خوێنەرانی رۆژنامەو گوێگرانی رادیۆو بینەرانی سینەماو تەلەفزیۆن ئامادەی ڕووداوەکە ئەبێ.
چاوو گوێی ئەو پەیامنێرانە ئەبنە چاوو گوێی ملیۆنەها خوێنەرو بینەرو گوێگر. بەهۆی ئەمانەوە ولەڕێگەی خوێندنەوەی رۆژنامە یان بیستنی رادیۆ یاخود بینینی T.V وسینەماوە، گۆڕەپانی ڕووداوەکە ئەبینن و گوێ بیستی دەنگی کەسانی ناو ڕووداوەکە ئەبن.
پەیامنێر ئەبێ وەك کامێرای وێنەگرتن و ڕیکۆردەری زۆر هەستیار هەڵسوکەوت بکاتو لەجێگا پێویستەکانا ئامادە بێتو هەموو ڕووداوەکان تۆمار بکاتو بە پوختی بیانخاتە بەر دەستی کەسانی ترەوە.
بەڵام.. نابێ پەیامنێر وەك خەڵکی ئاسایی بچێتە تەماشاکردنی ئەو ڕووداوانە، بەڵکو پێویستە لەپێشی پێشەوەی خەڵکەکە بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووداوەکان بەچاکی ببینێو هیچی لەدەست نەچێ.

### بنەماکانی کاری ریپۆرتاژ نووسین

بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ تایبەتمەندیـیەکانی کاری ریپۆرتاژ نووس و بنەماکانی ریپۆرتاژ نووسین لێرەدا لە چەند خاڵێکی گرنگ ئەکۆڵینەوە.

#### I-ئەرکی گێڕانەوە:

نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە بینین و بیستنی ڕووداوەکان لە جیاتیخوێنەر بە تەنیا بەس نین بۆ خوێنەران ئەمە هەنگاوی یەکەمی کاری ریپۆرتاژنووسینە. چونکە ئەگەر پەیامنێر توانیبێتی

هەموو شتەكان بە باشی ببینیّو ببیستیّ، بەڵام نەیتوانیبیّ ئەو بینینو بیستنانە بگەیەنێتە خوێنەر یان بە خراپیبیخاتە ڕوو، وەك ئەوە وایە هیچی نەكردبیّو هیچی نەدیبیّ. كەواتە ئەركی سەرەكی پەیامنێر بینینو بیستن نییە ، چونكە خەڵكێكی زۆری وەك ئەو ڕووداوەكەیان دیوە، بەڵكو ئەركی سەرەكی ئەو پیشاندانی دیمەنەكانو گەیاندنی بیستراوەكانە، كە لەە توانای بینەرێكی ئاساییدا نییە ، تەشبیه كردنی ((ریپۆرتەر)) بەكامێرەی وێنەگرتنو ڕیكۆردەرتەشبیهێكی مەجازییە، چونكە ئەو ئەركەی پەیامنێرێك ئەنجامی ئەدا لە توانای هیچ كامێرایەكو هیچ ڕیكۆردەرێكدا نییە.

لەڕاستیدا كاری ریپۆرتاژ نووسین وەك مۆنتاژ كردنی ئەو وێنانەیە كەلە باشترین كاتو باشترین شوێندا گیراونو راستی ڕوداوەكان دەرئەخەن، بەڵام بەجیاجیاو ناڕێكو پێكیو پچڕپچڕی هیچ مانایەكیان نییە. ئەو ئەزانیّ كام دیمەن بخاتە ڕووو چۆن باس لەشوێنی ڕووداوەكە بكاتو چۆن چۆنی قسەی كەسانی تر بگێڕێتەوە. بەجۆرێك یەك لەدوای یەك ریز بەندیان بكات كەخوێنەر وابزانێت حۆی بەچاوی خۆی ڕووداوەكانی دیوەو لە نزیكەوە گویّ بیستی قسەكان بووە. لێرەدایە توانای وەسف كردنو گێڕانەوەی پەیامنێرو خەیاڵی ئەو دەرئەكەویّ.

بۆ ئەوەی بەهای ریپۆرتاژ نووسێك (بۆ نموونە هەواڵی وتارێك، لەكۆڕێكی جەماوەریدا هەڵسەنگێنن.، باشترین شت ئەوەیە دەقی وتەكە لەسەر كاسێتێك تۆمار بكەینو گویّی لیّ بگرین یان دەقە خێرا نووسراوەكە بخوێنینەوە. ئەو كاتە ئەبینین كەچۆن ڕستە وشكو بیّگیانەكان لەدوای یەك ڕیزبەند كراونو ئەگەر خوێنەرێك تا كۆتایی بیخوێنێتەوە هیلاك ئەبێت. بیّ گومان هەموو ئەو وشانەی كە كۆڕگێڕەكە بەكاری هێناون لە ڕوویماناو تێگەیشتنەوە تەواون، بەڵام كەموكوڕی گەورەی ئەو، زیندوو نەبوونی قسەی قسەكەرەكەیە.

چۆن ئەتوانریّ قسەكانی كۆڕگێڕێك گیانی بەبەردا بكریّ؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، ئەبیّ نووسینی هەواڵی پەیامنێرێك بەراورد بكریّ لەگەڵ دەقی ئەسڵی قسەكانی كۆڕگێڕەكەو وەسف كردنی شوێنی خوێندنەوەی وتارەكە(( گۆڕەپان- هۆڵی كۆبونەوە- پەرلەمان)) ناساندنی ئەوانەی ئامادەبوون (( كرێكار- جووتیار- خوێندكار- نوێنەرانی خەڵك ))، پیشاندانی شێوەی دەرەوەی كۆڕگێڕ، جۆری سەیر كردنی، جموجۆڵو ئاوازی دەنگی، كاردانەوەی ئامادە بووان (چەپڵە لێدانەكانیان- هاندانیان- چپە چپو ناڕەزایەتیەكانیان)و زۆر شتی تر كەتەنیا بەهونەرمەندیو لێزانیی پەیامنێرو((ئامادە)) بوونی ئەو ئەخرێنە ڕوو.

ئەم جۆرە ((ئامادە))بوونە هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نییە، چونكە لەهەموو ساتەكانی ڕووداوەكەدا پەیامنێر ئامادە بووەو وردو درشتی شوێنەكەی دیوەو بیستوویەتیو ئەوانەی بۆ ئەو كەسانەی كەلەویّ نەبوون گێڕاوەتەوە. بەلەبەر چاو گرتنی ئامادە بوونی پەیامنێر ئەبیّ ئەوەش باس بكەین كە، رێپۆرتاژنووس ناتوانیّ هەمیشە وەك ئامێرێك هەموو شتەكان تۆمار بكات، بۆیە زۆر جار

ئەتوانێ سود لەتواناى خەياڵ و فانتازياى خۆى وەربگرێ. بۆ ئەوەى ئەو بابەتەى كەوەك ريپۆرتاژ ئامادەى كردوە والێ بكات بۆ هەزاران خوێنەر كە هەريەكەيان زەوق و سەليقەيان جيايە، بشێت.

## II–كاريگەرى كەسايەتى ريپۆرتاژ نووس:

باس كردن لە بەكارهێنانى خەياڵ لەلايەن پەيامنێرەوە لەوانەيە ئەو گومانە دروست بكات كە ريپۆرتاژ نووس بە بەكارهێنانى خەياڵى خۆى ياساى بێ لايەنى بخاتە لاوەو ئەوەى كە وەك كاميرايەك بەبێ لايەنى تۆمارى كردوە بە سود وەرگرتن لەخەياڵى بخاتە ژێر پێيەوە. لێرەدا ئەبێ بوترێ وێنەيەكى جوان نيشاندەرى زەوقى بەرزى وێنەگرەكەيە. وێنەگرێك ئەگەر وێنەى كۆڕگێڕێك لەكاتى هەڵچوون وتورە بووندا بگرێ و بلاوى بكاتەوە ڕقى خەڵك دژى بوروژێنێ، بەهيچ جۆرێك بێ لايەن نىيە. گۆشەى بينينى وێنەيەك هيچ كاتێك لاى وێنەگرە جياجياكان وەك يەك نىيەو هەر كەسێك هەوڵ ئەدا بەپێى سەليقەو زەوقى تايبەتى، گۆشەى بينينى خۆى ديارى بكات. كەواتە وەك چۆن چاوەڕوانى بێ لايەنى لە وێنەگرێك ناكرێ، ريپۆرتاژ نووسيش بەهەمان شێوە ، چاوەڕێى زياترى لێ ناكرێ.

ئەبێ بزانين وێنەگر هەرگيز ناتوانێ هەڵسەكەوتى ديمەنەكان (كەنيشانەو بناغەى ريپۆرتاژن)، بخاتە ڕوو، بەڵكو ئەوانە ئەخاتە ڕوو كەلەگەڵ بيرى خۆىدا ئەگونجێن. ئەوەى لەكارى وێنەگرتندا ريپۆرتاژێك دڵگير ئەكا كەبەهيچ جۆرێك نايەتەدى. هەڵسوكەوتى ئامادەبووان و ديمەنەكان تەنيا بە بوونى پەيامنێر ئەتوانرێ بەرجەستە بكرێن و هيچ مادەيەكى كيمياوى ئەو كارەى پێ ناكرێ. بەخوێندنەوەى ريپۆرتاژێك هەموو ئەو شتانەى كەنابينرێن ئەخوێندرێتەوە. بيروراى سياسى يان خورەوشتى باشى كۆڕگێڕ لە ريپۆرتاژەكەداو لەسەر زمانى پەيامنێرەكە ئەوترێتەوە هيچ، يەك لەوانەش بەوێنە نابينرێن.

بەشێوەيەكى گشتى ئەتوانرێ بووترێ، پەيامنێر ئەبێ لەكاتى تێڕوانينى بۆ ريپۆرتاژەكەى خۆى، ئاگادارى جموجوڵ و ڕەنگ ئاوێزى هەواڵەكەى بێت. ئەگەر ئەو شتەى كەئەينوسێ ڕەنگ وبۆى ژيانى پێوە دياربێت، بەئاسانى ئەتوانرێ خەڵكانى ترى پێ بخرێتە ژێر كاريگەرى خۆيەوە. كەواتە بۆ ئەنجام دانى كارى ريپۆرتاژ نووسين تەنيا بينين و هەست كردن بەس نىيە، بەڵكو هێزى تێگەيشتن گرنگە. پەيامنێر كاتێك سەيرى دەرەوەى ڕووداوەكان ئەكات ئەبێ ئاگاى لەناوەوەش هەبێ. چونكە ئەو دەنگ و ڕەنگانەى ئەيانخاتە ڕوو تاريك و بێ مانا دەرئەچن. پەيامنێرێك ئەگەر دەقى وتەكانى كۆڕگێڕێك بگێرێتەوە، بەلام ئاشناى بيروراى كۆڕگێڕەكە نەبێ. بەهيچ جۆرێك ناتوانێ كارێكى باش ئامادە بكات.

## III–لەبەر چاو گرتنى خواستى خوێنەران:

بۆئەوەى ريپۆرتاژەكە بەدڵى خوێنەران بێت، پەيامنێر ناچارە خۆى لەجێگەى ئەوان دانێ و بەچاوى ئەوان سەيرى هەموو شتەكان بكات. ريپۆرتاژنووس هەردەم ئەبێ بەدواى ئەو مەسەلانەدا

بچێ کەبەدڵی خوێنەرانن و لەو مەسەلانەش دوربکەوێتەوە کە خەڵك حەزی لێیان نی یە. لەتێڕوانین و ڕێکخستنی ریپۆرتاژەکەشدا لەبەر چاوگرتنی خواستەکانی خوێنەر کارێکی پێویستە. بۆیە باس کردنی خاڵە گرنگ و دیارەکانی ریپۆرتاژ ئەبێت لەسەرەتای ریپۆرتاژەکەدا بێت و مەسەلە کەم بایەخەکانیش لەخوارەوە دانرێن. نابێ ئەوە لەبیر کەین کەزەوق و توانای پەیامنێر لەکاتی ڕێکخستنی ریپۆرتاژ دا هەلی دەرکەوتنی زیاتری بۆ ئەرەخسێ، هەر بۆیە ئەتوانرێ سوود لەهەموو ئەو ڕێگایانە وەربگیرێ کەئەبنە هۆی راکێشانی سەرنجی خوێنەران. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ریپۆرتاژ نووس وەك رۆمان نووس یان وێنەکێش بێ گوێ دانە کاردانەوەی خەڵك ئەتوانێ چی بوێ بینوسێ، چونکە ریپۆرتاژبەهەر شێوەو سەبەبێك بنووسرێ هەر ئەبێ شێوازی هەواڵ لەخۆی بگرێ و سیفەتەکانی هەواڵی تێدابێ.

وەك ئەزانین یەکێك لەسیفەتە بنچینەییەکانی هەواڵ راستیەکەیەتی: بۆیە ئەگەر ریپۆرتاژ نووس بیەوێ ریپۆرتاژەکەی لە شێوازی رۆمانی پۆلیسیدا بنووسێ، تاکو سەرنجی خوێنەران بۆلای نووسینەکەی راکێشێ و راستیەکان بخاتە ژێر پێیەوە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کردوە. پاراستنی بنەماکانی بێلایەنی لە ریپۆرتاژ نووسیندا وەك بابەتە هەواڵیەکانی تر گرنگ و پێویستە پەیامنێر جگە لەئاگادار کردنەوەی خوێنەران و گوێگران و بینەران، لەسەریەتی رێنمایشیان بکاتە ئەگەر نەتوانێ لەرێی بابەتەکانیەوە کاریان تێ بکات، ئەوا لەکارەکەیدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. چونکە کەسایەتی پەیامنێر ئەگەر نووسینەکانی زیاتر نەبێ ئەوا کەمتر نی یە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم کەسایەتیە بەردەوام خوێنەر ئەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

## ٧–ریپۆرتاژو چیرۆك:

ریپۆرتاژ نووس ئەو پەیامنێرەیە کەپاش شارەزایی و ئەزمونێکی زۆر لەکارەکەی خۆیدا، ئەرکی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو هەوالانەی پێ ئەسپێرێ کەلە کۆمەڵە چیرۆکێکی خۆش و بەلەزەت ئەچن.

پێش ئەوەی وشەی (( پەیامنێر)) یان (( رۆژنامەنووس)) بدرێتە پاڵ ریپۆرتاژ نووسەکان، فەرەنسیەکان پێیان ئەوتن ((Nouvelliste)) (نوڤلیست)) یان چیرۆك نووس.

ریپۆرتاژنووس ئەو چیرۆك نووسە نی یە کەبابەتەکانی لەسەر خەیاڵی خۆی ئامادە بکات بەڵام ئەم خەیاڵ و فەنتازیایە بۆ زیندوو کردنەوەو دروست کردنەوەی ئەو ڕوداوانەیە کەمردوون و لەناوچوون، بەڵام چیرۆك نووسەکان بابەتی چیرۆکەکانیان لە خەیاڵ و فکری خۆیانەوە هەڵقوڵاوە.

ریپۆرتاژ نووس لە رووی ئەو رووداوانەی کە دیویەتی یان ئەو قسەو باسانەی کە بیستوویەتی ریپۆرتاژەکەی ئامادە ئەکات. چونکە وەك وتمان ریپۆرتاژ جۆرێکە لەهەواڵ. هەواڵێکی وێنەداری ڕازاوە. هەر کاتێك هەواڵێك لەسەر رووداوێکی وێنە کێشراو پێك دێت، ریپۆرتاژ ئەبێتە باشترین جۆری هەواڵ.

## VI–هونەری ریپۆرتاژ نووسین:

هونەری راستەقینەی ریپۆرتاژ نووسین لەو وێنەیەدایە کە رۆژنامەنووسەکە لەسەر رووداوەکە ئەیخاتە بەردەستی خەڵك. ئەم وێنەیە ئەبێ لەدیوێکیدا هێندە جوان و سەرنج ڕاکێش و دڵ ڕفێن بێت و هەموو بەشەکانی لەبەرچاوی بینەراندا بدرەوشێتەوە، لەو دیوەکەشیدا هەموو قسەو باس و گلەیی و گازندەی وتار بێژەکان رەنگ بداتەوە.

لەوەش زیاتر دەنگ و ڕەنگەکان ئەبێ لەجموجۆڵ دا بن و گیان پەیدا بکەن. لەم حاڵەتەدا جم و جۆڵێ کەلەرووداوەکەدا هەبووە و ئەو دەنگانەی کە سەرچاوەکانیان نەئەبینران، بەشێوەیەکی زیندوو ئەخرێنە بەر دەست خوێنەران.

لەراستیدا ریپۆرتاژ نووس وەك هونەرمەندێکە، ئەبێ لەرێگەی خەیاڵ و بۆچوونەکانیەوە، بینین و بیستنەکانی خۆی وەك دیمەنێکی واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، سەر لەنوێ زیندوو بکاتەوەو کاراکتەرەکانی بهێنێتە جوڵە، جگە لەوە ئەگەر بتوانین بە ریپۆرتاژ نووسێك بڵێین هونەرمەند، ئەوا هونەرەکەی ئەم لەگەڵ هونەری ڕۆمان نوسێك یان وێنە کێشێك کە هەوڵ ئەدا دەست و پەنجەی خۆی بەسەر بابەتێکەوە دیار بێ و بۆچونی تایبەتی لەسەر هەبێ، جیاوازە.

## VII–کاریگەری راستییەکان:

کاری ریپۆرتاژ نووس گێرانەوەی کارێك یان ڕووداوێکە. هەرچەندە سەرکەوتنی ریپۆرتاژەکە لەدڵگیری و سەرنج راکێشانەکەیدایە، بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەندە بەراستی بابەتەکەوە. ئەگەر ڕووداوێکی راستەقینەی پڕ لەسەیرو سەمەرە ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵ لەبەرچاوبگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ چیرۆکێکی خەیاڵی نووسەرێك کە نزیك بێت لەبابەتی ڕووداوە راستەقینەکە، ئەبینین ڕووداوە راستەقینەکە سەدان جار زیاتر لەچیرۆکە خەیاڵیەکە خەڵك ئەوروژێنێ و سەرنجیان رائەکێشێ.

بۆنمونە ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەی کە ((ژول ڤرن))ی فەرەنسی لەبارەی چوونە ئاسمانەوە نوسیونی، بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کەلە هاوینی ١٩٦٩دا (ئاپۆلۆ١١) ئەنجامی داو چووە سەر مانگ، مەسەلەکە لەباس کردن نایەت. چونکە سەرەڕای جوانی و سەرنج ڕاکێشانی ئەو چیرۆکانە، ((ئاپۆلۆ١١)) دونیای توشی سەرسوڕمان کرد.

راستییەکان، بەتایبەت ئەو راستیانەی کەلە ئەفسانەو خەون دەچن، بەجۆرێك کار لەڕۆح و بیری مرۆڤ ئەکەن، هیچ تابلۆو کارێکی هونەری و ئەدەبی ناتوانن لەگەڵیدا یەکسان بن. لەخۆڕا نییە زۆر لە رۆژنامەنووس و گۆڤار نووسەکان هەوڵ ئەدەن ئەو چیرۆکانەی کە دەسکردی خۆیانە وا پیشان بدەن کەراستەقینەن و مۆری (( چیرۆکی راستەقینە ))ی بەسەردا ئەدەن. بەشێوەیەکی گشتی نابێ واقعیەتی چیرۆکە هەواڵ لەبەر چاو بگیرێ و بەشەکانی چیرۆك لەیاد ببرێ. بەواتایەکی تر نابێ تەنیا ئەسڵی چیرۆکە هەواڵەکە راستەقینەبێ، بەڵکو ئەبێ بەشەکانی ئەم چیرۆکەش لەگەڵ

راستیەکاندا هاوجووت بن. بۆنمونە ئەگەر بابەتی هەواڵەکە دزینی بانکێك بێ و مەسەلەکەش هەمووی راستەقینەبێ پێویستە بەشەکانی تری وەك ژمارەی دزەکان، بەشەو یان رۆژ روداوەکە قەوماوە، جۆری ئەو چەکەی کەلەوانەیە بەکار هاتبێت وەك خۆی و بەڕاستی باسی لێوە بکرێ و نابێ نووسەر بۆ سەرنج راکێشانی هەواڵەکە زیادو کەمیان بکات. چونکە بەقەد ئەوەی دەرخستنی راستیەکان بۆ خوێنەر گرنگە، بەهەمان ئەندازە درۆکردن لەگێڕانەوەی روداوەکان، خوێنەر بێزارو هیلاك ئەکات.

ریپۆرتاژ نووسەکان بەزۆری گرفتاری ئەو دڵە ڕاوکێیە ئەبن و پێویستە لە کاتی تەماشا کردنی رووداوەکان دا تەسلیمی پێشبینی و گومانی هەڵچووی ناڕاست نەبن.

ئەم تەقەلایە ئەگەر لەکارێکی دور لەهەواڵ و ریپۆرتاژ نووسیندا بەکاربهێنرێت، هەندێ بینەرو گوێگر بۆ خۆی پەیدا ئەکات، بەلاَم بەکارهێنانی ئەفسانەو خەیاڵ لەناو ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەلاَیەتی ئەبێتە هۆی بێبڕوا بوونی خەڵك و گاڵتە کردن بە بابەتە هەواڵیەکان.

## VII– واقعیبوونی ریپۆرتاژ:

بۆ ئەوەی ئەو بێبڕواییە دروست نەبێ و گاڵتەکردن ڕوونەدا، ئەبێ رۆژنامەنووس لەو کاتەی کەئەڕوانێتە بابەتەکەی هەست و سۆزی خۆی و ئەو هەڵچونانەی کەلەناکاو لای دروست ئەبێ، بخاتە لاوە. ئەگەر هێشتا هەندێ گۆشەی تاریك و ئاڵۆز لە ریپۆرتاژەکەدا ئەبینرێ، پێویستە لە ڕێگەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی تازەوە هەوڵ بدات ئەو گۆشە تاریکانە ڕووناك بکاتەوە. لەوانەیە پێش بینی و گومانەکانی ریپۆرتاژنووس لەراستیەوە نزیك بن، بەلاَم راستییەکانی زیان هێندە ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵ و سەر سوورهێنەرن. هێندێك جار رووداوی واغ دروست ئەکەن لەبڕوای هیچ کەسێکدا نەبێ و عەقڵی هیچ مرۆڤێکیش پەی بەدەرکەوتنیان نەبات.

کەواتە باشترین ڕێگە بۆ جێبەجێ کردنی خواستی گوێگران و دروست کردنی دڵنیایی لایان، لێکۆڵینەوەیە لەسەر خاڵە تاریك و نادیارەکانی ریپۆرتاژەکە، بەلاَم ئەگەر هاتوو بەهۆی نەبوونی کات یان هەندێ کۆسپی ترەوە ئەم کارە ئەنجام نەدرا، ئەبێ ریپۆرتاژنووس خەڵك لەئەنجامی رووداوەکان و زانیاریەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە، ئەو شتانە کەبوونەتە بەشێك لەواقع شیبکاتەوە ، ئەوەشی کەنایزانێ و واپێویست ئەکا لە ریپۆرتاژەکەی دا بخرێتە ڕوو لەخۆیەوە وەلاَمی بۆ نەدۆزێتەوە. گومان و پێش بینیەکانیشی بەبەڵگەوە باس بکات.

بەکورتی، ئەبێ ریپۆرتاژنووس ئاگا لە واقعی بوونی هەواڵەکەی بێت و لەهەمان کاتدا بە لەبەرچاوگرتنی شارەزایی وزانیارییەکانی پێشووی خۆی، هەندێ پێشبینی بکات، بۆ چوونەکانی خۆی بەجۆرێك بخاتە ڕوو کەخەڵك بزانن ئەوە ڕای تایبەتی لەریپۆرتاژدا، ئەگەر بە ئاشکرا بخرێتە ڕوو، هیچ زیانێك بەواقعی بوونی ریپۆرتاژەکە ناگەیەنێ.

*گیانی ریپۆرتاژ:
نابێ واقعی بوونی ریپۆرتاژ لەگەڵ بێگیان بووندا تێکەڵ بکرێ. پێویستە ریپۆرتاژنووس هەوڵ بدات بێ ئەوەی لەچوارچێوەی واقعیەکان و رووداوە راستەقینەکاندا دەربچێ، بەرزترین ماناو جموجوڵو هەستی ژیان بداتە ڕووداوەکان. واقعیەتی وشكو بی گیانو رەنگ، داخوازی لەسەر نییە. ئەبێ تیشك بخرێتە سەر خاڵە دیارو سەرنج ڕاکێشەکانی رووداوەکان وگیان بکرێتە بەریان. جەخت بکرێتە سەر ئەو لایەنانەی کە کار لەسەر هە ستو نەستو سۆزی مرۆڤ ئەکەن. خاڵە ناسكو جوانەکان بەرجەستە بکرێن وبە پێچەوانەوە ڕووداوە بچوكو بێ ماناکانی چیرۆکەکە فەرامۆش بکرێن.
لەریپۆرتاژێکی باش دا ئەبێ ڕاستگۆیانە گۆڕەپانی ڕووداوەکە باسی لێوە بکرێت، کاریگەری کات، وەك تاریکی، روناکی، شەفەق یان نیوەڕۆ لەبەرچاو بگیرێ، شێوازی دەرەوەی کەسایەتیەکانی چیرۆکەکە، ورەیان، گونجانو تورەبونیان، باوەڕەکانیانو چالاکیو ڕۆڵیان بخاتە ڕوو.
لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ((بۆ))ی هەواڵەکان ئەکرێتەوە. واتە تەنیا خستنە رووی بینراو وبیستراوەکان بەس نین، وئەبێ بۆ هەر هەواڵێكو هەربەشێکی هەواڵەکە پرسیار لەهۆی ڕوونەدانەکەی بکەینو راستییە نوێیەکان بۆ ئەو خوێنەرو گوێگرو بینەرانە باس بکەین کە نەیانتوانیوە پاش بینینی رووداوەکە لەهەموو شتەکان بگەن.
بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەنووس بەتەنیا نابینێو نابیستێو نانوسێ، بەڵکو بەهەموو هەستو هۆشی خۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام ئەدا. ئەو بەهەموو تواناو زیرەکیو هۆشیاری خۆیەوە بەدوای ڕووداو وبابەتە گەورەو بچووکەکاندا ئەچێو هیچ ((بۆ))یەك بەبێ وەڵام ناهێڵێتەوە.
نووسەری ریپۆرتاژ هەم هەواڵ ئەنێرێتو هەم لێ ی ئەکۆڵێتەوەو هەم رووداوەکان وەك خۆیان چۆن روویان داوە ئەنوسێتەوەو هەم رەخنەو کەمو کورپیەکانو سەرکەوتنی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە ئەخاتە ڕوو.
بابەتی ریپۆرتاژ ئەتوانێ زۆر جیاجیا بێت. لە ڕووداوێکی مێژوویی سەرنج راکێشەوە بگرە تا ئەگاتە بابەتێکی بێ گرفت. بەڵام ئەوەی گرنگەو ریپۆرتاژەکە شیرینتر ئەکات، ئەو لایەنانەیە کە جێگەی تێڕامانی مرۆڤنو نووسەر ئەیانخاتە ڕوو. لەمیانەی دێڕەکانی ریپۆرتاژێکدا ئەتوانرێ کەسایەتیریپۆرتاژ نووسو ڕێژەی شارەزاییو جۆری بیرکردنەوەو توانای بەکارهێنانی ڕستەو وشە لەجێگەی خۆیدا، ببینرێ.
ئەبێریپۆرتاژنوس گرنگی هەر بەشێکی هەواڵەکە بەجیا دیاری بکات. واتە هەر بەشێك لە هەواڵەکە بەگوێرەی گرنگییەکەی شی بکاتەوە. ئەگەر بۆی کرا بەشە بچووکەکانی لابداتو بەشە

سەرنج ڕاکێشەکانی بە پەراوێزی گونجاو گەورە بکاتەوە. بەگشتی نووسەر بەلادان و گەورەکردنەوەی هەندێ بەش، هەواڵەکە بەپێی گرنگی، پێکەوە گرێ ئەداتەوە.

بەکورتی ئەبێ بووتری کاری ریپۆرتاژ نووسین خێرایی و وردەکاری تێدایە. شێوازەکەی سادەیەو بەشێوەیەکی نمایشی و وروژێنەر ئەنوسرێتەوە، بەڵام لەگەڵ واقع دا جووتە.

چۆنیەتی ئامادەکردنی ریپۆرتاژ

ئامادەکردنی هەواڵ بەشێوەیەکی گشتی و ئامادەکردنی ریپۆرتاژ بە شێوەیەکی تایبەت، بە دوو قۆناغ ئەنجام ئەدرێ. قۆناغی یەکەم پێش چوونە ناو شوێنی رووداوەکە وقۆناغی دووهەم لەشوێنی رووداوەکەدا.

<u>پێش چوونە ناو شوێنی رووداوەکە:</u>

ریپۆرتاژ نووس بەرلەوەی بچێتە جێگەی ڕووداوەکە، ئەبێ هەندێ زانیاری لەسەر ئەو ڕووداوەی کەبۆی دیاری کراوە بەدەست بهێنێ. ئەو ئەبێ لەو هۆکارانەی کەبونەتە هۆی ڕودانی ڕووداوەکە بکۆڵێتەوە، هۆکارە دیاری کراوەکان، ئەو مەسەلانەی کە پێش بینی ئەکرێ بدۆزرێتەوەو خاڵە تاریکەکانی کێشەکە تۆمار بکات. بۆیە دەبێ ئاگای لەسێ جۆر مەسەلە هەبێ. ئەو مەسەلانەی کەزانراون، ئەو مەسەلانەی کەپێش بینی ئەکرێن و ئەو مەسەلانەی کەهێشتا نهێنین.

لەهەمانکاتدا سێ خاڵی تر هەیە کەنابێ چاوپۆشیان لێ بکرێ، ئەو ڕووداوانەی کەلەحاڵەتی ڕوواندان وئەو ڕووداوانەی کەلە ئایندەدا ڕووئەدەن. ئەگەر ئەم خاڵانە لەبەرچاو نەگیرێن ئەگەری هەڵەکردن لەکاری ریپۆرتاژ نووسین دا فراوانەو لەشوێنی ڕووداوەکەدا کاتێکی زۆر بەفیڕۆ ئەچێ.

پێش بینی ریپۆرتاژ نووس زۆر گرنگەو سەرکەوتنی لەکارەکەیدا پەیوەستە بە وردبینی پێشبینیەکانەوە. ئەو پێشبینیە هەڵانەی کەهەندێ لەریپۆرتاژ نووسەکان ئەیکەن، هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ کەم وکوڕی لەزانیاریەکانی پێش هاتنیان بۆ شوێنی ڕووداوەکە...

ئەبێ ئاگامان لەوە بێ کەپێشبینیەکی ڕاست بۆ ئەو مەسەلانەی کەپێش بینی کردنیان سەختە، بەتایبەت پێش بینی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوە، جیاوازی نێوان ریپۆرتاژ نووسێکی باش و ریپۆرتاژ نووسێکی خراپ کەبەهەڵە ڕێچکەی بڕیوە، دەردەخات. ئەگەر پێشبینی بردنەوەی حزبێك بکرێ کە پێشتر لەچەندین هەڵبژاردندا دۆڕاندویەتی و پێش بینیەکە ڕاست دەرچێت نووسەرەکەی لەناو خەڵکدا ناوبانگ و ڕێزێکی زۆری دەست ئەکەوێ، چونکە لەوانەیە خەڵك چاوەڕوانی شتی وایان نەکردبێت.

کەواتە هەڵسوکەوتەکانی پێش هاتنی ریپۆرتاژ نووس، گرنگی‌یەکی زۆری هەیە، ئەبێ پەیامنێر جگە لەو شارەزاییانەی کە لەسەر ڕووداوەکە کۆی ئەکاتەوە، بۆ پێشبینی کێشەکە یان ڕووداوەکە بگەڕێتەوە بۆ ئارشیف و پەیوەندی بکات بەو کەس و لایەن و هاوکارانەی کەزانیاری زیاتریان لایە، ئەگەر بابەتەکە لەسەر ڕێپێوان و ڤیستڤاڵ بوو پێویستە چاوی بە هەڵسوڕاوەکانیان بکەوێ،

سەیری پۆستەرو ئاگاداریەکانیان بکات. تەنانەت ئەبێ تەماشای کەسایەتیەکانی رووداوەکە بکات. تاکو ئەگەر لەگەڵیان رووبەڕوو بووەوە بیانناسێ وئەو هەلە گرانبەهایە لەدەست خۆی نەدات، ئەم لێکۆڵینەوانە تەنیا بۆ ئەو ڕووداوانەنین کەرویان داوە، بەڵکو بۆ ئەو چالاکیانەی کەپێش بینی ئەکرێن وەك (کۆبوونەوەی پەرلەمان –وتار خوێندنەوەو هتد)، دەبێ هەمان شت بکرێت.

لەشوێنی رووداوەکە:

لەقۆناغی دووهەم دا ئەبێ بزانین رووداوەکە پێش بینی کراو بووە یان چاوەڕوان نەکراوبووە. ئەگەر پێشبینی کراوبوو، ،کارەکە ئاسانە، تەنیا ئەوەی ئەوێ ریپۆرتاژ نووس ماوەیەك پێش دەست پێکردنی رووداوەکە لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادە بێت. دریژی ماوەی هاتنەکەشی بەندە بەرادەی ئاشنایی‌و جۆری بابەتەکە لەلایەن ریپۆرتاژ نوسەکەوە.

هاتنی ریپۆرتاژ نووس لەکاتی گونجاودا، هەلی ئەوەی بۆ ئەڕەخسێنێ جێگەیەکی باش بۆ خۆی دیاری بکات، هاتووچۆکانی خۆی بۆ پشتەوەی شانۆ ئاسان بکات. بابەتی ریپۆرتاژەکە هەرچی بێت، ئەو زانیاریانەی کەکەسایەتی‌و رێکخەرانی رووداوەکان ئەیدەن بەزۆری ناتەواون‌و بێ لایەنانەش نین. کامڵ کردنی قسەی کەسایەتیەکان لەئەستۆی ریپۆرتاژ نووسەکەیەو باشترین کاتیش بۆ ئەنجام دانی شوێنی رووداوەکەیە.

لەشوێنی رووداوەکە، پەیامنێرو ریپۆرتاژ نوس نابێ ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان لەیاد بکەن‌و وەك بینەرێکی بێ ئاگا لێ ی دانیشن‌و سەرقاڵی سەیرکردن بن. ئەبێ ئاگاداری رووداوەکانی پشت پەردەو پەراوێزی رووداوەکەبن، هەندێ جار لەوانەیە پەیامنێر بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر چەندین جار شوێن گۆڕکێ بکات‌و بچێتە گۆشە جیا جیاکانی شوێنی رووداوەکە. ئەوەی گوایە فلانە پەیامنێر شانسی زۆرەو بەرێکەوت لەشوێنی ڕووداوەکاندا ئامادە ئەبێت، ڕاست نیە، بەڵکو تەنیا چالاك بوونی خۆی‌و شارەزایی‌و پێشینەی ئەوە سەری لەشوێنی رووداوەکان ئەتەقێنێتەوە. ئەم جۆرە پەیامنێرانە تەنیا سەیری نمایشی دەرەوەی روداوەکان ناکەن‌و ئەتوانن گۆشە تاریك‌و سەرنج راکێشەکانی کێشەکە ببینن‌و روداوی سەیرو سەمەرە تر بدۆزنەوەو بڕۆنە ئەو جێگایانەی کەکەسانی تر ڕێیان تێ نەکەوتووە.

ئەبێ بوترێ، پەیامنێر نابێ لەکاتی ڕووداوەکەدا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات‌و لەجیاتی لۆژێك بکەوێتە دوای هەستەکانی: لەساڵی ١٩٦١ ئەو کاتەی ژنراڵ ((دیگۆل))سەربەخۆیی ((الجزائری))دایەوە بەجەزائریەکان، ژمارەیەك لە ئەفسەرانی فەرەنسایی دژی دەوڵەتی ناوەندی راپەڕین، هەندێ رۆژنامەنووس کەهاوسۆزی ئەفسەرەکان بوون، رووداوە گرنگەکانی شاریان لەیاد کردو کەوتنە دووی ئەفسەرە یاخیەکان. لەئەنجام دا ئەو ڕاگەیاندنانەی کەئەمان کاریان تێدا

ئەکرد لەهەواڵی گرنگترین ئەو ڕووداوانەی کەلەو کاتەدا رووی ئەدا بێ بەش بوون و هەوڵیان دا بەڕێگەی ترو بەشێوەیەکی تر غەفڵەتی هاوکارەکانی خۆیان پڕبکەنەوە.

## یاداشت کردن:

پەیامنێر ئەبێ یاداشتی ئەو رووداوانە بکات کە روویان داوە، رووداوەکە لەڕەوتی خۆی ناکەوێ، جائەم پێشتر خۆی ئامادە کردبێ یان نەکردبێ و یاخود لەکاتی خۆیدا هاتبێتە جێگەی رووداوەکە یان نەهاتبێ، گرنگ ئەوەیە هەرکاتێ پێی راگەیشت دەست بکاتە نووسینەوەی یاداشتەکانی ودواتر لەهەلێکی گونجاو تردا، رێکیان بخاتەوە.

چەندە بیری پەیامنێر تیژبێت، بەڵام بەهیچ جۆرێ ناتوانێ جێگەی ئەو یاداشتانە بگرێتەوە کەلەکاتی خۆیدا لەسەر خاڵە گەورەو بچوك و گرنگ و بێ بایەخەکاندا تۆماری کردوون. ئەبێ ئەوەش بزانین کەدەبێ تەنیا خاڵە گرنگەکان تۆمار بکرێن و هەموو رووداوەکە تۆمار نەکرێ.

پەیامنێرە بیانیەکان لەکاتی یاداشت نووسین دا، پشت بەبنەمای نووسین ئەبەستن، چونکە یاداشتە کورتەکانیان لەکاتی پێداچوونەوەدا بەهۆی یادەوەریەوە کامڵ ئەبن. تەنیا هەندێ رستەی گرنگی وتارەکە پێویست بەوە دەکات وەکو خۆی بەخێرایی بنووسرێتەوە.

تەنانەت ئەو رۆژنامەنووسانەی کەئەتوانن بەخێرایی شتەکان بنووسنەوە، زۆر بەکەمی ئەو توانایەی خۆیان بەکار ئەهێنن، چونکە یاداشت کردنی قسەکانی وتارخوێنێك پەیامنێرەکە سەرقاڵ ئەکات و بێ بەشی ئەکات لەبینینی رووداوەکانی تر کەلەو کاتەدا رووئەدەن. پەیامنێرەکە کە ئەبێتە ئامێرێك و تەنانەت لەو شتانەش کەنووسیویەتی بەباشی تێناگات.

لە ریپۆرتاژە بچوکەکاندا ئەبێ خۆی لە وردکردنەوەو شیکردنەوەی مەسەلەکان بپارێزێ، چونکە درێژ دادڕی لە شیکردنەوەی مەسەلەکان دا پێچەوانەی تەرکیبی لۆژیکی ئەو مەسەلانەیە.... بۆنمونە ماوەی نێوان دوو پەردەی نمایشێك یان دوو شەوتی یاریەك.

رۆژنامەنووس لەو کاتانەی کەبۆ حەوانەوەی دیاریی ئەکات سود وەرئەگرێ وبە نووسینەکانیا ئەچێتەوە،ئەو کاتانە باشترین هەلن بۆ پێداچوونەوە .

## ئەبێ چۆن یاداشت بنووسرێتەوە:

هەرکەسێك رێبازێکی تایبەتی بۆ یاداشت کردنی شتەکان هەیە بگرە هەر هەواڵێك جۆرێکی تایبەت لەیاداشت کردنی هەیە، بەڵام ئەتوانین ئەم چەند ڕێگەیە بخەینەڕوو.

- رۆژنامەنووس ئەبێ سەرەتا مەسەلە سەرەکیەکان تۆمار بکات، وەك رووداني رووداوەکە یان ئەو قسەیەی کەلەسەر کۆڕێك کراوە.
- پاشان مەسەلە لاوەکیەکان تۆمار ئەکرێن: بڕینی قسەکان (وتارەکە)، کاردانەوەی خەڵك یان ناڕەزایانی ئەو ڕوداوە دەرەکیانەی کە پەیوەندیان بەمەسەلەکەوە هەیە.

- پاشان ئەو مەسەلانەی کەبۆ رازاندنەوەی هەواڵەکە بەکار ئەهێنرێن. باس کردنی شوێن‌و چواردەوری رووداوەکە (خۆری گەرم، باران، جل‌وبەرگی خەڵکەکە، ژمارەو تەمەنی ئامادەبوان، گاڵتەو گەپەکان....).
- هەروەها ئەو مەسەلە نائاساییانەی کەلە کاتی رووداوەکەدا ئەقەومێن. پیرەمێردێك هەموو نیشانەکانی ئازایەتی کردوە بەبەرۆکی خۆی‌داو لە ڕێپێوانەکەدا بەشدارە.

ئەبێ ئاگامان لەوە بێ هەندێ جار مەسەلەیەکی لاوەکی جێگەی مەسەلە سەرەکیەکە ئەگرێتەوە. بۆ نمونە شەڕو هەرا لە فوتبالێکدا لەوانەیە لەخودی یاریەکە گرنگتر بێت‌و ببێتە بابەتێکی سەرەکی ریپۆرتاژەکە.

جگە لەمانە، پەیامنێر ئەبێ ئەو پرسیارانەی کەبەمێشکیدا دێت تۆمار کات‌و وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە. هەروەها ئەبێ هەر لەو جێگەیەدا یاداشتەکانی بخوێنێتەوەو ڕێکیان بخات‌و ئەگەر کەم‌و کوڕیەکی تیایاندا بەدی کرد یەکسەر راستیان بکاتەوە. ئەگەر دووبارە یاداشتەکانی لەشوێنی ڕووداوەکاندا نەخوێندبێتەوە، لەوانەیە هەندێ هەڵەی تێ بکەوێ‌و دواتر نەتوانێ بەئاسانی چارەسەریان بکات.

بەشێوەیەکی گشتی یاداشت نووسین ئەبێ خێراو تەواو بێت.

یاداشتی کامڵ کارێکی دژوار نی‌یە تا ئەو کاتەی رۆژنامەنووس لەجێگەی رووداوەکە، بەڵام بەپێچەوانەوە کارێکی دژوار دەرئەچێ، لەو کاتەدا ئەبێ وەڵامی شەش پرسیار (کێ- کەی-لەکوێ -چی-بۆ-چۆن) بداتەوە بەیارمەتی ئەوانە چیرۆکەکەی خۆی داڕێژێتەوە.

٤- جۆرەکانی ریپۆرتاژ:

دوو جۆر ریپۆرتاژمان هەیە، ریپۆرتاژی گەورەو ریپۆرتاژی بچوك. ریپۆرتاژ بچوکە ئەگەر هاتوو تەنیا لەدانیشتنێکی کاردا ئامادە بکرێ. یانی ریپۆرتاژنووس بەیەك جار هۆکارو رەگەزەکانی هەواڵەکە کۆ ئەکاتەوەو یەکسەر ریپۆرتاژەکەی ئامادە ئەکات.

بەڵام ریپۆرتاژی گەورە ئەوەیە کەبەیەك دانیشتن پێکهاتەکانی دەست نەکەوێ‌و پێویستی بە دانیشتنی زۆرو تەقەلای فراوان هەبێت. تەنانەت هەندێ جار پەیامنێر ناچارە بۆ ئامادەکردنی سەفەر بۆ ناوخۆ یان دەرەوەی وولات بکات. ریپۆرتاژ نووسی گەورە، رۆژنامە نووسێکی خاوەن ئەزموونە. ئەوئەتوانێ هەر هەواڵێکی گرنگ‌و وروژێنەری وەك کوشتنی سەرۆکی وڵاتێك یان لافاوێکی گەورەو ئاگر کەوتنەوەیەکی بەربڵاو،زۆر بەباشی ئامادە بکات. ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانە بەردەوام ئامادەی سەفەرکردنن‌و پاسپۆرتی سەفەریان لەگیرفاندایەو هەرکە هەواڵێك گەیشت، بارگەی سەفەر تێك ئەنێن سواری ماشێن یان فڕۆکە ئەبن‌و خێرا خۆیان ئەگەیەننە شوێنی ڕووداوەکە.

هەلومەرجی دەستکەوتنی ئەم جۆرە هەواڵە دژوارە. دورە لەشوێنی رۆژنامەکە، لەگەڵ شوێنەکەدا ئاشنا نی‌یەو ریپۆرتاژ نووسی گەورە ئەبێ هەواڵێکی هەمەگیرو خۆش‌و بەپەلە بۆ ڕاگەیاندنەکەی خۆی ڕەوانە بکاتەوە.

هەرچەندە ریپۆرتاژنووسی بچوك کەمتر سەفەر ئەکات، بەڵام چالاکیەکانی ئەویش هیچی لەهاوڕێ بەئەزمونەکانی کەمتر نی‌یە. ئەویش بۆ ئامادە کردنی هەواڵێك بەردەوام روخساری سەدان کەس ئەبینێ و سەرئەکا بەشوێنە جیاجیاکانی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانداو لە گوڵزاری ئەو باخچە بەربڵاوە دا چەپکێ گوڵ بۆ ئارەزوومەندان ئامادە ئەکات.

پاش پێشکەوتنی هونەری چاپەمەنی، ئەمڕۆکە جیاکردنەوەی ریپۆرتاژ نووسەکان لەهاوکارانی تریان زۆر سەختە. جگە لەهەواڵە بچوکە ئاساییەکان، پەیامنێری ڕووداوەکان هەوڵ ئەدەن چیرۆك‌و ڕووداوەکانی رۆژانە لە شێوەی ریپۆرتاژی بچوك بڕازێننەوەو بۆ چاپ ئامادەی بکەن، لێرەدا سنوری نێوان ریپۆرتاژێك‌و هەواڵێك بەتەواوی نامێنێ.

لە لایەکی ترەوە بازاڕی ریپۆرتاژە گەورەکان وا خەریکە وردە ڕەونەقیان کەم ئەبێتەوەو ریپۆرتاژە بەدواچونەکان بازاڕیان گەرم تر ئەبێت. پاش بەرز بوونەوەی ئاستی داخوازی خوێنەران‌و گوێگران‌و بینەران، ریپۆرتاژنووسەکان ریپۆرتاژەکانیان بە وێنەی بەکەڵك‌و ڕەسمی جوان ئەڕازێننەوە. بگرە هەندێ جار هەوڵ ئەدەن هۆکاری سەرهەڵدانی ڕووداوەکان‌و دیمەنەکانی پشت پەردەش بخەنە ڕوو.

بەم جۆرە تخوبی نێوان ریپۆرتاژی گەورەو ریپۆرتاژی بەدواچوون (ئانکت) نامێنێ. چونکە جیاوازی بنچینەیی لەنێوان هەردوو جۆرەکەیان لەشێوازی لێکۆڵینەوەکەدایەو لەریپۆرتاژی ئاسایی‌و وەسفی دا رووکەشەو لە ریپۆرتاژی بەدوا داچوون دا قوڵترە.

## نموونەی ریپۆرتاژێك

لە پەیامنێری بەرازیلی رۆژنامەی لۆمۆندەوە :

ریڤادف ژانیرو – ڕێك لە دوازدەو پەنجاو دوو دەقیقەی شەشەوی ڕابوردو ، بینەرانی تەلەفزیۆنی ریڤادف ژانیرۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان وێنەی بێژەرەکەیان بە قیافەیەکی جیدی‌یەوە بینی کە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئۆلتیماتۆمی ئەو ڕفێنەرانە بوو کەبالوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە بەرازیل بە بارمتە گرتووە .

ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای شەوەوە بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی سوپا لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە کۆبونەوەیەکانیان سازدابوو،خەڵك هەستیان بەو شڵەژان‌و پەشۆکاوەی دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت دەکرد .

به ڕفاتندنی باڵوێزی ئەمریکا لە بەرازیل کەرۆژی پێنج شەممە ئەنجام درابوو ، بەڕێز (( بروك ئەلبرت )) ، رفێنەران ئەو هەڕەشەیەی خۆیانیان جیّ بەجیّ کرد کەلە ١٥ ی ئازار لە دەوڵەتیان کردبوو .

لەو ڕۆژەدا دەستەیەك لە بەرهەڵستکارانی دەوڵەت ، بەپلانێکی ئازایانە توانیان گرنگترین ئێستگەی رادیۆی ساوپاڵۆ داگیربکەن‌و ڕاگەیاندەکەی ((کارلوس ماریگلا)) ی نوێنەری پێشووی کۆمۆنیستەکان لە پەرلەمانی بەرازیل بخوێنەوە

<u>ڕاپۆرتێك لەسەر ڕووداوەکە</u>

لە باڵوێزخانەی ئەمریکادا بیّ هودەیی باڵی بەسەر هەموو کەسێکدا کێشاوە شۆفێری باڵوێزی ئەمریکا کەیەکەمین شایەتی ڕووداوەکەیە بەم جۆرە :

ڕووداوەکە بۆ بەرپرسەو سەربازی‌و پۆلیسەکان ئەگێڕێتەوە :

لە سەعات ١٢و پەنجا دەقیقەی پێنج شەممە ، چواری سپتەمبەر ، سەیارەیەکی جۆری فۆلکس ڤاگن ، سەیارە کادیلاکە ڕەشەکەی بەڕێز (بروك ئەلبریك)ی ناچار بە وەستان کرد. پاش نەختێك چوار پیاوی چەکدار خۆیان کرد بەناو ئوتومبیلەکەداو لە پاڵ ئەو وشۆفێرەکەیدا دانیشتن ، یەکێك لە تیرۆریستەکان سیمی رادیۆ – تەلەفونیەکەی ناو سەیارەکەی بڕی‌و یەکێکی تریان سەیارەکەی بەرەو کۆڵانێکی چۆڵی نزیك ڕووداوەکە لیّ خوڕی .

پاشان بالوێزەکەیان ناچارکرد ، بچێتە دوای پیکابێکەوە ،لەویّ دا(( ئایلْ داسیولڤا))ی شۆفێری کەدەستی لەسەر سەری بوو لەناو سەیارەکە بەجیّ ما .

پاشان پیکابەکە بە خێراییەکی زۆرەوە بۆی دەرچوو،شۆفێرەکەش کە سویێچێکی زیادەی پیّ بوو سەیارەکەی خستەکار و خۆی گەیاندە نزیکترین دوکان‌و بە تەلەفۆن دەنگوباسی ڕفاندنی بالوێزی گەیاندە باڵوێزخانەی ئەمریکا.

لە گەڕەکی (سائولکمانت) ، کە دەکەوێتە نێوان سەنتەری شارو کۆپاکاباتەوە بە شێوەیەکی ئاسایی هاتووچۆ هێندە زۆرە پێش بینی ئەوەناکریّ ڕووداوێکی لەو چەشنەی تێدا ڕووبدات .

لە سەنتەری شاردا خوێندکارەکان بە بۆنەی جەژنی (( هەفتەی نیشتمان)) ەوە سەرقاڵی ڕێپێوان بوون‌و هاتووچۆ بەرەو ئەو لاوە زۆر لە جاران دژوارترە .

پاش چەند سەعاتێك فولکس ڤاگتەکەی تیرۆریستەکانیان لە گەڕەکی (( گاوا )) لە نزیك (( جکی کلوب )) دۆزیەوە لە ناویدا چەند بەیاننامەیەك‌و شتێکی سەیر کەسەرەتا وادەزانرا بۆمبە ، دۆزرایەوە .

<u>کاری تیرۆریستی</u>

((هەموو شتەکان ئەوە دەگەیەنن کە کارەکە تیرۆرستانەیە ) ئەمە ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆی بەرازیلەکە یەکسەر لە باڵوێزخانەی بەرازیل دا حازربوو . لەو بەیاننامەیەدا کە دوای ماوەیەك

بڵاوکرایەوە ، وەزیر ئەم کارە تیرۆریستیەی بەکارێك بۆ بەدناوکردنی حورمەتو ناوبانگی بەرازیل لە قەڵەمداو داوای لێبوردنی کرد ، لەبەیاننامەکەدا باس لەوەش دەکرێ کە هەنگاوی پێویست نراوە ، بۆ ئازادکردنی بالوێزو گرتنی ڕفێنەرەکان .

گومانی پۆلیس بۆ دووناودەچێ : (( ماریگلا ))و (( لامارکا )) لەکاتی هێرش کردنە سەر ئیزگەی ساوپاولو ئەم دوو کەسە ناسرابوونەوە .

ماریگلا کە جاران نوێنەری حیزبی کۆمۆنیست بوو لەپەرلەمانی بەرازیل ، دووساڵ دەبێ لەگەڵ تاقمێکی بەرهەڵستکاری دەوڵەتدایەو لەجێگەیەکی نهێنی‌یەوە دژی دەوڵەت کاردەکات .

لامارکاش یەکێ کە لە ئەفسەرەکانی هێزی دەریایی‌و تیر ئەندازێکی زۆر بەناوبانگی بەرازیلی‌یەو لە ٢٣ جەنیوەری ١٩٦٩ بە هاوەڵی چەند دۆستێکی پیکابێکی پڕ لەچەكو تەقەمەنی رفاندو خۆی لەجێگەیەکی نهێنی حەشارداوە.

سەرچاوەکانی دەوڵەت کۆماندۆکانی ماریگلاو لامارکا بەو دزی‌و ڕاوڕوتانەی کە دەکرێنە سەر بانك و عەمارەکانی چەك ، تاوانبار دەکەن .

<u>دەستەی چەکداری شۆرشگێڕ</u>

کارلوس لامارکا، بەم دواییانە چەند بەڵگەنامەیەکی خستە بەردەم ئاژانسی‌فەرەنساو تێیدا چالاکییەکانی گروپەکەی خۆی شی کردەوە ،ڕاستی‌و دروستی ئەو بەڵگەنامانەو شوێنی ناردنەکەیان نەزانراوەو ناوی ماریگلاش لەوێدا نەهاتووە .

لامارکا لەو بەڵگەنامانەدا باس لە دەسپێکردنی شەڕی پارتیزانی‌و دروست کردنی ترس‌و تۆقین لەناو شارەکاندا دەکات، لەو ڕاگەیاندنەی کە ڕفێنەرەکانی سەفیری ئەمریکا لە دوای خۆیانیان بەجێ هێشتووە، ئەمپەرەگرافە هاتووە :

(( تۆڵەی ئەو هەموو ئەشکەنجەو ئێش‌و ئازارانەی کە پیاوانی حکومەتی دیکتاتۆری دژ بە چەکدارەکانی ڕێگای ئازادی ئەنجامی دەدەن، دەکەینەوە))

<u>بالوێزی ئەمریکا</u>

بروك ئەلبریك ، ٦١ ساڵەو یاریچیەکی تۆپی پێی ئەمریکایە ، نموونەی پیاوێکی ئەمریکایی ولایەتەکانیباشوور ، پێش دوومانگ وەك باڵوێزی ئەمریکا لە بەرازیل دەستبەکاربوو.

بروك هەردەم ئەو پێشنیارانەی ڕەد دەکردەوە کە داوای دانانی پاسەوانی تایبەتیان بۆدەکرد .

کاربەدەستانی بەرازیلی ئەم (( غەفڵەتەی )) باڵوێزیان کردۆتە بنێشتە خۆشەی دەمیان ئەو (( غەفڵەتەی )) کە بالوێزی کردوەتە ناوەندێك بۆ درامایەکی گەورەی سیاسی‌و پێشبینی ئەنجامەکانیشی زۆر دژوارە .

رۆژنامەی لۆمۆند

٥ سبتامبەری ١٩٦٩

## ڕێپۆرتاژنووسەکان

ئەوسەرچاوانەی کە بۆ ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفیزیۆنەکان ڕێپۆرتاژ ئامادە دەکەن بریتین لە:

- هەواڵدەرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. ئەمانە جگە لەو هەواڵانەی کە ئەینێرن لەسەر هەندێ بابەتی گرنگترو ڕوداوی سەرنج ڕاکێشی ناوخۆییو جیهانی ڕێپۆرتاژ ئامادە ئەکەن.
- پەیامنێرە ناوخۆییەکان. ئەمانە جگە لە هەواڵ هەندێك جار ڕێپۆرتاژی بچوکیش ئەنێرن.
- ئەو پەیامنێرانەی کە بۆ ئامادەکردنی هەواڵی ڕووداوە گرنگەکان ڕەوانەی شوێنێك ئەکرێن و ڕێپۆرتاژ ئامادە ئەکەن.
- پەیامنێرە ناوچەییەکان. ئەمانە لەپاڵ هەواڵە ناوچەییەکاندا هەندێ ڕێپۆرتاژی سەرنج ڕاکێشی ناوچەیی ئەنووسنەوە.

لێرەدا ئێمە تەنیا باس لەپەیامنێرە ناوچەیی‌یەکان وئەوانەی کە ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکان ئەکرێن، دەکەین.

### ١. پەیامنێرە نێردراوەکان:

هەرکاتێك ڕووداوێکی گرنگ لە ناوچەیەکی دوور لەناوەندی ڕۆژنامەکە، جا چی لەشارێك یان وڵاتێکی تر ڕوویدات یان لەکەناری ڕووداندا بێت، ڕۆژنامەکە بەپێی گرنگی ڕووداوەکە یەکسەر، یەك یان چەند کەسێك لە پەیامنێرەکانی ڕەوانەی شوێنەکە ئەکات.

ئەگەر مەسەلەکە پێشتر پێشبینی کراو بێت، وەك دەست پێکردنی پێشانگایەك یان ڤیستڤاڵێکی سینەمایی، یان پێشبڕکێیەکی نێو دەوڵەتی یاخود کۆنگرەی حیزبێك...ئەوا پێویستە پەیامنێرەکە لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەگەر پێشبینی نەکراو بوو، وەك ڕوودانی بوومەلەرزە، یان کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە، یاخود بەرپابونی ئاشوبێك، ئەو کاتە پەیامنێرەکە ئەبێ لەشوێنی ڕووداوەکەدا لێکۆڵینەوەکانی بکات. ئاشکرایە لەم حاڵەتەدا لێکۆڵینەوەکان تەنیا بەبینینی شوێنەکە ئەنجام ئەدرێن، چونکە ئەبێ لێکۆڵینەوە بەوپەڕی خێرایی‌یەوە ئەنجام بدرێت و پەیامنێر ناتوانێ وەك مەسەلەکانی تر چەند ڕۆژێك بە لێکۆڵینەوە بەفیڕۆ بدات. هەندێ جار لەوانەیە کۆمەڵە بەڵگە نامەیەك هەبن لەسەر ڕووداوە پێش بینی نەکراوەکە، وەك ئامارو زانیاری لەسەر بوومەلەرزەکەی پێشتر، لەم حاڵەتانەدا ئەبێ پەیامنێر پێش سەفەر کردن ئەو ئامارو زانیاریانە ئامادە بکات و لەناو ماشێن یان فڕۆکەدا سەیریان بکات.

### ٢. بابەتی لێکۆڵینەوە :

پەیامنێری نێردراو، هەرکەگەیشتە شوێنی ڕووداوەکە ئەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر سێ شت بکات، ئەوەی کەڕوویداوە –ئەوەی لەو کاتەدا خەریکە روو ئەدات –ئەوە کەلەئایندەدا رووئەدات.

بەزۆری پەیامنێران لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەخاڵی دووهەمەوە دەست پێ ئەکەن، چونکە بینینی ئەو رووداوەی لەکاتی رووداندە، لەهەموو لێکۆڵینەوەیەکی تر زیاتر شارەزایی و زانیاریان پێ ئەبەخشێ. بۆیە پەیامنێری نێردراو ئەبێ یەکسەر خۆی بگەیەنێتە شوێنی رووداوەکە بۆئەوەی ئەو رووداوەی کەهێشتا لەحاڵەتی رووداندە ببینێ و لەدەستی دەرنەچێ.

ئەگەر رووداوەکە کۆتایی هاتبێ، پێویستە لێکۆڵینەوەکان لەسەر کاریگەریەکانی پێشووی وئایندەی رووداوەکە بکات.

لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریەکانی پێشوو ئایندە لەیەك کاتدا ڕوو ئەدەن، بەڵام ئەگەر کاتی بەدەستەوە نەبوو ئەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریەکانی ئایندە ئەنجام بدات، چونکە خەڵك تائەو کاتە ئاگاداری کاریگەریەکانی پێشوو بوون بەدوای کاریگەرییەکانی ئایندەدا ئەگەڕێن.

بەشێوەیەکی گشتی پەیامنێر ئەبێ لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر زەمەنی ڕابردوردو وئایندە ئەنجام بدات.

## ٣. ناوەندی لێکۆڵینەوە:

زۆر جار پەیامنێرە نێردراوەکان هیچ جۆرە ئاشناییەکیان لەسەر شوێنەکە نییە، خەڵکەکەی ناناسن و هەندێ جار زمانەکەشیان نازانن. لەم حاڵەتەدا ئەگەر زانیاریەکانیان تەنیا لەچوارچێوەی سەیرکردنی رووداوەکەدا بخولێتەوە، ئەوە لەسەدا سەد زانیاریەکانیان زۆر لەپەیامنێرە ناوچەییەکان کەمتر ئەبێ.

پەیامنێرە نێردراوەکان، ئەبێ سەربکەن بە هەموو مەڵبەندو سەرچاوەیەکدا کەبۆنی زانیاری لێوە دێت بۆ ئەوەی زانیاریان دەست کەوێت و لەڕێگەی ئەوانیشەوە ئاشنای شوێنەکان بن.

ئەو مەڵبەندانەش بریتین لە:

- پەیامنێری ناوچەیی.
- پەیامنێری هەواڵدەرە نێو دەوڵەتیەکان.
- پەیامنێری نێردراوەکانی راگەیاندنی تر کەلەوانەیە زووتر هاتبێتنە شوێنەکە.
- ئەو هاوڕێیانەی کە پەیامنێرەکە لەناوچەکەدا هەیەتی، یان هاوڕێیانی ئەو هاوڕێیە، کەلەوانەیە پلەو پایەکانیان گونجاو بێت بۆ دەست کەوتنی هەواڵ.

**وەزارەتی زانیاری (مخابرات)**

یان سەنتەری زانیاری و بلاوکردنەوەی وڵات یا ئەو شارەی کە رووداوەکەی تێدا قەوماوە.

وەك ئەبینین ڕێنمایی گرانبەهای پەیامنێری نێردراوەکان لەشوێنی ڕووداوەکاندا گرنگن بۆ هاوکارەکانیان لەچاپەمەنیەکانی تردا. چونکە لەم حاڵەتانەدا چاپەمەنیەکان بەپێی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە لەپێش هەموو دەزگاکانی تردا خۆیان بۆ دەست کەوتنی زانیاری ئەگەیەننە جێگەی ڕووداوەکە. لەنێوان ئەوانیش دا کەسانێك هەن ئاگاداری پێشینەی ڕووداوەکەن.

پێویستی پەیامنێرەکان بەیەکتری، ئەو ڕەوشتە باشەی لایان دروست کردووە کەلەم حاڵەتانەدا لەنێوان خۆیاندا زانیاری ئاڵوگۆڕبکەن وڕێنمایی پێویست بەهاوکارە بیانیەکانیان ببەخشن.

بەم شێوەیە پەیامنێرە بیانیەکانی ئامادە بوون شوێنی ڕووداوەکە، بە تەقەلاکردنیان بۆ دۆزینەوەی هاوکارەکانیان و بەخێرایی خۆیان لەجێگەیەکی ئاشنادا ئەبیننەوە کەرەستەکانی کارەکەیان دەست ئەکەوێ.

ئاشنا بوون بەشوێنی ڕووداوەکە هەلی ئەوەی بۆ ئەڕەخسێنێ پەیوەندی بە هەموو کەسایەتیەکانی ڕووداوەکەوە بکات وئەستێرە ئاشناکانی بناسێنێو گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. بەم جۆرە کەسایەتیەکانی پشت پەردە ئەناسرێنەوە وهەموو کونو کەلەبەرێکی ڕووداوەکەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە.

١- مەسەلەی کات:

نابێ پەیوەندی کردن بەشوێنی ڕووداوەکەو ئەو مەڵبەندەی کە زانیاریو بەڵگەنامەی تێدا دەست ئەکەوێ، پەیامنێرەکە لەمەسەلەیەکی گرنگو بنچینەیی غافڵ بکات. سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە زۆرو بەربڵاون. بەڵام شتێك کەهەمیشەو لەهەموو حاڵەتێکدا دیاری کراوە ((کات))ە.

پەیامنێری نێردراو ئەبێ لەو کاتەی سەرقاڵی گەڕانە یان لەو کاتەی کەلە سەفەردایە بیر لەسەرەتای باسەکەی بکاتەوە، ڕێو شوێنی دەستپێکردنی دیاری بکات. ئەبێ هەموو ڕۆژێك هەواڵی دەست بکەوێو بینوسێتەوەو هەمان ڕۆژو لەسەعاتێکی دیاری کراودا ڕەوانەی ڕاگەیاندنەکەی خۆی بکات.

کەکارەکە وردە وردە بەرەو پێش بچێ پەیامنێرەکە هەواڵی کامڵترو ڕیپۆرتاژی سەرنج ڕاکێش تر ئەنووسێ. لەڕاستیدا ئەو بەم کارەی پەیوەندیەکی بەردەوام لەگەڵ خوێنەرەکاندا دروست ئەکاتو بەخێراترین کات لە ڕووداوەکانی شوێنەکە ئاگاداریان ئەکاتەوە.

ئەگەر هەواڵەکە بەتەلەفون ڕەوانە کرا، ئەبێ ئاگاداری سەعاتە ئازادەکانی تەلەفون بێتو ئەگەریش بە پۆستە بوو سەعاتی فڕینی فڕۆکەکان لەبەر چاو بگیرێ.

ئەگەر بابەتە نێردراوەکان بەهۆی سانسۆرەوە دوابکەون، پێویستە حساب بۆ کاتە بەفیڕۆچووەکە بکرێ. بەهەرحال،أ ئەبێ حساب بۆ هەموو ئەگەرەکانی دواکەوتن بکرێت. بۆ ئەوەی هەواڵەکە لەکاتی خۆیدا پەخش بکرێت.

لەوانەیە هەواڵێك ئەگەر سەعاتێك دوابكەوێ بۆ ئەو ڕۆژە قابیلی بلاوكردنەوە نەبێ وهەموو ئەو خەرجی و هیلاكیانەی كەبۆ دەستكەوتنی ئەنجام دراون بەفیڕۆ بچن.

لێدەدا بۆ ڕۆشنكردنەوەی بابەتەكە نموونەیەك ئەهێنینەوە.

باوای دانیێن تاوانبارێك پاش تاوانەكەی هەڵهاتووەو دیار نەماوە ، هەموو لایەك بەنیگەرانیەوە گوێ لەباس و خواسی ئەم دڕندەیە ئەگرن. دیسانەوە باوای دانیێن كەپۆلیس جێگەی خۆ حەشاردانی تاوانبارەكەی دۆزیوەتەوەو بۆ دەستگیركردنی گەڕەكێكی گەمارۆ داوە، بەلام پەیامنێرەكە نەیتوانیوە لەكاتی خۆیدا هەواڵەكە بگەیەنێتە ڕۆژنامەكەی خۆی و هەواڵەكە بلاو نەكراوەتەوە.

لەوانەیە بۆ ڕۆژی دوایی كابرای تاوانبار لەكاتی شەڕە گوللەدا بكوژرێت. لەم كاتەدا هەواڵەكەی ڕۆژی پێشتر وەك (هەواڵی ڕۆژ) گرنگیەكەی خۆی لەدەست داوە. جگە لەوەش ڕاگەیاندنەكانی تر هەواڵەكەیان لەكاتی خۆیدا بلاوكردۆتەوەو زۆرترین قازانجیان لەو ڕووداوە وەرگرتوە .

٢- ناردنی گروپێك:

ئەگەر بابەتی ڕووداوەكە گرنگ بێت ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفیزۆنەكان، بەزۆری چەند كەسێك ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەكە ئەكەن، تاكو بەسەرهاتی تەواوی ڕووداوەكە بەخەلات بهێننەوە بۆ كڕیارەكانیان. ئەكرێ پسپۆڕی ئەندامانی گروپەكە جیاوازبێت (بۆ نمونە وێنەگرو پەیامنێر ) بەلام ئەگەر هەر هەمووشیان نووسەر بن كارەكان لەنێوان خۆیاندا دابەش ئەكەن و هەریەكەیان گۆشەیەكی كارەكە ئەگرێتە ئەستۆ، چونكە ئەنجامێكی باشترو خێراتریان دەست ئەكەوێ.

ئەوەی لەگروپێكی نێردراو -یان پەیامنێرێكی نێردراو- داوا ئەكرێ ناردنی هەواڵی تایبەت و ڕێپۆرتاژو لێكۆڵینەوەیە لەسەر ڕووداوەكە.

ئەبێ ئەوە لەیاد نەكەین دەزگاكانی پەیوەندیە كۆمەلایەتیەكان، پەیامنێرە نێردراوەكان بەخەرجیەكی زۆرەوە نانێرن بۆ جێگەیەكی دوو تا هەمان ئەو كارە بكەن كەیەك كەس لەژووری دەستەی نووسەران دا ئەتوانێ وەك هەواڵێك ئامادەی بكات. ڕادیۆو تەلەفیزۆن و ڕۆژنامەكان بابەتی تازەو داهێنەرانەو سەرگەرمكەریان لەپەیامنێرەكانی خۆیان ئەوێ. دەخوازن نوسراو بەڵگەنامە هاتووەكانی پەیامنێرە نێردراوەكانیان ئەو هەواڵە گشتییانە دەوڵەمەند بكەن كەلای هەموو كەسێك دەست ئەكەون.

ئەوان ئەیانەوێ تەقەلای پەیامنێرەكانیان بەجۆرێك بێت كە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەكانیان بەو تەقەلایانە تایبەتمەندی خۆیان دەست بكەوێ و كۆمەڵی كڕیارەكانیان ڕازی بكەن.

٢- پەیامنێرە ناوچەییەكان:

ئەو هەوالانەی كە هەواڵدەرییە ناوخۆیی و دەرەكیەكان لەناوچەیەك یان ولاتێكی بیانیدا بۆ ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆكان دەینێرن بەس نین بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی

راگەیاندنەکان. هەواڵی هەواڵدەریەکان بەزۆری کورتن و پێداویستیە گرنگەکانیان تێدا نییە. ناردنی پەیامنێریش بۆ کۆکردنەوەی هەواڵی وردەکاری بابەتەکان لەتوانادا نییە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەم و کوڕیە ئەبێ بەدوای رێگە چارەی تردا بگەڕێن.

بیرخستنەوەی ئەو مەسەلەیە کەخەڵکی گوندێك یان شارۆچکەیەك، وەك خەڵکی شارە گەورەکان حەزیان لەزانینی هەواڵی ناوچەکەی خۆیانە(با گرنگی ئەو هەواڵانەش زۆر نەبن)، بەپێویست ئەزانین. ژمارەیەکی زۆر لە بێگانەکانی ناو وڵات حەزیان لەزانینی هەواڵەکانی سەرتاسەری جیهانەو نابێ لەبەرکەمی ژمارەیان ئەم هەواڵانەیان بۆ پەخش و بڵاو نەکرێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە دەزگاکانی راگەیاندن، دامەزراندنی نوێنەری ناوچەییان لەشوێنە جیاجیاکاندا دامەزراندوە وهەواڵی ئەو شوێنانەش بەپێی گرنگیان بڵاو ئەکەنەوە. نوێنەری ناوچەیی راگەیاندنەکان دوو جۆرن: نوێنەرە نیشتەجێکانی ناوخۆی وڵات، نوێنەرە نیشتەجێکانی دەرەوەی وڵات.

تایبەتمەندی نوێنەرە ناوچەییەکان لەوەدایە کەئاشناییان لەگەڵ هەموو مەسەلەکاندا هەیەو بەپێچەوانەی پەیامنێرن کەپسپۆڕیان لە لایەنێکدا هەیە. ئەوان ئەبێت لە هەموو ئەو رووداوانەی کەلەناوچەکەدا روو ئەدەن هەواڵ ئامادە بکەن و رەوانەی راگەیاندنەکەی خۆیانی بکەن.

### ١- نوێنەرە ناوچەییە ناوخۆییەکان:

نوێنەری ناوچەیی بەرپرسە لەکۆکردنەوەو ناردنی هەموو جۆرە هەواڵێك، بەتایبەت هەواڵە جۆراوجۆرەکانی رووداوی رۆژ. لەبەر ئەوەی لەهەر ناوچەیەکدا تەنیا یەك نوێنەر هەیە، بۆیە ئەبێ ئەو نوێنەرە شارەزای هەموو مەسەلەکانی ناوچەکەبێت و پێشینەیەکی فەرهەنگی بەربڵاوی هەبێ.

دەزگاکانی راگەیاندن بەپێی گرنگی و پێداویستی خۆیان لە شارۆچکەو شارو پارێزگاکاندا یەك یان چەند نوێنەرێك لەو جێگایانەدا دائەمەزرێنن. لە ناوچە گەورەکاندا ئەم نوێنەرانە بەردەوام لە خزمەتی ئەو دەزگایەدا نین، واتە پیشەی سەرەکییان و دەرامەتی رۆژانەیان کاری رۆژنامەنووسییە، بەڵام لە ناوچە بچوکەکاندا لەوانەیە رۆژنامەنووسی بەشێك بێت لەکاری نوێنەرەکە. بۆ نمونە رۆژنامە کەلەناو روناکبیرانی ناوچەکە یەکێك یان چەند کەسێك بۆ نوێنەرایەتی خۆی دیاری ئەکات و ئەوانیش جگە لەکارە ئەسڵیەکەیان کاری رۆژنامەنوسیش ئەنجام ئەدەن.

پەیامنێری ناوچەیی، نوێنەری رۆژنامە یان ئەو دەزگایەیە کەلەسنوری چالاکی خۆیدایە. بەم جۆرە ئاستی کاری ئەو بەرزترە لە پەیامنێرێکی ئاسایی. ئەبێ بەردەوام لەناو خەڵکدا بێت و ئاگای لەداخوازی و پێداویستیەکانیان بێت. ئەو لەگەڵ بەرپرس و پلەو پایەدارەکانی ناوچەکەدا پەیوەندی دۆستانەو نزیکی هەیە ناوەندێکە بۆ بەیەك گەیشتنی خەڵك و سەرۆکی فەرمانگە

دەوڵەتیەکان‌و بەم جۆرە بۆخۆشی خاوەن پلەو پایەیەکی ناوچەکەیەتی. لە راستی‌دا پەیامنێر لەناوچەکەی خۆیدا لەئاستی سەرنووسەری رۆژنامەکەدایە.

ئەگەر پەیامنێرەکە پلەو پایەی هەبێ دەستی ناگاتە هەموو هەواڵێك‌و تەنیا ئەو هەواڵانە ئەبینێ کەپەیوەندی بەکەسایەتیەکان‌و دام‌و دەزگا حکومیەکانەوە هەیە وتو وێژی سیاسی‌و تەشریفاتەکان‌و زەماوەندو مەرگ‌و شادی کەسایەتیەکانی شار ئەبێتە بابەتی هەواڵەکانی. بیناسازی‌و قیرتاو کردنی جادەکان‌و رووداوەکانی خەڵکە رەشۆکەکە نابینێت.

ئەبێ پەیامنێرە ناوچەییەکان بەبێ جیاوازی کردن هەواڵی هەموو رووداوەکانی شار ئامادە بکەن‌و نابێ خۆیان لەژوری مەکتەبەکەیاندا زیندانی بکەن‌و هەموو هەواڵەکان لەرێگەی تەلەفون‌و لەسەر مێزەکەیانەوە ئامادە بکەن.

نوێنەرە ناوچەییەکان ئەگەر نەچنە ناو خەڵکەوە، ئەوا پەیامنێرێکی بچوکی چالاك کەبەردەوام هاتووچۆی خەڵکی ئەکات‌و هەموو رووداوەکانی شار ئەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە، گەلێ جار لەوان باشترە.

پەیامنێرە ناوچەییەکان جگە لەکاری ئامادەکردنی هەواڵ ، رۆڵی وێنەگریش ئەبینن. ئەگەر چی لەوانەیە لەشارە گەورەکان‌و ناوەندی رۆژنامەکان دا پەیامنێری وێنەگر هەبێ، بەڵام پەیامنێرە ناوچەییەکان ئەبێ خۆیان وێنەی رووداو وکەسایەتیەکانیان بگرن.

پێویستە وێنەکانی پەیامنێرە ناوچەییەکان تازە بن‌و تایبەتمەندی هەواڵیان پێوە دیار بێت. لەگەڵ هەر وێنەیەکدا زانیاری پێویست هەبێ، بۆ ئەوەی بینەر بەخوێندنەوەی پەراوێزی وێنەکان ئاگاداری هەواڵەکە بن‌و بەباشی لێ‌ی تێ بگەن.

نموونەی ئەو وێنانەی کەبەپەراوێزی کەمەوە لەرۆژنامەکاندا چاپ ئەبن زۆرن‌و خوێنەران کاتێك وەڵامی پرسیارەکانیان لەو وێنانەدا نادۆزنەوە بێزارو تورە ئەبن. نابێ ئەوە لەیادبکەین کە وێنەی هەواڵێك خۆی لەخۆیدا هەواڵێکە و پێویستە وەڵامی هەر شەش پرسیارەکەی هەواڵ(( کێ – کەی – بۆ – لەکوێ –چی‌وبۆچی))تێدا بێ.

پەیامنێری ناوچەیی ئەبێ هەموو رۆژێك ئەو هەواڵ‌و وێنانەی کەلەسەر مەسەلە جیاجیاکان ئامادەی کردوە بنێرێ بۆ بارەگای رۆژنامەکەو چاوەڕێ‌ی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کەپێشتر ناردویەتی نەکات. زۆر جار وا رووئەدا کەتەلەفزیۆن‌و رادیۆو رۆژنامەکان نەتوانن تێکرای ئەو هەواڵانەی کە پەیامنێرەکان ناردویانە بڵاوبکەنەوە.نابێ ئەم مەسەلەیە پەیامنێرەکە لەناردنی هەواڵ‌و وێنەی تر سارد بکاتەوە.

هەندێ جاریش پەیامنێر لەکاتی ناردنی پەیام‌و هەواڵ‌و وێنەکاندا گرفت‌و کەندو کۆسپی دێتەڕێ، بەڵام نابێ ئەمانە ببنە هۆی بەربەست لە ڕێگەی کارەکەیدا. پەیامنێر ئەبێ بۆ دەسکەوتنی هەواڵ سود لە پاسکیل، ئەسپ‌و عەرەبانە، پیکاب‌و فڕۆکە وەربگرێ. ئەو لەسەریەتی

هەواڵی ناوچەیەكی بەرفراوان كۆبكاتەوە، بۆیە ناچارە هەموو تواناكانی بخاتە كارو كەندو كۆسپەكانیش بەلاوە بنێت و خۆی بگەیەنێتە هەواڵەكان.

پەیامنێری ناوچەیی، جگە لەئامادەكردنی هەواڵ، ئەركی دابەش كردنی خێرای رۆژنامەكەی لەناوچەكەدا لە ئەستۆیە. نوێنەرانی رادیۆو تەلەفیزۆنیش لەناوچەكەدا ئەبێ ئاگاداری چۆنیەتی پەخشی بەرنامەكانی خۆیان بن و باش و خراپی دەنگ و رەنگی دەزگاكان دیاری بكەن و رێگە چارەی باشتر كردنیشی بخەنە روو، ناوەندەكانی خۆیانی لێوە ئاگادار بكەنەوە.

هەركاتێك پەیامنێری ناوچەیی شوێنێك، هەواڵێكی گرنگی لەسەر ناوچەكەی خۆی بلاو كردەوە، ئەبێ بزانێ خوێنەرانی ئەو ژمارەیە زۆر ئەبن بۆیە ئەبێ داوای نوسخەیەكی زۆرتری ئەو ژمارەیە بكات. لەم حاڵەتانەدا ژمارەی كڕیارەكانی رۆژنامەكە زیاد ئەكات و ئەبنە خوێنەری كاتی رۆژنامەكە، ئەگەر پەیامنێرەكەو رۆژنامەكە هەماهەنگی لەنێوان خۆیان دا بكەن و داخوازی خەڵكەكە جێبەجێ بكەن، لەداهاتوودا ئەم خوێنەرە كاتیانە ئەبنە خوێنەرێكی بەردەوامی رۆژنامەكەیان.

پەیامنێری ناوچەیی لێپرسراوی پەیوەندییە گشتییەكانی راگەیاندنەكەی خۆیەتی، بۆیە ئەبێ پەیوەندی لەگەڵ خەڵك و لێپرسراوانی شوێنەكەی باش بێت و هەواڵیان لێ وەربگرێ و هەواڵیان بداتێ.

كۆكردنەوەی ئاگاداریەكانی ناوچەكە لەئەستۆی ئەودایە، پەیامنێرە ناوچەییەكان لەم حاڵەتانەدا رۆڵی ئاژانسێكی راگەیاندن ئەبینن.

## ٢- پەیامنێرە ناوچەییەكانی دەرەوەی وڵات:

پەیامنێرە ناوچەییەكانی دەرەوەی وڵات، بەزۆری لەناوەندی پایتەختەكاندا یان لەمەڵبەندەكانی رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكاندا ئەبن. بەلام ئەمیان پێچەوانەی پەیامنێرە ناوخۆییەكان رۆژانە هەواڵی زۆر نانێرێ. ئەو لەو كاتانەدا هەواڵ ئامادە ئەكات كە ببێتە هۆی دەوڵەمەندكردنی هەواڵی هەواڵدەریەكان. هەندێ جار هەواڵەكان هێندە گرنگن پێویست بەوە ئەكات رۆژنامەكە پەیامنێرێكی پسپۆر بۆ شوێنی رووداوەكە رەوانەكات، لێرەدا ئەركی پەیامنێرە ناوچەییەكان ئەوەیە راگەیاندنەكانی خۆیان لەكاتی خۆیدا لەمەسەلەكان ئاگادار بكەنەوە. جگە لە هەواڵ و لێكۆڵینەوە، پەیامنێری ناوچەیی جار بەجار هەندێ بابەت لەسەر لایەنێكی ژیانی سیاسی یان كۆمەلایەتی ئەو وڵاتەی كە تێیدایە ئامادە ئەكات. بەلام گرنگترین ئەركی ئەوەیە هەواڵ و رووداوەكانی ئەو وڵاتەی كە تێیدایە لەگەڵ گۆرانكاریەكاندا رەوانەی وڵاتەكەی خۆی بكاتەوەو هاوڵاتیانی خۆی لەرووداوەكان ئاگادار بكاتەوە.

نوێنەرە ناوچەییەكانی دەرەوەش وەك هاوكارانی تری لەناوەوەی وڵات، كەسێكی پسپۆر نییەو لەهەموو رووداوو چالاكیەكانی بابەتی سەرنج راكێش و بەبایەخ ئامادە ئەكات. بەلام ئەوانەی كە

پسپۆرییان لەبابەتێکی دیاری کراو هەیە، تەنیا بابەت لەسەر چالاکی و هەواڵی ئەو دەزگا حکومیانە ئەنووسن کە تێیدا کار ئەکەن.

پەیامنێرەکانی دەرەوەی وڵات دوو جۆرن:

جاری واهەیە رۆژنامەنوسێکی بە ئەزموونەو جگە لەهەواڵ و شیکردنەوە، بابەتی تری پێ ئەسپێرێ هەندێ پەیامنێری تر هەن کە زۆر شارەزانی،ن بەڵام ئەو پلەو پایەو شوێنەی کەتێیدان هەلی ناردنی هەواڵی باشیان بۆ ئەڕەخسێنێ و ئەبنە نوێنەرێکی باش و بەردەوام راگەیاندنەکەی خۆیان لە هەواڵ و رووداوەکانی وڵاتە نیشتەجێکەیان ئاگادار ئەکەنەوە. بەڵام هەندێ جار زەرورەت وائەخوازێ پەیامنێرێکی تری چالاك بۆ دەستکەوتنی هەواڵ رەوانەی شوێنەکە بکرێت.

پەیامنێرە ناوچەییەکان ئەبێ لەکاتی ناردنی هەواڵ بۆ راگەیاندنەکانی خۆیان زەوق و ئارەزوی خوێنەرەکانیان لەبەر چاو بگرن و هی خۆیان بەلاوە نێن. ئەگەر پەیامنێرە دەرەکیەکان خەڵکی ئەو وڵاتە بن کەهەواڵی بۆ ئەنێرن بە باشی لەزەوق و سەلیقەی خەڵکی وڵاتەکەیان تێ ئەگەن.

هەندێ جار بەهۆی مانەوەی زۆر لەوڵاتەکەدا پەیامنێرەکە خووڕەوشتی وڵاتە بێگانەکە وەرئەگرێ و تاڕادەیەك داب و نەریتی وڵاتەکەی خۆی فەرامۆش ئەکات. ئەم ئاشنایەتیە لەگەڵ وڵاتە بێگانەکان دا کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر ئامادەکردنی هەواڵ و بابەت، بەڵام تەنیا عەیبەکەی ئەوەیە کەهەندێجار پەیامنێرەکان خواستی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان لەیاد ئەکەن و نووسینەکانیان بۆ خەڵك نامۆیە و بەباشی لێی تێ ناگەن.

بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت پێویستە پەیامنێرەکە بەردەوام پەیوەندی بەخەڵکی وڵاتەکەی خۆیەوە هەبێ. رۆژنامەکانی وڵاتەکەی بخوێنێتەوەو گوێ لەڕادیۆکانی بگرێت، پەیوەندی تەلەفونی و ئاڵوگۆڕکردنی نامە لەنێوان هاوکارانیدا ببەستێ و بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی وپرسیار لە کەم و کوریەکانی خۆی بکات لەوانەیە کێشەکان بەوەش چارەسەر بکرێن کەپەیامنێرەکە ماوە ماوە بگۆڕێ، بەڵام ئەم کارەش گرفتی خۆی هەیە. بۆ نمونە پەیامنێرە نێردراوە تازەکان تا ئاشنایەتی لەگەڵ شوێنەکەدا پەیدا ئەکەن زۆر بەکەمی ئەتوانن کارەکانی خۆیان بەرجەستە بکەن.

پەیامنێرە ناوچەییەکانی نیشتەجێ لەدەرەوەی وڵات، بەشێوەیەکی گشتی و بەردەوام لەخزمەتی یەك راگەیاندندا نابن و لەیەك کاتدا بۆ چەند رۆژنامەی ناوخۆیی و دەرەکی کار ئەکەن.

# پرۆسەی نـــوسینـــی مـــانـــشیـــت

هەموو ئەو بابەتانەی کە لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە جگە لەکورتە هەواڵەکان نەبێت کەتایبەتمەندیان لەوەدایە نابێت ناویان هەبێت ، بەمانشێت یان ناونیشانێك دیاری دەکرێن . مانشێت جیاکردنەوەی بابەتێکە لەبابەتێکی دی . بەگشتی مانشێت تایبەتە بەو بابەتانەی کەلە چاپەمەنی‌یەکاندا بڵاو دەکرێنەوەو لەماس میدیاکانی تردا زۆر بەکەمی بەکاردێت چوونکە لەچاپەمەنی‌یەکاندا خوێنەر سەرپشکە لەهەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کەدەیەوێ بیانخوێنێتەوەو مانشێتی بابەتەکانیش رێنمایی دەکەن بۆ خواستەکانی ، بەڵام لەتەلەفیزیۆن و رادیۆ و سینەماکاندا چۆنیان بوێ بابەتەکان دەگەیەننە بەرامبەرەکەو بۆئەم کارەش پێویست بەدانانی مانشێت و ناو نیشان ناکات . لەهەندێ حاڵەتدا لەتەلەفزیۆن و رادیۆشدا مانشێت بۆ بابەتەکان دادەنرێت ، بەڵام هوونەری بەکارهێنانی مانشێت لەهەموو میدیاکاندا وەك و یەك نیەو هەر یەکەیان لەبەرچاوو گرتنی بارو دۆخی تایبەتی خۆی چۆنی بوێ مانشێت دادەنێ .

بەگشتی ناونیشان دانان هەندێ خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە ، بەمانایەکی تر ئەرکەکانی ناونیشان بریتی‌یە لەم خاڵانەی خوارەوە :

١- بابەتەکانی چاپەمەنی‌یەکان دیاری دەکات - وەك ووتمان هەموو ئەو بابەتانەی کە لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو دەبنەوە خاوەنی مانشێتی تایبەت بە خۆیان و لەرێگەی مانشێتەوە ئەتوانن بابەتەکان لە یەکتر جیا بکینەوە . نەك تەنیا هەواڵەکان ، بگرە دەبێ ئاگاداریو بابەتەکانی تری رۆژنامەو هەفتە نامەکان هەر لەرێگەی مانشێتەوە لەیەك هەڵاوێرد بکرێن . جاران بابەتی رۆژنامەکان بێ مانشێت بوون ، یاخود هەر هەموویان یەك جۆر مانشێتیان هەبوو کەجیاکردنەوەیان لەیەکدی زۆر ئاسان نەبوو . بەڵام لەرێگەی جێبەجێ کردنی ئەو شێوازانەی کەئەمرۆ لەرۆژنامەکاندا بەکاردێن ، خوێنەران ئەتوانن بەئاسانی بابەتە خواستراوەکانیان خۆیان بدۆزنەوە .

٢- کورتەی رووداوەکە دەگێرینەوە :- مانشێت، کورتەیەکی رووداوەکە یان گرنگترین بەشی رووداوەکە دەخاتە روو هەرئەم کورتە باسەش جۆری بابەتەکان دیاری دەکات و خوێنەران لە وێڵ بوون لەناو گێژاوی بابەتە زۆرەکان رزگار دەکات .

٣- بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەران بەکار دەهێنرێت :- نووسینەوەی کورتەی رووداوەکان نەك تەنیا جۆری هەواڵ و بابەتەکان دیاری دەکات ، بەڵکو ئەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی خوێنەران بۆلای بابەتەکەش . یەکەمین پەیوەندی رۆژنامەیان یا گۆڤار لەگەڵ خوێنەر لەرێگەی

مانشێتەوە دروست دەبێت . بۆیە دەبێ لەو یەکەمین پەیوەندییەدا والە خوێنەران بکەین درێژە بەخوێندنەوەی بابەتەکان بدەن .

٤- ئاستی گرنگی بابەتەکان روون دەکاتەوە : - مانشێت لەدوو رێگەوە هەواڵ دیاری دەکات : یەکێکیان لەرێگای گێرانەوەی کورتی چیرۆکی رووداوەکە ، لێرەوە خوێنەر ئاگاداری ناوەرۆکی هەواڵەکە دەبێتەوە . دوومیان خوێنەر لەرێگەی شوێن و گەورەیی و بچوکی پیتەکانیەوە گرنگی هەواڵەکەی بۆ ئاشکرادەبێت .

٥- فۆرمی بلاْوکردنەوە کە جوان دەکات :فۆرمی دەرەوەی بلاْوکراوەکان یەکێکەلە هۆکارەکانی راکێشانی سەرنجی خوێنەران و سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی چاپەمەنیەکان هەموو تەقەلایەك، لە پێناوی رازانەوەی بلاْوکراوەکانیان دەدەن .مانشێت جگەلەو خەسلەتانەی کە باسکران رۆڵێکی گرنگی هەیە لە جوانکردن و رازاندنەوەی لاپەرەی رۆژنامەکان .بەکار هێنانی مانشێتی جۆراو جۆر لەرووی فۆرمو ئەندازەو هەندێ جاریش لەرووی رەنگی جیاوازەوە ئەبێتە هۆی جوانتر کردنی دیمەنی دەرەکی رۆژنامەو گۆڤارەکان.

## بنەماکانی دانانی مانشێت

لەکاری دارشتنی چاپەمەنییەکاندا نوسینی ملنشێت گرنگترین ئەرکە، چوونکە وەك پێشتر ووترا مانشێت یەکەمین پەیوەندیيە لەنێوان رۆژنامەو خوێنەر، بۆیە دەبێ لەهەڵبژاردن و دانانی مانشێت دا هەوڵ و تەقەلایەکی وورد بدرێت، بۆ ئەوەی ئەو یەکەمین پەیوەندییە بەرێك و پێکی و سەرکەووتوانە ئەنجام بدرێت. هەر لەبەر ئەمەشە نوسینی مانشێت دژوارترین ئەرکی رۆژنامە نوسانەو بەشێوەیەکی گشتی لەرۆژنامەکاندا ئەم ئەرکە ئەسپێرێتە رۆژنامە نووس و پەیامنێرە بەئەزموونەکان.

بۆئەوەی دارشتن یان دانانی مانشێت بەشێوەیەکی چاك بەرێوە بچێ، جگە لەئەزموونەکان پێویستە رەچاوی هەندێ خاڵ بکرێ کەلە باش و خراپی مانشێت دا کاری گەرییەکی فراوانیان هەیە:

١- **دەبێت مانشێت کورتەی گرنگترین بابەتی چیرۆك یان رووداوەکە بێت** : لەبابەتە هەواڵییەکاندا دەبێت مانشێت لەچەند ووشەیەکدا گرنگترین بابەتی رووداوەکە بخاتە روو. دەبێ ئاگامان لەوە بێت ئەو شوێنەی کەلە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆ مانشێت دیاری کراوە کەمەو لەو شوێنە کەمەشدا رۆژنامە نووس دەبێ زۆرترن بابەتی رووداوەکە بگەیەنێتە خوێنەران. کەواتە مانشێت دەبێت لەگرنگترین بەشەکانی رووداوەکە هەڵبژێرێ. کەمی شوێن نوسەرەکە ناچار دەکات لەکاتی دارشتنی مانشێتدا ئەم سێ خاڵە لەبەر چاوو بگرێ:

- بەکەمترین ووشە زۆرترین مانا و چەمك بخاتە روو.
- لەیەك مانشێتدا بەهیچ جۆرێك ووشەیەك دووجار بەکار نەهێنێ.

- خۆی لەبەکار هێنانی ووشەی روونکردنەوەو شیکردنەوە بپارێزێ.

جگە لەوانەش بۆئەوەی زیاتر کەڵك لە شوێنەکە وەربگرێ، هەندێ جار فۆرمەڵەیەکی تایبەت بۆ دەربرینی مەبەستەکان بەکار هێنرێت. هەندێ جار ناوی رێکخراو یان دام و دەزگایەك بەکورتکراوی و لەچەند پیتێکدا ئەگونجێنرێ– بۆ نمونە لەجیاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – ی.ن.ك بەکار دەهێنرێ – هەندێ جاریش کەڵك لە (:) دووخاڵ وەردەگیرێ بۆ کورتکردنەوەی بابەتەکە. بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی بنووسین سەرۆك وەزیران ووتی:دەنوسین (سەرۆك وەزیران) .

٢– دەبێت مانشێت سادەو رەوان بێت – ئەو دوانە گرنگترین سیفەتی مانشێتن. بۆئەوەی خوێنەر بێ هیچ گرژییەك لەبابەتی رۆژنامەکە بگات. بۆیە دەبێت خۆمان لەبەکارهێنانی ووشەی قەبەو نامەفهوم بپارێزین، چونکە رۆژنامە بۆ هەموو خەڵکەو دەبێ بەشێوەیەکی راست و بەزمانی خۆیان لەگەڵیاندا خەڵدا ئاخافتن بکەین.

هەندێجار دەکرێ لەدەقی هەواڵەکاندا زاراوەیەك بەکار بهێنرێت، چوونکە لەوێدا بوار هەیە زاراوەکە روون بکرێتەوە. بەڵام لەمانشێت دا تۆ ئەو بوارەت نییە نابێت ووشەی بێگانەکانیش لە مانشێتدا بەکار بێت. تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە ووشەکە بەتەواوی لەزمانەکەماندا جێگیر بووبێت و خۆمان ووشەی بەرامبەریمان نەبێت وەك: رادیۆ، تەلەفزیۆن، هیپیزم.

٣– دەبێت مانشێتی هەواڵ راست و روون بێت :– راست و روونی بابەتێك جیایە لەسادەو رەوانییەکەی. ئەو مانشێتە سادەو رەوانە کە مانای هەموو ووشە بەکار هاتوەکانی تێدایە بەئاسانی خۆیا دەیدەن بەدەستەوە مەبەست لەراستی و روونی ماناکەش ئەوەیەکە مانشێتەکە بەسەریەکەوە بەبێ تەم و مژ دەرکەوێ. جاران رۆژنامە نووسەکان بەزۆری بۆ بابەتەکان خۆیان مانشێت گشتگریان بەکار دەهێنا. ئەو مانشێتانەی کە تایبەتمەندیان لەگشتگیری و ئاڵۆزیدا دەردەکەون. کاتێك لەمانشێتێکی وەك ((تاوانێکی ترسناك)) بەکار دەهێنرا. جۆرەها لێك دانەوەیان بۆئەو مانشێتە دەکردو بابەتی رووداوەکەش بەروونی دیار نەدەبوو.

هەموو ئەو مانشێتانەیکە رۆژنامە کۆنەکان بەکاریان دەهێناو تاکو ئێستاش هەندێ رۆژنامەی لۆکاڵ بەکار دەهێنێ ئەو عەیبەیان هەیە.

- هەواڵی وەزارەتەکان .
- ئاگاداری.
- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران .

ئەم جۆرە مانشێتانە مردوون، شاراوە و یەك ریتمن و ورۆژێنەرنین و دووبارە بوونەوەشیان لە ستوونی رۆژنامەکاندا خوێنەران هیلاك دەکات و لە خوێندنەوەی بابەتەکان دووریان دەخاتەوە .

هەرئەم مەسەلەیەش ئەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەران بێ ئاگابن لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ژێر ئەو مانشێتە وشك و بێ گیانانەدا دانراوون . رۆژنامەکانی ئەمرۆ بۆ مانشێت کەڵك لە گرنگترین بابەتی هەواڵەکان وەردەگرن و هەر لە ساتی یەکەمی سەیر کردن دا خوێنەران لە لوتکەی هەواڵەکە تێ دەگەیەنن . بەم جۆرە خوێنەر بێ سێ‌و دوو ئەتوانێ لە روانگەی خۆیەوە گرنگی بابەتەکان هەڵسەنگێنێ و ئەم هەڵسەنگاندەش ئەیگەیێنێتە ئەو قەناعەتەی کەبابەتەکان بخوێنێتەوە یان نەیخوێنێتەوە .

٤- دەبێ مانشێت سەرنج راکێش بێت : ناوی بابەتەکان جگە لە کورتی و سادەیی دەبێ سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی راکێشێ . وەك چۆن جوانی کڕیارەکان دەکێشێتە ناو دوکانێکەوە پێویستە مانشێتیش خوێنەران ناچاربکات بە کڕینی رۆژنامەو خوێندنەوەی . بۆیە پێویستە هەموو ئەو پرەنسیبانەی کە لە داڕشتنی بابەتێك دا بەکاردێت لە ئاستێکی بەرزتردا بۆ دارشتنی مانشێت رە چاوبکرێت .

لە دارشتنی مانشێت دا زەوق و سەلیقەی نووسەریش کاریگەری هەیە. ئەو کەسەی بتوانێت ووشەی سادەتر، جوانتر بەماناتر بەکاربهێنێت زیاتر لە کارەکەی دا سەرکەوتوو دەبێ . سەرنج راکێشی مانشێت و بەتایبەتی هەواڵ، وای‌لە هەندێ رۆژنامەنووس کردووە لە کاتی دارشتنی مانشێتەکاندا تابۆی بکرێ مانشێتی وروژێنەر بە کاربهێنێ . هەرچەندە بە کارهێنانی مانشێتی وروژێنەر عەیبەیەك نی‌یە بۆ رۆژنامە بگرە گەر بە باشی بەکار بهێنرێت وەك سەرکەوتن بۆی تۆماردەکرێ . بەڵام ترسی زیادەڕەوی لە بەکار هێنانی ئەم جۆرە مانشێتانە لەوەوە دەست پێ‌دەکات کە کەم کەم لە راستییەکان دوریان دەخاتەوە و ئەبێتە هۆی پێشێل کردنی بنەمایەکی تری مانشێت نووسین (کەلێرەداباسی لێوە دەکەین ).

٥-دەبێ مانشێت لەگەڵ دەقەکەدا یەك بگرێتەوە : یەك گرتنەوەی دەق و مانشێت بەو مانایە دێ کە نابێ مانشێتەکە شتێك کەمتر یان زیاتر بێت لە دەقی بابەتەکە، مانشێت بە زۆری بەشێکە لە دەقەکەو یان لە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە وەرگیراوە . بەلەبەر چاوگرتنی ئەو قسانەش خوێنەر ئەبێ دڵنیا بێت لەوەی بە خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە زانیاری زیاتری لەسەر بابەتی مانشێتەکە دەست دەکەوێت .کەم ووتن ویان زیادرەوی بە تایبەت فرەوێژی ئەبێتە هۆی ناوزڕاندنی رۆژنامەیان هەواڵدەریەکە ، کەم ووتن، نوقسانیەکی نووسینەوەیەوە بەم کارە لەوانەیە زۆر خاڵی گرنگ لەبەر گوێ‌نەدانی نووسەری مانشێت لە مانشێتەکەدا نەبێت . زیادڕەویش بەو جورەیە کە بەشێك لە شەرح کردنی هەواڵەکە بۆتە بابەتی مانشێتەکە لە کاتی ماکیت دروست کردندا دەبوایە لابرێ ، کەچی بەرپرسەکان هیچ هەنگاوێکیان بۆ گۆرینی یان لادانی ئەو زیادیە نەداوە . بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر بەرچاو دەکەوێت فرەوێژی یەکە هەندێ رۆژنامەنووس بۆ سەرنج راکێشی کردنی بابەتەکانیان تووشی دەبن . زۆر رۆژنامەنووس هەن بەبێ گوێ دانە ناوەرۆکی

سەرەکی هەواڵێك لایەنێکی کەم گرنگن، بەڵام وروژێنەریەکەی لەبەر چاودەگرن دەیکەن بە مانشێت . هەرچەندە ئەم کارە زۆر جار دەبێتە هۆی راکێشانی خوێنەر بەڵام ئەگەر مانشێتەکە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکەدا یەك ئەگرێتەوە، خوێنەرەکە کاردانەوەکی خراپی لاپەیدا دەبێ وئەگەر ئەم دیاردەیەش دووبارە بێتەوە ئەوا خوێنەر لە مانشێتە وروژێنەرەکانی تریش ئەکەوێتە گومانەوە وکەم کەم رۆژنامەکەشی لەبەر چاودەکەوێ.

**٦-دەبێ مانشێت لەگەڵ شەرحی هەواڵەکەدا بگونجێ :** مەسەلەیەکی تر کە لە گونجانی مانشێت و دەقەکە کەوە نزیکە ، گونجانی مانشێتە لەگەڵ شەرحی هەواڵەکە گونجاندنی دەقی هەواڵەکە لەگەڵ مانشێتەکەدا لە دوو ڕووەوە لە بەر چاو دەگیرێ ، یەکێکیان لە رووی کورتی و درێژی مانشێتەکەوە . بە مانایەکی تر ئەگەر دەقی هەواڵێك درێژبێت ، دەبێ مانشێتی ئەو هەواڵەش لە گەڵ درێژیەکەیدا بگونجێ . بۆ ئەم کارەش دەکرێ مانشێتی هەواڵەکەش درێژبێت ووشەی زۆرتری تێدا بەکاربهێنرێت . گونجاندنی مانشێت لەگەڵ دەقەکەدا لە رووی یەکی ترەوە لەبەر چاودەگیرێ . دەقی درێژبەزۆری بۆ ئەو هەواڵانەیە کە گرنگتر دێنە بەرچاوودەتوانرێت یەك یان چەند ستونێکی رۆژنامەکەی بۆدیاری بکرێت . لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆ مانشێتی هەواڵە گرنگەکان پیتی گەورەتر بەکار دەهێنن . لێرەدا مەبەست نەگونجاندنی مانشێت لە گەڵ دەق دا گونجانی گەورەی‌وبچوکی مانشێتەکەدا لەگەڵ گرنگی بابەتەکە تابابەتەکە گرنگ و سەرنج راکێش بێت ، دەبێ مانێشتەکەشی گەورەترو لە جێگەیەکی باشتر دابێت ، تابابەتەکەش گرنگیەکی کەمتر بێت پێویستە بۆ مانشێتەکەی پیتی بچوکتر هەڵدەبژێرێت .

**٧-پێویستە مانشێت سەربەخۆبێت لە هەواڵەکە:** مانشێت هەرچەندە لە ناو دەقی هەواڵەکە دیاری دەکرێت ، بەڵام دەبێ بە تەواوی جیاببێت لێی و سەربەخۆ بنوسرێتەوە. مەبەست لە سەر بەخۆی مانشێت ئەوەیە کە مانشێتەکە نەبێتە پێشەکیەك بۆ هەواڵەکە. واباوە لە پێش دا هەواڵەکە دەنووسرێتەوە وپاشان مانشێتەکە بۆ دیاری دەکرێ بەم حاڵەتەدا سەربەخۆی مانشێتەکە لە دەقەکەدا پارێزراوە. هەندێ جار نووسراوان و هەواڵنێران لەپێشدا مانشێتی هەواڵەکە دەنووسنەوە پاشان دەقەکەی دەنووسن لەم کاتەدا ئەگەری ئەوە هەیە کەسە بێ ئەزمونەکان بە جۆرێك دەقەکە بنووسنەوە کەببێتە تەواوکەری مانشێتەکە .

بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە مانشێت بەرجەستەکەری هەواڵ و بابەت و ئاگاداریەکانە بەڵام هەرگیز پێشەکی یان دەسێکی هەواڵ و بابەتەکان نایێتە ژماردن. لە پراکتیکدا زۆر جار نووسەری دەق و نووسەری مانشێت یەك کەس نین و دووکەسی‌جیا هەردووکیان دادەرێژن. دارشتنی مانشێت لە دەق بەتایبەت لەو کاتەدا پێوستەکە لەدوای ساتەکانداو بەر لە ناردن بۆ چاپ دەکرێ مانشێتەکەش لابدرێت یان بگۆرێت. ئەو کاتەش کات نیە بۆ راست کردنەوە یان گۆرینی هەواڵەکە وئەگەر مانشێتەکە پێشەکی هەواڵەکە بێت ئەواهەرهەموو بابەتەکە خراپ دەبێ.

(نمونەی مانشێتێکی ناسەر بەخۆ لە دەق دا)

مانشێت: دەهەزار رەش پێست خۆپیشاندان لە بەرامبەر کۆشکی سپی ئەنجامدا.

دەق: ئـەم ژمارەیەکـە کۆمـەڵێ دروشمیـان دژی نـەژاد پەرسـتی و کـرێ کـەمی رەش پێسـتەکان بەرزکردبووە لە بەیانی ئەمڕۆوە لەو شەقامانەی کە دەگەنە کۆشکی سپی کۆبونەوە.

## جۆرەکانی مانشێت :

رێسـای گشـتی گونجـاندنی دەق لەگـەڵ مانشـێت وادەخـوازێ بـۆ ئـەو بابەتـە جـودا وازانـەی کەلەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا چاپ دەبـن، مانشـێتی جیـاوازو جـۆراو جـۆر هـەڵببژێرێ. وەك چـۆن رۆژنامەیـەك نـاتوانێ دوو بابـەتی هاوشـێوەی تێـدا بێـت، واتـە بابـەتێك دووجـار لەیـەك ژمارەدا بڵاوبکاتــەوە. بەهــەمان شــێوە نــاتوانێ دوو مانشــێتی هاوشــێوە یــان لەیــەك چــوو بــەکار بهێنێ.بەمانایەکی تر مانشێتی هەر بابەتێك دەبێ بەلەبەر چاوگرتنی ناوەرۆکەکەی هەڵببژێرێ. لەبەر ئەوەی بابەتی رۆژنامەکان بەهەواڵ و سەرگەرمی ئاگاداری جۆراو جۆر رازێنراونەتەوە، بۆیە دەبێ مانشێتەکانیش رەنگاو رەنگو جۆراو جۆربن.

مانشێتی هەواڵو مانشێتی ئاگاداریو مانشێتی سەرگەرم دەبێ پەیرەوی لەرێسا گشتییەکانی هەڵبژاردنی مانشێت بکەن. بـەڵام رێسـای تایبـەت بەخۆشیان هەیە کەناتوانین لـەم نوسینەدا هـەر هـەمووی باس بکـەین . لـێرەدا تـەنیا بـاس لـەجۆرەکانی مانشـێتی هـەواڵو بابـەتی لێکۆڵینـەوەو شـیکردنەوە دەکـەینو ئـەو بنەمایانـەش دەخەینــە رووکــە بــۆ داراشــتنی ئــەوجۆرە مانشــێتانە پێویستن.

### أ/ مانشێتی هەواڵی .

بەهـەموو ئەو بابەتانەیکە باس لـەرووداوەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەکـەن، مانشـێتێکی هـەواڵی هەڵدەبژێرێتو دەبێ ئەم خاڵانەی تێدا رەچاو بکرێت :

١- مانشێت بۆخۆی هەواڵە :- مانشـێتی هـەواڵ وەك دەقی هەواڵەکە بریتییەلە هـەواڵ. واتـە پێش هەرشتێك مانشێتەکە بۆخـۆی هەواڵـە، کەواتە رۆڵـی مانێت گـەیاندنی بیرۆکـەی هـەواڵی رووداوەکانـەو دەبێ هـەر شـەش بنەماکـەی هـەواڵ نووسـی ((کـێ؟ کـەی؟ لـەکوێ؟ چـی؟ بـۆ؟ چۆن؟)) تێدا رەچاو بکرێت. لەراستیدا بەهۆی کـەمی جێگاو ئەندازەی مانشـێتەکان نـاکرێت لەمانشـێتدا وەڵامـی هـەر شـەش پرسـیارەکە بدرێتـەوەو بـەناچاری دەبـێ وەڵامـی پرسـیارە گرنگەکان بدرێتەوەو وا پێویست دەکات گرنگی بەکێ؟ وچی؟ لەکوێ؟ بدرێت.

نابێ ئەوە هبیر بکەین کەرێسای گشتی دارشتنی هەواڵ وەڵام دانەوەی هەموو پرسیارەکانەو دەبێ وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان بدرێتـەوە، ئەگەریش ناچار بووین لـەرەر نـەبوونی جێگا کـەمیان کەینەوە ئەوا شتە سەرەکییەکان دەهێڵینەوە و ئەوانی تر لادەدەین.

لەهەندێ حاڵەتدا برێك لە رەگەزەكانی هەواڵ لەناو مانشێتەكەدا خۆیان حەشار داوە، واتە بابەت یا پێكهاتەی مانشێتەكە بەجۆرێك دارژراوەكە وەڵامی هەندێ پرسیاری تێدایە، لەم حاڵەتەدا دووبارەكردنەوەی ئەو رەگەزە حەشار دراوانە زەرووری نییە، بۆ نمونە (*سەرۆكی ئەركانی سوپای میسری لەجەنگلەگەڵ ئیسرائیل دا كوژرا*)، ئەو كاتە پێویست ناكات ((كەی؟)) یەكەی باس بكەین، چونكە ۆرژنامەكان هەواڵی رۆژ بڵاو دەكەنەوە كۆشتنەكە یان ئەو رۆژە و یاخود رۆژی پێشتر. رووداوو خوێنەر یەكسەر خۆی هەستی پێدەكات .. پێویست ناكات باس لە ((لەكوێ؟))ش بكەین . چوونكە ئەمیش لەناو ووشەكانی مانشێتەكەدا هەیە. كاتێك دەستەواژەی ((جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل))مان نوسی بۆخۆی شوێنی جەنگەكە دیار دەكات كە ((كەناڵی سویس))ە. ((بۆ؟)) كەش بە هەمان شێوە دەرك پێ دەكرێ .

هەڵبەت دەقی ناوەرۆكی هەواڵ بۆ باسكردنی ئەو مەسەلانەیە كەلەمانشێتەكەن بەكورتی ئیشارەتی بۆ كراوە. بۆ نمونە لەباسكردنی هەواڵەكەدا دەبێ بەووردی باس لەشوێنی رووداوەكەو چۆنیەتی قەومانی بكرێت و نابێت هیچ لەرەگەزەكان پشت گوێ بخرێت.

لەبەر ئەوەی مانشێت وەك هەواڵ وایە، بۆیە ئەو مانشێتانەی كەبە پرسیار دەست پێ دەكەن گونجاو نین. مانشێتی گشتی لەبەر ئەوەی گوێ بەشەش رەگەزەكەی هەواڵ نادات بۆیە ئاڵۆزو شاراوەیەو نابێ بۆ بابەتە هەواڵیەكان بەكار بهێنرت. مانشێتی پرسیاریش گونجاو نییە چوونكە ئەركی رۆژنامە نووس ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە كەخوێنەران لەخۆی و رۆژنامەكەی دەكەین، نەك ئەو خوێنەران بخاتە ژێر پرسیارەوە.

تەنیا لەو كاتانەدا كەڵك لەمانشێتی پرسیار وەردەگیرێ كە بابەتەكە بۆ خودی رۆژنامەكەش روون و ئاشكرا نەبوبێتەوەو رۆژنامە نوسەكە بۆی ناكرێ هێشتا راستی یان ناراستی هەواڵەكە بزانێ. لەم كاتەدا بەكار هێنانی مانشێت لەشێوەی پرسیار رێگەی بۆ خۆش كراوە :

**وەك : ئایا صدام حسین ماوە ؟**

**٢-بابەتی مانشێت ولید یەك شتە :-**

مانشێت كورتەی بابەتی هەواڵێكە بەڵام (لید) كورتكراوەیەكی بابەتەكانی هەواڵەكەیە و لەدوای مانشێت دێت، كەواتە مانشێتو لید یەك شتن. هەندێ ەرۆژنامە نوسان وای بۆ دەچن كەدەبێ بابەتی مانشێت لەبابەتی لید جیا بێت و دووبارە بوونەوەی یەك بابەت لەمانشێتو لیددا بەگونجاو نازانن پێویستە لەوە دڵنیا بین كەمانشێتی هەواڵ دەبێ گرنگترین بابەتەكانی هەواڵەكەی تێدا بێت بۆئەوەی سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی راكێشێ. بەڵام لید كەلەدوای مانشێتەوە دێت كورتەیەكی هەواڵەكەیەو خوێنەر حەز دەكات پاش خوێنەوەی بابەتی مانشتەكە زانیاری زیاتری لەسەر هەواڵەكە دەست كەوێ ئەگەر لەلیدەكەدا باسی ئەو بابەتانە كەلە مانشێتەكەدا هاتوون

نەكرابێ، خوێنەر وازی لێدێنیٚ و یەكسەر بەدوای ئەو بابەتانە دەگەڕێ كە جێگەی مەبەستێتیو لەجێگەكانی تری هەواڵەكەدا نووسراوەتەوە. واتا دێڕەكانی سەرەوە بەجێ دەهێڵێ. كەواتە ئەگەر هەر لە لیدەكەدا خوێنەر تووینیٚتی بۆ بابەتە گرنگەكانی هەواڵەكە نەشكێ، ئەگەری ئەوە دەكرێ كەپاشماوەی هەواڵە بی كەڵك بێتو تەنیا بەشێك لەرۆژنامەكە پێی ڕەشكرابێتەوە . كاری لید ئەوەیە كەخوێنەر بەخوێنەوەی بتوانێ زانیاری تەواو لەسەر هەواڵەكە دەست بكەویٚو ئەگەر كاتی نەبوو بۆ خوێندنەوەی هەموو هەواڵەكە لەرێگەی لیدەكەوە لەبابەتەكە بگات . هەروەها ئەگەر هاتوو بەرپرسیارانی رۆژنامەكە دەقی هەواڵەكان كورت بكەنەوەو تەنیا لیدەكەی لێ بهێڵنەوەو لەلیدەكەشدا بابەتی مانشێتەكە نەبوو، ئەوا مانشێتی هەواڵەكە شتێكەو دەقەكەشی شتێكیتر .

## ٣-مانشێت ئاینده لەبەرچاو دەگرێ

لەدارشتنی مانشێتدا پێویستە ئاینده زیاتر لەرابردو لەبەرچاو بگیرێ چوونكە هەردەم دواین بەسەرهاتی ڕووداوێك گرنگترە تاكو ڕابردووەكەی، كەواتە دەبێ مانشێتەكان لەدواین هەواڵەكانی ڕووداوەكان هەڵبژێرێت تەنانەت ئەگەر كراش قۆناغەكانی داهاتوو یان كاردانەوە پێشبینی كراوەكانیشی تێدا جێ بكرێتەوە. باوای دابنێین سبەی ئەمریكا مووشەكێك هەڵئەدات بۆ ئلسمان. ئەو كاتەی رۆژنامەكە بۆ چاپكردن ئامادە دەكرێت، واباشە لەجیاتی ئەوەی یەكەمین هەواڵەكانی ئەو ڕووداوە لەمانشێتدا بنوسرێتەوە، دواین گۆڕانكارییەكانی باس بكرێت ئەگەر یەكەمین هەواڵ باس بكرێت مانشێتەكە بەم جۆرەی لێدێت :

- ئەمریكا مووشەكێكی هەڵدایە خولگەی زەوییەوە .

بەڵام ئەگەر باس لەدواین هەواڵ بكرێ، دەتوانرێ مانشێتەكە بەم جۆرە بنوسرێتەوە .

- مووشەكەكەی ئەمریكا لەخولگەی زەویدا جێگر بوو .

ئاشكرایە مانشێتی دووهەمیان تازەترین زانیاریو سەركەوتو تنی كارەكەی ئەمەریكای تێدایەو سەرنجی خوێنەران زیاتر ڕائەكێشێ .

دەبێ لەبەر چاو گرتنی ئاینده لەلای نووسەری مانشێت بگاتە ئاستێك كەئەگەر هاتوو هەواڵی ڕووداوێكی گەورە لەحاڵەتی ڕووداندا بوو بیكاتە مانشێتی رۆژنامەكەی، بۆ نمونە، باهەر لەسەر ئەوەی سەرەوە قسە بكەین. ئەگەر ئامانجی مووشەكەكە ئەمەریكا چوونە سەر مانگ ببوایە، دەبوو بەلەبەر چاوگرتنی زانیارییەكان مانشێتێكی لەم جۆرەی بۆ بنوسرایە .

- ئەمشەو مووشەكەكەی ئەمریكا دەگاتە سەر مانگ .

بنەمای لەبەر چاوگرتنی ئاینده، وائەخوازێ ئەو بابەتە گرنگانەی كەپێشتر ڕوویانداوەو لەهەواڵەكەدا هاتوون نەكرێتە مانشێت . مانێت دەبێ زانیاری نوێی تێدا بیٚو لەنێوان زانیارییە

نوێکەشدا دواین زانیاری‌یەکان دیاری دەکرێ . بەکار هێنانی مانشێتی دووبارە کاری گەری و سەرنج راکێشانی مانشێتەکە دەکوژێ .
بەشێوەیەکی گشتی باشترین مانشێت ئەو مانشێتەیە کەباس لەو رووداوانە بکات کەخەریکە روودەدات یان تازە روویان داوە. رووداوەکانی ئایندە سەرنج راکێشە دەبێ رووداوە کۆنەکان فەراموش بکرێ.

## ب/مانشێتە راڤەکەرەکان

ئەو بابەتانەی کە لێکدانەوەو تەفسیر کردنیان تێدایە وەکاردانەوەکانیان باس دەکرێ، مانشێتەکانیان لایەنی هەواڵیان پێوە نییە. هەر بۆیە ئەو بابەتانەی کە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەن و لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاو دەکرێنەوە، پێویست ناکات مانشێتەکانیان لەناو بابەتەکەدا بۆ دیاری بکرێت و نووسەر خۆی دەتوانێ مانشێتێکی گونجاوی بۆ بدۆزێنەوە.

١- بەربلاوی مەیدانی چالاکی -پابەند بوونی نوسەر بەوەی کە هەردەبێ لەناو دەقی بابەتەکەدا مانشێت دیاری بکات، کاری دارشتنی مانشێتەکەی ئاسان کردوە. بۆ ئەم جۆرە نووسینانە کاری هەلبژاردنی مانشیت مەیدانیکی بەربلاوی لە بەردەم دایە، دەکرێ پەندی پێشینانمان ووتەی گەورە پیاوان و دێرە شیعرێك بکرێتە مانشێت لێرەدا بەپێچەوانەی مانشێت هەواڵی دەکرێ بەدەروازەی جیاجیاوە بابەتەکە لەبەرچاو بگرێت و مانشێتەکە گشتگیرو تەمومژاوی بێت. لەرێگەی هێنانەوەی چەند نمونەیەکە مانشێتی راڤەکردنەوە زیاتر لەمەبەستەکان دەگەین، – قەیرانی لۆکەربی - کێشمەکێشی عەرەب و ئیسرائیل - ئاشتی لە پەنای سەرنێزەدا - سەرئەنجامی جەنرالێك - زەنگەکان بۆکێ لێ دەدەن و.....

وەك لەنمونەکاندا دەردەکەوێ مانشێتە راڤەکردنەکان بەزۆری گیانی بابەتەکە لەبەرچاو دەگرن تاکو خودی بابەتەکە، مانشێتەکە وێنەیەکی خەیاڵی بابەتەکە دەداتە دەستەوە، یان تەنیا ئاماژە بۆ بابەتەکە دەکات. هەندێ جار مانشێتی راڤەکردن ئەنجام لەبەر چاو دەگرێ، ئەو ئەنجامەی کەنووسەر یان کۆمەڵ دەیەوێ لەبابەتەکەوە دەستی بکەوێ. زۆر کات بابەتی ئەم مانشێتانە کاردانەوەی رای گشتی یان رای رۆژنامەکە سەبارەت بەبابەتێك پیشان دەداو لایەنی پێشنیار یاخود دەرئەنجامیشی هەیە. باوای دانێن رۆژنامەیەك دەیەوێ راڤەی رووداوێك یان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی بکات. دەکرێ لەم راڤەکردنەدا رێگە چارەیەك سەبارەت بەو رووداوە یان مەسەلە کۆمەڵایەتیە بخاتەبەر بەپرسەکان یان خوێنەران، لەم حاڵەتەدا رۆژنامەکە ئەرکی ئاراستەکردنی رای گشتی لە ئەستۆ دەگرێ. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە دەستی نووسەری مانشێتی راڤەکردن کەبۆ خۆی نووسەری راڤەکردنە کەشە ،زۆر والاتر لەدەستی نووسەری مانشێتی هەواڵی بەلام سەرەرای ئەوەش دەسەلاتەکەی هێندەش رەهانی‌یە و هەندێ مەرج هەیە کە لەخوارەوە باسیان دەکەین.

٢- **مەرجەکانی مانشێتی راڤەکردن** - نووسەری مانشێتی راڤەکردن بۆی هەیە بەپێی ئارەزووی خۆی و چۆنی بۆی مانشێتی سەرنج راکێش بۆ نوسینەکەی هەڵبژێرێ بەمەرجێ ئەم دوو خاڵە لەبەر چاو بگرێ؛

یەکەم/ مانشێتەکە لەچوارچێوەی بابەتەکە نەچێتە دەرەوەو مانشێتەکە ببێتە ئایەنەیەك بۆ سەرجەم بابەتەکەو بەلای کەمەوە بەشێك لەبابەتەکە.

دووەم/خوێنەر هەمان ئەو مەبەستەی لابەرجەستە بێت کە نووسەر مەبەستی‌یەکی. ئەگەر گشتگیر بوون یان تەمومژاوی بوونی بابەتەکە ببێتە هۆی ئەوەی هەر خوێنەرێك بەجۆرێك لەمانشێتەکە بگات، ئەوا نووسەر شکستی هێناوە لە مەبەستی خۆی.

ئەگەر هاتوو بابەتی رۆژنامەکە پەیوەست بوو بەرووداوێکی گرنگی رۆژەوە دەبێ مانشێتی رۆژنامەکەش بەئاشکرا ئاماژە بەو مەسەلەیە بکات.

باوای دانێن کرێی تاکسی ناوشار گران بووەو خەڵکی گلەیی لەوبەرزبوونەوەی نرخە دەکەن‌و نووسەرێك دەیەوێ راڤەی ئەو دیاردەیە بکات‌و رەخنە لەبەرپرسانی ئەو بەرز بوونەوەیە بگرێت. ئەو کات ئەگەر مانشێتەکە بەم جۆرە بێت ((پەرێشانی‌و داماوی)) ئەوا مانشێتەکە گشتگیرەو باسلە کێشەی گران بوونی نرخی تاکسی ناکات کە هاوولاتیانی پەرێشان کردوەو دەکرێ ئەو پەرێشانیە بۆ مەسەلەی تریش بێت. ئەم مانشێتە هێندە سەرنج راکێش نییە. بەلام ئەگەر مانشێتەکە ((بریارێکی عەجولانە)) بێت، ئەوا سەرەرای گشتگیری مانشێتەکەش خوێنەران بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

٣- **مانشێتی رپیۆرتاژو لێکۆڵینەوەکان-**

ئەو ریپۆرتاژو لێکۆڵینەوانەی کە لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا بلاودەکرێنەوە هەندێ جار مانشێتی هەواڵ‌و هەندێ جاری تریش مانشێتی راڤەکردنیان بۆ هەڵدەبژێرێ. ئەگەر بابەتی ریپۆرتاژەکە یان لێکۆڵینەوەیەکە هەواڵی زانیاری تازەی تێدا بێت باشتر وایە مانشێتی هەواڵی بۆ هەڵبژێرێ، بەلام ئەگەر زانیاری‌یەکان تەواوکەری بابەتی پێشووتر بن‌و خوێنەران ئاگایان لێ‌ی هەبێ دەکرێ مانشێتی‌راڤەکردنی بۆ دیاری بکرێ.

بۆ ئەو زنجیرە بابەتانەی کە لەشێوەی ریپۆرتاژ یان ئانکێت لەچەند ژمارەیەکی رۆژنامە یان گۆڤارێکدا چاپ دەبێ، مانشێتێکی راڤەکردنی گشتی دیاری دەکرێ‌و لەهەموو ژمارەکانی تری گۆڤار یان رۆژنامەکاندا دووبارە دەبێتەوە. بەلام هەربەشێك لەو بابەتە مانشێتێکی هەواڵی کە لەگەڵ ناوەرۆکەکەی بگونجێ هەڵدەبژێرین.

بۆ نمونە بابەتێکی لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی خوێندن لەزانکۆکانی کوردستان ئامادە دەکەین‌و لەچەند ژمارەیەکی رۆژنامەیەکدا چاپی دەکەین. بۆ هەموو بەشەکان مانشێتێکی گشتی وەك

((کێشەکانی زانکۆکانی کوردستان)) دیاری دەکەین و لەزنجیرە بابەتەکەدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بۆ هەر بابەتێکیش مانشێتێکی هەواڵی وەك ((خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی گلەییان لەنەبوونی تاقیگە هەیە)) یان ((خوێندکارانی کۆلێژی یاسا لەدادگاکانیوەزارەتی داد فێری پیشەکەیان دەبن دیاری دەکەین.

## بەشەکانی مانشێت

ئەو بابەت و هەواڵانەی کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا چاپ دەبن بەشێوەیەکی گشتی مانشێتێکیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ بابەت لەچەند بەشێکی جیاواز پێك دێن بۆیە تاقە مانشێتێك ناتوانی رِنگدانەوەی هەموو بابەتەکە بێت. لەبەرئەوە کەڵك لەچەند مانشێتێك وەردەگیرێت. بەسەرجەم ئەو کۆمەڵە مانشێتەی کەبۆ بابەتێك یان هەواڵێك بەکاردێن دەوترێ مانشێتێکی تەواو بەڵام بەهەر لایەکیش دەوترێ بەشێك لەمانشێت.

مانشێتێکی تەواو لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

### ١-مانشێتی سەرەکی-

مانشێتی سەرەکی تەوەری بنەرِەتی هەواڵەو دەبێ نووسەر هەموو توانایەکی خۆی بۆ تەرخان بکات. بابەتی سەرەکی هەواڵەکە لەمانشێتی سەرەکیدارِەنگ دەداتەوە. هەندێ جار لە لای سەرنووسەر مانشێتە لاوەکیەکان لادەبرێن. بەڵام لابردنی مانشێتی سەرەکی بەبێ گۆرِینی هەواڵەکە سەرناگرێ. لەبەر ئەوەی مانشێتی سەرەکی لەهەموو مانشێتەکانی تر گرنگ ترە بۆیە دەبێ لەکاتی دارِتشتنیدا ئەو هەموو خاڵانەی کەلەسەر مانشێت باس کران، بەتایبەت مانشێتی هەواڵی تێدا لەبەرچاو بگیرێ. هەرلەبەر ئەم هۆیەشە مانشێتی سەرەکیبەدرێژترین و بەرجەستەترین پیت دەنووسرێتەوە.

### ٢- سەرمانشێت

ئەو مانشێتەیە کە لەسەرووی مانشێتی سەرەکیەوە دادەنرێت وەلەزۆر جاردا، بەڵام نەك هەمیشە، پێشەکییەبۆ مانشێت سەرەکیەکە، پیتەکانی سەر مانشێت بچووکترن لەپیتی مانشێتی سەرەکی زۆرجار رۆژنامەکان جگە لەمانشێتی سەرەکی کەڵك لەسەر مانشێتیش وەردەگرن و مانشێتی تر بەکارناهێنن. لەم جۆرە مانشێتانەدا بەزۆری سەرمانشێت پێشەکیە بۆ مانشێتە سەرەکیەکەو بەبێ ئەو مانشێتی سەرەکی هیچ مانایەکی نابێت:

سەرمانشێت: بەهۆی لافاوو هەرس هێنانی شاخەوە

مانشێتی سەرەکی: رێگەی سلێمانی- دەربەندیخان برا.

٣- **ژێر مانشێت**- ژێر مانشێت راستەوخۆ دوای مانشێتی سەرەکی دێت و پیتەکانیش لەپیتی مانشێتی سەرەکی بچوکترە. لەوانەیە ژێر مانشێت بۆ خۆی مانشێتێکی سەربەخۆ بێت و لەناو

بەشێکی هەواڵەکەدا هەڵبژێرا بێت هەندیٚ جاریش  ژێر مانشێت تەواوکەری مانشێتی سەرەکیەو هەردووکیان پێکەوە مانایەکی گشتی دەدەن بەهەواڵەکە.

مانشێتی سەرەکی: ٣٦ حەوزی بەخێوکردنی ماسی.

ژێر مانشێت: لەکەناری سیروان دروست دەکریٚ.

وەك دەبینریٚ مانشێتی سەرەکی هەندیٚجار بەتەنیا و هەندێك جار لەگەڵ سەرمانشێت و هەندیٚ جاریش لەگەڵ ژێر مانشێتدا بەکار دێت. ئەو کاتانەی کە ئامانج ئەوەیە زیاد لەیەك مانشێت بۆ بابەتەکە دیاری بکرێت، ئەوا هەر سیٚ جۆرەکە پێکەوە دادەنرێت.

- سەرمانشێت:- بەهۆی ئازارو ئەشکەنجەی زیندانیە کوردەکانی تورکیا
- مانشێتی سەرەکی:- هەموو زیندانیە سیاسیەکانی تورکیا مانیان لەخواردن گرت
- ژێر مانشێت:- کوردەکانی ئەوروپا ڕژانە سەرشەقامەکان.

## ٤- کورتە مانشێت:-

لەو هەواڵە گرنگانەی کەلە چەند بەشێکی جیاواز  پێکهاتوون وەك (کێشەی سنوری نێوان عێراق و ئێران ) ئەوانەیە  سەرباسی هەریەك لەو بەشانەی هەواڵەکە وەك کورتە مانشێت بخرێتە ڕوو.

پیتی کورتە مانشێت لە هەموو جۆرەکانی تری مانشێت بچووکترەو هەندیٚ جار بۆ دیاری کردنیان ئەستێرەیەك یان خاڵێك لەبەر دەمیاندا دادەنرێت. هەندێك لەرۆژنامەکان زیادە ڕەوی لەبەکارهێنانی کورتە مانشێتدا دەکەن و  هەموو بابەتە هەواڵیەکانیان لەڕێگەی کورتە مانشێتەوە ئەگەیێننە خوێنەرانیان. لەم حاڵەتەدا خوێندنەوەی هەواڵەکە گرنگی خۆی لەدەست دەدات. هەرچەندە ئەم شێوازە بۆ ئەو خوێنەرانەی کەکاتیان نیە بۆ خوێندنەوەی هەموو بابەتەکانی رۆژنامەیەك، بەڵام بۆ زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران کەحەزیان لەزانیاری زیاتر هەیە لەسەر هەواڵەکانی رۆژ دەبێتە  مایەی لەدەست دانی ئارەزووی خوێندنەوە، چونکە خوێندنەوەی دەقی هەواڵەکە هیچ شتێکی زیادە ناخاتە سەر شارەزاییەکەیان. لەبەر ئەوەی  کورتە مانشێت بچووکترە بۆیە دەقی نووسینەکە درێژترەو رەگەزەکانی هەواڵ تێدا کامڵ ترە:

- مانشێتی سەرەکی: کلنتۆن بەرەسمی درایە دادگا.
- ژێر مانشێت: مۆنیکا بۆ شایەتیدان بانگ دەکرێت.
- کورتە مانشێت: ئەگەری لادانی کلینتۆن هەیە.
- کورتە مانشێت: دادوەران هیچ رایەك دەرنابڕن.

## ٥-نیومانشێت:

هەندێ جار لەبابەتی ڕۆژنامەکاندا جگە لە بابەتی سەرەکی هەواڵەکە کە مانشێتی سەرەکی لێکەوتۆتەوە، مەسەلەیەکی‌گرنگ هەیە پێویست دەکات مانشێتێکی بۆ دابنرێت. لەم حاڵەتەدا کەڵك لەنیو مانشێت وەردەگیرێت کەپاش مانشێتی سەرەکی لەهەموو مانشێتەکان گرنگترو بەرجەستە ترە.

جێگەی نیو مانشێت لەمانشێتێکی تەواودا لەدوای ژێر مانشێت دێت و لەپێش کورتە مانشێتەکانەوەیە. پیتەکانی نیو مانشێت پاش مانشێتی سەرەکی دەبێ لەپیتی هەموو بەشەکانی تر گەورەترین.

٤- **نێوان مانشێت**- نێوان مانشێت بریتیە لەو مانشێتە بچوکانەی کە لەناوەراستی هەواڵە درێژەکاندا بەش بەبەش بەکاردێت. سوودی ئەم جۆرە مانشێتانە ئەوەیە کە بابەتە درێژەکان دەکاتە چەند پارچەیەکەوەو خوێنەران بەهۆیە لەخوێندنەوەی بابەتێکی درێژ هیلاك نابن.

هەروەها بابەتی ناوەوەی ڕۆژنامەکان جوان دەکات و لەیەك چوون رزگاریان دەکات. جگە لەوەش، خوێنەر دەتوانێ لەرێگەی ئەو نێوان مانشێتانەوە لە هەواڵێکی دورو درێژدا ئەو هەواڵە بدۆزیتەوە کەمەبەستێتی. ئەگەر نێوان مانشێت بۆ هەواڵە یەك ستوونیەکان بەکاربهێنرێت، ئەوا لە دوو سێ ووشەی کورت پێك دێت، بەڵام ئەگەر لە هەواڵە دوو ستوونیەکاندا بێت، ئەوا دەکرێ وەك کورتە مانشێت لەرستەیەکی تەواو پێك بێت.

- لێرەدا نمونەی مانشێتێکی تەواو دەخەینە ڕوو

سەرمانشێت: **پەرلەمانی کوردستان یاسای خانەنشینی پەسەند کرد.**

مانشێتی سەرەکی: **١٠ هەزار کەس یاسای خانەنشینی دەیانگرێتەوە.**

ژێر مانشێت: ئەوانەی لەساڵی ١٩٩٥وە خانەنشین کراون مووچەی ئەم چەند ساڵە وەردەگرن.

نیو مانشێت: ١٠٠ ملێۆن دینار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێت.

- لەپارێزگای کەرکوك ژمارەی خانەنشینەکان زۆرترە.

کورتە مانشێتەکان: خانەنشینان دەتوانن داوای سولفە بکەن.

- ژمارەی خانەنشینانی پیاو زۆرترە لەژمارەی ژنان.

لەکۆتاییدا پیویستە بڵێن، مەرج نیە هەموو هەواڵی‌ڕۆژنامەکان مانشێتی تەواویان هەبێ. دەکرێ یەك یان چەند مانشێتێکی بۆ دیاری بکرێت.

ئەو هۆکارانەی کار لەداڕشتنی مانشێتدا دەکەن.

بریاری هەڵبژاردنی مانشێتێك بۆ هەر بابەتێك جگە لەناوەڕۆکی بابەتەکە پەیوەندی بەو شوێنەوە هەیەکە لەلاپەرەیەکدا بۆی دیاری کراوە. ئەم مەسەلەیە هێندە گرنگە کە دەتوانین بڵێن مانشێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوەو ئەندازەی لەناو ماکێتی ڕۆژنامەکەدا هیچ بەهایەکی نابێت،

چونکە ناوەڕۆکی مانشێتەکە زۆر بەتوندی گریٚ دراوە بەشێوەو ئەندازەیەکەوەو هەر گۆڕانێك لە شێونی و ئەندازەکەی کاردەکاتە سەرناوەڕۆکەکەشی. مەبەست لەئەندازەی مانشێت درێژی مانشێتەکانە کەلەوانەیە لەسەر ستوونێك یان دوو ویان سیٚ ستوون.. ویاخود هەموو ستوونەکانی لاپەرەیرۆژنامەیەك، بگرێتەوە. لەرووکەشدا وا دەزانریٚ کە مانشێتێکی حەوت ستوونی ووشەی لە لە مانشێتێکی پێنج ستوونی زیاتر دەویٚ، بەلاٚم هەموو جارێك وانییەو ژمارەی ووشەکانی مانشێتێك بەندەبە گەورەو بچووکیانەوە.

گەورەیی مانشێت بریتەیە لەئەستووری یان بەرزی پیتەکانی. تاپیتەکانی مانشێتێك ئەستوور بن، جێگەیەکی زۆرتر لەسەر لاپەرەی گۆڤارەکەیان رۆژنامەکە داگیر دەکات. لەبەر ئەوەی رۆژنامەکان کۆمەڵە پیتێکی گەورەیان هەیە، ئەوا بۆ هەر جۆرە مانشێتێك پیتێکی تایبەتی خۆی دیاری دەکریٚ کە لەگەلٚ ناوەڕۆکەکەیدا بگونجیٚ.

ئەستووری مانشێتەکان بەهاوکاری یەکەی هەڵسەنگاندنی ئەندازەگیری تایبەت دیاری دەکریٚ.

- بەشێوەیەکی گشتی مانشێت دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەریانەی خوارەوە:

١-کورت و درێژی دەقەکە:

وەك پێشتریش ووتمان، دەبیٚ دەق و مانشێت لەرووی ئەندازەوە لەگەلٚ یەکدا گونجاو بن. بۆ دەقێکی درێژ مانشێتی درێژو بۆ دەقی کورت مانشێتی کورت بەکاردێت. بەلاٚم لەهەندیٚ حاڵەتدا ئەم بنەمایە جیٚبەجیٚ ناکریٚ. بۆ نمونە بۆ ئەو هەواڵە گرنگانەی کە درەنگ وەخت و لەو کاتەدا دەگەن کە رۆژنامەکە لەژێر چاپدایە، مانشێتێکی درێژ هەڵدەبژێریٚ. وەك هەواڵی کودەتا یان شۆڕش و یان رووداوی گەورە.

٢-شوێنی چاپکردنی بابەتەکە:

تارادەیەك گرنگی بابەتەکان بەندن بەو شوێن و ستوونانەی کە لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆیان دیاری کراوە. کەواتە گرنگی مانشێتەکانیش بەپیٚی دەق و شوێنی دانانی دەقەکە لەرۆژنامەکەدا دەگۆڕیٚ. شێوەو شێوازی مانشێتەکانی دەرەوەی لاپەرەکان جیاوازن لەوانەی ناوەوەی رۆژنامەکان تەنانەت ئەو مانشێتانەی کەلە سەرووی لاپەرەکەوە دادەنرێن جیاوازن لەوانەی کەلە ناوەراست یان خوارەوەی لاپەرەکاندا دادەنرێن. بەشێوەیەکی گشتی گرنگی مانشێتەکانی لاپەرەی یەکەم و دوا لاپەرە لەوانەی ناوەوە زۆرترە. لەتەنیشت یەك دانانی بابەتەکانیش کار دەکاتە سەر شێوەی مانشێتەکە هەندیٚجار مانشێتی بابەتێك لەبەر نزیکی لەگەلٚ بابەتێکی تردا چی لەرووی شێوە چی لەرووی ئەندازەوە وەك یەك دادەنرێت. بەلاٚم جاری واش هەیە بەپێچەوانەوە زۆر لەیەکتری جیاواز دەبن.

هەموو جارێك دەبێ مانشێت لەسەرووی بابەتەكانەوە بێت. بەڵام هەندێجار لەبەر نەبوونی جێگە لەلاپەرەی یەكو دوا لاپەرە تەنیا مانشێتەكان دادەنرێن‌و ناوەڕۆكەكانیان دەبرێنە لاپەرەكانی ناوەوە. بۆ ئەوەی لاپەرەی یەكو دوا لاپەرە نەبنە جێگەی مانشێتەكان بەتەنیا، بۆیە دەكرێ هەندێ لەبابەتەكان لەژێر مانشێتەكاندا بنوسرێنەوەو تەنیا زیادەكان ببرێتە لاپەرەكانی ناوەوە. لەهەموو حاڵەتەكاندا گرنگی گەورەو بچووكی مانشێتەكان گرێ دراون بەو جێگایەنەی كە بۆیان تەرخان كراوە.

## ٣-ژمارەی ستوونەكان:

ئەندازەی پانی هەر ستوونێك لەرۆژنامەكانداو تێنەپەراندیان، لەگرنگترین هۆكارەكانی دانانی مانشێتن. لەكاری رۆژنامەگەریدا قسەیەك هەیە دەڵێ قاڵبە فلزیەكان لاپەرەی رۆژنامەكان لەپێستو لاستیك دروست نەكراون تاكو چۆنت بویو بەئارەزووی خۆت پێبەستێنی یان رایكێشی.

بۆ ستوونێكی ئاسایی رۆژنامە گەورەكان دەبێ مانشێتێك دیاری بكرێ كە لە نۆسیدو تێنەپەرێ چونكە ئەگەر ماشێتەكە نیو سیسدۆش لەستوونەكە زیاتر بوو ئەوا جێگەی نابێتەوەو بەكارنایەت. بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێ یا ئەندازەی پیتەكانی مانشێتەكە بچووك بكەینەوە تاكو لەگەڵ ستوونەكەدا بگونجێو یان دەبێ مانشێتەكە بكەین بەدوو دێری سەر یەك. ئەمەش كار دەكاتە سەر ناشرین كردنی لاپەرەكە. بۆیە دەبێ لەدارشتنیو هەڵبژاردنی مانشێتدا، ئەو شوێنەی كەبە بابەتەكە دراوە لەبەرچاو بگرینو تا پێمان دەكرێ كارێك نەكەین مانشێتەكە جارێكی تر دەسكاری بكەینەوە.

## ٤- ژمارەی دێرەكان:

ژمارەی ئەو دێرانەی كە بۆ مانشێتەكە دیاری كراوە كاردەكاتە سەر شێوەكەی. وەك ووتمان لەهەواڵە كورتەكاندا نابێ مانشێت لەدێرێك تێپەر بكات. بەڵام بەپێچەوانەوە لەهەواڵە درێژەكاندا دەكرێ مانشێتەكە چەند دێرێك بێت.

ئاشكرایە ژمارەی دێرەكانی مانشێتی رۆژنامەكان بەپێی زەوقو سەلیقەی رۆژنامەو گۆڤارەكان دەگۆرێ. بەڵام ئەبێ بزانین مانشێتی بابەتێكی مامناوەند نابێ لە دوو سێ دێر تێپەر بكات.

لێرەدا كەباس لەژمارەی دێرەكانی مانشێت دەكەین مەبەستمان بەشەكانی تری مانشێت((سەر مانشێتو ژێر مانشێت...))نییە، چونكە ئەوانیش مانشێتی سەربەخۆن؛ بەڵكو مەبەستمان مانشێتی سەرەكیە كە زۆر بە فراوانی بەكاردێت. ئەم جۆرە مانشێتانە لەبەر زۆری ووشەكانیانو كەمی جێگاكانیان لە دوو سێ دێردا دادەرێژرێن.

بۆ نمونە دەكرێ مانشێتی ((هەزاران كورد چارەنوسیان دیار نییە)) لە دوو دێرداو بەم شێوەیە بنووسینەوە:

# هەزاران کورد

## چارەنووسیان دیارنیيە

بەم جۆرە مانشێتانە دەوترێ مانشێتی شکێنراو.

بەدوادا چوونی رۆژنامەنووسی

بەدواداچوون کە بە ئینگلیزی Inguiryیان Investigation– ی پێ ئەوترێ جۆرێکە لە ریپۆرتاژ کە جگە لەوەسف کردن و روونکردنەوەی رووداوەکە زۆر بەوردی بەدوای مەسەلەکاندا ئەچێ و لێکۆڵینەوەی قووڵیان لەسەر ئەکات.

ئەم جۆرە ریپۆرتاژە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لە راگەیاندنەکاندا بەکاردێت و جێگەی رێپۆرتاژە گەورەکانی لەچاپەمەنیەکاندا گرتوەتەوە. دوو هۆکاری گەورە بوونەتە هۆی پێشکەوتنی بەدوا چوون و لەناوچوونی بەرە بەرەیی رێپۆرتاژە گەورەکان:

یەکەم: بەرزبوونەوەی ئاستی خواست و پێشبینیەکانی کڕیارانی چاپەمەنیەکان، چیتر پیشاندانی دەنگ و باسی رووداوەکان رازییان ناکات و حەز ئەکەن رووداوەکانی پشت پەردە وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکە بزانن.

رێپۆرتاژ تەنیا رووی دەرەوەی رووداوەکان باس ئەکات و کەمتر بەدوای هۆکارەکانی سەرهەڵدانیاندا ئەگەڕێ، بەڵام بەدواداچوون هەم لایەنی دەرەوەی کێشەکان و هەم لایەنی ناوەوەیان ئەخاتە ڕوو، بۆیە ئەوەی دووهەمیان زیاتر بەلای خەڵکەوە پەسەند ترە.

دووهەم: ئەو ململانێیە کەلەنێوان تەلەفزیۆن و سینەما و چاپەمەنیەکاندا هەیە، چاپەمەنیەکانی ناچار کردووە هەوڵی ئامادەکردنی بەدوادا چوون بدەن. ئاساییە ئامادەکردنی رێپۆرتاژ لە ڕێگەی کامێرای تەلەفزیۆنەوە ئەتوانرێ رووداوەکان بەشێوەیەکی واقعی تر پیشانی بینەران بدات. رۆژنامەکان لەترسی ئەوەی رێپۆرتاژەکانیان بێ خوێنەر نەمێنێتەوە روویان کردۆتە ئامادەکردنی بەدواداچوون. هەوڵ ئەدەن جگە لەباس کردنی چۆنیەتیروودانی ڕووداوەکان، هۆکارە سەرەکیەکانی رووداوەکەش باس بکەن و شتێکی تازەو سەرنج ڕاکێش بدەن بەخوێنەرەکانیان.

هەر بۆیە لە چاپەمەنیەکاندا وێنەی نووسراو جێگەی کامێرەکان ئەگرێتەوە، تەنیا لەم ڕێگەیەوە ئەتوانن لەگەڵ تەلەفزیۆن و سینەمادا ململانێ بکەن.

### جیاوازی لەنێوان ڕێپۆرتاژی وەسفیو بەدواداچوون:

لەبەدواچوون دا رۆژنامەنووس تەنیا وەسفی شوێنی رووداوەکە ناکات، بەڵکو زیاتر لە هۆکارەکانی دروست بوونی یان باشتر بڵێین هۆکارە نهێنیەکانی پەیدا بوونی رووداوە کۆمەڵایەتیەکان ئەکۆڵێتەوەو ئەمەش پێچەوانەی ڕێپۆرتاژی وەسفییە.

لەناو زاراوە رۆژنامەنووسییەکاندا ئەڵێن (ڕێپۆرتاژ پێشانی ئەدا، بەڵام بەدوادا چوون ئەیسەلمێنێ ) نووسەری بەدواداچوون ئەبێ ئەو خاڵە لەبەرچاوبگرێ کە ئەو لەگەڵ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕوو بەڕوو بوەتەوە. نەك لەگەڵ ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانەدا. ئەمەش جیاوازیەکی تری نێوان ئەمو ڕێپۆرتاژنووسە. لەکاتی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕێپۆرتاژ نووس ڕۆڵی بینەر یان شایەت ئەبینێ، بەڵام نووسەری بەدوادا چوون وەك دادوەری لێکۆڵینەوەی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانە. بۆ نمونە ئەگەر بیەوێ باس لە خراپی باری گوزەرانی کارمەندانی دەوڵەت بکات، پیشاندانی کارمەندێك لەپشتی مێزەکەوە باس کردنی خراپی جلو بەرگو بارودۆخی ژیانی بەتەنیا بەس نین بۆ دەرخستنی ئەو مەبەستەی سەرەوە، بەڵکو پێویستە زۆر بە وردی لە هۆکارە ئەسڵیەکانی ئەو نارەزاییەو گوزەرانی کارمەندانی دەوڵەت بکۆڵێتەوە.

## ١- قۆناغەکانی ئامادەکردنی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی

بەدواداچوون بە شێوەیەکی گشتی بەم چەند قۆناغەدا تێ ئەپەڕێ:

### ١- هەڵبژاردنی بابەت:

بۆ بەدوادا چوونی هۆکارە ڕاستەقینەکانی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك (( بارودۆخی کارمەندانی دەوڵەت، نەمانی گۆشتی مریشك...)) پێویستە ڕۆژنامەنووس زۆر بە وردی بەدوای ئەو پرسیارە نهێنیو شاراوانەدا بگەڕێ کە بەلای خەڵکەوە هێشتا نەزانراونو وەڵامەکانیشیان بدۆزێتەوە.

کاتێك مەسەلەیەکی وەك ئەم پرسیارە دێتە بەردەم ڕۆژنامەنووسێك: ((بۆ خاوەن باخی میوەکان گلەیی لەهەرزانی نرخی میوەکانیان ئەکەنو لە هەمانکاتدا کڕیارەکانیش ئەڵێن نرخی میوە فرێوە؟)) پێویستە ئەو کەسە یەکسەر بەدوای هۆکارە سەرەکیەکاندا بگەڕێو پرسیارەکەش بگۆڕێ بۆ: ((ئایا لابردنی دەڵاڵەکانو کۆنترۆڵ کردنی وردە فرۆشەکان باشترین ڕێگە چارەی گرانیەکە نیە؟))

دوابەدوای ئەم پرسیارە بابەتی بەدوادا چوونەکە دیاری ئەکرێو ڕۆژنامەنووسەکە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی دەست ئەکات بە لێکۆڵینەوە وبەدواداچوونی مەسەلەکە.

کەواتە ئەتوانین بڵێین، بەدواداچوون وەك قۆناغەکانی (( دۆزینەوەی تیۆرییەك کەپێویستە لەسەرەتادا((تیۆرەکە)) بدۆزینەوەو پاشان بۆ سەلماندنی دەست بکەین بەهەوڵ دانو لەکۆتاییدا ئەنجامەکەی بدۆزێتەوە.

کەواتە ئەبێ ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون، شارەزایی لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی خۆی هەبێ، ئەمەش پێچەوانەی ڕێپۆرتاژ نووسینە کە مەرج نیە پسپۆڕی هەبێ لە نووسین دا، نووسینی بەدواداچوون زۆر پێویستی بە پسپۆڕی هەیە.

بەڵام نابێ ئەوەش فەرامۆش کەین کە هەرچەندە شارەزاییو ئاشنایەتی لە بارەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەو زانینی ئەنجامەکانی بۆ نووسەری بەدواچوون گرنگە، کەچی ئەم زانیاریانە بە تەنیا ناتوانن وەڵام بن بۆ هۆکارەکانی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەنجامەکەشی بەس نییە بۆ ئامادەکردنی بەدواداچوونێکی سەرکەوتوو. چونکە هەڵبژاردنی بابەت بەیەکەمین هەنگاوی قۆناغی ئامادەکردنی کاری بەدوادا چوون دێتە ژماردن. ئامانجی بەدواداچوونیش تەنیا کۆکردنەوەی بەڵگە نیە بۆ سەلماندنی پێشنیارەکانی نووسەرەکەی، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە بۆچوونەکانی لە ڕێگەی ئەزموونی پراکتیکەوە بۆ خوێنەران بسەلمێنرێت. خوێنەران نەك نووسەرەکە، ڕاستی پێشنیارەکە بسەلمێنن. هەر بۆیە ئەبێ لەکاتی نووسینی بەدواداچوون دا خۆ لەپێشنیاری نەسەلمێنراو ورای شەخسی بپارێزین.

**٢- کردنەوەی فایل:**

ئەبێ بزانین کاری نووسینی بەدواداچوون جیایە لە نووسینی بابەتی تر، نووسەری بەدوادا چوون ئەبێ پێچەوانەی مەقالە نووس بێ. وەك زانایەکی کیمیاناس لە تاقیگەکەی خۆیدا بە تێکەڵو پێکەڵ کردنی ماددەکان بگاتە ئەنجامو هەوڵ بدات لەگۆشەو کەناری کۆمەڵگاکەیدا بەدوای مەسەلەکاندا بگەڕێ. لەڕێگەی کۆکردنەوەی فایلی کێشەکان، کتێبو خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانو ئەزموونکارییەوە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێ.

چەمکی وشەی بەدواداچوون لەزمانەوانیدا بەمانای لێکۆڵینەوە دێت. لە ڕووی یاسایشەوە ئەم وشەیە مانای گەڕانو دۆزینەوەو لێکۆڵینەوەی کێشەکەیەو لەلایەن کەسانی سودمەند لەو مەسەلەیەو لە شوێنی ڕووداوەکە ئەنجام ئەدرێ.

کەواتە ئەتوانین بڵێین گفتوگۆو لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێك پاش کردنەوەی فایلەکەی دێت. کردنەوەی ئەم فایلە هەم بۆ دادوەری لێکۆڵینەوەو هەم بۆ ڕۆژنامەنووس گرنگو پێویستە. لێکۆڵەوە لەهەر پلەو پایەیەکدا بێت ئەبێ پێشتر بەڵگەنامەکانی ئەو کێشەیەی کەئەیەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات لەبەر دەستیا بێتو بەجوانی و بەوردی بیانخوێنێتەوە وپێشینە مێژووینەکانیان بزانێ.

یەکێك لەقۆناغەکانی دروست کردنی فایل، بەدەست هێنانی بیروڕای ئەو خەڵکانەیە کەلە مەسەلەکەوە نزیکن، هەر بۆیە ڕۆژنامەنووس ئەبێ پەیوەندییان پێوە بکات و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ئەنجام بدا، ئەگەر لەسەر زیادبوونی مووچە لەنێوان کارمەندانی دەوڵەت کێشەیەك هەیە، پێویستە نووسەری بەدواداچوون لەلایەك لەگەڵ بەرپرسەکاندا وتو وێژبکاتو بیروڕایان وەربگرێو لەلایەکی ترەوە بۆچوونی کارمەندانو سەندیکاکان لەسەر ئەم مەسەلەیە بزانێو لەهۆکارەکانی داخوازیان بۆ زیاد بوونی مووچەکانیان بکۆڵێتەوە. لەم دیدارانەدا لێکۆڵینەوەش لەسەر سەعاتی کارکردنیان، ژمارەی منداڵەکانیان، تەئمینی ژیانیان، خانەنشینیو ماڵو حاڵیان دەکرێ. چونکە

بەم کارە ئەتوانێ هەندێ بەڵگەی لەسەر ڕەوایی داخوازی کارمەندەکان دەست بکەوێ و پاشان لەکاتی نووسینی بەدواداچوونەکەدا لەفایلەکەی دەریان بهێنێ و بڵاویان بکاتەوە. هەندێ جار لەوانەیە وا پێویست بکات کارناسانی هونەری لە نێوان هەردوو لایاندا قسەی خۆیان بکەن. هەر بۆیە پێویستە نووسەری بابەتی بەدواداچوون بیرو بۆچوونی ئەوانیش لەگەڵ ئەوانی تردا بخاتە ناو فایلی کێشەکەوە.

بەراورد کردنی زانیاریە بەدەست هاتووەکان لەگەڵ باروودۆخی ژیانی ساڵانی رابردووی کارمەندەکان وئامادەکردنی ئامار لەسەر ئەو بەراورد کردنە گرنگیەکی زۆری بۆ تەواوی بەدواداچونەکە هەیە، چونکە بەم جۆرە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە لەسەر بەدواداچوونی کێشەکە فایلی بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە تەواو ئەبێ و ئامادەی ئەنجام گیری ئەکرێ.

## ٣- ئەنجام گیری:

کاتێك هەموو بەڵگەنامەکان لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئامادەکراو خرایە فایلی کێشەکەوە، ئەو کات ئەتوانرێ ئەنجامی کێشەکە دەست بکەوێت و حوکمی کۆتایی لەسەر بدرێ. ئەم بڕیارە کەدواین قۆناغی کاری بەدواداچوونە لە بڕیاری دادوەرێك ئەچێ لەکۆتایی کێشەکەدا دەری بکات. وەك چۆن بڕیاری دادوەرەکە ئەبێ بەڵگەو دەلیلی سەلمێنراو بێت، ئەنجامگیری نووسەری بەدواداچوونیش لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان ئەبێ بەپێی بەڵگە بێت بۆ ئەوەی بڕیارەکەی بەهێزو بەتوانابێت.

بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێ هیچ بەدوادا چوونێك بێ وەرگرتنی ئەنجام لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکرێتەوە یان لەڕادیۆو تەلەفزیۆندا پەخش بکرێتەوە. چونکە فەلسەفەی لێکۆڵینەوە، ئەنجامەکەیەتی.

کەواتە ئەو وەڵامانەی کە ڕۆژنامەنووسەکان لەکاتی بەدواداچوونەکانیاندا دەستیان ئەکەوێ، ئەبێ کۆیان بکەنەوە ئەنجامی هەموو وەڵامەکان وەك ڕێگە چارەی کێشەکە بخەنە ڕوو.

ئەو وەڵامەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوونەوە وەك ئەنجامگیریەکە بۆ پرسیارەکان ئەخرێنە ڕوو، خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری ئەو گریمانەیە کەلەسەرەتای کارەکە لەلایەن خۆیەوە باسی لێوەکراوە.

لەبەدواداچووندا ئەوەی گرنگە، ئەو بەڵگەنامانەیە کەڕوودانی ڕووداوێکی دیاری کراو ئەسەلمێنێ و هەروەها ئەو ئەنجام گیریە کەلەدوای ئەم بەدواداچوونە دەست ئەکەوێ. لەوانەیە ئەو ڕێگە چارە یان ئەنجامەی کە ڕۆژنامەنووس لەکۆتاییدا پێی ئەگات بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەو گریمانە بێت کەلەسەرەتادا خستوویەتیە ڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو گریمانەکان چی لەپێشدا بخرێنە ڕوو یان لەپاشدا، تەنیالە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە ئەتوانرێ لەراستیو دروستیان دڵنیابینو ئەمەش کاری سەرەکی نووسەری بەدواداچوونە.

## ٢- پێداچوونەوەو ڕێکخستنی بەدواداچوون .

پاش ئەوەی قۆناغەکانی ئامادەکردنی بەدواداچوون کۆتاییان پێهات، نووسەرەکەی ئەبێ دەست بکات بە ڕێکخستنەوەو نوسینەوەیان وئەتوانرێ لەشێوازی هەرەمی سەروژێرکراو یان شێوازی (استدلالی) پێداچوونەوەی بابەتەکە بکرێت.

تەنیا لەو حاڵەتانەدا شێوەی هەرەمی سەروژێرکراو بەکار ئەهێنرێت کە بەدواداچوونەکە پێشەکیو ناوەڕۆكو ئەنجامی تێدا بێ. لەسەرەتای بەدواداچوونەکەدا بە شێوەیەکی کورت باس لەبابەتو ئەنجامی کێشەکە ئەکرێت. لەناوەڕۆکی بەدواداچوونەکەش دا ڕۆژنامەنووسەکە ئەو هەنگاوانەی کەناویەتی بۆ گەڕان بەدوای بەدواداچوونەکە باس ئەکاتو لەکۆتایدا ڕێگە چارەکان ئەخاتە ڕوو.

لەبەدواداچوون دا ئەنجامگیری گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە لەم بەشەدایە کەرۆژنامەنووس بەری ئەو زەحمەتانەی کە بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هۆکاری ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان داویەتی، ئەبینێ.

بەدواداچوون زیاتر لەسەر شێوازی استدلالی ئەنووسرێتەوە، لەو بابەتە یان زنجیرە بابەتەی کەلەم بارەوە ئەنووسرێتەوە ڕۆژنامەنووس هەوڵ ئەدات بەدواداچوونەکەی بەشێوەیەك بنووسێ کە خوێنەران وا هەست بکەن خۆیان لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاریو هۆکاری ڕووداوەکان دا بەشداریان کردوە.

بەم جۆرە لەسەرەتای کارەکەدا بابەتی لێکۆڵینەوەکە لە شێوەیەکدا ئەخرێتە ڕوو کە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان تا حەدێك کێشەکانی بەلادا خستبێ.

بەڵام هەندێ مەسەلەی تر سەر هەڵئەدەنەوە کەشێوەی پێش بینی نەکراو ئەداتە کێشەکە، ئەم گۆڕانکاریانەش تا ئەو کاتەی نووسەر ئەگاتە ئەنجامێك بەردەوام ئەبێت. لە پێداچوونەوەی بەدواداچوون دا بەڵگەنامەی فایلی کێشەکە سوودی لێ وەرئەگیرێ. بەدواداچوون لەم حاڵەتەدا لەشێوەی دەنگو باسی زنجیرە هەڵسوکەوتێك دەرئەکەوێ ئەو بابەتانەی کەلەئەنجامی خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان دێنە دەست چاوپێکەوتنە جیاجیاکان لەگەڵ خەڵکی جیاوازدا، شیکردنەوەی بارودۆخ و حاڵو ئەحواڵی ڕووداوەکان کە هەموویان ڕۆژنامەنووسەکە ئەگەیەننە ئەنجامی کۆتایی.

ئاساییە ناتوانرێ هەموو بەڵگەنامەو ئەنجامی فایلی ڕۆژنامەنووسەکە بەبێ دەستکاری بڵاو بکرێتەوە. پێویستە هەوڵە بێ ئەنجامەکانو بابەتە جوانو سەرنج ڕاکێشەکان زەق بکرێنەوە.

بەدواداچوونی نمونەیی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی لۆژیکی خۆی بخاتە ڕوو. بۆ هەر بەشێك شایەتێك بهێنرێتەوە، لە بەرامبەر هەر بۆچوونێك بۆچوونە پێچەوانەکەی بخرێتە ڕووو لە کۆتایشدا ئەنجامەکەی کە لە دوای لێکۆڵینەوەو خستنە ڕووی بۆ چوونە جیاوازەکان هاتۆتە ئاراوە، بخرێتە ڕوو.

کۆمەڵایەتیەکانیش شێوەو جۆری جیاجیان هەیە هەر بۆیە لێکۆڵینەوەش لە بارەیانەوە جیاوازە.

ئەتوانین سێ جۆر بەدواداچوون بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلە کۆمەلایەتیەکان باس بکەین:

**١-بەدواداچوونی لێکدراو (مرکب):**

ئەم جۆرە بەدواداچوونە زیاتر بۆ ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتیانە ئەنجام ئەدرێ کە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە بەسود لە قەڵەم ئەدرێ . لە چوارچێوەی ئەم جۆرە بەدواداچوونەدا سود لە ریپۆرتاژ و چاوپێکەوتن و ئامار و بیروبۆچوونی خەڵك وەرئەگیرێ و بەلێکدانەوەی هەموو ئەو زانیاریانە بابەتێك یان چەند بابەتێك لە شێوەی بەدواداچوون لەسەر مەسەلەیەکی ژیانی گشتی لە ڕۆژنامەکەدا بلاوئەکرێتەوە.

**٢-بەدواداچوونی سادە:**

بەدواداچوونی سادە ئەو بەدواداچوونەیە کە تەنیا مەسەلەیەکی سادەی کۆمەڵایەتی ئەخاتە ڕوو، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەربلاوی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەنجام بدرێ و بیروڕای خوێنەران و بینەرانی وەربگیرێ. نمونەی ئەم بەدواداچوونانە ئەو بابەتانەیە کەلەڕۆژنامەکاندا لە شێوەی بیروڕای ئازاد یان پێشنیاری نووسراودا بلاوئەبنەوە.

ئەبێ بزانین هەریەك لەم بابەتانەی کەلەلایەن بیسەران و خوێنەرانەوە ئەگەنە ڕۆژنامە تەنیا لەسەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی وەك (تەلاق) یاسزای لە سێدارەدان نوسراون هەر خۆیان ئەبنە دادوەری کێشەکەو ڕۆژنامە یان رادیۆکە هیچ رایەك دەرنابڕن.

**٣-بەدواداچوونی راپرسی:**

ئەم جۆرە بەدواداچوونانە کەمتر لە ڕۆژنامەکاندا بلاوئەکرێنەوە، بەلام رێکخراوەکانی هەڵسەنگاندنی بیروڕای خەڵك لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

**٣- جۆرەکانی بەدواداچوون:**

لە پێناسەی بەدواداچوون دا هاتووە کە ئامانجی نووسەری بەدواداچوون ئەوەیە لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان بکات. لەبەرئەوەی مەسەلە سودی لیٚ وەرئەگرن. لەم جۆرە بەدواداچوونانەدا کۆمەڵە پرسیارێك لە ڕێگەی پرسیارنامە لەلاپەرەی ڕۆژنامەکەوە ئەنووسرێت و پاشان بۆ کەسانی لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزی پلەی کۆمەڵایەتی جیاواز ئەنێرێت. پاش گەیشتنی وەڵامەکان ئەنجامەکان دیاری ئەکرێن و ئەخرێنە بەردەست رای گشتی یان رێکخراوەکان.

**٤-بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانستی**

بەدواداچوون زۆر لە لێکۆڵینەوەی زانستییەوە نزیکە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو رۆژنامەنووسانەی کەبەدواداچوون ئەنووسن سود لەهەمان شێوازی نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی وەرئەگرن. سەیری فایل و بەڵگەنامەکان ئەکەن و بیروبۆچوونی خەڵکانی تر ئەخوێننەوە، دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ شارەزایاندا ساز ئەدەن و بۆخۆیان تەماشای رووداوانی بابەتەکان ئەکەن.

سەرەڕای ئەو لێك چوونانەش کەچی بەدواداچوون لەگەڵ ریپۆرتاژی زانستی یەکسان نیەو لەچەند روویەکەوە لەیەکتر جیاوازن.

١-لەرووی بابەتەوە:

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کەلەلایەن زانایانەوە ئەنجام ئەدرێ زۆر بابەتی جیاجیا لەخۆئەگرێ. لەبابەتێکی بچوکی زانستییەوە بگرە تا ئەگاتە مەسەلەیەکی ئابووری گەورە ئەبێتە جێی سەرنجیان و هەڵکۆڵینی لەسەر ئەکەن.

بەڵام بەدواداچوون بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەی زانستی، بابەتەکانی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانن، پێویستە ڕۆژنامەنووس کارەکەی خۆی لە چوارچێوەی ئەم مەسەلانەدا قەتیس بکات و بەدوای وردەکارییەکاندا بچێ.

٢-رووبەری کارکردن:

رووبەری کاری لێکۆڵەرەوە زانستییەکان یەکجار بەربڵاوە. ئەوان هەوڵ ئەدەن هەموو زانیارییەك لەسەر ئەو بابەتەی کە بۆ لێکۆڵینەوە دیارییان کردوە بەدەست بهێنن و لە هەلێکی باش تردا هەموو بەڵگەنامەکان هەڵبسەنگێنن. لەرووی کاتەوە هیچ کێشەیان نیە و ئەگەریش کێشەیان هەبێ لە چەند مانگێك کەمتر نییە. لە رووی قەبارەو ژمارەی لاپەڕەکانیش هیچ گرفتێکیان نیەو تا ئەوکاتەی لێکۆڵینەوە پێویست بکات ئەتوانن بڕۆن، بەڵام نووسەری بەدواداچوون ڕووبەری کارەکەی دیاری کراوە.

یەکەم/ ئەبێ بەدوادواچوونەکەی لەماوەیەکی دیاری کراودا ئامادەبکات، چونکە مەسەلە کۆمەلایەتیەکان بۆ ماوەیەك دەرئەکەون و هەرپاش ماوەیەك فەرامۆش ئەبن. بۆیە بەدواداچوون ئەبێ لەو کاتانەدا بکرێ کە بەلای خەڵکەوە سودبەخش بێت (بۆ نمونە مەسەلەی گرانبوونی نرخی میوە یان گرانی کرێی هاتووچۆ). پاش چارەسەرکردنیان بەدواچوونیان ناوێ.

دووەهەم/ لە رووی قەبارەوە بەدواداچوون دیاری کراوە. ڕۆژنامەنووس ئەبێ قەبارەی جێگەکەی لەسەر لاپەڕەو ماوەی پەخشەکەی لە رادیۆو تەلەفزیۆن لەبەرچاو بگیرێ لەبەرئەوەی خوێنەرانیش کاتێکی دیاری کراویان هەیە بۆ خوێندنەوە.

٣-لەرووی دەربڕینەوە:

زمانی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی زانستەو شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. لێکۆڵەرەوان بە شێوەی کتێبێك لێکۆڵینەوەکانی خۆیان ئەخەنەڕوو. لەو لێکۆڵینەوانەدا هیچ گوێ بەزەوق و خواستی خوێنەران نادرێ و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان وەکو چۆن ئەیانەوێ ئەنووسنەوە.

بەڵام زمانی بەدواداچوون زمانی خەڵکەو ئەبێ بابەتەکان بە جۆرێك بنوسرێنەوە کە خوێنەران بتوانن لێی تێ بگەن و ئەنجامی تەواویان دەست بکەوێ.

لەکاری بەدواداچوون دا نووسەر پابەندی یاساو بنەماکانی ڕۆژنامەنووسییە ئەبێ زەوق و حەزو ئارەزووی خوێنەرانی خۆی لەبەرچاو بگرێ و ناچارە زەوق و ئارەزووەکانی خۆی تا حەدێك فەرامۆش بکات.

باسی بەدواداچوون نابێ زۆر درێژ بێت و پێویستە لەیەك دووژمارەدا بخرێتە ڕوو. بەو حاڵەشەوە لەوانەیە هەندێ جار وا پێویست بکات گۆڕانکاریش لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا بکرێ.

## دابەشکردن و فرۆشتنی ڕۆژنامە

ئەو کاتەی ڕۆژنامەکە چاپ بوو، کاری دابەش کردن و فرۆشتن دەست پێ ئەکات، ئەم کارەش حەساسترین قۆناغی کاری ڕۆژنامەگەرییە. چونکە ئەو ژمارەیە کە بەرهەمی ڕەنج و تەقەلای ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس و کرێکاری چاپخانەیەو خەرجییەکی زۆری تێچووە، ئەگەر لەکاتی خۆی دا ئامادە نەکرێت و لەکاتی دیاری کراودا نەگاتە شارەکان و شوێنە دوور دەستەکان و خوێنەران نەیخوێننەوە، بۆ ڕۆژی دواتر سودی نامێنێ و کەس نایکرێ، بەردەوام بوونیش لەسەر ئەم حاڵەتە کڕیارەکانی لێ دوور ئەخاتەوەو تووشی شکستی دارایی و دواتر داخستنی ڕۆژنامەکەی ئەکات. هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆژنامەکانی سەرتاسەری دونیا گرنگیەکی تایبەت بەکاری دابەش کردن و فرۆشتنی ئەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی وردیان هەیەو بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکانیان بەزووترین کات بگاتە دەستی خوێنەران پارەیەکی زۆر خەرج ئەکەن.

### ١- چۆنیەتی دابەش کردن

ئێستا ڕۆژنامەکان بەچوار ڕێگە ئەگەنە دەستی خوێنەران.

### ١-هاوبەشی بە پۆستەیی:

هاوبەشی کردنی خوێنەران بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامە لەڕێگەی پۆستەوە بە باشترین ڕێگای فرۆشتن دێتە ژماردن. لەلایەك پارەی یەك ساڵ یان شەش مانگ وەیان سێ مانگ پێشەکی وەرئەگیرێ و لە فرۆشتنی دڵنیا ئەبن و لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی دابەش کردنەکە ئەکەوێتە سەر پۆستە و تەنیا پولی نامەکەی تێ ئەچێ و خەرجییەکەی لەسەر ڕۆژنامەکە کەم ئەبێتەوە، فرۆشتن لە ڕێگەی پۆستەوە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام ئێستا ڕەونەقی جارانی نەماوە، بەتایبەت بۆ ڕۆژنامەیەك کە ڕۆژانە بێت. هۆکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونەوەی هاوبەشەکان و

ئامادەنەبوونی پۆستەو گەیاندن بەکاری دابەشکردنی خێرایی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان. بەهەر حاڵ هەندێ ڕۆژنامەی موعتەبەر هەیە هێشتا هاوبەشیان هەیەو لەهەندێ شاری بچوکیش دا ڕۆژنامە ناوخۆییەکان لە ڕێگەی پۆستەوە ئەگەنە دەست خوێنەرەکانیان.

**٢–گەیاندنی ڕۆژنامە بە ڕێگەی ڕۆژنامەبەرەوە:**

لە زۆربەی وڵاتی دونیادا لە پاڵ گەیاندنی ڕۆژنامە لە ڕێگەی پۆستەوە، ئێستا ڕۆژنامە ڕۆژانەکان ڕۆژنامەکانیان لە ڕێگەی ڕۆژنامەبەری تایبەتەوە ئەگەیەننە خوێنەرانی خۆیان لەناو ماڵەکانیان دا. پاش هەفتەیەك یان مانگێك کرێکانیان وەرئەگرن. ئەم شێوازەش وەك هاوبەشی پۆستی فرۆشتنی ڕۆژنامە دۆخێکی چەسپاوی هەیە، بەڵام خەرجی زیاتری تێ ئەچێ، چونکە گواستنەوەی ڕۆژنامە لە ڕێگەی پۆستەوە زۆر هەرزانترە لە حاڵەتێکدا دابەش کردن لەڕێگەی ڕۆژنامەبەرەوە ئەبێ ١٥ بۆ ٢٥ لەسەدی نرخەکەی بدرێت بەدابەش کەرەکان. لە وڵاتانی ئەنگلوساکسون و ژاپۆن فرۆشتنی ڕۆژنامە لە ڕێگەی ڕۆژنامە بەرەوە زۆر بەربڵاوەو زیاتر لە ٩٠٪ی ڕۆژنامەکان لەم ڕێگەیەوە بەهۆی ڕۆژنامەبەرەکان کە زۆریان خوێندکارن پەخش ئەکرێنەوە.

**٣–تاك فرۆشی ڕۆژنامە لە ڕێگەی ڕۆژنامە فرۆشەکانەوە:**

لەو وڵاتانەی کە خوری ڕۆژنامە خوێندن تێیاندا هەڵنەهاتووە و ڕۆژنامەکان نەیانتوانیوە خوێنەری تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن، ڕۆژنامەش وەك کاڵای تر لە دوکان و گۆشك و سەرجادەکان ئەخرێنە بەردەستی خەڵك. لەبەرئەوەی زۆر لە خوێنەران بە ئارەزووی خۆیان هەندێ ڕۆژنامە ئەکڕن وهەندێکی تر ناکڕن، هەر بۆیە ڕۆژنامەکان هەوڵ ئەدەن لاپەڕەی یەکەمی خۆیان وەك دوکاندارەکان بڕازێننەوەو بەمانشێتی سەرنج ڕاکێش و وێنەی دڵگیر و ڕەنگاو ڕەنگ سەرنجی خوێنەرە چاوەڕوانکراوەکانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشن وئاستی فرۆشتنیان زیاتر بکەن، لەم هەلومەرجەدا دۆخی فرۆشتنی ڕۆژنامە لە گۆڕاندایە، ئەو ڕۆژانەی کە ڕووداوی سەیرو سەرنج ڕاکێشی تێدا ڕوو ئەدات ژمارەی تاك فرۆشی زیاد ئەکات و بە پێچەوانەشەوە لە ڕۆژە ئاساییەکاندا کەم ئەبێتەوە.

ڕۆژنامە فرۆشەکانیش وەك ڕۆژنامەبەرەکان ١٥ بۆ ٢٥ لە سەدی نرخی ڕۆژنامەکان بۆ خۆیان ئەبەن.

مەسەلەی گەڕانەوەی ڕۆژنامە نەفرۆشراوەکان لەلایەن ڕۆژنامە فرۆشەکان و بۆ دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو دابەش کردن بۆ خۆی مەسەلەیەکی گرنگەو لەهەر وڵاتێکدا بە شێوەیەکی جیاواز چارەسەرئەکرێت لە هەندێ وڵاتی وەك فەرەنساو ئینگلیستان و ئێران دا شێوازی (فرۆشتنی کراوە–یان گەڕاوە) ڕەواجی هەیە، ڕۆژنامە فرۆشەکان ئەو ڕۆژنامانەی نەفرۆشراون بۆ ڕۆژی

دوایی ئەگەڕێنەوە بۆ دەزگای پەخش کردنەکە و پارەکەی وەرئەگرنەوە، بە پێچەوانەوە لە ولاَتانی وەك (ئەلَمانیا) شێوازی (فرۆشتنی داخراو) پەیرەو ئەکرێ و زیانەکە لە فرۆشیارەکان ئەکەوێ.

٤–خوێندنەوەی بەخۆڕایی رۆژنامەکان:

لەهەندێ ولاَتدا لەبەرئەوەی خووی کڕینی ڕۆژنامە هێشتا ڕەواجی نییە یاخود خەلَك لەبەرگرانی ناتوانن ڕۆژنامەکان بکڕن، ڕۆژنامەکان بەشی خۆڕاییان هەیەو بۆ هەندێ دەزگای دەولَەتی یان تایبەت نوسخەی خۆڕایی دادەنێن. ئەو ڕۆژنامانەی کە لە کۆلاَن و شەقامەکاندا هەلَ ئەواسرێن و ئەخرێنە بەردەست خوێنەر یان لە کتێبخانەکاندا دادەنرێن لەم جۆرەن. خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە عیادەی دکتۆرەکان، هۆلَی تایبەتی دام و دەزگاکان، خەیاتیەکان، سەرتاشخانەکان جۆرێکن لە خوێندنەوەی خۆڕایی.

کاری دابەش کردنی رۆژنامە و بلاَوکراوەکانی تر هەندێ جار لە ڕێگەی دەزگای چاپەکەوە دەبێت و هەندێ جاریش لەڕێگەی دەزگای پەخشی تایبەتەوە کە کارەکەیان تەنیا دابەش کردنە، ئەنجام ئەدرێ. دابەش کردنی چاپکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی و رۆژنامە بەتایبەتی گرنگی‌یەکی زۆری هەیەو زۆر مەسەلەی تری لە پێش دایە ئەگەر رۆژنامەکە ناوچەیی بێت کاری دابش کردنەکەش بچووکە. بەلاَم تا هەرێمی دابەش کردنەکە بەرفراوان بێت (بەتایبەت رۆژنامە گەورەکان کەلەهەمەوو ولاَتدا دابەش ئەکرێن یان ئەو رۆژنامە نێو دەولَەتیانەی کە دابەش کردنەکەیان لە چەندین ولاَتی دونیادا ئەنجام ئەدرێت) کارەکە گەورەتر و دژوارترە.

(کات) وەك چۆن بۆ ئامادەکردنی هەوالَ گرنگە، لەکاری دابەش کردنیش دا گرنگی‌یەکی زۆری هەیە بگرە لەم قۆناغەدا کات لەهەموو قۆناغەکانی تر گرنگترە، چونکە لە قۆناغەکانی ئامادەکردن و چاپکردنی پەلەکردنەکە بۆ ئەوەیە لەکاتی خۆی دا رۆژنامەکە بگاتە دەست خوێنەران و هەر جۆرە کات بەفیڕۆدانێك ئەبێتە هۆی دواکەوتن لەکاری دابەش کردنی ڕۆژنامەکاندا.

٢–ناوچەکانی دابەشکردن:

دابەش کردنی ڕۆژنامەچی لە شوێنی دەرچوون و چی لە شوێنەکانی تر بەشتراوە بەکاتەوە.

١–دابەشکردنی رۆژنامە لە شوێنی دەرچوون دا:

ئەبێ ڕۆژنامە لە شوێنی دەرچوونی دا لەسەعاتێکی دیاری کراودا پەخش بکرێتەوە. ئەگەر رۆژنامەکە چەند جارێك چاپ ئەکرێتەوە. ئەوە ئەبێت سەعاتی چاپی یەکەمیان دیاری کراو بێت. خوێنەرانی ڕۆژنامەکان حەز ئەکەن لەکاتی خۆی دا ڕۆژنامەکانی خۆیانیان لەبەردەست دابێت ئەگەر ئەوسەعاتە دیاری کراوە ئالوگۆڕی تێدا بکرێ ئەگەری ئەوە هەیە ببنە خوێنەری ڕۆژنامەیەکی دی. لەبەرامبەر ئەم مەترسیەدا کەلەئەنجامی گوێ نەدان بەکاتی دابەش کردنەکە دروست بووە، ئەورۆژنامانەی کە ئەتەوانن ڕۆژنامەکانیان لەکاتی خۆی دا بخەنە بەردەستی خەلَك هەلی ئەوەیان بۆ ئەڕەخسێ خوێنەرە نارازی‌یەکانی ڕۆژنامەکانی تر بۆ لای خۆیان رابکێشن.

## ٢- دابەشکردنی ڕۆژنامە لەناوچەکانی تر:

دابەشکردنی ڕۆژنامە لەدەرەوەی شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە واتا پارێزگا و شارەکانی تر لە دابەشکردنی لە شوێنی دەرچوونەکەی گرنگترە. لە ناوەندی دەرچوونی ڕۆژنامە کاتی پەخش لە سەعاتێك تێناپەڕێ، بۆ نمونە ڕۆژنامەیەك کە ئەبێت سەعات چواری ئێوارە پەخش بکرێت سەعات پێنج کاری دابەش کردنەکە تەواو ئەبێت، لەدەرەوەی ناوەندی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە، کاریگەرییە خراپەکانی دواکەوتنەکە لە دابەش کردن زۆر زۆرترە.

باوای دانێین ڕۆژنامەیەك کە ئەبوایە سەعات پێنجی بەیانی بدرایە بە ناوەند پەخشی سلێمانی یەك سەعات دواکەوت و لە سەعات شەشی بەیانی پێ ڕاگەیشت، هەروەها باوای دانێین سەیارەی پۆستی سلێمانی-کفری سەعات پێنج و نیو بەرەو کفری ئەکەوێتە ڕ، لەم حاڵەتەدا کاتێك بەشی کفری لە سلێمانی، ئەکەوێتە ڕێ سەیارەی پۆستەکەی کفری دەیان کیلۆمەتر لە سلێمانی دورکەوتووەتەوە. بۆیە بەناچاری ئەبێ بەشی کفری ئەو ڕۆژنامەیە دوابکەوێ بۆ سەیارەکەی تر کە خوا ئەزانێ کەی ئەکەوێتە ڕێ. بەم جۆرە یەك سەعات یان نیو سەعات دواکەوتن لە ناوەندی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ئەبێتە هۆی دابەش نەبوونی ڕۆژتنامەکە لە شارێکی دوورە دەست.

ئاساییە هەموو چاپەمەنیەکان بەتایبەت ڕۆژنامەکان کەکاتی دابەشکردن بۆیان گرنگە، بۆ دورکەوتنەوە لەم ئەگەرانە چەندین ڕێگە ئەگرنە بەر و هەوڵ ئەدەن زیانەکانی دواکەوتن بۆ نزمترین ئاست کەم بکەنەوە.

## ٣-هۆکارەکانی دابەشکردن:

چاپەمەنیەکان یان دەزگاکانی پەخشی ڕۆژنامە بۆ دابەشکردنی بڵاوکراوەکان سود لە هەموو وەسیلەیەك وەرئەگرن، وەك ئوتۆمبێل، فڕۆکە، میترۆ، پاسکیل و پۆستی دەوڵەتی.

لە نێوان ئەمانە باشترین وەسیلە بۆ ناردنی ڕۆژنامە بۆ دەرەوەی شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە فڕۆکە. چونکە لەماوەی یەك دوو سەعات پاش دەرچوونی ڕۆژنامەکە ئەتوانرێ ڕۆژنامەکە بگەیەنرێتە دوورترین شوێن وڵات.

بەڵام سەرەڕای ئەو یارمەتی دانەی کە بۆ ڕۆژنامەکان ئەکرێ، کەچی کرێی ناردن بە فڕۆکە هێندە بەرزە جگە لە هەندێ کاتی تایبەت نەبێ ناتوانرێ سود لەو وەسیلەیە وەربگیرێ.

پاسکیل بە پێچەوانەوە هەرزانترین وەسیلەیە، بەڵام ناوچەی کارکردنی دیاری کراوەو تەنیا لەناوشاردا بۆ دابەشکردنی ڕۆژنامە بەکاردێت، پۆستەش تەنیا ئەتوانێ بۆ هاوبەشەکانی ناو شار ڕۆژنامە ببات.

پاس و تاکسی هاتوچۆی نێوان شارەکان و ئەو ئۆتۆمبێلای کەلەنێوان شارەکاندا کار ئەکەن باشترین وەسیلەی گەیاندنی ڕۆژنامەن لە نێوان شارەکاندا چونکە هەم کرێکەیان هەرزانەو هەم هەر کاتێك ڕۆژنامەکە ئامادەی پەخش کرا لە گەراجەکاندا ئوتومبێلی هێڵەکان ئامادەن.

## ٤-ڕۆژنامەی تایبەتی شارەکان:

هەندێ ڕۆژنامە هەیە بۆ ئەو شارانەی کە لە خۆیانەوە زۆر دوورنین چاپی تایبەتیان بۆ ئامادە ئەکەن، ئەویش لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕۆژنامەکە لە هەموو ڕوویەکەوە و ناردنی بۆ ئەو شارە.

هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆژنامە گەورەکان چاپی تایبەتیان بۆ شارەکانی تر هەیە بۆ ئەوەی روخسارێکی ئەو شارەشی پێ ببەخشن لەهەندێ لە لاپەڕەکانی دا چەند بابەتێکی تایبەت لەسەر ئەو شارەی کە تێدا دەرئەچێ بڵاوئەکەنەوە.

بۆ نمونە ئەگەر چاپی هەولێری ڕۆژنامەکە هەندێ هەواڵی لەسەر هەولێر تێدا بێت، ئەوەی سلێمانی ئەو هەواڵانەی تێدا نابێ. هەروەها هەندێ جار چەند شوێنێك بەبۆشی بەجێ دێڵن تاکو هەواڵ یان ئاگاداری ئەو شارەی تێدا بڵاوبکرێتەوە.

هەڵبەت ئەبێت بۆ هەندێ ئاگاداری جێگەی تایبەت دابنرێت، بۆ نمونە کەسێك لە سلێمانی ئاگاداری لەسەر هوتێلێك بڵاوکردوەتەوە، نابێ لە چاپی هەولێردا هەڵبگیرێ یان لابدرێ. چونکە خاوەنی ئاگاداری‌یەکە ئەیەوێ مسافری هەولێری بەبوونی هوتێلەکەی بزانن.

# هەڵبژاردن و ئامادەکردنی وێنە لەکاری ڕۆژنامەنووسیندا

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی وێنە لە ڕۆژنامە هاوچەرخەکاندا زیاتر دەرئەکەوێ. لە ساڵی (١٨٩١) وە ڕۆژنامەی(دەیلی گرافیك) ی چاپی لەندەن چاپ کردنی وێنەی لەڕۆژنامەدا دەست پێ کرد و ڕۆژنامەی (ئکسلیڤەر)ی پاریسیش لە ساڵی ١٩١٠ – وە بە چاپ کردنی وێنەی هەواڵ گۆڕانێکی لەرازانەوەی ڕۆژنامەدا هێنایە ئاراوە. لەو کاتەوە نزیکەی هەموو بڵاوکراوە ڕۆژانەو هەفتانەکانی جیهان، هەواڵ و بابەتەکانی خۆیان لەگەڵ وێنەدا بڵاوئەکەنەوە.

حاڵی حازر جگە لە وێنەی ئاگاداریەکان، بەلای کەمەوە ١٠٪ ی ڕۆژنامەکان بەوێنەی جۆراوجۆر رازاونەتەوە. پاش پەرەسەندنی تەلەفزیۆن لە جیهان و لەبەر گرنگی دانی خەڵك بە فیلمە سینەماییەکان و هەموو کارە وێنەییەکان، گرنگی وێنە بۆ بڵاوکراوەکان لە ساڵەکانی ئایندە زیاتر دەرئەکەوێ و دەزگاکانی ماکێت دروستکردنی ڕۆژنامەکان ناچار ئەبن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تەلەفزیۆن و سینەما کە دوو ڕەقیبی سەر سەختی چاپەمەنین، تەقەلایەکی زیاتر بدەن.

کەواتە لەبەر ئەو گرنگیە زۆرەی کەوێنە لە بڵاوکراوە نوێ کاندا هەیەتی، پێویستە دەزگاکانی ماکیت دروست کردنی ڕۆژنامەکان لە هەڵبژاردن و ئامادەکردنی کارە وێنەییەکاندا وردبینیەکی زیاتر خەرج بکەن، چونکە زۆر جار بەهای وێنەیەك لەسەدان لاپەڕەی هەواڵ و لێکۆڵینەوە گرنگترە.

وێنە لە ڕۆژنامەدا چوار ڕۆڵی کاریگەر ئەبینێ و هەریەکەشیان تەواوکەری ئەوی ترە.

١–زۆر جار وێنە خۆی لە خۆی دا هەواڵە. ئەبێ ئەوە بزانین کەوێنە لە هەندێ جێگادا تەواوکەری هەواڵەو لەهەندێ جێگاش دا بەتەواوی خۆی جێی هەواڵێکی نووسراو ئەگرێتەوە.

٢–وێنە ڕاستەوخۆ خوێنەر ئەباتە ناو ڕووداوکەوە هەلی بینینی ئەو کەس و شتانەی کەلە ڕووداوەکەن بۆ ئەرەخسێنێ.

٣–وێنە هۆیەکە بۆ سەرگەرمی خوێنەر، هەر لەبەر ئەمەشە بڵاوکراوەکان هەوڵ ئەدەن هەردەم وێنەی سەرنج ڕاکێش بڵاوبکەنەوە ئەڵێن وێنە خۆی لاپەڕەیەو لاپەڕەی بێ وێنە وەك چێشتی بێ خوێ وایە.

٤–وێنە بناغەو پایەی کاری ماکێت سازی ڕۆژنامەیەو ماکێت سازەکان بەلەبەرچاوگرتنی جۆرو ژمارەی وێنەکان ماکێتی لاپەڕەکان ئامادە ئەکەن.

بڵاوکراوە وێنەدارەکان هەمیشە لەسەرنج ڕاکێشانی خەڵکی دا سەرکەوتوون، چونکە خەڵکیکی زۆر لەبەر خاتری وێنەی سەرنج ڕاکێش ڕۆژنامەئەکڕن. ئێستا لەبەر ئەو گرنگیەی کوێنە لە

بلاوكراوەكاندا بە دەستی هێناوە ڕۆژنامە گەورەكانی دونیا لە پاڵ بەشی ماكێت سازی دا، بەشی وێنەیان دروستكردوە ئەبێ بزانین ئەم بەشە لەبەشی وێنەگرانی پەیامنێرەكانی ڕۆژنامە جیاوازە و لەراستی دا بەشی وێنەگرتن لقێكی ئەو پێك ئەهێنێ.

بەشی وێنەگرتنی ڕۆژنامە پێش ئامادەكردنی ماكێت لەكاتی ڕوودانی كارەساتەكاندا هاوكاری دەستەی نووسەران ئەكات. هەواڵنێرە وێنەگرەكان زۆربەخێرا وێنەكان ئەگەیەننە ڕۆژنامەكە. ئەم بەشە لەكاری ئامادەكردنی بەڵگە وێنەییەكاندا كەلایەنی هەواڵدەری ڕۆژانە نییە، خۆی تێ ناقورتێنێ، چونكە بەڕێوەبردنی ئارشیفی وێنەی ڕۆژنامەنووسی ئەركی بەشی وێنەیە كە لەژێر چاودێری بەڕێوەبەری هونەری و دەستەی ماكێت سازی دا كار ئەكەن.

بەڕێوەبردنی هونەری ڕۆژنامە (بەرپرسی ماكێت سازی) هەمو ڕۆژێ ئێواران یان بەیانیان (بەپێی كاتی دەرچوونی ڕۆژنامەكان) پاش كۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی بەشەكان، ئەبێ پێش بینی پێویست بۆ وێنەداركردنی لاپەڕەكانی خۆی بخاتەڕوو.

ئەو بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە كام هەواڵ پێویستی بەوێنە هەیەو زیاتر ئەبێ لەسەر كام وێنە كاربكرێت فەرمانی هەڵبژاردن و دیاری كردنی وێنە ئەدات و سەرۆكی بەشی وێنە كە لەبەر دەستی ئەودا كار ئەكات، وێنە پێویستەكان ئامادە ئەكات.

بەم جۆرە لەگەڵ ئامادەكردنی هەواڵ و بابەتە نووسراوەكانی تردا، پێویستە دەستەی ئامادەكەری ماكێتی ڕۆژنامەكە لەنێوان ئەو وێنانەی كە گەیشتونەتە بارەگای ڕۆژنامەكە باشترین و سەرنج راكێش ترینیان هەڵبژێرێ و لەكاتی پێویست دا داوا ئەكرێ و بۆ هەندێ هەواڵ و بابەتی مۆنتیف یان كاریكارتێر دروست بكرێت.

هاوكات ئەبێ مانشێتی سەر وێنەكان و رونكردنەوەكانی ژێریان ئامادە بكرێ و جێگەی هەریەكەیان لەماكێتی لاپەڕەكاندا دیاری بكرێ و پاشان وێنەكان بۆ ئامادەكردنی گراڤەر سازی بنێرێت. بۆ ئاشنا بوون بەو هەنگاوانەی سەرەوە لێرەدا هەریەكەیان بە جیا شی ئەكەینەوە.:

أ- هەڵبژاردنی وێنە:

ئەو وێنانەی كەلەبەشی ماكێت سازی دا بۆ چاپ كردن لەسەر لاپەڕەكاندا ئامادە ئەكرێن، لەچەند سەرچاوەیەكی جیاجیاوە دێن و جۆری دەسكەوتنی هەریەكەشیان جیاوازە: بۆ ئەو وێنانەی كەپێش بینی ئەكرێ لەهەواڵدابەكاربهێنرێت سود لە پەیامنێر و وێنەگرەكان وەرئەگیرێ لەسەرەتای كاری دەستەی ماكێت سازی دا كۆمەڵێ وێنە ئەگاتە لای بەڕێوەبەری هونەری و هەندێكی تریان پاشان لەكاتی ئامادەكردنی ڕۆژنامەكە ئامادە دەبێت. هەندێ وێنەی تری وەك مۆنتیف و كاریكاتێر بەفەرمانی بەڕێوەبەری هونەری لەناو رۆژنامەكەو لەلایەن بەشی وێنەوە ئامادە ئەكرێن وێنەكان لە روانگەی سەرچاوەی هاتنیانەوە ئەكرێنە چەند دەستەیەكەوە:

١-	ئەو وێنانەی کەلەلایەن پەیامنێرە وێنەگرەکانەوە بەهاوکاری بەشی هەواڵ ئامادە ئەکرێن. ئەم وێنانە لەهەموو ئەو وێنانەی تر کە ئەگەنە بەشی ماکێت سازی گرنگترن.

٢-	وێنە ئاشیفیەکان،ئەمانە ئەو وێنانەن کە بۆ رازاندنەوەی هەواڵێك کەوێنەی لەگەڵدا نییە لەئەرشیفی ڕۆژنامەکە دەردەهێنرێن. ئەبێ ئەوەش بزانرێ هەندێ جار کە وێنەی هەواڵێك ئامادەنیە ئەتوانرێ سود لەوێنەی ئەرشیفی وەربیگیرێ و هەواڵێکی وێنەدار بلاوبکرێتەوە.

هەندێ جاریش وێنەکان ئەگەن، بەلام بەکەڵك نایەن، بۆیە پەنا ئەبرێتە بەر وێنەی ئەرشیفی.

٣-	ئەو وێنانەی کەلە ئاژانسە نەتەوەیی یان نێو نەتەوەییەکانی وێنەوە ئەگەن. لەزۆربەی ولأتانی دونیادا جگە لەبەشی وێنەی ڕۆژنامەکان، ئاژانسی تایبەت بە ئامادەکردنی وێنە هەیە و وێنە بە ڕۆژنامەکان ئەفرۆشن. هەندێ ئاژانسی نێو دەوڵەتی وەك (یونایتدپرس،ئاسۆشیتدپرس و هەواڵدەری فەرەنسا، بەشی وێنەیان هەیەو لە ڕێگەی (تەلەفۆن) یان (رادیۆ) و یاخود پۆستی هەوایی و زەمینیەوە وێنەکانی خۆیان ، بەو ڕۆژنامانەی جیهان کە ئیشتراکیان لەگەڵیاندا هەیە،ئەفرۆشن.

٤-	وێنەی پڕوپاگەندەیی، کەلەلایەن بالۆیزخانەکانی دەرەوە یان حزب و سەندیکا و رێکخراوەکانەوە ئەگەنە بارەگای ڕۆژنامەکە. ئەبێ بەو پەڕی بە ئاگاییەوە سود لەم جۆرە وێنانە وەربگیرێت.

٥-	ئەو نەخشەو کلێشەو ماکێتانەی کەبەفەرمانی بەڕێوەبەری هونەری بۆ وێنەدار کردنی هەواڵ یان بابەتێك کەوێنەی لەگەڵ نییە ئامادە ئەکرێن.

٦-	وێنەی پێکەنیناوی وکاریکاتێر، کەلە دەرەوەی ڕۆژنامەکەو لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئامادە ئەکرێت و ئەفرۆشرێتە رۆژنامەکان.

٧-	ئەو وێنانەی کەلە وێنەگرە پیشەییەکان یان کەسانی تر ئەکڕێن هەندێ لەم وێنانە لەبەردەگمەنی و هەندێکی تریان لەبەر جوانییان، بۆ ڕۆژنامە زۆر گرنگن.

جگە لەو وێنانەی کەلەسەرەوە باسیان لێوە کرا ئەتوانرێ سود لە کلێشەی هەندێ وێنەی ناو ئەرشیفی رۆژنامەکە وەربگیرێ.

- بۆ ئەوەی بە خێرایی وێنەکان هەڵبژێرێت ئەو فیلمانەی کە لەلایەن پەیامنێرەکانەوە ئامادەکراون، لەبەشی وێنەگری دا ئامادە ئەکرێن و پێش ئەوەی بخرێنە سەر کاغەز لەبەشی ماکێت سازی (نیگاتیڤ) ەکەی ئەبینین و وێنەی پەسەندکراوو گونجاوی خۆیان هەڵ ئەبژێرێن. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش سود لە مێزی شوشەیی تایبەت وەرئەگیرێ. نیگاتیڤەکان ئەخرێنە بەر ڕۆشنایی و بە ئاسانی وێنەکان ئەبینرێن و وێنە باشەکان دیاری ئەکرێن.

- وێنەی ئاژانسە ناوخۆیی و دەرەکیەکان لە ڕێگەی پەیکی خێرا یان پۆستی هەوایی و یاخود تەلەفۆن و رادیۆ و فۆتۆوە ئەگەنە ڕۆژنامە.
- هەندێ لە ڕۆژنامەکان دەزگای تایبەتی ناردن یان وەرگرتنی وێنەیان هەیە، وەك دەزگای بلینۆ یان زیمنس، پەیامنێر یان وێنەگرەکان لە شوێنی ڕووداوەکە وێنەکان ئەگرن و خێرا لە ڕێگەی ئەو دەزگایانەوە ئەیگەیەننە ڕۆژنامەکان.
- دەزگاکانی تەلەفزیۆن و تەلەگراف –ی حکومەت نێرەری بێ سیم یان سیمداریان هەیەو لەلایەن پەیامنێری ڕۆژنامەکانەوە بۆ ناردنی وێنەبەکارئەهێنرێن (ئێستا لە ڕێگەی ئینتەرنێت و فاکس میل و ڤیدیۆ چاپ – وە ئەوکارە ئەکرێت)...
- وێنەی تایبەت: زۆر جار ئەو وێنانەی کەلەلایەن ئاژانسە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە ئامادە ئەکرێن بەشێوەیەکی گشتی و لەیەك کاتدا ئەدرێت بەهەموو ئەوڕۆژنامانەی کە لەگەڵ ئاژانسەکاندا هاوبەشییان هەیە. بەڵام هەندێ لە ئاژانسەکان بۆ هەندێ لەکڕیارەکانیان وێنەی تایبەت ئامادە ئەکەن و بەنرخێکی گرانتر ئەیفرۆشنە ڕۆژنامەیەکی دیاری کراو.
- گرنگی هەڵبژاردنی وێنەی ڕۆژنامە: بەڕێوەبەری هونەری ڕۆژنامە ئەبێ خاوەن زەوق و ئەزموونێکی باش بێت لەکاتی هەڵبژاردنی وێنەی ڕۆژنامەکاندا. وەك وتمان وێنە لەڕۆژنامەدا ڕۆڵی خوێی چێشت ئەبینێ. وەك چۆن چێشتی بێ خوێ دڵگیر نییە رۆژنامەی بێ وێنەش بەدڵی خوێنەر نابێ.

بەڕێوەبەری هونەری لەنێوان ئەو سەدان وێنەیەی کە ڕۆژانە ئەگەنە خوێنەر، هەڵیان ئەبژێری. بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو وێنانەی کە بۆچاپ کردن لە ڕۆژنامەدا دیاری ئەکرێن، ئەبێ رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١–بەهای هەواڵی و توانای دەربڕینی وێنەکان: لەکاتی هەڵبژاردنی وێنە بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، هەڵبژاردنی ئەو وێنانەی کە ڕووداوە تازەکان ئەخەنە روو لە هەموو شتێك گرنگترن. چونکە ئەم جۆرە وێنانە زۆر بەباشی راستیەکان ئەخەنە روو و بەپیشاندانی جێگەی ڕووداوەکە هانی خوێنەر ئەدەن تاکو بابەتە نووسراوەکەش بخوێنێتەوە.

٢–بەهای هونەری وێنەکان: لەکاتی هەڵبژاردنی وێنەی هەواڵ پێویستە لایەنە هونەرییەکان وەك گۆشەی بینین،روناکی، سروشتی بوون و ماناو مەفهومی وێنەکە لەبەرچاو بگیرێ، هەروەها ئەبێ ئەو جۆرە وێنانە لەکاتی چاپکردنیاندا تاریك و کاڵ نەبن.

٣– داخوازییە شەخسیەکانی مرۆڤ: وێنەش وەك هەواڵ و بابەتەکانی تری ڕۆژنامە ئەتوانێ هەڵگری ناوەڕۆکێکی وابێت کە داخوازی و بۆچوون و هەستی مرۆڤەکان بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. هەر لەبەرئەمەشە رۆژنامە شەخسیەکان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بۆیەش

ڕۆژنامە شەخسیەکان زیاتر پەسەندن چونکە هەواڵی سەرسوڕهێنەر و سەرگەرمکەر چاپ ئەکەن و ئەم جۆرە وێنانەش لەبەرچاو ئەگرن.

٤- تایبەت بوونی وێنە: وەك چۆن هەواڵە تایبەتیەکان ئەبنە هۆی بەناوبانگی ڕۆژنامەکان، وێنە تایبەتیەکان بۆ ڕۆژنامەیەك لە ململانێی ڕۆژنامەکان و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە. ئەگەر هاتوو دوو وێنەی گرنگ دیاری بکرێت بۆ چاپ کردن و جێگەی هەردووکیان نەبێتەوە، لێپرسراوی ماکیت سازیەکە ئەبێ ئەو وێنەیان هەڵبژێرێ کەتایبەتە بە ڕۆژنامەکەی خۆی و لە ڕۆژنامەکانی تردا بڵاونەکرابێتەوە.

پاش هەڵبژاردنی وێنەکانی ڕۆژ، بەڕێوەبەری هونەری ئەبێ دەست بکات بە هەڵبژاردنی وێنەکانی ئارشیف و پێداویستی‌یەکانی خۆی لە ئارشیفی ڕۆژنامەکان لەڕێگەی نەخشەو مۆتیڤەوە تەواو بکات. پاش دیاری کردنی وێنەکان ئەندازەیان بگیرێت و پاشان بۆ ئامادکردنی گراڤەر ڕەوانەی گروپی گراڤەر سازی بکرێن.

## جۆرەکانی وێنەی ئارشیفی:

وێنەی ئارشیفی ئەبێتە چەند گروپێکەوە:

یەکەم: وێنەی ئەو ڕووداوە سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی‌یانەی کە پاش چەند ڕۆژێك گەیشتونەتە ڕۆژنامەکە. وەکو ئەو وێنانەی کەلەدەرەوەی وڵات یان دەرەوەی جێگەی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە ئەگەن. ئەم وێنانە هەر چەندە وەك هەواڵ کۆن بوون، بەڵام لەبەرئەوەی لە هیچ جێگەیەکی تر بڵاونەکراونەتەوەو کەس نەیدیون، سەرنج ڕاکێش ئەبن.

دووەم: ئەو وێنانەی کەلە ڕووداوە هونەری و کۆمەڵایەتیەکان گیراون. وەك ئەو وێنانەی کەلە ئارایشتگایەکی بەناوبانگ یان خەیاتێکی ناودارەوە ئەگەن و تازەترین مۆدێلی جل و بەرگ و تەسریحە و مکیاژکردنیان تێدایە.

سێیەم: ئەو وێنانەی کەبۆ کەسایەتیە جیاجیاکانی وڵات یان دەرەوەی وڵات گیراون. ئەم جۆرە وێنانە هەرچەند ساڵ جارێك کەتەمەنیان زیاد ئەکات و ڕوخساریان بە شێوەیەکی دیار و هەست پێ کراو ئەگۆڕێ، تازەیی خۆیان لەدەست ئەدەن.

چوارەم: ئەو وێنانەی کەیەکسەر بۆ ڕووداوێك گیراون و چاپ کراون و پاش بەکارهێنانیان لە ئارشیفی ڕۆژنامەکە هەڵ ئەگیرێن.

لەناو ئەو چوار جۆرەی سەرەوە، جۆری چوارەمیان کەبە بایەخ ترە، چونکە بەلای کەمەوە جارێك لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوەو بابەتەکەشی کۆن بووە.

بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا ئەگەر هاتوو ڕووداوێکی هاوچەشن ڕووی داو وێنەیەك دەست نەکەوت، ئەتوانرێ لەوێنە کۆنەکان بۆ تیشك خستنە سەرو سەرنج ڕاکێشانی بابەتەکە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

جۆری یەکەمی: ئەم وێنانە، واتە وێنەی ئەو ڕووداوانەی کە چەند رۆژێك پێشتر روویان داوە، تا ئەو کاتەی بەچاپ ئەگەن تازەن و ئەتوانرێ بەکاربهێنرێن، بەڵام دوای چاپکردن ئەچنە ریزی وێنە ئەرشیفی و ئیحتیاتەکانەوە.

جۆری دووەمی: وێنەکان، واتە ئەو وێنانەی کە بۆ رازاندنەوەو کاری هونەری گیراون، هەندێ جار لەگەڵ بابەتێك دا دائەبەزن کەلەگەڵیاندا بگونجێ و لەو لاپەڕە تایبەتیانەدا چاپ ئەبن کە پەیوەستە پێوەو هەندێ جاریش لە لاپەڕەیەکدا چاپ ئەبن کە پەیوەندی بەبابەتی وێنەکەوە نییە. لەم حاڵەتەدا وێنەکان تەنیا بۆ رازاندنەوە بەکارهاتوون و بەهیچ جۆرێك پەیوەندییان بە بابەتەکانی ترەوە نییە. ئەم وێنانە کۆن نابن و هەرکاتێك بۆ یەکەم جار بڵاوبکرێنەوە تازەیی خۆیان لەدەست نادەن.

وێنەی کەسایەتییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کەبەزۆری لەوێنەی تر بچوکترن بۆ هەمیشە بەکاردێن. لەم وێنانە ئەو کاتە بەکاردێن کەیەکێك لەو کەسایەتیانە هەواڵێکی هەبێت، بەڵام هێشتا وێنەی تایبەتی ئەو هەواڵە نەهاتبێت، ئا لەوکاتەدا سود لەوێنە ئامادەیە ئەبینرێت ئەگەر هاتوو لە بابەتی هەواڵێکدا کەسایەتیەك رۆڵی دیاری هەبوو و لە پاڵ وێنە تازە ئامادەکراوەکەدا، وێنەیەکی تایبەتی کەسایەتیەکەش لە ئەرشیف دەردهێنرێت و سودی لێ وەردەگیرێ و ئەخرێتە پاڵ هەواڵەکەوە تاکو زیاتر بناسرێت.

لەبەرئەوەی وێنەی کەسایەتیەکان لە رۆژنامەکاندا زۆرجار بڵاوئەکرێتەوە، بۆ ئەوەی وێنەی یەك کەس چەند جارێك لەسەر یەك و لەیەك حاڵەتدا بڵاونەبێتەوە، ئەبێ بۆ هەر کەسایەتیەك چەندین وێنەو لەچەندین حاڵەت و وەستانی جیاجیا ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی هەرکاتێك پێویستی کرد وێنەیەك لەگەڵ هەواڵەکەدا دابەزێ کە لەگەڵیدا بگونجێ.

پلەو پایە کەسایەتیەکە تا بەرزتربێت ئەبێ وێنەی زیاتری لەئەرشیفی رۆژنامەکەدا هەبێ. بۆ ئەوەی پێداویستی رۆژانەی وێنەی کەسایەتیەکان لە ڕۆژنامەکاندا پڕ بکرێتەوە. رۆژنامە گرنگەکان ئەبێ پێش ئەوەی هەمانەکەیان خاڵی بێت، چەندین وێنەی هەموو کەسایەتیە کۆمەڵایەتیە پایە بەرزەکان، تەنانەت کەسایەتیە پلە دوو، سێ کانیش بەتایبەت ئەوانەی چالاکیەکانیان ئەبنە هۆی پێشکەوتنی ، ئامادە بکەن.

# سیفەتەکانی پەیامنێر
# و
# مەرجەکانی پەیامنێری

هەر شتێك لە دونیادا پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرنجی مرۆڤ بۆلای خۆی رابکێشێ، لایەنی هەواڵی پێوەیە. هەر بۆیە بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کەلە بڵاوکراوەکاندا وەك هەواڵ ئەخرێنە ڕوو هیچ بەربەست و سنوورێك نییەو لەهەموو کات و شوێنێکدا ئەتوانرێ بەدووی دا بگەڕێ، لەهەمان کاتدا هەندێ ڕووداوی کۆمەڵایەتی هەن لەبەرئەوەی پەیامنێرەکە نەیدیون یان بە دوایاندا نەگەڕاوە کە بڵاوکراوەکاندا نەخراونەتە ڕوو.

هەندێ هەواڵ هەن لەهەر کات و ساتێکدا بخرێنە ڕوو سەرنجی بیسەران و خوێنەران بۆلای خۆیان رائەکێشن. ئەو کاتەی ئاژیری ماشینی ئاگر کوژێنەکە دەنگی لێ بەرز ئەبێتەوە، خەڵك بەشەوقەوە حەز ئەکەن بزانن مەسەلەکە چییە؟ ئاگرەکە لە کوێ کەوتۆتەوە، زیانەکان چین و چەند کەس بوونەتە قوربانی؟ کاتێك شەڕو هەرایەك ڕوودەدا یان ماشێنێك دەعم ئەکات ماڵێك دائەڕوخێ و مەراسیمێك ئەگێڕرێ. خەڵك حەز ئەکەن شارەزایی تەواویان لەسەریان دەست بکەوێ، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەو بەدواداچوونی خەڵك، پێویستە پەیامنێر هەمیشە لەبۆسەی هەواڵ دا بێت و بەسەرهاتی ڕووداوەکان لەکاتی خۆی دا ئامادە و بڵاوبکاتەوە.

بەم شێوەیە سەرچاوەکانی دەست کەوتنی هەواڵ زۆر بەربڵاوو دیاری نەکراون و تەنیا ئەوەی پێویستە پەیامنێر بچێتە مەیدانی کۆمەڵگا و بەهۆی بینینی راستەوخۆ و پەیوەندی کردن بەخەڵکەوە ئاگاداری ڕووداوو بەسەرهاتەکان بێت. پەیامنێر بۆ ئەوەی بتوانێ هەواڵەکانی دەست بکەوێ پێویستی بە کۆمەڵێ سیفەت و مەرجی دیاری کراو هەیە. گرنگترینیان ئەمانەن:

١-بۆنی هەواڵ بکات: پەیامنێر پێویستی بەهەستی بۆنکردنی هەواڵ هەیە. پەیامنێر ئەبێت هەستی بۆن کردنی تیژ و دیدێکی بەهێز و توانای لێکدانەوەی هەبێ و بزانێ کام هەواڵ سەرنج راکێشەو کەی و چۆن و لەکوێ ئەتوانێ هەواڵی دەست بکەوێ.

پەیامنێری بۆنکەری هەواڵ ئەتوانێ بەردەوام لە بۆسەی هەواڵی نوێ دا بێت و وەك ڕاوچیەکی شارەزاو زیرەك بە دووی نێچیردا بگەڕێ. پەیامنێر ئەبێت وەك راوچی بە نێچیری بچووکیش ڕازی بێت، بەردەوام بوون و راهێنان سەرئەنجام ئەیگەیەنێتە هەواڵی سەرنج راکێش، کەواتە ئەگەر هەندێ جار دەستکەوتی ئاسان نەبوو، پێویستە بەدوایدا بگەڕێ تا ئەیدۆزێتەوە.

بۆ نمونە هەواڵی گرنگی کۆمەڵایەتی بە زۆری (بەڵام نەك هەمیشە) لەلای کەسایەتیە گەورەکاندایە، یان لەو جێگایانەدایە کەئەوان هاتوچۆی دەکەن.

بۆیە ئەبێ پەیامنێر پەیوەندی بەم کەسانەوە بکات و ئەو هەواڵە گرنگانەیان لێ وەربگرێ کەلەلایانە، بەلام لەبەرئەوەی ئەم کارە بۆ پەیامنێرێکی تازەکار دژوارە، ئەتوانێ بەدوای هەواڵی کەم بایەختردا بگەڕێ تا ئەوکاتەی وورده وورده دەستی ئەگاتە هەواڵە گرنگەکان.

پەیامنێرێکی زیرەك و هۆشیار ئەتوانێ لەکاتی گەڕان بەدوای بابەتێکی بەرواڵەت بچووك و بێ بایەخ دا پەنجە لەسەر مەسەلەیەکی گەورە دانێ و بە بەردەوام بوون و مومارەسەکردن توانای هەواڵ ناسی خۆی پەرە پێ بدات.

٢- لەسەرەڕێی هەواڵدا: پەیامنێر ئەبێ چاوەڕێی ڕێکەوتی هەواڵ نەکات و خۆی بەدوای ڕێگەی هەواڵدا بگەڕێ وەك چۆن پۆلیسی هاتووچۆ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ماشێنەکان خۆی لەرێگەو کوچە و کۆلان و شەقامە کەم بایەخەکاندا حەشار ئەدا، پەیامنێریش پێویستە ڕێگاکانی هەواڵگیری و کاتی گونجاوی بەباشی بناسێ و پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەنگاوی بۆ بنێ.

بۆ نمونە لەکاتی ئاگر کەوتنەوەیەکداپەیامنێر لە جیاتی ئەوەی لە شەقامەکاندا پیاسە بکات یان دوکەڵی سۆپای تەلارەکان ببینێ و گوێ لە جێگەی دەنگی ماشێنی ئاگر کوژێنەکە بگرێ، ئەبێ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فەرمانگەی ئاگر کوژێنەوەوە هەبێ تاکو ئەگەر ئاگرێك کەوتەوە یەکسەر بە تەلەفۆن ئاگاداری بکەنەوە.

وەك چۆن ئەبێ بەسەبر و هێمنیەوە بەپێچەوانەی هاتنی ئاو مەلە بکەی بۆ ئەوەی بگەی بەسەرچاوەی ڕووبارێك ، پێویستە بە ورە و لەخۆبوردنەوە لەسەرچاوەی هەواڵێك نزیك بکەوێتەوە. ئەبێ بزانی کەتەنیا گەیشتن بە سەرچاوەی هەواڵ بەس نیە، بگرە ئەبێ شایستەیی و توانای چوونە ناوەوەی سەرچاوەکەیشت هەبێ.

٣-پێویستی پسپۆڕی:

پەیامنێر ناتوانێ بۆ دۆزینەوەی هەواڵێك هەر لە بەیانیەوە تاکو شەو بەکوچەو شەقام و چێشتخانەو چایخانەو جێگا گشتییەکانا بگەڕێ، هەندێ جار لەوانەیە بەڕێکەوت پەیامنێرێك بگاتە جێگەیەك و ڕووداوێك لەوێ دا بقەومێ و پەیامنێرەکە هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشی لەسەر بنووسێ. بەلام ئەم جۆرە ڕووداوانە زۆر دەگمەنن، هەر بۆیە بۆ دۆزینەوەی هەواڵ چاپەمەنییەکان چەند مەڵبەندێکی دیاری کراوی هەواڵ لەبەرچاو ئەگرن و پەیامنێرەکانیش بەپێی پسپۆڕیان لەیەکێك یان چەند مەڵبەندێك لەو مەڵبەندانەدا دەست ئەکەن بە گەڕان و بەدواداچوونی هەواڵ. بەم جۆرە هەندێ لە پەیامنێرەکان بەشێوەیەکی دیاری کراو لەدام و دزگا حکومییەکان یان تایبەتییەکاندا بەدوای هەواڵدا ئەگەڕێن پەیامنێری ئابووری لەوەزارەتی ئابووری و بانك و بۆسەو ژووری بازرگانی دا کار ئەکات و پەیامنێری سیاسی لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوەو پەرلەمان دا کار ئەکات.

پەیامنێری وەرزشی لە یاریگاو ڕێکخراوە وەرزشی یەکان و پەیامنێری ڕووداوەکانیش لە پۆلیسخانە و پزیشکی یاسایی و دادگاکاندا بە دووی هەواڵدا ئەگەڕێ. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەبێ پەیامنێرەکان بۆ دەستکەوتنی هەواڵ بچنە ناو خەڵکەوە.

٤-چوونە ناو خەڵکەوە: هەواڵ بابەتێکی کۆمەڵایەتییەو لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە ئەگرێ و بۆ کۆمەڵگاش ئەگەڕێتەوە، پەیامنێرێك ئەگەر بیەوێ توانای هەواڵناسی خۆی پەرە پێبدات پێویستە لە قاوغی ژیانی فەردی خۆی دەرچێ و بچێتە ناو خەڵکەوە و سەر بە هەموو کونێکدا بکات و زۆر بەوردی سەیری چواردەوری خۆی بکات وگوێ بۆ هەموو قسەیەك هەڵخات و لە پرسیار کردن نەکەوێ.

پەیامنێر ئەبێ بزانێ مرۆڤ باشترین وەسیلەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤی تر، هەر لەبەر ئەمەشە ئەگەر چەند کەسێك لە جێگەیەکدا کۆببنەوە، ئەوا زەمینەی دەستکەوتنی هەواڵ ئەڕەخسێ. هەر هەواڵگرێك بیەوێ هەواڵێکی دەسکەوێ ئەتوانێ بە چوونە ناو خەڵکەوە بگاتە ئامانجەکەی، بەڵام ئەو قسەیەی کەلەنێوانیاندا ئەکرێ قسەی ئاسایی ڕۆژانەو لایەنی هەواڵی پێوە نییە، بۆیە پێویستە پەیامنێر بەتاك پەیوەندییان پێوە بکات.

زۆرجار لەو قسەو باس و خوازانەی کەلەنێوان پەیامنێرێك وچەند کەسێك لە چێشتخانە یان شەمەندەفەردا ئەکرێ شارەزایی و زانیاری بەسود بەدەست دێت، چوونە ناو کرێکارانی کارگەیەك یان فەرمانبەرانی فەرمانگەیەك و یاخود ئەندامانی سەندیکا یان حیزبێك هەمان دەسکەوتیان ئەبێ، بەتایبەت ئەگەر ئەو پەیوەندی‌یانەی کەئەبیسترێ پتەوو لەناخەوە بێت.

چوونە ناو خەڵك تەنیا بۆ دەستکەوتنی هەواڵ بۆ پەیامنێر گرنگ نی یە، بەڵکو پێویستە پەیامنێر بەوچوونەی لە ئازار و خواست و پێداویستیەکانی خەڵك بە ئاگا بێتەوەو دەنگی ئەوان لەڕێگەی نووسینەکانی‌یەوە بەرجەستە بکات.

پەیامنێرەکان لەبەرئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسەکانی حکومەتدا هەیەو ئاگاداری کێشەوگرفتەکانی ئەوانن، ئەتوانن لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی کێشەکانی خەڵك و حکومەت هەردوولایان لەیەك نزیك بکەنەوە لێکحاڵی‌بوون و هاوکاری و هەلی بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان بڕەخسێنن.

٥-دروستکردنی دڵنیایی:

پێویستە پەیامنێر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاسۆی بینینی فراوانتر بکات، بۆ ئەوەی لەکاری هەواڵگری دا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەبێ پەیامنێر ڕێگەی خۆی لە تۆڕی گەورەی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکاندا بدۆزێتەوەو بچێتە ناو سەرچاوەکانی هەواڵەوە. ئاشنایی پەیامنێر لەگەڵ ئەو کەسانەی کەسەرچاوەی هەواڵن ئەبێتە هۆی دروست بوونی دڵنیایی لای پەیامنێر و هەواڵدەر و ئەتوانن هاوکاری یەکتری بکەن.

پەیامنێر بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێ لە پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ سەرچاوەی هەواڵدا، ئەبێ چەند سیفەتێکی گرنگی تێدا بێ ، لەم بارەیەشەوە گرنگترین سیفەتەکانی پەیامنێر ئەبێ سەنگین بێ، نیاز پاکی و تێ گەیشتنی هەبێ، بەڵام لەسەرووی هەموویەوە پاراستنی نهێنی ودڵنیاکردنەوە گرنگە.

هەر پەیامنێرێك ئەوسیفەتانەی تێدابێ هەموو دەرگاکان لەڕوویدا ئەکرێنەوەو لەهەموو جێگەیەکدا پێشوازی لێ‌ئەکرێ، ئاشکرایە کە ڕێك و پێکی دەرەکی و پاکی دەروون و بەتوانایی لە کارەکەدا لەمەرجە گرنگەکانی سەرکەوتنی پەیامنێرن.

٦-هەڵگرتنی ئادرێسی سەرچاوەی هەواڵەکان:

دڵنیاکردنەوەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ئەو کەسانەی کەبەهۆی کارو پلەو پایەکانیانەوە ئەبنە سەرچاوەی هەواڵ، تەنیا لەبەر پەیوەندی‌یەکی فەردی و دۆستانە نی‌یە، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە پەیامنێرەکان بتوانن لە ڕێگەیانەوە بچنە ناو هەموو سەرچاوەکانی هەواڵەوەو لەکاتە حەساسەکاندا زانیاریان لێوەربگرن، لەبەر ئەوە پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کەلەوانەیە بتوانن هەواڵێك بخەنەبەردەست پەیامنێر گرنگ پێویستە بۆیە بۆ ئەم پەیوەندی کردن بەم جۆرە کەسانەوە ئەبێ هەردەم دەفتەرێکی بچوکی پێ بێت و ناوو ژمارەی تەلەفۆن و ئادرێسی ئەوانی تێدا تۆمار بکات. ئەم دەفتەرە یەکێکە لە گرنگترین کەرەستەکانی کاری پەیامنێر و ئەبێ بە عیشقەوە ڕێکی بخات و بیپارێزێ.

پەیامنێر ئەبێ لەرێگەی سود وەرگرتن لەم دەفتەرەوە بزانێ سەرچاوەکانی هەواڵی ئەو، بەیانیان لەکوێ کار ئەکەن؟ شەوان بۆ کوێ ئەڕۆن؟ کەی ئەخەون و بەیانیان کەی لەخەو هەڵئەسن. ئایا لەکاتی پێویست( بۆ نمونە لەدەمی خەوتندا) ئەتوانێ پەیوەندییان پێوە بکات؟ هەروەها ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە ئەتوانێ لە سەعاتە جیاجیاکاندا پەیوەندی بکات چەندە؟ هەر پەیامنێرێك کاتێ ئەبێتە خاوەن دەفتەرێکی ئادرێس، ئەبێ بزانێ چۆن سوودی لێوەرئەگرێ و لەچی کاتێکدا ئەو دەفتەرە ئەتوانێ یارمەتی بدات.

٧-لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەنامەکان:

ئامادەکردن و تەواوکردنی زانیاری‌یەکانی پەیامنێر لە ئارشیفێکی تایبەتی دا لە مەرجە گرنکەکانی دەسکەوتنی هەواڵە. ئەو دەفتەری ئادرێسەی کە لەسەرەوە باسمان لێوەکرد، لەڕاستی دا بۆ خۆی ئارشیفێکی تایبەتەو هەردێڕ یان پەڕەیەکی پەیوەندی بە کەسێکی دیاری کراوی ئەوەوە هەیە، هەبوونی ئارشیفێکی دەوڵەمەند تەواوکەری ئادرێسەکەیە- ئەبێ بزانرێ بابەتی هەواڵێك لەبەرئەوەی لە هەلومەرجێکی تایبەت ڕووئەدات و باسکردنی لەناو کۆمەڵدا دەنگ ئەداتەوە لەگەڵ مەسەلە ئاساییەکاندا جیاوازە هەر لەبەرئەمەش گرنگیی هەیە.

پەیامنێر بۆ ئاشکرا کردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە پێویستی بە زانیاری تەواوکەر هەیە. ئەم زانیاریانەش لە ڕێگەی سود وەرگرتن لە بەڵگەنامەو ئارشیفەوەئەبێ، وەرگرتنی ئامارێکی نوێی ئابووری لەمەسئولێکی دیاری دەوڵەت ، بێ گومان بۆ پەیامنێرێك بەهایەکی زۆری هەیە. بەڵام ئەگەر ئەم ئامارە لەگەڵ ئامارە کۆنەکەدا بەراورد نەکرێ و خوێنەران لە گۆڕانەکانی باری دارایی وڵات ئاگادارنەکرێتەوە گرنگی ئەو هەواڵە دەرناکەوێ بەم جۆرە ئەگەر ئەو زانیاریانەی کە پەیامنێرەکە دەستی کەوتوە نابێتە هۆی فراوانبوونی زانیاری پێشووی خوێنەران، بڵاوکردنەوەیان هیچ بایەخێکی نابێ.

پێویستە بزانین کەبەشێکی فراوانی ئەو هەواڵ وزانیاری‌یە تایبەتی‌یە کۆمەڵایەتیانەی کە بۆ پەیامنێر گرنگن، لە ئارشیفە گشتی‌یەکان و ئەو بەڵگەنامانەی کەلەلایەن کەسانی پیشەوەرەوە ئەپارێزرێن شاراونەتەوە.

ئەم پسپۆڕانە کە زۆرجار بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە تایبەتیەکان خۆیان ئامادە ئەکەن، پەیامنێر دەستی بگات بە زانیاری‌یەکانی بەڵام ئەگەر پەیامنێر پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵدا ببەستێ ودڵنیاییان بەدەست بهێنێ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ئەخەنە بەردەستی.

جگە لە بەڵگە تایبەتیەکانی ئەو جۆرە کەسانە کە زۆر جار لەئارشیفە تایبەتیەکاندا ئەپارێزرێ، پەیامنێر ئەتوانێ سوود لەکتێبخانەو ئارشیفە نەتەوەییەکان و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەو ئەنجوومەنە زانستی و کۆمەلایەتییەکان وەربگرێ زانیاری‌یەکانی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

٨-تەواوکردنی زانیاری‌یە گشتی‌یەکان:

بۆ تەواوکردنی زانیاری‌یە گشتی‌یەکان بۆ پەیامنێر هیچ تخوب و سنورێك نی‌یە، پێویستە پەیامنێر بۆ تەواوکردنی زانیاریە گشتی‌یەکانی خۆی هێندە پێشکەوێ هەتا وەکو دایرەتولمەعاریفێکی هەمیشەیی و گەڕۆکی لێ دێ. کاتێك باسی سیاسەت و ئابوری ئەکرێت، یان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی‌و یاسایی دێتە ئاراوە و قسە لەسەر فەزا ئەکرێ، ئەبێ پەیامنێر لەهەموان زیاتر بەئاگا بێت.

ئەرکی کۆمەڵایەتی و پڕ لە مەسئولیەتی هاوکارانی چاپەمەنی وائەخوازێ کە بۆ شایستەی زیاتری ئەو پایەیە، بەهیچ جۆرێ غافڵ نەبن لەخۆفێرکردن و تەواوکردنی زانیاری‌یەکانیان. چونکە ڕۆژنامەنووسان و فەرمانبەران پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و گۆڕانگارییەکانی جیهانیان لەئەستۆدایە. لەسەریانە پێش هەموو کەسێك فێری پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتیەکان ببن پاشان بیگوێزنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، کەواتە ئەگەر پەیامنێرێك نەتوانێ دەرك بە گۆڕانکاری و پێکشەوتنەکانی جیهان بکات، زانیاری‌یەکان تەنیا لای پسپۆڕەکان ئەمێننەوەو بەهۆی نەگواستنەوەی بۆ ناو کۆمەڵ پێش کەوتنە مەدەنیەکانی مرۆڤایەتی دەرگای لەڕوودا دائەخرێ

وديدوارێکی بەرز لەنێوان زانایان و کۆمەڵگادا دروست ئەبێ و بەرلەهەر پێشکەوتنێکی تەکنیکی و زانستی نوێ ئەگرێ.

کەواتە ئەتوانرێ بوترێ کۆکردنەوەی یەك لەدوای یەکی زانیاریەکان و تەواوکردنی شارەزاییە گشتی‌یەکان لە ئەرکە زۆر گرنگەکانی پەیامنێرەو بگرە تەنیا ڕێگایە بۆ کاری گەڕان بەدوای هەواڵدا هەر پەیامنێرێك بەم شێوازە کار بکات کاتێك هیچ کاتێك بەهەڵەدا ناچێ، چونکە ئەتوانێ لەڕێگەی شارەزاییەکانی خۆیەوە لەهەموو کون و کەلەبەرێکی بابەتەکە بەئاگابێت و هەر جۆرە نهێنی‌یەك کەلەهەواڵەکەدا ئەبینرێ ئاشکرا بکات وهەواڵێکی ڕاست بخاتە بەردەستی خەڵك.

٩-خێرایی لەکاردا:

لەرووی گرنگی‌یەوە کات لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنا بە پلەی یەکەم دێت و نووسەران و ئامادەکەرانی هەواڵ ئەبێ هەمیشە هۆکار و هەلومەرجەکانی کارەکەیان لەگەڵ ئەوکاتەی کەلەبەردەستیاندایە لە بەرچاوبگرن.

گرنگی پەلەکردن لە ئامادەکردن و ناردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ تا ئەو رادەیەیە کە هەموو سیفەتەکمانی تری پەیامنێری بەبێ ئەم سیفەتە بچووك و بێ بایەخ بێتە بەرچاو. چونکە ئەو هەواڵەی کە پەیامنێرێکی ورد بین و زیرەك ئامادەی ئەکات، بەڵام درەنگ ئەینێرێ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکەدا، بەهاکەی کەمترە لەهەمان هەواڵ کە پەیامنێرێکی تر بەشێوەیەکی نوقسان ئامادەی ئەکات بەڵام لەکاتی خۆی دا بڵاوی ئەکاتەوە.

بۆ خێرابوون لەکاتدا، نووسەرانی چاپەمەنیەکان ئەبێ هەر ٢٤ سەعاتە کە بەدرێژایی ٣٦٥ ڕۆژی ساڵ ئامادەی کار بن و هەر بە گەیشتنی یەکەم زانیاری لەسەر ڕووداوێکی گەورە، بێ گوێ دانە کات و شوێنی ڕووداوەکە دەست بەکاربن. هەر لەبەرئەمەشە پێویستە پەیامنێرەکان تەندروستی‌یەکی باشیان هەبێ.

١٠- پاراستنی بنەماکانی بێلایەنی:

وەك لە پێشدا وتمان پاراستنی بێ لایەنی یەکێکە لە سیفەتە بنچینەییەکانی پەیامنێر. پەیامنێر ئەبێ لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ یان هەربابەتێکی تردا، تێبینی و مەبەستە تایبەتیەکان وهاوڕێیەتی‌یەکان بخاتە لاوەو هەواڵەکە وەکو خۆی کەڕووی داوە ئامادە بکات.

پاراستنی بنەماکانی بێ لایەنی وا لە نووسەرانی چاپەمەنیەکان ئەکات خۆیان لە دادوەری لە بارەی ڕووداوەکان بپارێزن و رای دژیان بۆ هیچ کەسێك نەدەن. هەرچەندە دەربڕینی رای تایبەتی ڕۆژنامەنووسان لەهەندێك جێگادا گرنگەو خەڵك حەزی لێ ئەکات، بەڵام ئەبێ بزانین کەهەواڵ نووسین جیاوازە لە نووسینی بابەت. یان شی‌کردنەوەی بابەتێکی تر، چونکە نووسینی هەواڵ تەنیا پێویستی بەگێڕانەوەی چۆنیەتی ڕوودانی هەواڵەکە هەیە. پاراستنی بنەماکانی بێ لایەنی

بەمانای ئەوە دێ کە ئامادەکەرانی هەواڵ خۆیان هەڵنەقورتێننە ژیانی تایبەتی خەڵکەوەو نەبنە هۆی ئابڕوو بردنی خەڵکانی تر.

١١- رەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو:

رۆژنامەنووس کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی‌یە، پەیوەندی لەگەڵ هەموو چینەکانی کۆمەڵدا هەیە، بۆ سەرکەوتن لەم کارە پڕ مەترسی‌یە کۆمەڵایەتییەدا، پێویستە رۆژنامەنووس بە جۆرێك لەناو کۆمەڵدا دەرکەوێ کەهەموو کەس و لایەنێك رێزی لێ بگرن و باوەشی بۆ بکەنەوە. حەتمەن ئەو کۆمەڵە جیاجیایانەی کە رۆژنامەنووس پەیوەندی پێییانەوە هەیە رەفتاری کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە، بەڵام کۆمەڵێ بنەما هەیە کەبەلای هەموو، یان زۆرینەی کۆمەڵگاوە پەسەندە، بۆیە پێویستە پەیامنێر ئاگاداری ئەو بنەمایانە بێت و جێبەجێیان بکات.

رێزگرتن لەو کەسەی کەلەبەرامبەردایەو رێك و پێکی جل و بەرگ و مووی سەرو رووخسار، رێزگرتن لەکار، گوێ گرتن لەقسەی خەڵکانی تر، چۆنیەتی هەڵس و کەوت و رێکردن، قسەی خۆش، خۆپاراستن لەبەکارهێنانی وشەی سووك و بازاڕی و دەربڕینی رای بێ جێ... هتد، ئەمانە هەموویان ئەتوانن بەشداربن لەسەرکەوتن یان شکست هێنانی رۆژنامەنووسدا.